(جەمیل سائیب)ی شاکارنووس

زنجیرەی شاكارنووسانی كورد لە سەدەی بیستەم دا / /ژمارە (٣)

(جەمیل سائیب)ی
شاكارنووس

كۆمەڵێك وتار و لێكۆڵینەوەی رەخنەیی

نووسین و ئامادەكردنی

پ. ی. د . ئازاد حەمە شەریف

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر - ٢٠١٢

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **(جەمیل سائیب)ی شاکارنووس**
- نووسین و ئامادەکردنی: پ. ی. د. ئازاد حەمە شەریف
- نەخشەسازی ناوەوە: تەها حسێن
- بەرگ: ئاسۆی مامزادە
- ژمارەی سپاردن: (٣٢٨)
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١٢
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی هێڤی (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٦٣٧)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

<u>تێبینی</u>: زۆربەی ئەم نووسینانەی لێرەدا بڵاوکراونەتەوە، کەم و زۆر دەستکاری ڕێنووس و زمانی نووسینیان نەکراوە چونکە ستایل و شەقڵی ئەو ڕۆژگارەیان پێوە دیارە کە تیایدا نووسراون. (د. ئازاد)

ناوەرۆك

لەجیاتی پێشەکی: جەمیل سائیب وەك خۆی / ن: د. ئازاد حەمە شەریف ٧
ژیاننامەی جەمیل سائیب / ن: د. ئازاد حەمە شەریف ١٣
سەرەتای چیرۆكی كوردی و جیاوازی نێوان یەكەم و دووەمیان /ن : رەئوف حەسەن ١٧
سەرەتای لەدایك بوونی چیرۆكی هونەری كوردی / ن: مستەفا سالح كەریم ٣٣
"لە خەوما"ی جەمیل سائیب /ن : جەمال بابان ٥٩
پێگەی جەمیل سائیب لە چیرۆكی هونەری كوردیدا / ن : پ.ی. د. هیمدادی حوسێن ٨١
قۆناخی سەرهەڵدان و دەركەوتنی چیرۆكی كوردی /ن: عومەر مەعروف بەرزنجی ٩٣
جەمیل سائیب (١٨٨٧-١٩٥١) / ن: حسێن عارف ١٠٧
چەند سەرنجێكی رەخنەیی دەربارەی چیرۆكی "لە خەوما"ی جەمیل سائیب/
ن: جەمشید حەیدەری ١١٩
چیرۆكی "لە خەوما" / ن: عەبدولڕەزاق بیمار ١٢٩
كە ئەدەب دەبێتە گۆڕەپانێك بۆ تۆڵەكردنەوە / ن: جەبار سابیر ١٣٥
"لە خەوما" لە نێوان بە واقیعكردنی چیرۆك و بە چیرۆككردنی واقیعدا/ ن: جەبار سابیر ١٤٥
"لە خەوما" لە نێوان دوو سەدەدا /ن: ئارام سدیق ١٥٥
"لە خەوما" یان كێشەی نێوان رۆشنبیر و دەسەڵات / ن: د. ئازاد حەمە شەریف ١٦١
تەكنیك و هونەر لە نۆڤلێتی "لە خەوما" / ن: د. ئازاد حەمە شەریف ١٧٩
كەسێتی لە رۆمانۆكەی "لە خەوما" /ن: پ.ی. د. كەمال مەعروف ١٨٩
پاشەكی: دەقی نۆڤلێتی "لە خەوما" / ن: جەمیل سائیب ١٩٧

له جیاتی پێشەکی:
(جەمیل سائیب) وەك خۆی

د. ئازاد حەمە شەریف

زۆرن ئەو نووسەرە بلیمەتانەی لە سەردەمی خۆیان پشتگوێ دەخرێن. هی وا هەن لەبەر هۆی سیاسی و هی واش هەن لەبەر هۆی کۆمەڵایەتی و هەندێکیان لەبەر هۆی ئایینی و هی تریش هەن لەبەر هۆی رەوشتی. جا بە تێپەڕبوونی کات و رۆژگار ئەو نووسەرانەی کەوتوونەتە بەر شاڵاوی سەرکوتکردن و پشتگوێ خستن زۆر لە نووسەرانی دیکە بەهێزتر دێنەوە ناو گۆڕەپانی ئەدەب و فیکر و زۆر لەوانەی لەسەردەمی خۆیان رێزیان لێگیراوە بە هەرمێنتر دەکەون.

ئەگەر سەیرێکی ئەدەبی میللەتانی دنیا بکەین، لەو نووسەرانەی کە بەهۆی سیاسەتەوە بەر شاڵاوی بەربەرەکانێ و ململانێ و پشتگوێ خستن کەتوون ژمارەیان لە سەدان نووسەر تێپەڕ دەکات. هەموو ئەو نووسەرانەش کە بەربەرەکانێ کراون نووسەری رەسەن و کاریگەرن، چونکە ئەوان خاوەن روانینی جیاواز بووینە لەو سەردەم و رۆژگارەی تیایدا ژیاون و هەندێکیش لەوان زۆر بە پێش رۆژگاری خۆیان کەوتوون.

لەو نووسەر و بیرمەند و فەیلەسوف و روناکبیرانەی کە بەر ئەم شاڵاوەی سەرکوتکردن و لەناوبردن و هەندێك جاریش ناوزڕاندن کەتوون هێندە زۆرن کە

وەختە بڵێم بۆم لە ژمارە نایەن. هەر بۆ نموونە من لێرەدا ناوی هەرە دیارەکانیان دەهێنم کە ئەمانەن: سوکرات، ئیمپیدۆکلیس، تۆماس مۆر، برۆنۆ، مەنسووری حەلاج، جۆن گالبرێس، جۆناسان راندڵ، ئێریش ماریا ریمارك، جۆرج ئۆروێڵ، جۆن میلتن، ریچارد رایت، نادین گۆردەمیر، گاو خینگیان، ئەلێکزاندەر سۆلژێنستین، کورت ڤۆنیگوت، هاوارد فاست، کارڵ مارکس، بۆریس پاسترناك، جۆناسان سویفت، جۆن شتاینباك، ئیسماعیل بێشکچی، یەشار کەمال، حەسەن قزلجی، گۆران، هێمن موکریانی، سەمەدی بەهرەنگی، عەبدولخالیق مەعروف، محەرەم محەمەد ئەمین، جەمیل رەنجبەر، دڵشاد مەریوانی، وولڵ سۆینیکا، ڤیکتۆر هیوگۆ، ئوپتن سینکلێر، دونگ سو هوانگ، ئێدوارد سەعید، لیۆن ترۆتسکی، تۆماس پێین، نێلسن ماندێلا، تۆماس جێفرسن، میگێل ئەستۆریاس، هارێت بێشەر ستاو ، تۆم رید، ها جین، نۆرمان مێیلەر و دەیان نووسەر و فەیلەسوف و بیرمەند و روناکبیری تر.

بێگومان ئەگەر نووسەر لە بەرامبەر جەور و ستەمی دەسەڵاتداران بێدەنگ بێت ئەوا هەرگیز نەتووشی کێشە دێت و نەکەسیش پێی دەڵێت لە بەری چاوانت دوو برۆ هەیە. خۆ ئەگەر قەڵەمەکەی بفرۆشێت و ببێتە زۆرناژەنی فەرمانڕەواکان و بە فیتی ئەوان هەڵپەڕێت، ئەوا دەستی کەرەم و بەخشندەیی ئەوان ئەوەندە پارە و سامانیان بەسەردا دەبارێنێت تا سووك و ریسوا و گێل و گەمژەیان دەکات و وایان لێدەکات ببن بە کۆیلەی پارە و سامانەکەیان. ئەوساش ناکرێت ناوی نووسەر بەم جۆرە کەسانە رەوا ببینرێت چونکە دوای بوون بە مووچەخۆری خەڵکانی تر ئەوان ناتوانن گوزارشت لە راز و خورپەی دڵ و مێشکی خۆیان بکەن، بەڵکو ئەوان بە فەرمانی کەسانی سەرووی خۆیان دەنووسن و لە نووسەرییەوە دەبن بە نووسیار. نموونەی نووسیاری وا لە هەموو سەردەم و رۆژگارێکدا ئەوەندە زۆرن پێویست بەناوهێنان ناکات چونکە هەمووومان ئەو جۆرە نووسیارانە دەناسین و ئەوانیش بەخۆیان لە ئێمە چاکتر خۆیان دەناسن.

بەڵام ئەو نووسەرانەی قووڵ و رەسەنن، ئەو نووسەرانەی کاریگەر و خامەتیژن، ئەو نووسەرانەی لە ئاست راستیدا خۆیان کەڕ و کوێر ناکەن و ویژدانی خۆیان نامرێنن، بێگومان ئەوانن دەکرێنە نیشانە و لە هەر ساتەوەختێکدا بۆ دەسەڵاتداران بلوێت بەخوێنی سەریان تێنوون. خۆ ئەگەر نەشتوانن بە جەستە بیانکوژن، بەسەدان شێوە کەسایەتی و رۆحی ئەوان دەکوژن.

جا ئەگەر بەرهەمی نووسیارانی دەسەڵات تەنیا لە رۆژگاری خۆیان تەپڵی رەسەنایەتی و مەزنێتییان لە لایەن دەزگاکانی راگەیاندندا بۆ لێ بدرێت، ئەوا بێگومان بە بەسەرچوونی ئەو کات و رۆژگارە ئەوان لەبیر دەچنەوە و زۆر جارانیش بە گۆڕانی رۆژگار بەر نەفرەتی مێژوو دەکەون. نموونەی لەو بابەتە نووسیارانە لە هەموو وڵاتێکدا هێندە زۆرن، پێویست ناکات ئاماژەشیان پێ بدرێت. کەچی پێچەوانەکەی ئەمە لەگەڵ دەستەی نووسەر و روناکبیرە راستەقینەکان راستە. لەگەڵ بەسەرچوونی رۆژگار، ئەو نووسەرانەی بەهۆی جیاوازی بیروباوەڕەکانیان تووشی سەرکوتکردن و چەرمەسەری هاتوون، ئەوان دێنەوە سەرتەختەی شانۆ و جێ بە نووسیارانی پێشوو چۆل دەکەن. ئەم راستییەش وەکو رۆژ روونە و با سەدانساڵیش تێپەڕ ببێت، گرەوی مێژوو هەر دەستەی سەرکوتکراوان نەك دەستەی نووسیارە قەڵەم فرۆشەکان دەیبەنەوە.

ماوەی ٨٧ ساڵ لەمەوبەر (جەمیل سائیب)ی شاکارنووس بە تاقە یەك بەرهەم کە (لە خەوما)یە رۆژگاری خۆی هەڵسەنگاندووە و هەر بەو تاقە بەرهەمەش لە گەورەترین دەروازەوە چووە ناو مێژووی چیرۆکی کوردییەوە و بووە سەرەتا و سەرمەشق بۆ هونەری چیرۆك نووسین و هونەری نۆڤلێت. هەرچەندە کۆنەخوازان و شێخپەرستان و خێڵپەرستان ویستیان دەنگی ئەم نووسەرە رۆشنبیرە دلێرە کپ بکەن، هەرچەندە لێرە و لەوێ بە کاردانەوەی سۆز دەیان وتار و نووسین بڵاوکرانەوە بۆ ئەوەی لە بەهای شاکارەکەی ئەو کەم بکەنەوە، بەڵام تا رۆژی ئەمرۆش ئەو بەرهەمە دانسقەیەی (جەمیل سائیب) چ لەلایەنی هونەرییەوە و چ لەلایەنی شێوازی

نووسین و چ له لایەنی وەسفکردنەوە و چ لەلایەنی فیکریشەوە بەهێزترین نۆڤلێتە لە ئەدەبی کوردیدا نووسرابێت.

ئەگەر بەدوای راستی رووداوەکانی هەر سەردەمێکیش دا بگەڕێین، ئەوا کتێبی مێژوو پڕە لە درۆی رەنگاوڕەنگ، بەڵام بەرهەمی ئەدەبی جۆرە راستییەك دەخاتە روو کە لە هیچ کتێبێکی مێژوو نادۆزرێتەوە. هەر بۆیەش ئەو بەرهەمە راستترین بەڵگەنامەیە کە بەچاوێکی ریالیزمی رەخنەگرانە و بە وێژدانێکی زیندووەوە پەنجە لەسەر هەموو ئەو برینانە دادەنێت کە تا رۆژگاری ئەمڕۆش کۆمەڵگەکەمانی پێوە دەتلێتەوە.

ئەگەر نووسینی کوردی لە رێچکەی (جەمیل سائیب) لای نەدابووایە و بە لاڕێدا نەبرابووایە و لە چاوسوورکردنەوەی دەسەڵاتداران نەترسابووایە و بە ئافەرین و خەڵات و بەخشش فریووی نەخواردبایە، مسۆگەر ئێستا نووسینی کوردی گەیشتبووە ئاستی جیهانی و نووسەرانی کوردیش وەکو هی وڵاتانی جیهان لەناو کەتەلۆگی دنیا ناسرابوون و رەنگیشە خەڵاتی (نۆبل) بەر نووسەرێکی کورد بکەوتایە.

ئەو نووسینانەی رەخنە لە بەها و سیستەمە رزیووەکانی کۆمەڵگەکانیان دەگرن و پانتاییەکانی ئازادی تاك فراوان دەکەن، هەر ئەوانن سەرنجی خوێنەرانی ناوخۆیی و دنیا بەلای خۆیاندا رادەکێشن نەك پێچەوانە. بەڵام ئەو نووسینانەی لە ترسان یان لە برسان ملکەچی سەردەم و رۆژگار و دەسەڵات دەبن، دەبێت وەکو خاوەنەکانیان شەو تا بەیانی بەسەرخۆشی وڕێنە بکەن و نووسینەکانیشیان لە بۆنی ئارەق و مەی زێتر بۆنی گوڵ و خاك و مرۆڤی لێ نایەت.

نووسەرانی دڵسۆز بەپێی هەموو پێودانگە جیهانییەکان ئەو کەسانەن کە زۆرترین رەخنە ئاراستەی کەموکوڕی و ناتەواوییەکانی سەردەم و کۆمەڵگەی خۆیان دەکەن، نەك ئەوانەن کە بە درۆ تەپڵی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری لێدەدەن. هەر بۆیەش نووسەرێکی وەکو (جەمیل سائیب) کە لە بنەماڵەیەکی رۆشنبیر و کوردپەروەری

سلێمانی هاتۆتە دنیاوە و خوشکەزای پیرەمێردی شاعیر بووە، ناکرێت کەس بە خەیاڵی دابێت کە لە نادڵسۆزییەوە رەخنەی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی شێخ مەحموود گرتووە. چونکە ئەو رەخنانەی ئەو و هی شێخ محەمەد خالصی کوڕی شێخ رەزای تاڵەبانی و هی شاعیری کوردپەروەر (حەمدی) بۆ ئەوە نەبووە کە حوکمدارێتی شێخ مەحموود بڕووخێت، بەڵکو بۆ ئەوە بووە کە چاکسازی و پاکسازی لە دارودەستە و جۆری فەرمانڕەوایەتی شێخ مەحموود دا بکرێت بەر لەوەی ئەو دەرفەتە زێڕینەی پێش دامەزراندنی حکومەتی عێراقی لە دەست کورد بچێت. هۆی گرتنی ئەم رەخنە توندانەش لە شێخ مەحموود بۆ ئەوە بووە لەو خەوەی واگابهێننەوە کە دارودەستەکەی بە شەو و بە رۆژ خەواندبوویان.

هەر لەسەرەتای مێژووشەوە تا رۆژی ئەمڕۆ نووسەران و روناکبیران زەنگی هۆشیارکردنەوەی دەسەڵاتداران بووینە لەو مەترسییە شاراوانەی دەوروبەری دەسەڵاتدارانی گرتووە و هەر ئەوانیش هەوێنی گۆڕانی کۆمەڵگەکەیانن. رەخنەکانی ئەم جۆرە نووسەرە راستەقینانە هەمیشە تەرمۆمەتری گەرمی و ساردی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتداران و هاووڵاتیان بووە. جا ئەگەر شێخ مەحموود بە قسەی روناکبیران و نووسەرانی سەردەمی خۆی بکردایە، ئەوا نە بەخۆی تووشی نوشستی دەهات و نە کۆمەڵگەی کوردەواریش هێندە ئازار و چەرمەسەری دەبینی و نە خەونی سەربەخۆییشمان هێندە بەدوا دەکەوت.

هەولێر: ١/١/٢٠١٢

ژیاننامەی جەمیل سائیب

د. ئازاد حەمە شەریف

- بنەماڵەی (جەمیل سائیب) لە بەرەبابی (مەلا حەسەن قەرەداغی- سائیب)ە.
- باوکی (جەمیل سائیب) ناوی (مەلا ئەحمەد سائیب)ە و دایکیشی ناوی (حەبیبە مەحموود ئاغای مەسرەف)ە.
- لە ڕۆژی ١٦ ی ئابی ١٨٨٧ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە.
- بەمنداڵی لە حوجرەی (مەلا ئامینە) قورئان و فارسی خوێندووە.
- کاتێك باوکی قازی بووە لە هەڵەبجە لە حوجرەی (مەلا ئەحمەدی تەکیەیی) خوێندوویەتی.
- دواتر کە گەڕاونەتەوە سلێمانی لە حوجرەی (مەلا عەزیزی زلزلەیی) خوێندوویەتی.
- دوای حوجرە چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی لە سلێمانی.
- پاشان کاتێك باوکی چۆتە قەڵادزە بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك لە خوێندن دابڕاوە.
- دواتر چۆتەوە بەر خوێندن لە مزگەوتی هەمزاغای باپیری پیرەمێرد. لەو کاتەدا تووشی نەخۆشیی ڕۆماتیزم بوو کە تا مردیش هەر پێیەوە دەیناڵاند.
- دوای مردنی باوکی بۆتە فەرمانبەری میری بە ناونیشانی (وێرگۆ- باج) لە سلێمانی.
- لە ساڵەکانی ١٩١٩- ١٩٢٠ دا نووسینی خۆی لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) کە لە سلێمانی دەردەچوو بڵاوکردۆتەوە.

- سالّی ١٩٢٠ لەو پێشبڕکێیەی کە (مێجەرسۆن) بۆ بە کـوردی نووسـین لـە ڕۆژنامـەی "پێشکەوتن" ڕایگەیاند بوو، جـەمیل سـائیب بـە پەخشـانێکی هونـەری بەناونیشانی "ڕۆژەوەبوونێك" بەشداری تێدا دەكات و گرەوی سێیەم دەباتەوە.
- کوژرانی (جەمال عیرفان) لە ڕێکەوتی ١٢ی کانوونی یەکەمی سالّی ١٩٢٢ کە برادەری (جەمیل سائیب) و برای (حەبیە و حەفصە)ی ژنی (جەمیل سائیب) بـوو لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی شێخ مـەحموددا گرێیـەکی دەروونـی لـەلای (جـەمیل سائیب) دروستکرد.
- دوای کوژرانی (عارف سائیب)ی برای (جەمیل سائیب) لە شەوی ١٦ی مایسی ١٩٢٣ بە دەستی خزمێکی شێخ، برینێکی قووڵ کەوتە نـاخی (جـەمیل سائیب) و بەتەواوی دلّی لە شێخ مەحموود دەڕەنجێت. شایەنی گوتنە ئەو برایـەی (جەمیل سائیب) ئەفسەرێکی پایەبەرزی سوپا و شاعیرێکی هەست ناسکیش بوو.
- لە سالّی ١٩٢٤ دوای نەمانی حوکمی شـێخ مـەحموودی (حەفیـد) دەبێتـە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ژیانەوە) لە سلێمانی.
- دواتر وازی لە کاری سەرنووسەری هێنا و بۆوە بەڕێوەبەری (گەنجینە) کە تـا کاتی خانەنشین بوونی لە سالّی ١٩٤٩دا لەوێ مایەوە.
- دواتر ماوەیەك بۆوە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ژین)ی پیرەمێردی خالّی و تـا لە پاییزی ١٩٥١ تووشی نەخۆشییەکی قورس بوو و بردیانە بەغدا و ڕۆژێك دواتر ، لە ڕێکەوتی ١٩٥١/١٠/١٣ کۆچی دوایی کرد. تەرمەکەیان هێناوە سـلێمانی و لەسـەر گردی (مامەیارە) لە تەنیشت "پیرەمێرد"ی خالّی نێژرا.
- (جەمیل سائیب) زمانەکانی (کوردی) و (عـەرەبی) و (فارسـی) و تـورکی) بەباشی دەزانی.
- چوار ژنی هێناوە: (أ) لە ژنی یەکەمی کە ناوی (عائیشـە حـاجی سـلێمان کەمالآنی) بوو ئەو مندالآنەی بووە: (فەوزی، محەمەد کامیل، محەمەد عەلی). (ب) لە ژنی دووەمی کە نـاوی (بەهیـە محەمـەد سـالّح ئاغـای فـەرالموورز عـەتار)بوو هـیچ

منداڵێکی نەبووە. (ج) لە ژنی سێیەمی کە ناوی (حەبیبە عەبدوڵڵا عیرفان ئەفەندی) بوو ئەو منداڵانەی بووە: (نەژاد، بەدیعە، وەدیعە، نەسرین، درەخشان). (د) لە ژنی چوارەمی کە خۆشکی هاوسەری سێیەمی بووە و دوای کۆچی ژنەکەی پێشووی، ئەوی خواستووە و ناوی (حەفصە عەبدوڵڵا عیرفان ئەفەندی) بوو ئەو منداڵانەی بووە: (نەوزاد، پەروین، ئازاد، روناك، بەهزاد، شازاد).

- (جەمیل سائیب) تەنها نۆڤڵێتێك بە ناونیشانی (لە خەوما) و پەخشانێکی بە ناونیشانی (رۆژەوەبوونێك) بەشێوەیەکی بەربلاو بڵاوکردۆتەوە.
- دەیان بابەتی جۆراوجۆری لە رۆژنامەی (پێشکەوتن) و (ژیانەوە) و (ژین)دا چ بەناوی خۆیەوە چ بەبێ ناو بڵاوکردۆتەوە و تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی کۆنەکراونەتەوە و رەنگە کۆکردنەوەی ئەم بەرهەمانە زیاتر تیشك بخەنە سەر چەند لایەنێکی دیکەی توانا و زمانپاراوی ئەم نووسەرە بلیمەتە.

(*) لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی برای نووسەر کاك (عبدالخالد صابر- مامۆستا خالید) بکەم کە هەندێك زانیاری بەسوودی لەبارەی ژیانی (جەمیل سائیب) و بنەماڵەکەی پێدام. هەروا بۆ نووسینی ئەم ژیاننامەیە سوودم لە کتێبە بەهادارەکەی ئەو کە (شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی)یە بینیووە. هیوادارم هەر نموونەیان زۆر بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و کەلتووری کوردی. (د. ئازاد)

سەرەتای چیرۆکی کوردی و جیاوازی نێوان یەکەم و دووەمیان!

رەوف حەسەن

هەرچەندە باسی یەکەمین چیرۆکی هونەری کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ یەکەمین چیرۆکی نەتەوەکانی دەوروبەرماندا و لە یەکچوونی ناونیشانەکانیان و پێوەندی یەکەمین چیرۆکمان، یان چیرۆکە سەرەتاییەکانمان بە کەلەپووری نەتەوایەتیمانەوە و کەلەپووری جیهانییەوە و سوودوەرگرتن لە هونەری چیرۆکنووسی هونەرمەندان و ئەدیبانی دی. ئەمانە و چەندەها کێشە و جەمسەریتریش هەن و ئەمەندە بەربلاون و هێندە پەلوپۆیان لێدەبنەوە کە هەریەکەیان بە باسێکی تێروتەسەل و کامڵ نەبێت رێکبخرێن. هەروا بە پەرش و بڵاوی دەمێننەوە، بەڵام ئەوەی لەم وتارەمدا مەبەستمە بیخەمەڕوو چەمکێکە لەو باسانە و بۆ ئەوەی مەبەستەکەشم پەرش و بڵاو نەبێتەوە. ئەوا لێرەدا دەستنیشانی بابەتەکە دەکەم و دەیکەم بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەمیان: رای تایبەتی خۆم لەمەڕ پەیوەندی و سوودوەرگرتنی کۆچکردوان (جەمیل سائیب و ئەحمەد موختار جاف) لە کەلەپووری نەتەوایەتیمان و هونەری جیهانی لە دانانی چیرۆکەکانیاندا.

بەشی دووەم: بەراوردکردنێکی هەردوو چیرۆکەکە و شیکردنەوەی ئەو رایانەی لە کتێبی (چیرۆکی هونەریی کوردی)دا دەربڕاون.

کەلەپووری کوردی و سەرەتای چیرۆکی کوردی

ئەوی راستی بێت کتێبەکەی (حسێن عارف) (چیرۆکی هونەریی کوردی) جگە لەو بایەخە تایبەتییەی خۆی نرخ و بەهایەکی دیکەی گرتۆتە خۆی ئەویش ئەوەیە: دەرگەی کۆمەڵێك باس و لێکۆڵینەوەی دیکەی بە دووی خۆیدا خستە سەرپشت. جا ئیدی ئەمەیان ئەنجامی ئەو دەلاقە و نامەییوی را و بۆچوونەکانی نووسەر بێت یان نوێباوی بابەتەکە بێت کە بۆ یەکەمینجارە کتێبێك دەکەوێتە نێوەندی رۆشنبیری کوردییەوە و یان ئەو پرسیارانە بێت کە تیایدا خراونەتەروو و داوای وەڵام لە کەسانی دی دەکات. (حسێن عارف) لە کتێبەکەیدا دەپرسێت (داخۆ پەیدابوونی چیرۆکی هونەریی لە ئەدەبی نوێماندا هیچ پەیوەندیی هەبوو بەو میراتە فۆلکلۆرییەمانەوە. ئەمجا دەڵێت: ئەوی راستی بێت ئەم باسە لێدوانێکی دوورودرێژی دەوێ کە من بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەم بە پێویستم نەزانی..ل١١) جاریٚ با لە سەرەتاوە ئەو راستییە بخەمەڕوو کە زۆرم لامەبەستە و تا ئێستا ئاماژەی بۆ نەکراوە، ئەویش دەستنیشانکردنی یەکەمین چیرۆکی کوردییە لەلایەن (حسێن عارف) خۆیەوە. لە ساڵی ١٩٦٠دا و لە ژمارە (١٠)ی گۆڤاری بلێسەدا (حسێن عارف) لە وتارێکدا بەناونیشانی ((چیرۆك و شانۆی کوردی لە نیو سەدەی رابوردوودا) نووسیویەتی: (کۆنترین بەرهەمی ئەم ماوەیەمان کە دەسگیرمان بووبیٚ. چیرۆکێکی درێژی- جەمیل سائیب-ە کە بە زنجیرە لە رۆژنامەی ژیان و ژیانەوەدا لە ساڵی ١٩٢٥دا بڵاوی کردۆتەوە لەژێر ناوی (لە خەوما). بەڕاستی ئەو چیرۆکە ئەهێنی پێیبلێی سەرەتا و دەسپێکردنێکی بەهێز و پتەو لە چیرۆکی کوردیدا.) نامەوێت لە بایەخ و بەهاداری ئەم دەستنیشانکردنەی (١٨) ساڵ لەمەوبەری حسێن بدوێم. چونکە گرنگی ئەم کارە بەلای گشت رەخنەگران و ئەدیبانەوە ئاشکرایە، بەڵام ئایا بەر لەم چیرۆکە هەوڵدانی بڵاوکراوەی دیکەمان هەیە یان نا؟! بێگومان کە باسی سەرەتاکانی چیرۆکی هونەریی کرا هەرچی بەشێوەی شیعر دانرابێت (١) یان دەمەتەقێی شانۆیی بێت ناچێتە ریزەوە، بەڵام هەر لە رۆژنامەی (ژیانەوە)دا و لە

ژماره (١٥)ی ساڵی یەکەم و لە شوباتی ١٩٢٥دا کورتە نووسراوێکی تێدایە و دەلوێت ناوی چیرۆکیشی لێبنرێت ئەویش بە ناونیشانی (بۆچی جلخوارم) و کەریم سەعید ناوێك (٢) نووسیویەتی و بریتییە لە بیر و خولیای کابرایەکی بێکار و لە سەرەتاوە بڕیاری ئەوە دەدات کە بە بەرگ و کالاوە وا خۆی نیشانبدات سەر بە جلخوارە تورکەکانە و ئیدی دەستبکات بە رووتاندنەوەی خەڵکی و بەکارهێنانی فڕوفێڵی جۆراوجۆر بۆ ئەو مەبەستەی. وەلێ دوای ئەوەی بەخۆیدا دێتەوە لەم بڕیارەی پەشیمان دەبێتەوە و دان بەوەدادەنێت ئەو کارە لە رەوشت جوانی و مرۆڤایەتییێوە بە دوورە یان ئیدانەیەکی کردارە ناپەسەندەکانی جلخوارەکان دەکات (٣). خستنەڕووی ئەم مەسەلەیە بە هیچ جۆرێك لە بایەخی (لە خەوما) کەم ناکاتەوە، چونکە لە لایەکەوە لە غایلە و ختوورەی کابرایەك تێپەڕناکات و لەلایەکی دیکەوە هەرچەندە (لە خەوما) پاش دوو سێ مانگ دوای ئەم بلاوکراوەتەوە. وەلێ ئەو پشوو درێژییەی تیایدا بەدیدەکرێت دەیسەلمێنێت کە ماوەیەکی زۆر لەوەوبەر ئامادەکراوە و لەبەر درێژی یان هەر هۆیەکی دی، ئەو دەرفەتەی نەبووە بلاوبکرێتەوە. سەرەڕای ئەوەی ئەمیان لایەنی هونەریی زۆر بایەخداری گرتۆتە خۆی. جا بۆ ئەوەی بەرچاومان روونتر بێت و بتوانین ئەوە دەربخەین کە پێوەندی چیرۆکەکان بە کەلەپووری نەتەوایەتیمانەوە چۆن بووە ئەوا با سەیری ناوەڕۆك و بابەتەکانیان بکەین. هەموو دەزانین چیرۆکی (لە خەوما) و (بۆچی خلخوارم) و (چۆن بووم بە خانەدان) باسی سەردەمێکی دیاریکراو دەکەن و بێزاری لە دەست رژێم و زۆرداری و دواکەوتوویی کۆمەڵ دەردەبڕن، بەڵام چیرۆك و ئەفسانە و داستانە میللییەکانمان و هی زۆربەی نەتەوەکانی دیکەش لە دەور و خولی پاڵەوانبازی و سوارچاکی و دڵداری پاشا و میرەکان و کوڕ و کچەکانیان و کوڕە کەچەڵەکان دەسووڕێنەوە کە چۆن دێو و درنج تێکدەشکێنن و بە سواری ئەسپی باوبۆران بە گژ لەشکری دڕندەکاندا دەچن و هەرچی (دۆنکیشۆت)ێیك هەیە (بە دیوەکەی دیکەدا) لە پێناوی چاوی کچە بچکۆلانەکەی پادشادا دەیکەن. یان ئەوەتا بێستوون دەنەخشێنن یان وەك دێوانە

دەدەنە دەشت و هەرد و بیابان...هتد. ئەمە بەم بارەدا، بە بارێکی دیکەیشدا کە ئەویش سوودوەرگرتنە لە چیرۆکی هونەریی جیهانی بابزانین ئەمەیان چۆن دەکەوێتەوە؟! چیرۆکی هونەریی جیهانیی لەسەر بنکە سێ کوچکەیەکەی (سەرەتا.. لوتکە.. کۆتایی) یان (سەرەتا-گرێ-کردنەوە) دامەزراوە. هەرچەندە سەرەتا هەمیشە لە خزمەتی دروستکردنی گرێ یان بەرەو لووتکە چوندا بووە و شیاویشە و دەشێت سەرەتا لەگەڵ لوتکە (گرێ)دا بکرێنە یەك، وەلێ ئەو بروسکە مەزنەی کە لە کۆتاییدا تیشکدەداتەوە و مچورکەی ئارام و بە ئامانجگەیشتن دەداتە خوێنەر بە بنچینەیەکی پتەوی ئەوتۆ دادەنرێت کە تەنانەت هەر چیرۆکێکی هاوچەرخانەش لێی بێبەش بێت نەك هەر ئیفلیجی دەکات، بەڵکو ناچێتە ریزی چیرۆکەوە. کەواتە ئەگەر ئەم بۆچوونانەم لەجێی خۆیدا بن و بۆچوونی پێچەوانەی دی نەبێت لەمەڕ ئەم باسە ئەوا دەتوانین بڵێین:

١- چیرۆکە یەکەمینەکانی کوردی هیچ تانوپۆیەکی بەهێزیان نییە لەگەڵ میراتی نەتەوایەتیماندا تیایدا بیانهۆنێتەوە، جا ئەو میراتە هی خۆمان بێت یان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی رووی زەمینیشدا بەشدار بین.

٢- لەبەر ئەوەی کۆڵەکەیێکی گرنگی هونەری چیرۆك چ لە (لە خەوما) و چ لە (چۆن بووم بە خانەدان)دا بەدی ناکەین کە ئەویش (زەڕبە)ی کۆتاییە و بە ئەنجام گەیاندنی کارەساتەکانە، کە ئەم بروسکە و کۆڵەکە بنچینەییە نەبوو مانای ئەوەیە سوودوەرگرتنی چیرۆکی سەرەتایی کوردیمان لە هونەری بێگانە کەم و کورتی هێناوە و ئەوەندە نییە شایانی باس بێت.

٣- ئەم چیرۆکانە هەڵقووڵاوی بارودۆخێکی رامیاری نەتەوەکەمان بوون و مرۆڤە هەست ناسك و رۆشنبیرەکان بەدەست ئەو بارە ناهەموارەوە ناڵاندوویانە و لە شێوەی رووداوێکدا بە زمانەکەی خۆییان بێزاریان دەربڕیوە و تۆماریانکردووە.

٤- تەنیا بنچینەیەکی پتەو هەبێت بۆ ئەم هونەرە ئەوا لەو پەخشانانەدایە کە لەوەوبەر لە رۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

جیاوازی نێوان یەکەمین چیرۆك و دووەمیان

(حسێن عارف) دەربارەی مەبەستی چیرۆکەکەی (ئەحمەد موختار جاف) دەڵێت: (زۆر بە ئاشکرا و زۆر لە روو مەبەستی رەخنەگرتن و تیروتوانج بووە لە کاربەدەستە دز و بەرتیلخۆرەکان و لەگەڵیاندا بازرگانە چاوچنۆکەکان و دەرەبەگ و ئاغا چاوچنۆکەکان کە ئەمە لە ئەنجامدا رەخنەگرتن و توانج دەبەخشێت لەو رژێمەی دەستگای حوکمی بەدەستەوە بوو..ل ٣٥) هەروەها لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێت: ("مەسەلەی وێژدان" بەم بارەدا شەهادەتنامەیەکی گەلێك بایەخداری ئازایەتی و مەردایەتی ئەحمەد موختارە لە گوناهبارکردن و ریسواکردنی رژێمی کۆنەپەرستی گەندەڵی ئەو سەردەمەی خۆی و لایەنگرتنی بەرەی چەوساوەکان و..هتد) ئیدی دوای ئەمە نووسەر لەوە سەرسامە کە ئەحمەد موختار خۆی کاربەدەستێکی ئەو رژێمە بووە. (چ عەجەب لەو چیرۆکەیدا ئەو هێرشە توندوتیژەی بردۆتە سەر..ل ٣٧).

ئەمجا دوو (فەرەزییە) دادەنێت:

١- تۆ بڵێیت نووسەر دژی یەکێك یان چەندانێك نووسیبێتی؟!

٢- یان هەر راستەوخۆ ئەوەی مەبەستبووە کە ئێستا ئێمە-واتە حسێن- لێیتێدەگەین؟! بۆ ساغکردنەوەی پەنا دەباتە بەر دوو نموونەی شیعری (ئەحمەد موختار) خۆی و بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە ئەو بۆچوونە قەبانەی حسێن دەیانداتە پاڵ (ئەحمەد موختار) ناڕەوایە و هەرگیز ئەمەی دواییان نە لە چیرۆکەکەیدا و نە لە شیعرەکانیدا مەبەستی رژێم نەبووە و تەنیا بە (چەند کەسێکی تازە پیاکەوتوو) و (بەعزێ مۆزەف) زێتر نییە و پاسەپۆڕتی پەڕینەوەی نادرێتێ تا بگاتە سەر ریسواکردنی رژێم. چونکە پەڕینەوە لە هەندێك دیاردەی ناهەموارەوە بۆ سەرچاوە و دۆزینەوەی سەبەبکاری سەرەکی و تاوانبارکردنی لەبەردەم جەماوەردا لە ئەنجامی هۆش و بیرێکی چەسپاو و هونەر و لێزانینێکی تەواوەوە دێە ئاراوە. کەچی حسێن دەربارەی چیرۆکەکەی (جەمیل سائیب) دەڵێت کە گوایە (وەك داخ لە دڵێك دژی شێخ مەحموود وەستاوە نەك وەك ئینگلیزخواهێك..ل ١٧).

هەروەها دەڵێت: (دێر بە دێری تەرخانە بۆ هێرشبردنە سەر شێخ مـەحموود..ل ١٨ و ١٩) بـەمجۆرەش هـەڵاتنی (جـەمیل سـائیب) لـە سـلێمانییەوە بـۆ کـەرکووك وادەستنیشان دەکات. (ئیدی سا لە دژایەتی شێخەوە بووبێت یا لـە کەمتەرخـەمی و بێلایەنییەوە هەڵاتبێت بۆ کەرکووکی ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی ئینگلیز..هتد ل ١٨) هەرچـییەك دەکـەین نـاتوانین رایـەکی چەسـپاوی (حسـێن)مان لـەم مەسـەلەیەدا دەستبکەوێت. جا بۆیێ دەمەوێت لێرەدا دوو خاڵی سەرەکی دەستنیشان بکەم:

١- چیرۆکی (لە خەوما) تەنیا دژی شێخ مەحمود نەنووسراوە و بـەس بـەڵکو ئـەم چیرۆکە (نەك ئەوەکەی ئەحمـەد موختـار) بەوپـەڕی توندوتیژییـەوە بـەرەنگاری رژێـم دەبێتـەوە و دەسـتەویەخەی دەوەسـتێت و رووت و رەجـاڵ و ریسـوای دەکـات و لـە سەرەچاوەکەیەوە پیایدا دێتە خواریێ بۆ دەستە و دایەرەکان و هەرچی کارێکی نابـەجێ هەیە کە بەرامبەر رەش و رووت و چەوساوە و بێدەسەڵاتەکان بەناوی ئایینـەوە کـراوە هەمووی دەخاتە روو هەروەك (شوکری فەزڵی) شاعیریش لە قەسیدە شاکارەکەیدا شێخ وریا دەکاتەوە کە مەسەلەکە زۆر لە نوێژ و دوعاکردن گەورەترە.

ئیش کە رووی ئێستا لە هەورازە سەرەولێژی نەکەی/ بیری وردیشی ئەویێ هەر بـە دوعا و نوێژی نەکەی. لێرەدا روونەبێتەوە کە بە یەکجاری بیری زانستییانە پشـتگوێ خراوە و وردبینی پووکاوەتەوە یان هەر لە ئەسڵدا نەبووە کار خەریکە لە کار دەترازێت و لەمەش روونـاکتر و پوختتر لە دێرێکیتردا داوای لێدەکات کە ئەو مرۆڤە پاکانەی لـە ژێر جەور و ستەمدا بوون، دەبێت بەرامبەریان وەفادار بێت و دڵنەواییان بکـات نـەك ئەوەندەی دی بچەوسێنرێتەوە: حەیفە چاوێ کە جـەفا کۆڵـەووژێ تێدەشـکان تـۆ بـە کلچێوکی وەفا عەینی گەلاوێژی نەکەی. هەروەها شاعیرانی دیکەش لـە دڵسـۆزییەوە ئیدانەی زۆر لایەنی ناتەواو و ناپەسەندی فەرمانڕەواییەکەیان کردووە.

٢- هـەر بەمەشـدا بۆمـان دەردەکـەوێت کـە (جـەمیل سـائیب) نـە لـە (کەمتەرخەمی)ییەوە بووە و نە لە بێلایەنییەوە بووە کە سـلێمانی بەجێهێشـتووە، بـەڵکو بـە هۆشـیارییەکی تـەواوەوە بـەرەی شـێخی بـەرداوە و لەگـەڵ

ئینگلیزخواهەکاندا گیرساوەتەوە کە ئەو سەردەمە زیاتر مانای بیری زانستییانە و دوور لە میسالییەتی دەبەخشی، گەر لای هەموانیش وانەبوو‌بێت ئەوا لای جەمیل وابووە و لە چیرۆکەکەشدا ئەم لایەنەی روونکردۆتەوە. سەرەڕای ئەوەی حکوومەتی بەریتانیا لەو سەردەمەدا هەرگیز ئارەزوو و خواستە رەواکانی میللەتی کوردی پشتگوێ نەخستبوو. جا ئەگەر بەسەرزارەکیش بووبێت بە پێچەوانەی تۆرانییەکانەوە کە تەنانەت بەرەنگاریی چەکدارانەی ئەو مافانەیان دەکرد کە بەهۆی پرۆتۆکۆل و بەیاننامە دەوڵەتیەکانەوە پێیڕەوا بینرابوو، بەڵکو هەوڵی تواندنەوەی ئێجگارەکی میللەتەکەشمانیان دەدا. نامەوێت لێرەدا گشت لایەنە رامیاری و مێژووییەکان شی بکەمەوە، بەخۆشمدا راناپەڕمووم کە ئەمکارەم پێمەیسەر بێت ئەویش لەبەر ئاڵۆزی و بەیەکداچوونی کێشە رامیارییەکانی ئەو سەردەمە و (جەمیل سائیب)یش لە چیرۆکەکەیدا و لەو بەشەدا کە لە دیوەخانی شێخدا کارەسات دێت و دەڕوات زۆر لایەنی ئەو بارودۆخە روناکی دەکەوێتە سەر. بە ئاشکراش باسی خۆشباوەڕی شێخ مەحموودمان بۆ دەکات چ بەرامبەر ئەو کوردانەی رەفزی هەردوولا دەکەن و چ بەرامبەر هەردوولا (ئینگلیز و تورك)، بەڵام گشت گێرمە و کێشەکان و بارە رامیارییەکە لە شێوەی بازنەییەکدا بەدەوری چەقبەستنە ئایینییەکەدا دەسوورێنەوە. ئەم راوبۆچوونانە ناتوانن نکۆڵی لەو راستییە بکەن کە دڵسۆزی و گیانبازی شێخ مەحموود - بە هەر نرخێك بووە - لە پێناوی ئاسوودەگی میللەتەکەیدا بووە، گەرچی بۆ یەکەمین جاریش ئینگلیز کردوێتییەوە بە فەرمانڕەوای وڵاتی سلێمانی و دوای ماوەیەك رەفزی ئەوەی کردووە کە (بەدەستی مووددەعییەکەی خۆی تاجی شاهانەی لەسەر بنرێت) چ جای "باجی رەحمەکانیش (بێقەزابن) نەیاندەهێشت رێك هەڵپەڕن"، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە دەبوایێ (جەمیل سائیب) بە گیانێکی دیکەی پێشکەوتنخوازییەوە تەعبیری لە کێشەکە بکردایە چونکە ئەو وەك رۆشنبیرێکی ئەو سەردەمە ناچێتە عەقڵەوە کە بانگ و سەدای شۆڕشی ئۆکتۆبری مەزن و بیروڕای شۆڕشگێڕانەی

نەبیستبێت کە تا دەهات زیاتر تەشەنەی دەکرد. هەروەك (مێجەر. ئی. بی. سـۆن) لە ١١ی شوباتی ١٩٢٠دا بە بێزارییـەوە باسـی سـلێمانی دەکـات و دەڵێـت: (بـۆ بەدبەختی ئێستا ناوی بەلشەوی و بەشێکیش لە ماناکەی لێرەدا زانراوە..) (ماجد عبدالرضـا، القضـية الكرديـة، ل ٦٧) لـە کتێبـی (كردسـتان و الحركـة العراقيـة الكردية، صلاح الدين محمد سعدالله)ی وەرگرتووە. کەواتە کاتێك (جەمیل سـائیب) بـەرەنگاری رژێـم و دەسـتە و دایەرەکـەی دەبێتـەوە تـەنیا لـە روانگـەی ئینگلیزخوازییەوەیـە نـەك نیشـتمانپەروەری و دڵسـۆزی. ئەمـەش بـە تـەواوی بۆچوونەکەی رەتدەکاتەوە کە بۆ ((کەمتەرخەمی)) و ((بێلایەنی)) دەگێڕێتەوە. ئەم روونکردنەوەیەم مەبەست بوو بۆیێ وا کەمێك بە درێژی بـاسمکرد. جـا بـۆ ئـەوەی جەمسەری باسەکەمان لێ ون نەبێت وا بە کورتی جیاوازی هەردوو چیرۆکەکە لـەم خاڵانەدا کۆدەکەمەوە:

١- رووبەڕووبوونەوەی رژێم:

وەك روونمـانکردەوە چـیرۆکی (لـە خـەوما) یەکسـەر دەسـت بـۆ رژێـم و رادەی بەربادییەکەی رادەکێشێت و روونیدەکاتەوە: ئاو لە سەرچاوەوە لێڵـە، گشـت سـووچ و گوناهێك لەوێوە دەستپێدەکات و بەناویاندا بڵاودەبێتەوە.

بەڵام (مەسەلەی وێژدان) لـە خەڵکـە ساویلکەکەوە دەسـتپێدەکات و بـە چـەند مووچەخۆرێکەوە دەگیرسێتەوە و ئیدی ڤیزەی ئـەوەی پێنییـە بگاتـە رژێـم، کـە بـەم بارەیاندا پێش چاوخستنی هەندێك ناتەواوی و کەموکوڕی کۆمەڵایەتی و نەبەستنەوەی بەجۆری رژێمەوە و دەستنیشان نەکردنی سەری گلۆڵەکە جۆرە ساویلکەییەك لە بـیروڕا و رادەی رۆشنبیری نووسەرەکەی دەردەخات. سەیر دەکەین لە ((مەسەلەی وێـژدان))دا چەند جارێك مەئموور و لێپرساوی مـیری بـۆ تـەحقیقات دێـن و هاتنەکەشـیان بـە نهێنییە، وەك لە لاپەڕە ٣٩دا روونیدەکاتەوە نە بە پارە و نە بەدەعوەت ئیقناع ناکرێن و تەحقیقاتی زۆر بەشیددەتیان لەگەڵدا دەکەن، کەچی لە (لە خـەوما)دا هـیچ جـۆرە داکۆکیکردنێکی لەسەر رژێم تێدا نییە.

٢- مەوزوعییەت:

لە چیرۆکی (لەخەوما)دا جۆرە مەوزوعییەتێك دەبینین میللەت. هەمووی پیاو خراپ نەکراوە. هەر لە پاڵەوانە سەرەکییەکەوە دەوری هێزی خێر دەبینن تا بەکاروانچییەکانی ئاوەڵی دەگات و تەنانەت لە دیوەخانی شێخیشدا یەکێك لەوانە ئامادەن لە سەرەتاوە بێدەنگ و بێ چرکە بووە و کە ئەو هەمووە ناهەقییە دەبینێت دێتە زمان و دەڵێت: (ئەم خەڵقانە کەوا ئێستا سەر و ماڵ و ژیانتان حەڵاڵکردن ئەمانە ئەگەر بێتو خۆیان لێرە مەوجوود بوونایە و مودافەعەیەکی شەرعی خۆیان بکردایە دیسانەوە ئێوە لەسەر ئەم قەول و فتوایە ئەمان یا نا؟ ل ٥٥).

ئەمە سەرەڕای ئەو گفتوگۆ بەجێیانەی لە سەرتاپای چیرۆکەکەدا دەکرێن، بەڵام لەوەکەی (ئەحمەد موختار)دا هەرچی مەوزوعییەت هەیە نامێنێت و هەرچی بەردەست دەکەوێت هەر پیاو خراپ و بێویژدان و دز و ساختەچین: هەر لە خزمەکانی زۆرابی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە تا بە بازرگانەکان و ژنەکانیان و هەموو جووتیارەکان و نوێژکەرەکان و ئاغا و سەرکار و مووچەخۆر و تا بە زۆراب خۆشی دەگات. بڕوانە: (وەستای دوکاندار غەل و غەشێکی زۆر ئەکات، ل ١٤).

(دیقەتمکرد وەستا ژن بە دەرەجەیەك حوکمی بەسەر وەستامدا هەیە فەوقی تەسەور ناکری، ل ١٦).

(لەبەر ئەمە کە سەروەتی کەم و مەسرەفی زۆر بوو، فەقیرە مەجبوور بوو سبەینێ کە ئەچوو بۆ دوکان ساختەکاری و بێویژدانی ئەکرد، ل ١٦).

(هیچ وەختێ نوێژ و رۆژووی نەدەفەوتاند و هەمیشە مەشغوڵی وێرد خوێندن بوو، ئەمما ئەو گەزەی کە کوتاڵی پێ ئەفرۆشت لە گەزی خەڵکی کورتتر بوو، هتد ل ١٩).

(هەموو فەلاحەکان بە شەو دەستیانکرد بە دزینەوەی گەنم و جۆ، ل ٢١).

(تەنیا من نەبێت هەموو دراوسێکان بە قەدەر ئارەزوو لەو خەمانەیان دزی، ل ٢١)

(ئەمجا دەست لە من و قوەت لە خوا دەستمکرد بە ئەهالی رووتاندنەوە، ل ٣٧).

بە دەیان نموونەی دیکەی بەرتیلدان و وەرگرتن و ساختەکاری.

٣- باوەڕپێهێنان (قەناعەتپێکردنی خوێنەر):

هەرچەند ئەوەی (جەمیل سائیب) بەناوی خەونەوە دەگێڕێتەوە، وەلێ هەرگیز خوێنەر هەست بەوە ناکات کە شتێکی هەڵبەستراوە. ئەم لایەنەش پێوەندی بەڕادەی هونەریی و رۆشنبیریی نووسەرەوە هەیە، کە توانیویێتی قەناعەت بە خوێنەران پەیدا بکات و بەجۆرێك بکەوێتەوە کە سەرتاپای چیرۆکەکە رووداوێکی راستەقینەیە و هەروەها ئەوەش بسەلمێنێت کە لە ناونیشانەکەی زیاتر هیچی دیکەی تێدا نییە پەیوەندی بە خەوبینینەوە بێت. هەروەك لە لاپەڕە ٥٧دا دەڵێت: (من لە کوێم؟! ئەمە خەوە یان نا؟! بۆیێ هەردوو چاوی خۆمم هەڵگڵۆفت و وتم بەڵکو ئەگەر خەوە خەبەرم بێتەوە، کەچی روانیم هەموو شتێك هەر لە جێگەی خۆیەتی).

بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی (حسێن)ەوە کە دەڵێت:

(نواندنی کارەسات و رووداوەکانی چیرۆکەکە لە چوارچێوەی خەوێکدا، ئەگەرچی جۆری باسەکە سەپاندوویێتی، بەڵام لە رووی هونەرییەوە یاریدەیەکی باشی نووسەری داوە کە بەر بۆ خەیاڵی هونەرمەندانەی بەرەڵلا بکات و هەرچی مەبەستە بە بیانووی گوایە خەوبینینەوە بێسڵەمینەوە دەریببڕێت، جگە لەوەی رێگەی پێداوە. ئەگەر لە هەندێك شوێندا لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە زیاتر بڕوا و شوولی لێهەڵکێشێت لێی نەگیرێت..هتد، ل ٢٤).

(حسێن عارف) لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە بەبێ قەناعەت و رێخۆشکردن (جەمیل سائیب) پاڵەوانەکەی گەیاندۆتە ئەو ژوورەی بەسەر هەموو کارەساتەکاندا دەڕوانێت. بەڵام رایەکی لەم جۆرە کاتێك دەردەبڕێت کە ئەو زرووفە مەوزووعییانە لە چیرۆکەکەدا نەخولقێنرابوونایە. سەیر دەکەین شپرزەیی و بەرەڵلایی و هەڵپە هەڵپی کەسانی نێو چیرۆکەکە خۆی بە ئاسانی ئەم جێگە ستراتیژییەی بۆ رەخساندووە. سەرەڕای ئەمەش چی تێدایە ئەگەر گشت نهێنییەکانیش پێبزانێت، چونکە ئەنجامی هەر کوشتنە وەك ئەوانەی لەسەر جادەکان لە سێدارە دەدران و تاوانەکەشیان هەمان تاوانی ئەم بووە. هەروەها لە سەرجەم مەجرای رووداوەکاندا شتی دروستکراو و بە زۆر

پێوەلکێنراوی وا بەدیناکەین کە ئەقڵ نەیبڕێت. کەچی (حسێن عـارف) هـەروەها (د. ئیحسـان فوئـادیش، ل ٧ی مەسـەلەی ویـژدان) باسـی نامـاقوولێتی کارەسـات و گفتوگۆکانی چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)یان نـەکردووە. سـەیر دەکـەیت (زۆراب) بـە تۆمەتی خیانەتکردن لە خەڵکی لە وەزیفە دەرکـراوە، کەچـی بـە کفلـەکونێك لـەنێو خەڵکیدا و لای میریش دەبێتە سیاسەتمەدارێکی مەشهوور، ل ٤١.

زۆرابە فەنی لەکاتی سکاڵانامە نووسیدا، لە جیاتی ئەوەی داکۆکی لـە هـەژاران بکات و مەغدورییەتیان لەسەر هەڵگرێت بە هەڵە زیاتر مەغدوریان دەکـات. کەچـی ئەم بە بیانووی ئەوەی خەتی رەئیس دایـەرە ناخۆشـە و گوایـە خـەتی زۆراب خۆشـە باسەکە بەو بارەدا دەگۆڕێت، ل ٢٨ و ٢٩.

لێرەدا هەرچی مـەنتیقی هەیـە کـە لایـدەخات و چ حسـێن و چ د. ئیحسـانیش هەوڵیانداوە ئەوە بسەلمێنن کە تاوانی (زۆراب) خەتخۆشییە و هەرچی بەسەردێت لەبەر خەتخۆشییەکەیەتی. کەچی گوایە تاوانی دەست و خەت ناخۆشیان داوەتە پـاڵی، بـەڵام لە سەرجەمی چیرۆکەکەدا تاوانی وامان بەرچاو ناکـەوێت و تـەنیا لەلایـەن سـەرۆکی دایەرەکەوە توانجێکی تـێگیراوە، سـەرەڕای ئـەوەی نـازانین ئـەم (زۆراب)ەی (ئەحمـەد موختار) لە کوێوە وا خەتی خۆشبوو؟! هەروەها جـۆرە گوفتارێـك لەلایـەن (ئەحمـەد موختار)ەوە دراوە بە بەگزادەیەك کە هەرگیزاو هەرگیز لـەژێر دارکاریکردنیشـدا بـەو جۆرە نادوێت:

(من پیاوی خۆم ئەناسم.. دزی لە من ناکەن. ئەمانە هەر ئەو پیاوانەن کە تا ئێستا دە کەسیان بەبێ قەباحەت هەر لەبەر ئارەزووی من بۆیان کوشتووم و سەد کاروانیان بـۆ رووتکردوومەوە و ئەم موڵکانەی کە من هەمـە لـە سـایەی چـوار پێـنج پیـاوی وەکـو ئەمانەوەن. ل ٢٢ مەسەلەی ویژدان) ئەمانە هەرچـەندە لـە راسـتیدا و بـە کـردەوە لـە بەگزادە و خانەدانەکان دەوەشێنەوە و پیشەیانە، وەلێ بە دەمی خۆیان ئاشکرای ناکەن و ئاوا لەبەرچاوی خەڵکی خۆیان ریسوا ناکەن. بەڵکو هـەردەم دیـوی دووەمـی قەوانەکـە لێدەدەن و باسی میهر و پیاوچاکی خۆیـان دەکـەن و ئەگـەر نووسـەر سـاویلکە نـەبێت

دایەلۆگی وا بەکار ناهێنێت و ئەم راستییانە بەشێوەی گێڕانەوە (سەرد) یان بە کردەوە دەخرێنە روو. ئەوە دایەلۆگی بەگزادەیەك بوو. بابزانین (ئەحمەد موختار) چ جۆرە دایەلۆگێ (ئاخاوتنێ)کیشی داوە بەو دوو مندالّەی لە کۆلآنێکدا یاریدەکەن:

لە لاپەڕەکانی ٥٣ و ٥٤ و ٥٥دا سەیردەکەین ئەو دوو مندالّە باسی خودا دەکەن یەکێکیان بە مەبەستەوە دەلّێت زۆرابە فەنی خودایە، چونکە هەموو ئەمرێکی رەتکردنەوەی نییە. ئەمجا باسی یاسا دەکەن و دەلّێن لەبەر ئەوەی یاسا بە زمانی خۆمان نەنووسراوە ئەوا ناتوانین داوای مافی رەوای خۆمان بکەین. بەمجۆرە دەگەنە ئەوەی بلّێن ئەمسالی زۆرابە فەنی لە ولآتانی پێشکەوتوودا بە حەمالّیشی راناگرن. بەمەشەوە راناوەستن و دێنە سەر باسی پاشەڕۆژی میللەت و باسی ئەو رۆژە چاوەڕوانکراوە دەکەن هەقیقەتی تێدا دەچەسپێت و میللەت بێدار دەبێتەوە و لە رێگەی فیکر و باوەڕەوە رێگەی رزگاری دەدۆزنەوە. جا ئەگەر مندالّی کۆلآنانی میللەتەکەمان هەر لە سالآنی بیستەکانەوە بەمجۆرە لایەنی رامیاری و باری کۆمەلآیەتی و فیکری و فەلسەفییان شیبکردایەتەوە و رێگەی رزگاریشیان بدۆزییایەتەوە باکمان چیبوو؟! ئەوەتا لێرەدا بە تەواوی عونسوری قەناعەتپێکردن نامێنیت و زیاتر بەلای زۆرکاری و دەستکرددا دەکەوێتەوە. ئەوە باسی وەرچەرخانە کتوپڕییەکەی زۆراب هەر ناکەم کە چۆن بەبێ رووداني کارەساتێکی گرینگ لەوپەڕی هەست و سۆز ناسکی و پیاوچاکی و پاکییەوە یەکسەر بۆ نێو جەرگەی زەلکاوی ناپاکی و ساختەگەری دەخزێ. نموونەی دی بۆ لاوازی مەنتیق و بێمانایی رووداوەکان هێجگار زۆرە و دەبوایێ لەلایەن (د. ئیحسان) و (حسێن عارف)ەوە پشتگوێ نەخرانایە.

٤- کات (زەمەن):

ئەوەی جێی رەزامەندی گشت لایەکە و لە چیرۆکی (لە خەومادا) حیسابێکی هونەریی بەرزی بۆ دەکرێت مەسەلەی (کات)ە. سەیر دەکەین ماوەی رووداني سەرجەم کارەساتەکان لە دوو سێ رۆژدا کۆدەبنەوە و دەتوانرێت بە ماوەیەکی

(زەمەنێکی) نموونەیی لە قەڵەم بدرێت. بە نیسبەت کورتە رۆمانێك یان چیرۆکێکی (درێژ)ی لەم بابەتە بە پێچەوانەی (مەسەلەی وێـژدان)ەوە نزیکـەی سـی چـل سـاڵ دەخایەنێت و لە رۆژی لـەدایکبوونی پاڵەوانەکـەوە دەسـتپێدەکات.. (ویـلادەتم لـە قەزای-هـ- بوو.. ل ١٣).

تا دەگاتە پایەییەکی بەرز لە وەزیفەدا. لەم حاڵەتەدا زیاتر بە باری (ژیاننامـە)دا دەکەوێتەوە تا چیرۆك. لە کاتێکـدا هـەردوو چـیرۆکەکە وەك لاپـەڕە بـە قەدەریـەکن (نزیکەی ٤٦ لاپەڕەن).

٥- ناونانی کەسێتییەکان (پاڵەوانان):

چیرۆکی (لە خەوما) ناوی هیچ پاڵەوانێکی تێـدا نییـە، بـەڵام لـە (مەسـەلەی وێژدان)دا ناوی تاقە پاڵەوانێك بـراوە ئـەویش (زۆراب)ە. ئـەم ناونانـە لـە لایـەنی هونەرییەوە بەکارێکی بایەخدار دادەنرێت. لەگەڵ ئەمەشدا هەروەك چـۆن حیسـابی هونەریی بۆ ناونانی پاڵەوان دەکەین، هەروەها ناونەنانیش هەندێك لایەنی تایبـەتی هونەریی دەگرێتە خۆی و جۆرە شموولییەتێك بە بەرهەم و ناوەرۆکەکەی دەبەخشێت. هەرچەندە بێگومانیشم (جەمیل سائیب) لەناو نەهێناندا ئەمەی مەبەست نەبووە و تـەنیا ویسـتوویەتی لـەژێر پـەردەوە کەسـانی چـیرۆکەکەی بخاتـەڕوو. هـەروەها بێگومانیشم ناوهێنانی (زۆراب)یش لای (ئەحمەد موختار) لە حیسابە هونەرییەکـە تەوەللایە و بە مەبەستەوە دانەنراوە. ئەمجا لەگـەڵ ئەوەشـدا جـەمیل نـاوی کەسـی نەهێناوە. وەلیّ بە رەنگ و رووخسار و کردەوە و گوفتـاری کەسـانی چـیرۆکەکەیدا زۆربەیان دەناسینەوە و ناوەکانیان دەزانین و لەمەشیاندا دەتوانین چـیرۆکەکە بخەینـە تەك شیعرێکی شاعیری نیشتمانپەروەری کورد (ئەحمەد حەمدی بەگی سـاحێبقڕان) لای ئـەمیش نـاوی کـەس نـەبراوە، بـەڵام بـە سـیفەت و رەوشـتەکانیاندا بـاش دەناسرێنەوە ئەمەش نموونەیەکە لە شیعرەکە:

لازمە بۆ مەجلیسی لەقلەق بنێرن تاقمیّ

دەم دڕاو و تێر نەخۆر و هیچ نەدیو و زەهردار

بۆ ئەمە جارێ سەقاقوش بانگ بکەن ئینجا بڵێن
ئۆتۆمبێل حازرە.. مێرووله بێتو تووڵەمار..

(ل ٩٣ دیوانی حەمدی)

٦- کۆتایی:

(حسێن عارف) دەربارەی (لە خەوما) و کۆتایی پێهێنانی دەڵێت: (دەیتوانی بە تەنها رستەیەك یان بە یەك دوو دێڕ کۆتایی پێبهێنایە وەك ئەوەی بینووسیایە بەدەم هاوار و داد و بێدادکردنەوە لە خەوە سامناکەکەم راچەنیم و حەمد و سەنای خوام کرد کە ئەوەی ئەمدی خەوبوو یان دەیتوانی بدا بە دەمییەوە..هتد، ل ٢٢و ٢٣) بەر لە حسێن، (جەمال بابان)یش رایەکی وای لەمەڕ کۆتایی چیرۆکەکە دەربڕیوە و دەڵێت: (بەداخەوە چیرۆکەکە تەواو نەبووە، واتە ئەبوایە لە خەوەکەی خەبەری ببوایەوە.. ل٧٤ی لە خەوما).

هەرچەندە وەك هونەری چیرۆکی ئەو سەردەمە ئەمجۆرە قفڵانە بەکارێکی پەسەند دادەنرا، بەڵام وەك لەمەوبەر روونمانکردەوە: چیرۆکنووس مەبەستی ئەوە نەبووە بە خەڵکی بڵێت: با بە ئەم هەموو بگرە و بەردەیە خەون بووە و حەمد و سەنای خواش بۆ ئەوە بکات کە رزگاری بووە، بەڵکو ویستوویێتی بیسەلمێنێت هەقیقەتێکی روودراو بووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا وەك (جەمال بابان) دەڵێت: (مەبەستی تەواوەتی داوە بەدەستەوە.. ل ٧٤ی لە خەوما).

بۆ چیرۆکەکەی (ئەحمەد موختار)یش.. حسێن دوو پێشبینی بۆ کۆتاییەکەی دەکات گەر تەوای بکردایە:

١- (زۆرابە فەنی دوای ئەو هەموو راو و رووت و دزی و پیاو خراپییەش کردوویێتی بابداتەوە و بگەڕێتەوە سەر رێگەی کردار و بیروباوەڕە نموونەییەکەی رۆژانی لاوی خۆی.. ل ٣٤).

٢- (یا بە پێچەوانەوە هەر لەسەر ئەو ناپاکییەی بەردەوامبێ.. ل ٣٤).

ئەگەر حسێن بە وردی لە هەردوو ناونیشانی چیرۆکەکەی (ئەحمەد موختار)ی بکۆڵیایەتەوە تێدەگەیشت مومکین نییە چیرۆکنووس زۆرابی بەباری پیاوچاکیدا

بخستایەتەوە، چونکە ناونیشانی (مەسـەلەی ویـژدان) ناونیشـانێکی کراوەیـە و هـیچ پێداگرتنێکی تێدا نییە دەربارەی سەرکەوتنی ویژدان بەسەر بێویژدانیدا، بەڵکو زیـاتر وادەکەوێتەوە هەردەم وێژدان پێشێل بووە. ئینجا ناونیشـانەکەی دی (چـۆن بـووم بـە خانەدان) ڕێگەی گشت تەوەقوع و پەلهاوێشتنێکی خەیاڵی کوڵەرەوان بەربەست دەکات و تەنیا ئەوەندە دەهێڵێتەوە (زۆراب) دەبێـت بـە (خانـەدان) و لـەم حاڵەتەشـدا گـەر بەدەمیشییەوە بدایە بریتی دەبـوو لـە شـوول لێهەڵکێشـانی زۆراب لـە بێویـژدانی و بێمروەتیدا تا ڕەقەمی قیاسی لە (خانەدانیدا) پیاوخراپی و بەدکاریدا لێدەدا.

دەربارەی ئەم دوو چیرۆکە دەتوانین بڵێین: لەبـەر ئـەوەی (لـە خـەوما) گەیشـتۆتە لوتکەی کارەساتەکان و هیچ داد و بێدادێك بە فریای پاڵەوانە سەرەکییەکەی ناکەوێت دەتوانرا لەو لوتکەیەوە بە چەند رستـەیەك گرێبـدرێت و ئـەنجامی پاڵەوانەکـەش وەك ئەوانە بێت لەسەر جاسووسی گیراون و پەتی سێدارەی لەبەرچاودا بێـت و بچـێت یـان (هەرچەندە چیرۆکەکەش بە زمانی قسەکەرەوە نووسراوە) لەژێر دارکاریدا بکوژرێت یان ئەوەتا لەبەر ئەوەی فەرمانڕەوایی شێخ ماوەیەکی زۆر کورتی خایانـد و دوو جـار لـە بـاڵی درا دەتـوانرا بـەهۆی هێرشـێکی بێگانـەوە چـیرۆکەکە کۆتـایی پێبهێنرایـە و پاڵەوانەکە رزگاری ببوایێ (چیرۆکنووس ئەمـەیانی ئـاوات بـوو) نـەك وەك حسـێن و جەمال بابان: لە خەوەکەی خەبەری ببوایەوە. دەربارەی (چـۆن بـووم بـە خانـەدان)یش لەبەر ئەوەی لە هەڵچوون و داچوون و تاسەکردنێکی ئەوتۆدایە بە هیچ جۆرێك لەم ٤٦ لاپەڕەیەدا ناگاتە لوتکە. کەواتە ناتوانرێت کۆتاییەکی بروسکە ئاسایی و چەسپاوی بۆ دابنرێت و دەبێت هەر لەسەر ئەو سەمتەی خۆی کە بـە (حیکایـەتی مـێش) دەچـێت بەردەوام بێت. ئاوەهاش بەدەمەوەدانێکی زۆری دیکـەی دەویسـت تـا بگاتـە ئـەوەی ئەنجامێکی پڕاوپڕ و بەپێی پێویستی بۆ بدۆزێتەوە.

مایسی ١٩٧٨

پەراوێزەکان

١- بەڕای من (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی نەمرمان با بە شیعریش هۆنرابێتەوە هەر بە یەکەمین شاکاری ڕۆمانی کوردیمانی دەزانم.

٢- جێی داخە ئەو کاتەی ئەم باسەم نووسی نەمزانی (کەریم سەعید) مامۆستای پایەبەرزمان (کەریم سەعید زانستییە) و دوای بڵاوبوونەوەی باسەکەم لە ژمارە ٦٩ی ئابی ١٩٧٨ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا درکم پێکرد و داوای بەخشین لە جۆری ناوهێنانەکەی دەکەم.

==

(*) ئەم نووسینە لە کتێبی: ئەندێشە جوانەکانی ڕۆح لە چیرۆکی هونەری کوردیدا، لە نووسینی: ڕەوف حەسەن (هەولێر: بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٥) دا بڵاوکراوەتەوە.

سەرەتای لەدایك بوونی چیرۆكی هونەریی كوردی

مستەفا سالْح كەریم

(گەڕانەوەیەك بۆ حیكایەتی كوردی)

لە تەك برادەرێكدا دەربارەی چیرۆك و حیكایەت مشتومڕیان بوو، ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی كە چیرۆكیش هەر حیكایەتە، دەشێ سەرزاری ئەمە وابێ، بەلاّم لە رووی هونەرییەوە جیاوازییەكی ئاشكرایان هەیە، حیكایەت لە خۆیدا ساكار و بێ گرێ و رەوانە، چەندین پیاوی نەخوێندەوار بە توانایدا بووە لەبەری بكات و بۆ خەلْكی بگێڕێتەوە، بەلاّم چیرۆك، وەك بابەتە هونەرییە شارستانییەكە لای گەلی كورد شتێكی نوێیە، لە هەمان كاتیشدا ئەبێ ئەوە بلْێین: ئەگەر كارتێكردنە ئەوروپاییەكەی لێ دوور بكەینەوە، لە شێوە ساكارەكەیدا دەیگێڕینەوە بۆ بنەما كوردییە رەسەنەكەی. ئەوەندەی ئێمە پێی بزانین حیكایەت لە كۆمەلْگای كوردەواریدا هەر لە زۆر كۆنەوە پشتاوپشت باو بووە و گوێگری تایبەتی خۆی هەبووە، چەندین كەس بە حیكایەت خوان ناویان دەركردووە و كۆڕی شەوانی زستانیان پێ گەرم و گوڕ كردووە، بەو شێوەیەی خۆیان بیستوویانە ئەو حیكایەتە نەنووسراوانەیان (لەبەر) بۆ خەلْكی گێڕاوەتەوە.

ئەمە جگە لەوەی زۆربەی خەلْكی ئەوەیان دێتە بیر لە تەمەنی منالْیاندا حیكایەتی (بزن و مەڕ) و (تیتیلە و بیبیلە) و (شەو لەبان) و تاد... دوایان لە دایك و نەنك و ئافرەتە بەساڵاچووەكان بیستووە و چێژیان لێوەرگرتووە.

لەبیرمە لە گەڕەکەکەمانا پیاوێك هەبوو ناوی حاجی نەجمەددین بوو خوالێیخۆشبێ گەنجینەیەك بوو بۆ حیكایەتی خۆماڵی، چەندان جارم دێتەوە یاد كە شەوانی هەینی دەر و دراوسێ لە ماڵی ئێمە كۆ دەبوونەوە، بەدەم چاخواردنەوە و شەوچەرەی زستان- مێوژە سوورکە و کاکڵە گوێز و باسووق و هەنجیرە وشکەوە، مام حاجی بە شێوازێکی رەوان و زمانێکی پاراوەوە دەستی بە گێڕانەوەی حیکایەتە تەڕ و بڕ و بەتامەکەی دەکرد، کەسێ ورتەی لێوە نەدەهات، بە مناڵ و گەورەوە گوێمان لێدەگرت.

هەرچەندە ئەم حیکایەتانە لە شێوەی ئەفسانەدا بوون، بەڵام ئەمانە لەناو هەموو میللەتانی جیهاندا هەن، لەو وەسفانەی لە بیرم ماون کە حاجی لە زۆربەی حیکایەتەکانیدا دووبارەی دەکردنەوە: ((کچ چی؟ نەبکەی، نە بخۆی تەماشای سای گەردنی کەی!))، ((مێوژە رەشەکەی بخواردایە لە گەردەنییەوە دیاربوو))، ((هێندە ناسك بوو پەلەپیتکەت لە روومەتی بدایە یەکسەر خوێنی لێ دەهات))، ((کوڕە لاو ئەمەندە شۆخ بوو خوشکی خۆی حەیرانی دەبوو)) کە باسی دەعبا و شتە ترسناکەکانیشی دەکرد دەیگوت:

((دەڵە دێوێك لە بەردەمی ئەشکەوتەکەدا بوو مەمکێکی داخستبوو یەکێکی بە خۆیا دابوو)) دیارە ئەمەش بۆ ئەوەیە لایەنی شەڕ بە خراپ و دزێو بێتە پێش چاو. بەشی زۆری ئەم حیکایەتە سەرزارییانە ناوەڕۆکەکانیان بریتی بوون لە تێکۆشان بۆ ئاواتێك، زاڵ بوون بەسەر کۆسپ و تەگەرەدا، ئازاری ئەڤین و دوو دڵ لێك کردن، کێشە لە نێوان خێر و شەڕدا، دەوری دەست و پێوەند و چڵکاوخۆر لە خراپەکاریدا، بازهەڵدان بۆ هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا...تاد.

لەمانەدا دەردەکەوێ کە میللەتی کورد حەزی لە فیداکاری کردووە لە پێناوی ئامانجەکانیدا، لە بازهەڵدانا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هەڵبژاردن خواست و ئارەزوویان بووە، واتە بەشی زۆری ئەم جۆرە حیکایەتانە کێشە بووە لە نێوان زۆردار و زۆرلێکراودا ((قارەمانەکانیشیان مرۆڤن و بەزۆریش لە هەژارانن، لە ئەنجاما سەری ئەژدەهاك و دێو و درنج پان دەکەنەوە))[1].

ئەم حیکایەتانە وەك وتمان لەناو کوردەواریدا رەنگێکی زۆر کۆن و پتەویان هەیە، جا کە توێژەرەوەکانمان دێنە سەر باسی سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردی و دەڵێن: ئەم هونەرە شارستانییە لای کورد نوێیە و سەرەتاکەی بۆ ناوەڕاستی ساڵانی بیستەکان دەگەڕێتەوە، هەندێ وای بۆدەچن کە ئەمە جۆرە دابڕانێکە لە سامانی نەتەوەییمان و پشتگوێخستنی ئەو کەلەپوورەیە کە کانییەکی روونە بۆ هەڵێنجاندنی چەندین کەرەسەی بەپێز، بەڵام راستییەکەی وانییە، چونکە ئاشکرایە کە بنەمای چیرۆکی کوردی ئەو حیکایەتە میللییانە بووە کە دەماودەم بۆمان ماوەتەوە، سەرەڕای داستانی قارەمانێتی نەتەوەکەمان و حیکایەتە ئەفسانەییەکانمان کە گەنجینەیەکی بەنرخن بۆ ئەوانەی بیانەوێ سوودیان لێوەربگرن و هاوچەرخانە مامەڵەیان لە تەکدا بکەن. هەر لەم بارەیەوە چیرۆکنووسە عەرەبەکان و لێکۆڵەرەوەکانیان لە باسی سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەریی عەرەبیدا پەنجە بۆ ئەو حیکایەتە میللییانە رادەکێشن کە بەردی بناغەی چیرۆکی عەرەبین-پێش کارتێکردنە ئەوروپاییەکە، (مەحموود تەیموور) باسی چەند سەرچاوەیەك دەکات کە بوونەتە هەوێنی چیرۆکی عەرەبی لەوانە: (الاغانی)، (مجنون لیلی)، (عنترة)، (حی بن یقظان)، (مقامات)، (رسالة الغفران)[٢] تاد... بەڵام کە دێنە سەر چیرۆکی هونەریی عەەبی سەرەتاکەی لەو چیرۆکنووسانەوە دەستنیشان دەکەن کە توانیویانە بەرگێکی نوێ بە بەر چیرۆکا بکەن، ئەمجا بۆ ئەوەی رێبازەکە لای ئێمە روونتر بێ، وای بەباش دەزانم-بۆ رێخۆشکردن- پێش ئەوەی بێمە سەر مەبەستی باسەکە، با ئاوڕێ لە سەرەتای چیرۆکی هونەریی عەرەبی لە عێراقدا بدەینەوە، ئەوساتە سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەریی کوردی و جیاکردنەوەی لە حیکایەت بە شتێکی ناڕەوا دانانرێ.

((پێداچوونەوەیەك بە سەرەتای چیرۆکی هونەریی عەرەبی لە عێراقدا))

ئەگەر بە وردی لە بنچینە و سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەریی عەرەبی لە عێراقدا بکۆڵینەوە، بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێ کە پێش بەرپابوونی جەنگی

یەکەمی جیهانی کاژی حیکایەتی فڕێداوە و پێی ناوەتە قۆناغێکی واوە کە پێی بگوترێ ((چیرۆك)). لە ساڵی ١٩١٠ (رزوق عیسی) و (یوسف رزق الله غنیمە) سەر و چیرۆکی کاڵ و کرچیان لە گۆڤاری (خردلە العلوم)دا بڵاوکردۆتەوە[٣] هەرچەندە ئەمانە بەناوی چیرۆکەوە بڵاوکراونەتەوە، بەڵام لەلایەن توێژەرەکانەوە ئەو بایەخەیان پێنەدراوە، چونکە رێنمایی چیرۆکی هونەریی سەرکەوتوویان تێدا بەدی نەکراوە، بەڵکو وەك سەرەتایەك پەنجەیان بۆ راکێشراوە.

چەند مانگێك بەر لە بڵاوکردنەوەی ئەم دوو چیرۆکە گۆڤاری (تنویر الافکار) لە ١٩١٠/٩/١٩دا چیرۆکێکی لە شێوەی خەوبینیندا بەناونیشانی (خەوێکی عەرەبی) بڵاوکردۆتەوە.[٤] ئەم چیرۆکە ناوی نووسەرەکەی پێوە نییە و ناتەواویشە[٥]، بەڵام بووە سەرتایەك بۆ زنجیرەیە چیرۆکی (خەو) کە بەرەو دوا بڵاوکرانەوە، لەوانە (خەوێکی ئەدەبی)-مەحەمەد فائق گەیلانی[٦]، (گەشتێك لە خەوا)[٧]، (ماڵ خۆی فەرمانڕەوایە)[٨]، (خەوێکی راستەقینە) عطاء ئەمین- (گەشتی بیر) م. ش، (وەستانێك بە دیار دیالەوە)-عراقی ئەمین[٩]، پەیدابوونی ئەم جۆرە چیرۆکانە لە شێوەی خەوبینینا هەروا ئاسایی نەبوو، کاری ئەدیبە دراوسێکانیان لەسەر بووە، ئەگەر هاتوو زانیمان کە دەسەڵاتی عوسمانی کارێکی وایکردبوو کە پەیوەندی و تێکەڵاوی نێوان رۆشنبیرە عێراقییەکان بە رۆشنبیرەکانی تورکیاوە پتەو بێ، ئەوسا ئەوەش روون دەبێتەوە کە پردێ لە نێوانا هەبووە بۆ ئاڵوگۆڕی کەلچەر و رۆشنبیری، لە ساڵی ١٩٠٩دا شاعیری عێراقی بە بنەچە کورد (معروف الرصافی) رۆمانێکی ئەدەبی نووسەری تورکی بەناوبانگ (نامیق کەمال)ی لە تورکییەوە گۆڕییە سەر زمانی عەرەبی و لە بەغدا چاپی کرد و بڵاوبووەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کارە ئەدەبییەش ((خەو)) بینین بوو، زۆر بەجێیە کە بڵێین ((کاری کردە سەر نووسەرە عێراقییەکان بۆ نووسینی ئەم جۆرە چیرۆکانە))[١٠].

ئەو نووسەرانەی لەو سەردەمەدا بەدەست گەلێك دەردی کۆمەڵایەتی ئازاردانی نەتەوەییەوە دەتلانەوە، پەنایان دەبردە بەر (خەو)، ئەوەی لە بیر و هۆشیانا بوو

لەگەڵ خەیاڵی ساکاری خۆیانا لە شێوەی چیرۆکا وەك خەوێك بۆ خەڵکیان دەگێڕایەوە، کەواتە جێی خۆیەتی لێرەدا ئێمەش بە سەلماندنەوە ئەو رایە دووبارە دەکەینەوە کە دەڵێ ((وەك راستییەك ساغ بۆتەوە کە چۆن چیرۆك لە ئەدەبی عەرەبی عێراقدا لە شێوەی (خەو)دا دەرکەوتووە و رەگی داکوتاوە و چەندەها تاقیکردنەوەی لەسەر بنیاتنراوە تا گەیشتۆتە ئەم ئاستە پێگەیشتووەی ئەمڕۆ، هەر بەو جۆرەش لە ئەدەبی کوردیدا سەری دەرهێناوە و رێچکەی نووسینی چیرۆکی پێ شکێنراوە))[11].

سەرەڕای ئەم زنجیرە چیرۆکانە چ ئەو ساکارانەی ناومان بردن و چ ئەوانەی لە شێوە خەودا لە ساڵی (١٩١٠)وە رێچکەیان بەست و بوونە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری عەرەبیلە عێراقا، دەبینین توێژەرەوەکان سەرەتای هونەری چیرۆکی عەرەبی لە عێراقدا دەخەنە پاڵ چیرۆکنووس (محمود ئەحمەد السید) و دەڵێن: چیرۆك لە عێراقدا لەسەر دەستی ئەودا رێبازێکی نوێی گرتەبەر و ئارایشێکی هونەریی بە خۆیەوە بینی، هەرچەندە ئەوەش دەزانن کە مەحمود ئەحمەد لە ساڵی ١٩٢١دا دەستی دایە چیرۆکنووسین، واتە (١١) ساڵ دوای چیرۆکی خەوە عەرەبییەکەی گۆڤاری (تنویر الافکار). لەم رووەوە دوکتۆر عەبدالاله احمد لە نامەی ماجستێرەکەیدا دەڵێ: ((محمود احمد یەکەمین کەسە چیرۆکی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ریالیزمانە نووسیوە)) هەروەها دەڵێ: ((ئەو سەرەتا زووەی محمود ئەحمەد لە تەك ئەو سەردەمەی نووسەرە پێشەواکانی میسر وەك مەحمود تەیموور و هاوڕێکانی تێیدا دەستیان بە چیرۆکنووسین کرد یەك دەگرنەوە)). ئەمجا د. عەبدالاله بە قەناعەتێکی تەواوەوە دەڵێ: ((لێرەوە دەتوانین محمود احمد السید بە یەکێك لەوانە دابنێین کە نەك هەر هاوبەشە لە بنیادنانی چیرۆکی عێراقیدا، بەڵکو لە چیرۆکی عەرەبیشدا))[12].

ئەم سەرنجەی د. عەبدوالاله گەلێ لێکۆڵینەوەی تردا رەنگ ئەداتەوە و پێشەوایی ئەم هونەرە بە محمود احمد السید دەدەن.

((سید لە چیرۆکەکانیدا پێشەوایەك بوو هەڵیکوتایە سەر ڕێگایەك کە لەوەوبەر ڕێچکەی نەشکێنرابوو، کەسیش لە مەیانا نەبوو یاریدەی بدات و پشتگیریی بکات، جگە لە جۆش و ئارەزوومەندیی خۆی کە دەیەویست ئەم هونەرەی شەیدای بووە لە ئەدەبی عێراقیدا جێی خۆی بکاتەوە))[١٣].

دوابەدوای ئەم نووسەرە پێشەوایە، چەندین نووسەری تر لەم بوارەدا ئەسپی خۆیان تاودا و هەریەکەیان لە مەیانی چیرۆکی عێراقیدا هەوڵیاندا گۆی هونەری بەرنەوە، هەندێ لەوانە چالاکانە قۆڵیان لێ هەڵماڵی و دڵسۆزانە ویستیان هەریەکە خشتێکی تر بخاتە سەر لادیواری ئەم هونەرە نوێیە، لەوانە ئەنوەر شائول و عەبدولوەهاب ئەمین و شالوم دەروێش و ذوالنون ئەیوب و عەبدولحەق فازیل و یوسف مەتی و جەعفەر خەلیلی و عەبدولمەجید لوتفی و تاد...، ئەم نووسەرانە زۆربەیان شەیدای چیرۆك بوون، بۆ گەشەکردنی بە پەرۆش بوون، ٥٤ ساڵ پێش ئێستا بۆ پێشخستنی چیرۆك و برەوپێدانی، بیریان لە مزە و پاداشتکردۆتەوە نەك بۆ خۆیان، بەڵکو بۆ هاندانی نووسەرانی تر، ئەوەتا ئەنوەر شائول لە ژمارەی (١٥)ی گۆڤاری (الحاصد) کە خۆی خاوەنی بوو، لە تشرینی یەکەمی ١٩٣١دا نووسیویەتی و دەڵێ: ((بۆ ئەوەی چیرۆکی عێراقی هان بدەین، ئامادەین بەرامبەر هەر چیرۆکێك بڵاوی دەکەینەوە لە سێ تا دە روپیە بە خاوەنەکەی بدەین)). ئەمجا هەر لەو نووسینەدا دەڵێ: ((ئاسۆیەکی فراوان لەبەردەم چیرۆکی عێراقیدا، ئەوی بیەوێ ئەم هونەرە پێش بکەوێ دەتوانێ لێی هەڵبهێنجێ، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە روناکبیرەکانی وڵات دەکەین بە دەنگمانەوە بێن))[١٤].

محمود احمد السید ئەگەرچی وەك ئاشکرایە، یەکەم کەس نەبووە کە لە عێراقدا چیرۆکی نووسیبێ، بەڵام بە سەردەستەی نووسەرانی ئەم هونەرە دەزانرێ چونکە هیچ نووسەرێك پێش ئەم ئەو تین و گوڕی بە چیرۆك نەداوە و بەو بیرە نوێیەوە کە ئەو پێی دەنووسی، نەیاننووسیوە، هەر بۆیەشە وەك ئەم بۆچوونەی د. عبدالالە احمد کە پێشەوایی چیرۆکی هونەریی لە عێراقا بە محمود ئەحمەد دەدا، هەروەهاش د. علی

جواد الطاهر دەڵێ: ((لە تەك محمود احمد السيدا چیرۆکنووسی وەها نەبوون بەو مانایەی پێیان بگوترێ (چیرۆکنووس)، واتە لەم حاڵەدا خۆی بە تەنیا -نەوەیەك-بوو)) ئەمجا دەڵێ: ((مەحموود احمد هاوپشتی چیرۆکنووسە میسرییەکانی وەك مەحمود تەیموور و مەحمود طاهر لاشینە))[١٥].

بەم شێوەیە وەك بۆمان دەرکەوت ئەم چیرۆکنووسە-واتە محمود احمد السید- بەتاکە سوارە هاتە مەیینەوە و رێبازی ریالیزمی گرتە بەر و تەقەلایەکی دڵسۆزانەی بۆ پێش خستنی چیرۆك لە عێراقدا ((ئەم رێبازەشی پێوەندی بە خودی خۆیەوە هەبوو))[١٦].

کە ئاسۆی بیری روون و کراوەبوو، دەیەویست لە رێگای چیرۆکەوە ئەوی دەیەوێ بیخاتەڕوو، تا بەرە بەرە ئەو چیرۆکە کۆمەلایەتییانەی سەر بە ریالیزمی نوێن لەسەر دەستی نووسەرانی ترا بەرەو ریالیزمی سیاسی-ئەگەرچی ساکاریش بوون-ببەن.

* * *

ئەم پێداچوونە کورتە و ئەم گەشتەی بە جیهانی سەرەتای پەیدابوونی چیرۆکی عێراقیدا کردمان، گەلێ شتمان بۆ روون دەکاتەوە سەبارەت بە سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردی لە عێراقدا، پاش سەرنجدانێکی ورد خوێنەر بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێ کە چیرۆکی کوردی هەروا لە چۆڵەوانیدا بەبێ مامانی لەدایك بووە، بەڵکو کاری دەر و دراوسێی پێوە بووە، بەتایبەتی کە وردبینانە سەیری بارودۆخی ئەو سەردەمە بکەین، بە بەراورد دەگەینە ئەو ئەندامەی، چۆنیەتی ژیانی گەلی عێراق-بە کورد و عەرەبییەوە- بخەینە بەرچاو، بە تایبەتی لە سایەی حوکمی عوسمانلیدا و سەفەربەر و رەش بگیر و تاعوون و رشانەوە و گرانی و لە دواییشدا لەژێر فەرمانڕەوایی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و جەور و ستەمکاریدا، کە بێگومان رووناکبیرانی عەرەب پێی قایل نەبوون و لە ئەنجاما تەقینەوەی شۆڕشی ١٩٢٠ لوتکەی ئەو بێزارییە دەردەخات، هەروەك لای ئێمەی کوردیش شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر تەعبیری راستەقینەی لە ئاوات و ئامانج و خواستی گەلی کورد کردووە.

((سەرەتای چیرۆكی هونەریی كوردی))

دوای ئەوەی كاك (جەمال خەزنەدار) ئەو سێ ژمارەیەی گۆڤاری (رۆژی كورد)ی كۆكردەوەو لە چاپیدان[١٧] دەركەوت كە نووسەری كورد (فوئاد تەمۆ)[١٨] لە ژمارەیەكی ئەو گۆڤارەدا چیرۆكێكی بێ ناونیشانی ناتەواوی بڵاوكردتەوە، لە دواییدا كاك حاجی جەعفەریش لە گۆڤاری (بەیان)دا ئەو دەقەی راگوێزایە سەر شێوە زمانی كرمانجی خواروو[١٩]. ئەمە كارێكی وەهای كرد چەند برایەكی نووسەر ئەم چیرۆكە بكەن بە بەڵگە و بە توندی ئەو رایانە رەتبكەنەوە كە سەرەتای چیرۆكی كوردییان لەوەوبەر دەستنیشان كردووە و لەسەر ئەوە سووربن كە ئەم چیرۆكەی (فوئاد تەمۆ) بە سەرەتای چیرۆكی كوردی دابنێن.

راستییەكەی ئەو نووسەرە هێژایانەی ئەم رایەیان هەیە چەند خاڵێكی گرنگیان لەم مەسەلەیەدا پشتگوێ خستووە و هەندێ حەقیقەتی ئاشكرایان فەرامۆش كردووە، دەنا بەو جۆرە و بەو خێراییە بنچینەی چیرۆكی كوردییان هەڵنەدەتەكاند، هەروا بۆ نموونە:

١- لە كاتێكدا، ئەگەر ئەوە بسەلمێنرێ كە ئەو نووسینەی (فوئاد تەمۆ) چیرۆكە، ئەوا بە سەرەتای چیرۆكی كوردی لە كوردستانی توركیا دادەنرێ[٢٠] نەك لە عێراقدا.

٢- وەك راستییەك دەبێ ئەوەش بڵێین: هەموو ئەو نووسەرانەی دەربارەی مێژووی چیرۆكی كوردی باسیان نووسیوە، مەبەستیان لە سەرەتا و سەرهەڵدانی چیرۆكی كوردییە لە كوردستانی عێراقدا تەنانەت لێرەدا (حسێن عارف) دەڵێ: ((تەنیا بەرهەمی چیرۆكنووسەكانی كوردستانی عێراق دەگرێتەوە كە لەبەردەستمدان و بە ئاسانی هەم دەستگیرم دەبێ و هەم باشتر سەری لێدەردەكەم))[٢١].

٣- هەروەك لەو بەشەدا روونمانكردەوە كە پەیوەندی بە سەرەتای چیرۆكی هونەریی عەرەبی لە عێراقدا هەیە، لێكۆڵەرەوە عەرەبەكان كە باسی سەرەتای چیرۆكی عێراقی دەكەن، مەبەستیان لە چیرۆكی عەرەبییە لە عێراقدا و بە هیچ جۆرێ ناچنە سەر سەرەتای چیرۆكی عەرەبی بە گشتی، چونكە ئەگەر وابوایە لە رووی كاری زانستییانەوە دەبوایە لە مەحموود طاهر لاشین و مەحموود تەیموورەوە دەست پێ بكەن

که پێشەوای چیرۆکنووسینن لە میسردا، بەڵام لــە هــەموو نووســین و بــاس و کتێبــە چاپکراوەکانیاندا بایەخیان بە سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەریی عەرەبی لە عێراقــدا داوە و هەر ئەوەش بووە مەبەستی سەرەکییان.

بەو پێیە نووسەرانی ئێمەش هەر ئەوەندەیان لە توانادا بووە کە سەرەتای چــیرۆکی هونەریی کوردی لە عێراقدا بدۆزنــەوە و دەستنیشــانی بکــەن، چــونکە لەوانەیــە لــە قوژبنێکی تری ئەم جیهانە پان و بەرینەدا کوردێکی کڵۆڵ رازی دڵی خۆی لە دوو تویی چیرۆکێکدا نووسیبێت و هەروا بە رەونووسی لەلای خۆی مابێتەوە و کەسیش نەیبینیٚ، هەر بۆ نموونەش ئەوەبوو (ئەحمەد موختار جاف)ی شاعیر کــە جــەماوەری کــورد وەك شاعیرێکی هەڵکــەوتووی یــاخیبوو ناســیبوویان و زۆربــەی شــیعرەکانی بەســەر زاری خوێنەوارانەوە بوون، لە ساڵی ١٩٧٠دا بەهۆی تەقەلای (د. ئیحسان فوئاد)ەوە لە تەك شیعرەکانیدا چیرۆکیشی کەوتە دەست خوێنەری کورد.

لە ساڵی ١٩٣٨دا چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ی نووسیوە، بەڵام ٣٢ ســاڵی ئــەمجا خوێنەری کورد پێی ئاشنابوون[٢٢].

ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەگەر لێکۆڵەرەوەکان وردتر بەدوای چــیرۆکدا بگــەڕێن و کەل و قوژبنی کتێبخانە جیهانییەکان بپشکنن و بەناو سندووقی ئەشــتەرخانی کــۆنی شاعیران و نووسەرانمانا بگەڕێن لەوانەیە بە دەستی خاڵی نەگەڕێنەوە[٢٣].

ئەو هەوڵانەی لەم بوارەدا دراون

من بەش بە حاڵی خۆم تا ساڵی ١٩٦٠ لە هیچ رۆژنامــە و گۆڤاریکــدا لــە هــیچ کتێبێکی چاپکراودا هێمایەکی وام بەرچاو نەکەوتووە ئەوە پێشان بدات کــە چــیرۆکی کوردی چۆن لە شێوەی حیکایەت و بابەتی فۆلکلۆرییەوە لە سەردەستی کام نووسەردا قاڵبی هونەریی وەرگرت و ئەم هونەرە شارستانییە نوێیە هاتە نێو لاپەڕەکانی ئــەدەبی کوردییەوە، تا ((حسێن عارف)) لە ژمــارە (١٠)ی گۆڤــاری (بڵێســە)دا لــە مــانگی مایســی ١٩٦٠دا ئــەم بانگــەی بــە گــوێی چــیرۆکی کوردیــدا هەڵــدا و ســەرەتاکەی

دەستنیشان کرد. لەو سەردەمەدا بە نیازی ئەوەی وەك باسێکی ئەدەبی دەربارەی چیرۆکی کوردی لە کۆنگرەی یەکەمی ئەدەبیاتی عێراقدا پێشکەش بکرێ.[٢٤] (حسێن عارف) کەوتۆتە گەڕان و پشکنینی ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆنەکان، کاتێکی زۆری ڕۆژانەی لە کەشتی نووحدا بەدیار مامۆستا نەجمەددین مەلاوە بردۆتە سەر و تاوتووی ئەو ڕۆژنامانەی کردووە کە لە بیستەکانا دەرچوون، تا لە ئەنجامدا ئەو باسەی ئامادە کردووە، بەڵام دیارە بۆی نەڕەخساوە کە لە کۆنگرەی یەکەمدا پێشکەشی بکات، ئەوەبوو ئیتر بە سێ بەش لە ژمارەکانی ٩، ١٠، ١١ی گۆڤاری (بلێسە)ی نەقابەی مامۆستایانی سلێمانیدا بە ناونیشانی (چیرۆك و چیرۆکی شانۆیی کوردی لە نیو سەدەی رابووردوودا) بڵاوی کردەوە. لە بەشی یەکەمدا باسی باری ڕۆشنبیری گەلی کورد لە پەنجا ساڵی رابووردوودا دەکات، لە بەشی دووەمدا دێتە سەر (چیرۆك لە ئەدەبی کوردیدا لەو ماوەیەدا)، لەم بەشەیاندا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێ: ((کۆنترین بەرهەمی چیرۆکی ئەم ماوەیەمان کە دەسگیرمان بووبێ چیرۆکێکی درێژی (جەمیل سائیب)ە کە بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی ژیان و ژیانەوەدا لە ساڵی ١٩٢٥دا بڵاو کردۆتەوە لەژێر ناوی (لە خەوما)[٢٥].

واتە یەکەم چیرۆکی هونەریی کوردی لە کوردستانی عێراقدا کە هەلومەرجی چیرۆکی تێدابێ ئەو چیرۆکەی (جەمیل سائیب) بووە، ئەگەرچی ئەو بۆ مەبەستێکی سیاسیش ئەو خەوەی بینیوە و هەرچەندە من لەلای خۆمەوە لەگەڵ ئەو ناوەرۆکەدا نیم کە لەو کاتەدا نووسراوە، بەڵام لە رووی هونەرییەوە بە چیرۆك دادەنرێ، و بەم باسەی (حسێن عارف) سەرەتای چیرۆکی هونەریی کوردی لە عێراقدا دەستنیشان کرا. (حسێن عارف) هەر لەو باسەیدا و لە بەشی سێیەمدا باسی چیرۆکی شانۆیی دەکات[٢٦] دەربارەی ئەم بەشەیان-هەرچەندە پەیوەندی بەم باسەمانەوە نییە، بەڵام بە پێویستی دەزانم بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکیتر کە ڕاستەوخۆ ئەم باسە دەیگرێتەوە هەندێ لەسەر ئەم بەشەش بدوێین، لەم بارەیەوە (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد) دوو تێبینی وردی خستۆتە بەرچاو خوێنەرانی کورد کە دەڵێ: ((زۆربەی ئەو سەرچاوانەی

باسی شانۆی کوردیان کردووە ساڵی ١٩٢٦ بە سەرەتای دادەنێن، واتە ئەو ساڵەی یەکێ لە فێرگەکانی سلێمانی شانۆگەری (نێرۆنی زۆردار)ی نیشاندا تاد...)) ئەمجا د. کەمال دەڵێ: ((وابزانم ئەو چیرۆکەی عەبدولڕەحیم ڕەحمی و هەندێ بەرهەمیتر ئەوە دێنن مامۆستا (حسێن عارف) ساڵی ١٩١٨ یان ١٩١٩ی بکردایە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەی ئەم دواییەی دەربارەی چیرۆکی کوردی))(٢٧) دەربارەی ئەم دوو تێبینییەی د.کەمال چەند خاڵێك هەن بۆ روونکردنەوە:

١- حسێن عارف لە لێکۆڵینەوەکەیدا (چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠) باسی سەرەتای چیرۆکی کوردی دەکات نەك چیرۆکی شانۆیی واتە ئەو کە دەستنیشانی چیرۆکەکەی (جەمیل سائیب)ی کردووە مەبەستی سەرەتای چیرۆکی هونەریی کوردییە.

٢- بەڵام لە بەشی سێیەمی باسەکەیدا کە لە گۆڤاری (بلێسە)دا بڵاوی کردەوە، و لەم باسەدا باسمانکرد و لە سەری راوەستاین، حسێن عارف ئەوەی پشتگوێ نەخستووە کە هاتۆتە سەر باسی شانۆی کوردی بایەخی بەو بەرهەمەی (رەحمی)داوە و دەڵێ:

((یەکەم چیرۆکی سەر شانۆمان کە باسی بکەین لامان وایە چیرۆکی "مەمی ئالان"ە کە عەبدولڕەحیم ڕەحمی کە یەکێکە لە کوردەکانی تورکیا نووسیویەتی))(٢٨).

کاك حسێن هەر لەم باسەیدا لەسەری دەڕوات و دەڵێ:

((ئەوانەی دیویانە و خوێندوویانەتەوە وای باس دەکەن کە چیرۆکێکی سەر شانۆی ئێجگار سەرکەوتووە، و شێوەی تراجیدی هێندە بەرز و کاریگەرە کە نرخێکی ئەدەبی گەورەی ئەداتێ و ئەیخاتە ریزی هەر چیرۆکێکی سەر شانۆی بەناوبانگیتر))(٢٩).

٣- چونکە کاك حسێن زۆرتر بەدوای چیرۆکدا گەڕاوە، وادیارە بە قەدەر ئەوەی خۆی بۆ ئەو لایەنە ماندوو کردووە، ئەوەندەی مەبەست نەبووە بە دوای سەرەتای شانۆی کوردیدا بگەڕێ، بۆیە دەبینین لەم بەشی سێیەمەیدا دەڵێ: ((ئێمە یەکسەر لە سالانی ١٩٣٨-١٩٣٩ وە دەست پێدەکەین کە وەك باسی ئەکەن جوولانەوەیەکی تەمسیل کردن لە سلێمانیدا کەوتبووەوە...تاد))(٣٠).

راستییەکەی ئەم بۆچوونە هەڵەیە، چونکە وەك ساغ بۆتەوە سەرەتای شانۆی کوردی، وەك شانۆیەکی هونەری لە ساڵی ١٩٢٦ەوە دەست پێدەکات.[٣١] من لە لای خۆمەوە زۆرم هەوڵدا کە لەم لایەنە بکۆڵمەوە، لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٩٧٦دا بە بۆنەی یۆبیلی زیوینی شانۆی کوردییەوە باسێکم ئامادەکرد، بەڵام لەبەر هەندێ هۆی ((ڕۆژنامەنووسی)) لەوکاتەدا بڵاونەکرایەوە، لە ساڵی ١٩٧٨دا لە پاشکۆی عێراقدا بڵاوکرایەوە.[٣٢]

❊ ❊ ❊

بەم شێوەیە ئەو باسەی (حسێن عارف) کە لە گۆڤاری بلێسەدا بڵاوکرایەوە بوو بە چرایەك ڕێگای لە بەردەم ئەدیبان و لێکۆڵەرەوەکاندا ڕووناك کردەوە، دوای ئەوەی کە دەرکەوت یەکەمین چیرۆکی هونەریی (لە خەوما)ی (جەمیل سائیب)ە لە دوای شازدە ساڵ کاك حسێن ئەو کورتە باسەی خۆی کرد بە بەردی بناغە بۆ کتێبێکی ١٦٠ لاپەڕەیی و لە ساڵی ١٩٧٧دا بە ناوی (چیرۆکی هونەریی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠) لە چاپیدا و بڵاوی کردەوە.

(حسێن عارف) لەم کتێبەیدا کە بەڕاستی پێوەی ماندوو بووە جارێکی کەش گەلێك گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی چاپکراو و چیرۆکی بڵاوکراوەی خوێندۆتەوە و کەوتۆتە تاوتوێکردنیان و بەرهەمی ٣٥ ساڵی پشکنیوە و شەونخوونی بە دیاریانەوە کێشاوە تا دووبارە ئەوەی سەلماندۆتەوە کە بۆچوونی باسەکەی پێشووی وەك حەقیقەتێك دەمێنێتەوە و دەڵێ:

((دەبێ ئەو ڕاستییەمان لەپێش چاو بێ کە هێندەی تا ئێستا پێزانرابێ، یەکەمین چیرۆکی هونەریی کوردییە-مەبەستی لە خەومای جەمیل سائیبە (م. س. ك) هێنرابێتە بەرهەم و بەوە دەبێتە یەکەمین بەردی بناغەی ئەم بابەتە ئەدەبییە نوێیە لە ئەدەبی هاوچەرخماندا. هەروەکو نووسەرەکەشی دەبێتە یەکەمین ئەدیبمان کە لەم مەیدانەدا دەستپێشخەری کردبێ و بەوە دەبێتە یەکەمین چیرۆکنووسی کورد.))[٣٣] بۆ ئەوەی جیاوازییەك دەربخات لە نێوان حیکایەت و ڕازی لە شێوەی پەخشان نووسراو و چیرۆکی هونەریدا، کاك حسین دووبارە دەڵێ:

((بەو کارەی بووە یەکەمین چیرۆکنووسی کورد لە کوردستانی عێراقدا و مەبەستی لە جەمیل سائیبە (م. س. ك) چیرۆکی هونەریش لە ئەدەبی تازەماندا بەو نووسینەی ئەو رەنگی رێژرا و سەریهەڵدا))[٣٤].

لەم چەند دێڕەی حسێن عارفدا کە ئێستا پەنجەمان بۆ راکێشا ئەگەر بە وردی لێی بکۆڵینەوە گەلێ راستی دەرخستووە کە وەڵامە بۆ گەلێ مشتومڕ لەوانە.

أ- یەکەمین چیرۆکنووسی کوردە لە کوردستانی عێراقدا.

ب- چیرۆکی هونەریش لە ئەدەبی تازەماندا بەو نووسینە سەریهەڵدا.

❊ ❊ ❊

کاتێ کە د. عزالدین مستەفا بۆ خوێندنی باڵا چووە یەکێتی سۆڤیەت لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ەوە تا کۆتایی ١٩٦٢ خەریکی ئامادەکردنی نامەی دوکتۆراکەی بوو کە لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا پێشکەشی کرد، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا گەلێك سەرچاوە گەڕا و کتێبخانەکانی پشکنی بۆ نووسینی نامەی دوکتۆراکەی کە لەوەودوا لە (صیدا) لە ساڵی ١٩٦٦دا بەناوی (الواقعیە فی الادب الکردی)یەوە لە چاپیدا، دەربارەی چیرۆکی کوردی (د. عزالدین) لەو کتێبەیدا دەڵێ:

((کتێبی مەولودنامەی شێخ حسینی قازی ١٧٩١-١٨٧٠ یەکێکە لە باشترین مەولودنامە لە رووی شێوەی هونەریی و دەرخستنی ئیستاتیکی زمانی کوردی لە ناوەرۆکیدا، و لە رووی شێوازە چیرۆکییەکەیەوە...تاد)).

ئینجا لەسەری دەڕوات و دەڵێ: ((بەڵام چیرۆکی کوردی تا کاتی نێوان هەردوو جەنگەکە دەرنەکەوت. دەتوانرێ ئەو بیرەوەرییە توانجاوییەی جەمیل سائیب ساڵی ١٩٢٥ نووسی دەربارەی حوکمڕانی شێخ مەحموودی حەفید بە ناونیشانی (لە خەوما) بە یەکەم کاری چیرۆکنووسی دابنرێ))[٣٥] شیاوی باسە (د. عزالدین) لە پەراوێزی ئەم بۆچوونەیدا ئیشارەتی بەو راپۆرتەی حسێن عارف داوە کە لە نیسان و مایسی ١٩٦٠دا دەربارەی چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری (بڵێسە)دا بڵاوی کردبووەوە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە د. عیزەدین سەرەتای پەخشـانی کـوردی بـۆ مەولودنامەکەی شێخ حسینی قازی دەگێڕێتەوە، بەڵام لە تەك حسـێن عارفـدا رایـان دەربارەی سەرەتای چیرۆکی هونەریی کوردی یەك دەگرێتەوە و ئەمیش لای خـۆی (لـە خەوما) بە سەرەتای ئەم هونەرە دادەنێ. بەڵام دوای ٢٢ ساڵ بەسەر نووسینی نامـەی دوکتۆراکەیدا، لە باسێکیترا د.عزالدین کە جارێکی کە ئـەوە دووبـارە دەکاتـەوە کـە شێخ حسێنی قازی بە دامەزرێنەری پەخشانی کوردی دادەنرێ ئـەڵێ: ((بـەڵام ئـەوەی دەبێ لێرەدا بووترێت و هەر ئێرە جێگەی وتنێتی ئەوەیە کە ئەو مەولودنامەیـە هـەر سەرەتای چیرۆکی کوردیشە))[٣٦].

بەلای دوکتۆر عزالدینەوە ئەو حیکایەتە بچووکانەی شێخ حسێنی قازی دەربـارەی مەولود و گێڕانەوەی باسی لەدایك بـوونی پێغەمبـەر (د. خ) بـەو شـێوە حیکایـەت ئامێزانە ئەچنە خانەی چیرۆکەوە، بۆیە وەك لەمەوبەر باسمان کرد وتوویەتی: ((بـەڵکو سەرەتای چیرۆکی کوردیشە))، بەڵام وادیارە د. عزالدین نایـەوێ بـە رەهـایی بیکاتـە سەرەتاو ئەو بنچینەیەی پێشوو بۆ چیرۆکی کوردی دانراوە هەڵی بتەکێنی لەبەر ئـەوە هەر لەم باسەیدا دەڵێ:

((.. هەروەها گێڕانەوەی باس و باوەڕی دروست بوونی زەوی و ئاسمان و لە دایك بـوونی پێغەمبەر بەو شێوە حیکایەت ئامێزە، سەرەتای ساکاری چیرۆکی کوردییە))[٣٧].

ئێمە هەر وەك لە سەرەتای ئەم باسەدا وتمان: چیرۆکی کوردی لە حیکایەتە ساکارە میللییەکانمان دانابڕێ، وەك ئەدەبی هەموو میللەتانیتر زنجیرەیەکە و پێکەوە بەستراوە، کەلەپوور و سامانی نەتەوەییمان سەرچاوەیەکی روونـی بـاوەڕپێکراوی گـەلێ لایـەنی ئەدەبیاتمانە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئەو نووسـینانە بـا لـە شـێوەی چیرۆکێشـا نووسرابنەوە، لە خۆیانا حیکایـەتێکی سـاکارن دوورن لـە چـیرۆکی هونەرییـەوە کـە مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، هەر بۆیەشە کە دێتە سەر (خەو)ەکەی سائیب جارێکیکە د. عزالدین دەڵێ: ((بەڵێ.. سەرەتای هونەری تازە بابەتی چیرۆکە))[٣٨] ئەمـەش لـە خۆیا شایەتی ئەو مەسەلەیەیە کە توێژەرەکان بە دویدا دەگەڕێن و ئەوە دەسەلمێنن کە

چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب سەرەتای چیرۆکی هونەریی کوردییە لە کوردستانی عێراقدا، کە بۆ یەکەمجار نووسینێك دەبینرێ دوور لە شێوەی حیکایەت ئامێز و لە قالبێکی هونەریدا دارێژراوە.

* * *

ئەگەرچی عومەر مارف بەرزنجی بە تەمەن لە دوکتۆر عیزەدین مستەفا و حسێن عارف منالترە، بەلام یەکێکە لەوانەی هەر لە منالییەوە خولیای کۆکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤار و کتێبی کوردی لە مێشکیا بووە، لە قۆناغی خوێندنی ناوەندییەوە بەرهەمی لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاوکردۆتەوە، یەکێکیشە لەوانەی کە لە سەردەمێکی کۆنەوە بە دوای چیرۆکی کوردیدا گەڕاوە و لە هەر شوێنێ ناوی رۆژنامەیەك یان گۆڤارێکی بیستبێ کە چیرۆکێکی کوردی تێدا بلاوکرابێتەوە هەولی داوە پەیدای بکات تا وایلێهاتووە کەرەسەیەکی باشی لە کتێبخانەکەیدا بنیاد ناوە. عومەر مارف بەرزنجی ((لە ئەنجامی رەنج و گەڕان و هەلدانەوەی لاپەڕەی سەدەها رۆژنامە و گۆڤاری ماوەی ٤٥ سال و لێکۆلینەوە و لە بێژنگدان و دیاریکردنی رێڕەوە جۆر بە جۆرەکانی ئەو ماوەیە))[٣٩] گەیشتە ئەو ئەنجامەی کتێبێك پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی بکات کە بریتییە لە لێکۆلینەوەیەکی بە پێزی ئەکادیمییانە دەربارەی نووسەران و قۆناغەکانی سەرەتا و پێگەیشتن و گەشەکردنی چیرۆکی کوردی، هەروەها بەشێکی تایبەتیشی تێدا تەرخان کردووە بۆ بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی لە سالی ١٩٢٥ هەتا سالی ١٩٦٩، بەڕاستی کتێبەکەی بەرزنجی لە تەك کتێبەکەی حسێن عارف کە لەمەوبەر باسمانکرد بوونەتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی زانستانە دەربارەی چیرۆکی کوردی لە ماوەی چل تا چل و پێنج سال.

کاك عومەر لە ئەنجامی ئەم گەڕان و پشکنینەیدا کە بە وردی بەو هەموو رۆژنامە کۆنانەدا چۆتەوە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ((دەرکەوتنی چووزەرەی یەکەم چیرۆکی نووسراوی کوردی لە ناوەڕاستی بیستەکانی ئەم سەدەیەوە بەری رەنجی خاوەن چاپەمەنییەکانی ئەو رۆژگارە بووە))[٤٠]، لای ساغ بۆتەوە کە یەکەم چیرۆکی نووسراوی

کوردی لە دوو توێی کتێبێکی چاپکراودا بەرچاو نەکەوتووە، بەڵکو لـە ڕۆژنامەکانـدا ڕووناکی دیوە، ئەمجار دوای ئەوەی بەرزنجی لە بارودۆخی کوردستان و باری ڕونـاکبیری ئەو سەردەمە دەدوێ ئەگاتە ئەو ڕایەی کە لـە تـەك دەستنیشـانکردنەوەکەی حسـێن عـارفدا یەکانگیر دەبـن و دەڵـێ: ((بـۆ یەکـەمجار لـە ڕۆژی ١٩٢٥/٧/١ی ڕۆژنامـەی ژیانەوەدا بەشی یەکەمی چیرۆکێك دەبینی بە ناونیشانی (لە خەوما) کە بـەبێ نـاوی خاوەنەکەی بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا خـاوەنی چـیرۆکەکە (جـەمیل سـائیب)ی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژیانەوەبوو))[٤١]. بە هەرحاڵ لە ئەنجامی تەقەڵا و ماندووبوون و شەونخوونی ئەم نووسەرانە بە شێوەیەك کە هیچ گومانی تێدا نەمێنێ سـاغ بـووەوە کە یەکەم چیرۆکی هونەریی کوردی لە کوردستانی عێراقدا، چیرۆکی (لە خەوما)یە لە نووسینی جەمیل سائیب.

* * *

لە کاتێکدا خەریکی نووسینی ئەم باسە بووم یان ڕاستتر وایە بڵێم تەواوم کردبوو، بـرای نووسەر مامۆستا حەسەن جاف دانەیەك لە بەرهەمـە نوێیەکـەی خـۆی پێشـکەش کـردم، دوای خوێندنەوەی گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە کاك حەسەن جاف لە تەك براتوێـژەرەوەکانی تردا نییە کە چیرۆکی (لە خەوما)یان بە یەکەم چیرۆکی هونەریی کـوردی دانـاوە، نووسـەر لێرەدا دەیباتەوە سەر بناغە فۆلکلۆری و حیکایەتە کوردەوارییەکان و دەڵـێ: ((فۆلکلـۆری کوردی گرنگترین و کۆنترین سەرچاوەی کوردییە))[٤٢].

هەروەها نووسیویە ((شەوانی دوور و درێژی زسـتان لـە دیوەخـان یـان لـە مـاڵی یەکتردا دەیانبردە سەر بە حیکایەت گێڕانەوە))[٤٣] ئەمجا دەڵێ: ((هەندێ جار لە ڕێـی خۆشخوان و لاوك بێژەوە حیکایەتەکان باس دەکران))[٤٤].

تا ئێرە مەسەلەکە لای من هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نییە، چونکە ئەم ڕایانە نابنە بەڵگـە بۆ ئەوەی بنچینەی چیرۆکی کوردی هەڵبوەشـێنی و لـە جێـی (لـە خـەوما) چـیرۆکێکیتر دابنرێ، ئەم ڕایانە دەمانگێڕێتەوە سەر ئەو بۆچوونانەی من کە لـە پێشـەکی ئـەم باسـەدا دەربارەی حیکایەت-پێش دەرچوونی کتێبەکەی کاك حەسەن-نووسیومە.

چونکه شتێکی ئاشکرا و دیارە کە حیکایەت لە کوردەواریدا رەگی چەند کۆنە.

ئەمجار هەر خۆی مامۆستا حەسەن جاف کە بەرپەرچی راکان مامۆستایان د. عزالدین و حسێن عارف و عومەر بەرزنجی دەداتەوە دەڵێ: ((ئەمانەن بە بڕوای من-واتە فۆلکلۆری کوردی و حیکایەت و لاوك-م. س. ك- سەرچاوەی یەکەمی چیرۆکی کوردی))[٤٥].

لێرەدا کاك حەسەن باس لە سەرچاوە دەکات نەك لە سەرەتا کەواتە هەر لەسەر ئەو رایەی خۆی دەتوانین بڵێین: گەلێك راستە کە سامانی نەتەوەییمان بە لاوك و حەیران و شیعری دەماودەم و بەیت و داستان و ئەفسانە و حیکایەتی سەرزاری و...تاد. ئەمانە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوون بۆ چیرۆکی کوردی، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئەی چیرۆکی هونەریی کوردی بەو شێوە هونەرییەی بە چیرۆك دابنرێ کامەیە و لەسەر دەستی کام نووسەردا و کەی سەریهەڵدا؟

ئەگەر مامۆستا حەسەن ببوورێ و رێگا بدات دەڵێم: وەڵامەکەی ئەو ئەنجامەیە کە ئەو توێژەرەوانە ساغیان کردۆتەوە، بەڵام گلەییەکی کاك حەسەن لە جێی خۆیدایە کە بۆچی هەوڵ نەدراوە پەل بۆ شوێنەکانی تری کوردستان بهاوێژرێ تا بگەیشتینایەتە ئەنجامێکی بە سوودتر. دیارە ئەگەر ئەم کارە بە ئەنجام بگەیەندرایە ئەوسا دەتوانرا سەرەتایەك بۆ مێژووی چیرۆکی کوردی لە گشت کوردستاندا بنووسرێ نەك بە تەنیا لە عێراقدا.

هەر لێرەدا حەقیقەتێك هەیە نابێ فەرامۆش بکرێ ئەویش ئەوەیە، ئەو نووسەرانەی-وەك د. عزالدین مستەفا و د.جەمشید حەیدەری و حسێن عارف و عومەر بەرزنجی- کە چیرۆکی (لە خەوما)یان بە یەکەم چیرۆکی کوردی داناوە لە هەمانکاتدا رەخنەیان لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە گرتووە و-تەزکیە-ی ئەو هەڵوێستەی نووسەریان نەکردووە، هەندێکیان بە تیژیش بەرپەرچیان داوەتەوە و بە ئاشکرا ئەوەیان دەرخستووە کە ئەم (خەو)ە بۆ مەبەستێکی سیاسی دژی شێخی نەمر و فەرمانڕەواییەکەی نووسراوە، کە نەدەبوو وابێت، بەڵام وەك چیرۆك

ئەگەرچی کەم و کوڕیشی تێدا بووبێت چۆتە خانەی چیرۆکەوە و بە سەرەتای چیرۆکی هونەریی کوردی دانراوە.

❊ ❊ ❊

((بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو))

لە دوا مانگی ساڵی ١٩٧٩ لە پەیمانگەی رۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیاتی لەلایەن پرۆفیسۆر کوردوییێف و پرۆفیسۆر کورد ئۆغلۆ خالیق حسینوفیچ و دوکتۆر کەریمی ئەیوبی موناقەشەی نامەی دوکتۆرای کاك جەمشید حەیدەری کرا کە دەربارەی (چیرۆکی هونەریی کوردی) بوو لە ١٩٢٥ تا ١٩٦٠.

لەم رۆژانەدا خۆشبەختانە کورتەیەکی پوختی چڕی بەشی لەو نامەی دوکتۆرایەی دوکتۆر جەمشیدم دەستکەوت، بە پێویستم زانی بۆ سوودی خوێنەران و بۆ بەپێزکردنی ئەم باسە ئەوەندە پێوەندی بە سەرەتا و سەرهەڵدانی ئەم هونەرە نوێیەوە هەیە بیخەمە بەرچاو:

١- دوکتۆر جەمشید حەیدەری دەڵێ: ((دوکتۆر مارف خەزنەدار و دوکتۆر عزالدین مستەفا رەسول لە ئوتروحەکانیانا باسی چیرۆکی کوردییان کردووە، هەروەها چەند وتارێ لەم لا و لەولا دەربارەی چیرۆکی کوردی و بەرهەمی چیرۆکنووسەکان بڵاوکراونەتەوە، بەڵام کاتێك دەستم دایە نووسینی ئوتروحەکەم لە ١٩٧٦دا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لەم بارەیەوە نەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٧دا دوو کتێب بەرەو دوا چاپکران یەکەمیان لەلایەن چیرۆکنووس حسێن عارف و دووەمیان لەلایەن نووسەر عومەر مارف بەرزنجەییەوە، دوای ئەوانیش نووسەر سەباح غالب (ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا)ی دەکرد. من لە خۆمەوە لە پێشەکی ئوتروحەکەمدا ئەو لێکۆڵینەوانەم شی کردوونەتەوە و لە سەریانم نووسیون.

٢- دەربارەی سەرچاوەکای چیرۆکی کوردی دوکتۆر جەمشید دەڵێ: ((بریتین لە فۆلکلۆر، ئەفسانە، حیکایەت، مەتەڵ، گۆرانی میللی، مەلحەمەی شیعری، چیرۆکی

مێژوویی فۆلکلۆری- ئەم شێوانەی کە لە سامانی نەتەوەکەماندا هەن بەلای ئێمەوە یەکێ لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی دەرکەوتن و گەشەکردنی پەخشانی هونەری کوردین)) هەر لێرەشدا دوکتۆر جەمشید پەنجە بۆ مەولودنامەکەی حسێنی قازی رادەکێشێ کە لەوەوبەر دوکتۆر عزالدین مستەفا باسی کردووە.

٣- دەربارەی چیرۆکەکەی فوئاد تەمۆ دوکتۆر جەمشید حەیدەری لە پەراوێزێکدا نووسیویەتی:

((پاش ئەوەی مامۆستا جەمال خەزنەدار گۆڤاری (رۆژی کورد)ی لە چاپ دایەوە، مەحموود زامداری نووسەر وتارێکی بڵاوکردەوە کە گوایا ئەم چیرۆکەی (فوئاد تەمۆ) کە لە ژمارەیەکی ئەو گۆڤارەدا بڵاوکراوەتەوە یەکەم چیرۆکی کوردییە، مامۆستا رەشید فندیش بە پێشەکییەکەوە بەرێنووسی نوێ لە ژمارەی ٨٦ی مایسی ١٩٨٣ لە لاپەڕە ٢٤ و ٣٧ی گۆڤاری (بەیان)دا ئەو رایەی دووپات کردەوە، بەڵام بەلای منەوە چیرۆکەکەی (جەمیل سائیب) بە پێوانەی هونەریی ئەدەب بۆ چیرۆکی کوردی لە بیستەکاندا ئەو مافەی خۆی دەپارێزێ کە (یەکەم چیرۆکی کوردییە) و نووسەرەکەی پێشەوای ئەم هونەرەیە. ئەوەی کە (فوئاد تەمۆ) نووسیویەتی هەوڵدانێکە لە شێوەی حیکایەت نووسیندا)). لەبەر ئەوەی وەك لە سەرەتای ئەم چەند دێڕەوە باسمکرد مامۆستا دوکتۆر جەمشید حەیدەری بە درێژی ئەم لایەنانەی ساغکردۆتەوە، بەڵام من تەنیا کورتکراوەیەکی چەند لاپەڕەیی ئەو نامەیەم دەست کەوتووە بۆیە تەنیا ئەم چەند خاڵەمان خستە پێش چاو، هیوادارین لە دوا رۆژێکی نزیکدا تەواوی ئوتروحەکەی دوکتۆر جەمشید بە چاپکراوی بکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی کورد.

((بیرخستنەوەیەکی کورت))

ئێستا ئەگەر بەخێرایی چاوێك بە سەرەتای چیرۆکی عەرەبی لە عێراقدا بگێڕینەوە، وەك بۆمان دەرکەوت دەبینین لە ساڵی ١٩١٠ەوە چیرۆکی (خەو) بینین لە عێراقدا سەریهەڵدا، سا یان بەکارتێکردنی چیرۆکەکەی (نامیق کەمال) بێ کە

ڕەصافی گۆڕیبوویە سەر زمانی عەرەبی، یان بەهۆی کارتێکردنی کەڵچەری ڕۆژئاوایی بووبێ کە لە ڕێگای زمانی تورکییەوە کەوتۆتە دەست ڕووناکبیرانی عێراق، یان لەبەر بارودۆخی ڕۆژگار بووبێ کەوای لەو نووسەرانە کردووە رازی دڵی خۆیان بە شێوەی (خەو) لە چیرۆکدا دەربڕن، جەمیل سائیبی لەمەڕ ئێمەش کاتێ ویستوویەتی ڕەخنە لە فەرمانڕەوایی شێخ مەحموودی نەمر بگرێ پەنای بردووتە بەر خەو، چی لە دەروونیا بووە لەو خەوە سەیر و سەمەرەیەدا دەریبڕیوە. لێرەدا سێ سەرنجی بچکۆڵە هەن:

١- جەمیل سائیب چیرۆکەکەی لە شێوەی خەوبینیندا نووسیوە.

٢- ناوی خۆی لەسەر نەنووسیوە.

٣- لە ١٩٢٦/٧/٢٩دا لە دامێنی زنجیرەکانی چیرۆکەکەیدا لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا نووسیویەتی: ((ماویەتی)).

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر یەکەم چیرۆکی (خەو) لە عێراقدا کە چیرۆکی (خەوێکی عەرەبییە) کە لە ١٩١٠/٩/١٩ لە گۆڤاری (تنویر الافکار)دا بڵاوکراوەتەوە دەبینین:

- نووسەرەکەی ناوی خۆی لەسەر نەنووسیوە.
- چیرۆکەکە لە شێوە خەوبینیندایە.
- بە تەواونەکراویش بەجێهێڵراوە.

بەڵام ناتەواوی ئەم چیرۆکە نەبۆتە گرێ کوێرە و نەکرێتەوە، هەروەها بەلای منەوە (ماویەتی) یەکەی جەمیل سائیبیش نەبۆتە گیروگرفت چونکە نووسەر ئەوی مەبەستی بووە بە دەستییەوە داوە، ئەگەر بیزانیایە شتی ئەوتۆ ماوە هەڵبەت لەوێدا وازی لێ نەدەهێنا.

کاتێك مامۆستا جەمیل بابان دوای نیو سەدە ئەو بەرهەمەی چاپ کرد و بڵاوی کردەوە ئەو تەمە ڕەوییەوە و چ گیروگرفتی نەما پەیوەندی بە کۆتاییەکەیەوە هەبێ چونکە دەرکەوت کە هەر خۆی واتە جەمیل سائیب-لەوێدا وازی لێ هێناوە[٤٦].

((سەرئەنجام))

لە ئەنجامی ئەو هەوڵ و تەقەلایەی کە ئەو برای نووسەرانە داویانە ئەوەمان بە روونی بۆ دەردەکەوێ:

کە یەکەم چیرۆکی هونەریی کوردی لە عێراقدا چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیبە، و پێش ئەو هیچ چیرۆکێك نەبینراوە کە لە قالبی هونەریدا بووبێ. بەو شێوەیە دیارە نووسەرەکەشی یەکەمین چیرۆکنووسی کوردە کە بە شێوەی هونەریی چیرۆکی نووسیبێ. چیرۆکەکەشی چاولێکەری چیرۆکنووسە عەرەبەکانی عێراق و نووسەرە تورکەکانی تێدایە کە وەك ئەوان لە شێوەی (خەو) بینیندا نووسیوویەتی.

پەڕاوێزەکان

(١) الواقعية في الأدب الكردی-الدكتور عزالدين مصطفى رسول، ص ٣٢.

(٢) نشوء القصة و تطورها. محمود تيمور- ٢٠ اذار ١٩٣٦.

(٣) نشاة القصة و تطورها في العراق/ د. عبدالاله احمد/ مطبعة شفيق- بغداد ١٩٦٩.

(٤) سەرچاوەی ژمارە (٣)، لاپەڕە ٣٢٧.

(٥) وەك لەمەودوا بۆمان دەردەكەوێ دەبينين چيرۆكی (لە خەوما)ی جەميل سائيب، چيرۆكی خەوبينينە، ناوی نووسەريشی لەسەر نەبووە و، لە دامێنيشيەوە نووسراوە (ماوەيەتی) م. س. ك.

(٦) لە تشرينی يەكەمی ١٩١٣دا لە گۆڤاری (لغة العرب)دا بلاوكراوەتەوە.

(٧) لە تشرينی دووەمی ١٩١٣دا لە هەمان گۆڤاردا بلاوكراوەتەوە. ناوی نووسەری پێوە نييە، بەڵام د. عبدالاله احمد بە نووسينی ئەنستاس كرملی دەزانێ.

(٨) لە شوباتی ١٩١٤دا هەر لەو گۆڤارەدا بلاوكراوەتەوە، بە بۆچوونی د. عبدالاله احمد ئەميشيان نووسينی ئەنستاس كرمليیە كە خاوەنی گۆڤارەكە بووە.

(٩) ئەم چيرۆكە لە مايسی ١٩٢١دا بلاوكراوەتەوە د. عبدالاله احمد بە نووسينی (عطا أمينی) دەزانێ.

(١٠) سەرچاوەی ژمارە (٣)، ل ٣٩-٤٠.

(١١) لێكۆڵينەوە و بيبلۆگرافيای چيرۆكی كوردی ١٩٢٥-١٩٦٩ عومەر مارف بەرزنجی چاپكراوی كۆڕی زانياری كورد-بەغدا ١٩٧٨، ل ٢١.

(١٢) سەرچاوەی ژمارە (٣)، ل ٢٣٧.

(١٣) المجموعة الكاملة لقصص محمود احمد السيد/ اعداد و تقديم الدكتور علي جواد الطاهر و الدكتور عبدالاله احمد، بغداد ١٩٧٨، ص ٥.

(١٤) سەرچاوەی ژمارە (٣)، ل ٢٣٧.

(١٥) محمود احمد السيد رائد القصة الحديثة في العراق- د.علي جواد الطاهر، ص١٩٣.

(١٦) الأدب القصصي في العراق-د.عبدالاله احمد- بغداد ١٩٧٧، ج ١، ص١٩٣.

(١٧) رۆژی کـورد ١٩١٣، بڵاوکردنــەوە و پێشــەکی لەســەر نووســینی جــەمال خەزنەدار، بەغدا ١٩٨١.

(١٨) ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، پێم وابێ دوکتـۆر کـەمال مەزهـەر ئەحمـەد لـە نووسینێکیدا ئەو ناوەی باس کردووە، بەڵام ئێستا نایەتە یادم لە کام وتاریدا یـان لـە کام بەرهەمی چاپکراویدا بەرچاوم کەوتووە (م. س. ك).

(١٩) گۆڤاری (بەیان) ژمارە ٩٦، مایسی ١٩٨٤، دەقی چـیرۆکەکەی فوئـاد تمۆ ١٩١٣.

(٢٠) بەداخەوە ئەو چیرۆکەی فوئاد تمۆ نە ناونیشانی هەیـە و نـە تـەواویش بـووە تـا سەرجەم خوێنەران رایەکی تەواوی بەرامبەر پەیدا بکەن، جگـە لـەوەی وەك (چـیرۆك) لـە رووی هونەرییەوە لاواز و ساکارە و هەر دەچێتە خانەی حیکایەتەوە، لێـرەدا توێـژەرەوەکان هەر وەك ئەو چیرۆکە سەرەتایانەی رزوق عیسی و غنیمـەی سـاڵی ١٩١٠تێـی دەڕوانـن و حیسابی سەرەتای چیرۆکی هونەریی کوردی بۆ ناکرێ (م. س. ك).

(٢١) چیرۆکی هونەریی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠، حسێن عارف، بەغدا ١٩٧٧، ل٥.

(٢٢) مەسەلەی وێژدان، ئەحمەد موختار جاف بڵاوکردنەوە و پێشەکی د. ئیحسان فوئاد بەغدا ١٩٧٠، چاپخانەی ئیرشاد.

(٢٣) کاك مەحموود زێوەر چیرۆکێکی دەستنووسی پیشاندام کە (زێوەر)ی شـاعیر کاتی خۆی نووسیویەتی و بڵاوی نەکردۆتەوە بەداخەوە مێژووی لەسەر نییە، بـەڵام بـە وتەی کاك مەحموود بۆ بیستەکانی دەگێڕێتەوە (م. س. ك).

(٢٤) لەو کۆنگرەیەدا کە دەبوو ئەم باسـەی حسـێن عارفیشـی تێـدا پێشـکەش بکرێ. د. صلاح خالص سکرتێری یەکێتی ئەدیبانی عێراق بوو راپۆرتێکی ئەدەبی بە پێزی پێشکەش کرد، چەندین ئەدیبی ناسراو بەشداری گفتوگۆیان لەسەر ناوەڕۆکی ئەو راپۆرتە کرد بەتایبەت دەربارەی هۆی کزی ئەدەب دوای شۆڕشـی چـواردەی تـەمووزی ١٩٥٨، راپۆرتەکـە لـە ژمـارە (٩)ی گۆڤـاری (الثقافـة الجدیـدة)ی سـاڵی ١٩٥٩دا بڵاوکرایەوە، ئەو گفتوگۆیانەش لە گۆڤـاری (الثقافـة الوطنیـة) لوبنانیـدا لـە ژمـارە حەوتی تەمووز و ئابی ١٩٥٩دا بڵاوکرانەوە (م. س. ك).

(٢٥) گۆڤاری (بلێسه) ژماره ١٠، مایسی ١٩٦٠، سلێمانی، چاپخانەی ژین. چیرۆك له ئەدەبی کوردیدا لەو ماوەیەدا، حسێن عارف، ل ٥.

(٢٦) وا زەن دەکەم ئەم بەشەیان کەم کەس بەرچاوی کەوتبێ، چونکە ئەو ژمارەیەی گۆڤاری (بلێسه) بەهۆی داخستنی لقی نەقابەی مامۆستانی سلێمانییەوە، هەر لە چاپخانەدا دەستی بەسەرداگیرا، جا نازانم لەوەو دوا بڵاوکرایەوە یان فەوتێنرا (م. س. ك)

(٢٧) تێگەیشتنی راستی و شوێنی له رۆژنامەنووسی کوردیدا، دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، بەغدا ١٩٧٨، پەراوێزی ژماره ٨.

(٢٨) گۆڤاری (بلێسه)، ژماره ١١، حوزەیرانی ١٩٦٠ ساڵی یەکەم چیرۆکی شانۆ له ئەدەبی کوردیدا،حسێن عارف، ل ٨.

(٢٩) سەرچاوەی ژماره (٢٨).

(٣٠) سەرچاوه ژماره (٢٨)، ل ٩.

(٣١) له ٢٨/١٠/ ١٩٧٧ (ص. ك) که لام وایه جەمال بابان بوو. وتارێکی لەم بارەیەوه بڵاوکردەوه له رۆژنامەی (العراق)دا به ناونیشانی (المسرح الکردی و الفرق المسرحیه) و منیش (تەعقیبێکم) له هەمان رۆژنامەدا بەدوای وتارەکەی مامۆستا جەمال باباندا بڵاوکردەوه. چەند سەرنج و تێبینییەکی تازەم لەو بارەیەوه بەرچاو خستبوو.

(٣٢) * بڕوانه ژماره حەڤدەی (پاشکۆی عێراق)، تەمموزی ١٩٧٨.

* هەروەها له رۆژنامەی (العراق)دا باسێکم به عەرەبی له سەر شانۆی کوردی به سێ ژماره بڵاوکردەوه.

(٣٣) چیرۆکی هونەریی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠، حسێن عارف، ل ١٥.

(٣٤) سەرچاوەی ژماره ٣٣، ل ٢١.

(٣٥) الواقعیة في الأدب الکردي، دکتور عزالدین مصطفی رسول، ص٢٠٥ و ص٢٠٦.

(٣٦) گۆڤاری (کاروان)، ژماره (١٩) نیسانی ١٩٨٤ (ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی چیرۆکی کوردی)، دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول، ل ٧.

(٣٧) سەرچاوەی ژمارە (٣٦)، ل ٧، ستوونی دووەم.

(٣٨) هەمان سەرچاوە، ل ٨.

(٣٩) لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥-١٩٦٩، عومەر مارف بەرزنجی، چاپکراوی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٨، ل ٤.

(٤٠) سەرچاوەی ژمارە (٣٩)، ل ٩.

(٤١) سەرچاوەی ژمارە (٣٩)، ل ١٦.

(٤٢) چیرۆکی نوێی کوردی، حەسەن جاف، ١٩٨٥، ل ١٩.

(٤٣) هەمان سەرچاوە، ل ٢٠.

(٤٤) هەمان سەرچاوە، ل ٢٠.

(٤٥) هەمان سەرچاوە، ل ٢٠.

(٤٦) جەمال بابان لە پێشەکییەکەی خۆیدا کە بۆ چیرۆکی (لە خەوما)ی نووسیوە دەڵێ، نووسینەکەی (لە خەوما)م لە بەردەست خەتی کاکینە (جەمیل سائیب) خۆی نووسیوەتەوە.

==

(*) ئەم نووسینە لە گۆڤاری "کاروان" ژمارە (٣٧) ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤دا بڵاوکراوەتەوە.

"لە خەوما"ی جەمیل سائیب

جەمال بابان

<u>بنەماڵەی سائیب</u>

کاکینە کێیە؟

کاکینە جەمیل سائیب کوڕی مـەلا ئەحمـەدی (سـائیب)[*] کـوڕی مـەلا قـادری قەرەداغی کوڕی مەلا حەسەنە[□]. لە ڕۆژی ١٦ی مـانگی ئـابی سـاڵی ١٨٨٧دا لـە شاری سلێمانی هاتووەتە دونیاوە. بە منداڵی لە حوجرەی مـەلا ئامینـە[□] قورئـان و فارسی خوێندووە. دوای ئەوە لە هەڵەبجە کـە بـاوکی بـە قازییـەتی لـەوێ بـووە، لـە حوجرەی مەلا ئەحمەدی تەکیەیی (سمایلنامە، ئەیشودەی شێخ مارفی نۆدێ، یوسف و زولیخا و گوڵستانی شێخی سەعدی)ی خوێندووە. دوای ئەوە کە هاتوونەتە سلێمانی، دیسان لە حوجرەی مەلا عەزیزی زلزلەیی کتێبی فارسـی خوێنـدووە، ئینجـا دەسـتی کردووە بە مەشقی خەتی درشتە، چونکە لەو کات و سەردەمەدا، منـداڵ لـە حـوجرە

(*) (صائب) لەقەبێکە مەلا ئەحمەدی باوکی لە زەمانی عوسمانییەکاندا بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

(□) ئەم مەلا حەسەنە، هەندێك دەڵێن لە بنچینەدا خەڵکی دێی سەوسێنانی سەر بە ناحیەی قەرەداغە.

(□) مەلا ئامینە کوێرێکی خوێندەواری بەزەبر و توانای ئەوسا بووە، حوجرەی هەبووە، هیچ کاتێك لە (٣٠) منداڵ کەمتری لا نەبووە.

قورئان و کتێبی فارسی بە (متن)ەوە خوێندووە، کە نەختێك گەورە بوو ئەو کتێبانـەی بە مەعناوە خوێندووە و لە دواییدا دەستی کردووە بە خـەتی ڕێحـانی، دوای ئـەوەش مەشقی خەتی وردە.

جەمیل سائیب دوای حوجرە چووەتە قوتابخانەی سەرەتایی کە ئەوسا هەر یـەکێك هەبوو لە سلێمانی و هەمووی سێ پۆل بوو. دوای ئەوە باوکی بوو بە قازیی (قەڵادزە) ئەمیش لەگەڵیدا چوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ جـۆرە حـوجرە و قوتابخانەیـەك لـەوێ نەبوو، ساڵ و نیوێك دانیشت تا گەڕانەوە سلێمانی، ئەوسا لە مزگەوتەکەی هەمزاغای باپیری پیرەمێرد(*) دەستی کردەوە بە خوێندن، لەم کاتەدا تووشی نەخۆشییەکی قورس بوو، ئەوەندە کاری لێکرد، تا دوا ڕۆژی ژیانی شەقڵەکەی پێوە دیاربوو(□)، بـەڵام ئـەم پیاوە هەر کۆڵی نەدا، دیسان دەستی کردەوە بە خوێندنەوەی کتێبی فارسی و تورکی، تا باوکی کۆچی دوایی کرد، ئەوسا بەناچاری چووە ژێر باری فەرمانی میرییەوە و بـوو بـە کـاتبی (وێرگـو-بـاج) لـە سـلێمانی، تـا عوسمانییـەکان وڵاتیـان بەجێهێشـت و ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر کاروباری عێراقدا گرت. ئەوسا ئـەمیش چـووە دائـیرەی (خەزێنە) کە حیساباتی ئێستایە و بوو بە کاتب.

لە ساڵەکانی ١٩١٩ و ١٩٢٠دا کە ڕۆژنامەی پێشـکەوتن لـە سـلێمانی دەردەچـوو و نووسینی کوردیی بڵاودەکردەوە، ئەمیش لە نووسینەکانیدا بەشـدار دەبـوو وەك لەمـەودوا باسی دەکەین. لە ساڵی ١٩٢٤دا دوای ئاوابوونی حوکمی شێخ مـەحموودی (حەفیـد) کـە دەزگای میری لە سلێمانی دانرایەوە، ڕۆژنامەی (ژیانەوە) دەرچـوو کـە ئـەم سەرنووسـەری بوو، بەڵام لە دواییدا لەبەر کاروباری میری وازی لە ڕۆژنامەکە هێنا، ئیتر لـە (خەزێنـە)دا مایەوەو ئەو کارگێڕی بوو، تا لە سـاڵی ١٩٤٩دا خانەنشـین کـرا، دوای ئـەوەش بـەینێك بووەوە بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ژین) کە هی پیرەمێردی خاڵی بوو، تا لە پاییزی سـاڵی

(*) شاعیری بەناوبانگ حاجی تۆفیق، کە ئەبێت بە خاڵی جەمیل صائب.

(□) ئەوەبوو، تۆزێك بۆی ئەلەنگی.

١٩٥١دا تووشی نەخۆشییەکی قورس بوو، هێنایانە بەغدا، لە پاش رۆژێك واتا لە ١٣ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥١دا فەرمانی یەزدانی بەجێهێنا و تەرمەکەیان بردەوە سلێمانی، لەسەر تەوقەسەری گردەکەی (مامەیارە) لە تەنیشت پیرەمێردەوە نێژرا.

کاکینە دوای خۆی شەش کوڕ و دوو کچی بەجێهێشت.

١- حەمە عەلی: کە سێ ساڵ لەمەوبەر* لە شاری بۆمبای لە هیندستان بەدەستێکی چەپەڵ کوژرا دوای ئەوەی گەیشتە پلەی (باڵیۆز - سەفیر).

٢- فەوزی: ئەفسەر بوو لە دواییدا چووە (ئیدارە)وە و گەیشتە پلەی (متصرف) ئێستا (متقاعده).

٣- نەوزاد: لە حقوق دەرچووە و ئێستا فەرمانبەرە.

٤- ئازاد: لە کشتوکاڵدا لە دەرەوە خوێندوویەتی و ئێستا فەرمانبەرە.

٥- بەهزاد: فڕۆکەوانە لە سوپادا.

٦- شەهزاد: (پشتیوان - محامی)یە.

٧- نەسرین: کچی گەورەیەتی و شووی کردووە.

٨- ڕووناك: مامۆستای قوتابخانەیە و شووی کردووە.

ئەم منداڵانەش بەری سێ ژنن، حەمە عەلی و فەوزی دایکیان یەکە، نەسرینیش دایکی جیایە، منداڵەکانیتریش دایکیان یەکە کە حەپسەخانە و لە بنەماڵەی عیرفانە لە سلێمانی.

نازناوی جەمیل سائیب (کاکینە)یە، کە ئەمەش حاجی تۆفیقی خاڵی لە ئەنجامی خۆشەویستیدا بەسەریا بڕیبوو کە بە واتای کاکی ئێمە دێت.

کەی دەست کرا بە کوردی نووسین؟

لە ساڵی ١٩٢٠دا و لە زمانی میجەرسۆندا، لە ڕێگای ڕۆژنامەی پێشکەوتنەوە کە ئەوسا لە سلێمانی دەردەچوو، داوا لەو کەسانە کرا کە حەز لە

(*) ئەم نووسینە لە ساڵی ١٩٧٥دا نووسراوە.

نووسین دەکەن، بە کوردی لە بابەت سیاسەت و فەلسەفە و ئامۆژگاری و باسی کشتوکاڵ و سەفەرنامە و حیکایەت و سەرگوزەشتیترەوە بنووسن و بۆیان بنێرن. سێ پاداشت دانرا، بۆ یەکەم (٥٠) روپیە و بۆ دووەم (٣٥) روپیە بۆ سێیەم (٢٥) روپیە. ماوەی دوازدە رۆژ دانرا بۆ پێشکەشکردنی نووسینەکان. لە دواییدا لە ناو یازدە نووسراودا ئەم سیانە هەڵبژێردران و خاوەنەکانیان پاداشتیان وەرگرت.

یەکەم: جوت و گا شتێکی چاکە، نووسینی م. نوری واتا محەمەد نوری یاخود شاعیری بەناوبانگ شێخ نوری شێخ ساڵح.

دووەم: بۆچرووك، نووسینی زەکی سائیب کە مستەفا سائیبە و لە شوێنی خۆیدا باسی کراوە.

سێیەم: رۆژەوەبوونێك، نووسینی محەمەد جەمیل کە جەمیل سائیبە.

هەرچەندە ئەم رۆژەوەبوونە نووسینێکی سادەیە و لە کۆتاییەکەیدا هەندێك (تناقضات) و شتی ساویلکە دەخاتە پێش چاو، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا وەك یەکەم نووسینی کوردی و لەو زەمانەدا شتێکی بە نرخە بۆ ئەمرۆ، لەبەر ئەوە ئەمیشمان لە کۆتایی ئەم کتێبەدا بڵاوکردەوە.

بنەماڵەی سائیب(*)

ئەم خانەوادەیە جگە لە (کاکینە) و کورەکانی کە باسمان کردن گەلێك پیاوی لێهاتووی کەیان تیاهەڵکەوتووە، کە هەموو لە مەیدانی نووسین و شیعر و هونەردا دەستی باڵایان هەبووە وەك:

(*) سەیری گۆڤاری (رۆژی کوردستان) ژمارە ٢٨-٢٩ی تەمووزی ١٩٧٥ بکە، کە نووسینێکی بە عەرەبی بە قەڵەمی جەمال بابان لەسەر عارف صائب و بنەماڵەی صائب تێدایە.

مەلا ئەحمەدی سائیب(*)

باوکی جەمیل سائیبە لە سلێمانی ساڵی ١٢٧٠ی کوردی هاتووەتە دونیـاوە. لـە زانستدا پایەبەرز، جگە لەوەی دەستێکی باڵای لە ئەدەبی فارسی و تورکیدا هەبووە و دیوانی شیعری بە هەردوو زمانەکە هەیە.

مەلا رەئووف سائیب

لە ساڵی ١٨٧٥دا لە سلێمانی هاتووەتە دونیاوە و لە ساڵی ١٩٢٠دا لە تەمـەنی (٤٥) ساڵیدا فەرمانی خوای بەجێهێناوە. کوڕە گەورەی مەلا ئەحمەدی سائیب و برای جەمیل سائیب بوو. بوو بە قازیی چوارتا. ئەمیش شاعیر بوو.

عارف سائیب

برای جەمیل سائیبە. سـاڵی ١٨٩٢ لـە سـلێمانی هاتووەتـە دنیـاوە. قورئـان و ئەدەبی فارسی و خۆشنووسی لە حوجرەدا لە سـلێمانی خوێنـدووە. لـە (موصـل)یش داخلی دەورەی ئایینی بووە. لە دواییدا لەگەڵ سوپای عوسمـانی بـە روتبـەی (بلـووك ئەمینی-ئەمین سـریە) نێـردراوە بـۆ (ورمـێ و مەراغـە و خـۆی و سـەڵماس)، لـەو غەریبایەتییەوە شـیعری لەسـەر دووری و کەساسـی و ژیـانی پـڕ مەینـەتی سـوپای عوسمانی و شەڕ رێك دەخست و دەینارد بۆ سلێمانی، تاکو شەڕ کۆتایی هـات ئەوسـا خۆشی گەڕایەوە. لە کاتی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموددا عارف سائیب یەکێك بوو لە گەنجە تێگەیشتووە پێشکەوتنخوازەکان، بۆیە شێخ کردی بە سکرتێری تایبەتی خۆی. هەر لەم کاتەشدا بوو نووسین و شیعر و قسەی خۆشی لە رۆژنامەشـدا بڵاودەکـردەوە، بەڵام بەداخەوە زۆربـەی شـیعرەکانی فـەوتاون چـونکە کـەمێکیان نـەبێت ئـەوانیتری

(*) سەیری بەرگی یەکەمی (مشاهیر الکرد)ی ئەمین زەکی بەگ بکە.

نەنووسیبووەوە. ئـەمیش هـەر بـە دەسـتێکی چـەپەڵ لـەکاتی دەستڕۆیشـتنی شـێخ مەحموودی (حەفید)دا، لە دێی (قەرەچەتان) شەوی ١٦ی مانگی مایسی ساڵی ١٩٢٣ کوژرا و هەر لەوێش شاردرایەوە.

نموونەی شیعری لە بابەت (معارف)ەوە:

موحیطی عالەمی ئیمکان ئەڵێی گوڵزاری عیرفانە
لە ساحەی فەن و صەنعەتدا بە تەنها کوردە حەیرانە
هەموو شاریٚ ترقیی کرد و رەونەق پەخشی ئافاقە
سلێمانی غوبار ئالوودە، تا بیٚ روو لە نوقسانە
لە ئەخلاق و لە ئەفکاردا دەرسی حیرەت بووین
نموونەی نەگبەتین ئەمڕۆ وەتەنمان بۆیە وێرانە
لە علیم و فەن و صەنعەتدا بەجیٚ ماوین و داماوین
وەتەن وێران و من گریان، خودایە وەختی ئیحسانە
دڵم نایە دوعای مەحوی بکەم چونکە سلێمانی
بە نیسبەت یادگاری خالصی ئەولادی بابانە
٢٢ی نیسان ١٣٣٢

بەڵام ئەو پارچە شـیعرەی کـە لـە (جەبهـە)وە ناردوویـەتی لـە ئێـران کـە بـە عەسکەری عوسمانی چووە و باسی مەینەتی و کوێرەوەریی خـۆی ئـەکات بەدەسـت ناهەمواریی شەڕەوە، بەجۆرێکە شان دەدا لە شانی شیعرەکەی مـەلا حەمـدون کـە باسی سەفەر بەلك دەکات.

عارف سائیب ئەڵێت:

ئاوارەیی خاکی وەتەن سەیر و سەفا خۆم
پامالّی غەم و غوربەت و سەد دەرد و بەلا خۆم
بیٚ یار و دیار، وەحشی و مەجنوونی بیابان
مەهجووری سەفای مەجلیسی ئەربابی وەفا خۆم

سەرگەشتەیی سەحرایی خۆی و ساحەی سەڵماس
ریسوایی عەجەم، مەسخەرەی شاه و گەدا خۆم
ئەم تالعە نەحسە منی خستۆتە فەلاکەت
ئاشوفتەیی دەستی ستەمی بەختی سیا خۆم
کەوتوومەتە ناو تاقمیٚ جەندرمە، خوا مەرگ
دوچاری هەزار دەردی سەری و قەهر و سزا خۆم
سووڕدانە، عەرەق خواردنە، کۆڕێکە، مەپرسە
سەرسامی هەزار هەڵهەلە و رەقس و سەما خۆم
رۆژێك خەبەری حەرب و دەمێك مژدەیی سوڵحە
ئوفتادە لەناو دەغدەغەیی خەوف و رەجا خۆم
بیٚ مەسکەن و بیٚ چادر و یاغمورلغ و یاتاغ
عوریان و پەرێشان بە مەسەل گورگی چیا خۆم
باران و قوڕ و وەحشەت و سەرمایە بەهەرجا
پامالّی دەستی شیدەتی بەفر و رەشەبا خۆم
دوو مانگ دەبیٚ نەمدیوە سەفای بەزمی پلاّولغ
دەرناچیٚ لە دلّ هەر بە ئومیّد و بە تەما خۆم
برسی و رەش و رووت، چلّکن و بیٚ پارە و و تووتن
حەسرەتکەشی دوو قوم جگەرە و پیالّەیە چا خۆم
وا دام دووریوە پینە لەسەر چاکەت و شەلّوار
گۆڕاوە سەر و سوورەتی من وەك جلەگا خۆم
نابینی تەراوەت لە رەگی عومر و حەیاتم
ئەلحەق وەکو تووی قۆجە بەبیٚ بەرگ و نەوا خۆم
کافر بەزەیی دیٚتەوە بەم حالّە پەشیّوە
وا دەربەدەر و قوڕبەسەر و تووشی سزا خۆم
تووکی سەر و ریشم لە غەما بۆز و درێژ بوو

بەم وەزعیەتی ریشەوە وەك خواجە حەنا خۆم
بۆ شاری سلێمانییە فەریاد و فوغانم
دایم لە خەیاڵ و غەم و تەبدیلی هەوا هۆم
بێ شوبهە لەبەر دەرد غەم و قەهر و مەرارەت
مەحرومی سەوابی شەرەف و خێر و دوعا خۆم
بێ تاقەت و بێ ویسعەت و حەیران و پەرێشان
هەر مونتەزیری لوتفی نەبی و فەیزی خودا خۆم
شیعرم وەکو تەبعم کە پەرێشان و خراپە
مەحجووب و سەر ئەفگەندەیی جەمعی شوهەدا خۆم
(عارف) ئەسەری مەرحەمەت و لوتفی خودایە
بۆ مەنفەعەتی دین و وەتەن جان بە فیدا خۆم

مستەفا سائیب

برای جەمیل سائیبە، لە ٢٥ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٠٤دا لە شاری کفری هاتووەتە دنیاوە، چونکە ئەوساکە باوکی لە کفری قازی بووە. کە هاتووەتە سلێمانی چووەتە قوتابخانەی ئەوساکە کە بە تورکی بووە، لە زەمانی ئینگلیزەکانیشدا هەر خوێندوویەتی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوسا تاکو پۆلی شەش زیاتر لە سلێمانیدا نەبووە، ناچار دەستی لە خوێندن هەڵگرتووە. لە ساڵی ١٩١٢دا لەگەڵ هادی سائیبی برای کە مدیری ماڵ بووە لە هەڵەبجە، چووەتە ئەوێ و لەوێ بووە بە هاوڕێی عەبدوڵڵا بەگی گۆران و هەندێك لاوی خوێن گەرمیتر، بە دڵ هەوڵیانداوە بۆ پێشکەوتنی میللەت و وڵات، دوای ئەوە بۆ تەواوکردنی خوێندن لەگەڵ گۆران و عەبدولواحید نوری لە کاروان چوون بۆ کەرکووك. لەوێ لەگەڵ قوتابییانیتری کورد کە لە هەولێر و کۆیە و کفرییەوە هاتبوونە ئەوێ کۆششی تەواویان کردووە لە خوێندن و نیشتمانپەروەریدا لە ساڵی ١٩٢٣دا چووەتە بەغدا بۆ قوتابخانەی هەندەسە، لەو ماوەیەدا لەگەڵ چەند گەنجێکی

کەدا لەوانەی بەغدا (کۆمـەڵی لاوان)یـان[*] پێکهێنـا واتـە (لاوانـی کـورد) کـە ئـەم سکرتێری کۆمەڵەکە بوو. ئەم کۆمەڵەیە گەلێك ئیشـی دڵسـۆزانەی کـرد. لـە پشـووی هاوینیشدا کە دەچووەوە بۆ سلێمانی لە قوتابخانەکەدا دەرسی داوەتەوە، بەتایبـەتی کـە (زانستی) کرایەوە، مامۆستا سائیب مەردانە چووە پێشەوە بۆ یارمەتی و کۆشش لەگەڵ قوتابخانەکاندا. لـە سـاڵی ١٩٢٦دا کـە قوتابخانـەی تـەواکرد گەڕایـەوە ولات بـوو بـە ئەندازیار لە دائیرەی ئەشغال، هەر لەم کاتەدا بوو لەگـەڵ چـەند هاوڕێیەکـدا کۆمەڵـەی (زەردەشت)یان[□] پێکەوەنا کە هەر ئەم (معتمد)ی بوو. لە ئەندامـەکانی ئـەم کۆمەڵـە شێخ مەحموودی حەفید و شـێخ سـەلامی شـاعیر و عەبدولواحیـد نـووری و شـەوکەتی عەزمی بابان و هەندێکیتر بوون. لە سـاڵی ١٩٢٨دا کـە ئینگلیزەکـان ویسـتیان شـێخ مەحموود لە دژی حکوومەت راستکەنەوە، کۆمەڵە شێخ مەحموودی تێگەیاند کە ئەمـە هیچ سوودێکی تیا نییە، تەنیا بۆ ئینگلیزەکان نەبێت، ئەویش لە شوێنی خۆی نـەجولا. دوای ئەوە لەسەر ئیشکردن و سیاسەت مستەفا سائیب گوێزرایـەوە بـۆ رەوانـدز، دوای ئەوێ بۆ موسڵ، لە دواییدا بۆ بەسرە و لە ساڵی ١٩٣٠دا بۆ حیللە و لەوێوە بۆ بەغدا.

لەم کاتـەدا بـوو لەگـەڵ تـاهیر بەهجـەت مەریوانیـدا لـە بەغـدا دەسـتیان کـرد بـە زیندووکردنەوە و لە چاپدانی دیوانی شیعری شاعیرەکان و گەلێك نووسینی بەنرختر کـە بـە زنجیرەیەك دەرچوو بەناوی (کوردی و مەریوانی)یەوە[□]، کـە یەکـەمیان مامۆسـتا سـائیب بوو. دوای ئەوەش هەرگیز لە خزمەتی گەل و ولات درێغیی نەکردووە و هەمیشـە پێشـڕەو

(*) سەیری (رۆشنبیری نوێ)ی ژمارەی ٣٩ نەورۆزی ساڵی ١٩٧٥ لاپەڕە (١) بکە، (مێژوویەکی لەبیرچووەوە-کۆمەڵەی لاوان) بە قەڵەمی جەمال بابان.

(□) سەیری گۆڤاری (بەیان) ژمارە ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤ لاپەڕە (٨) بکە (لە بابەت کۆمەڵەی زەردەشتەوە) بە قەڵەمی ئارام.

(□) سەیری نووسینێك بکە لەسەر (تاهیر بەهجەت مەریوانی) لە رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٢٣٨ی رۆژی ١٩٧٤/١٠/١١) بە قەڵەمی جەماڵ بابان.

بووە، ئێستا خانەنشینە لە بەغدا و بەو مووچەی تەقاعودییەی کە هەیەتی گوزەران دەکات و ژنیشی نەهێناوە.

مامۆستا (کوردی) یاخود (زەکی) یاخود مستەفا سائیب نووسەرێکی قەڵەم رەنگین و (باحث)ێکی وردکار و پیاوێکی قایمکارە، نووسراو و وێنە و کتێبی بەنرخی گەلێك لە خزمەتدا هەیە(*).

مستەفا سائیب یەکێك بوو لەوانەی لە گرەوەکەی رۆژنامەی (پێشکەوتن)ی ساڵی ۱۹۲۰دا بەشدار بوون، بە نووسینێکی بەنرخ لەژێر ناوی (بۆ چرووکێك)دا() پاداشتی دووەمی وەرگرت و هەر لەو رۆژنامەیەی ئەو ساڵەدا بڵاوکرایەوە. زۆری هەست و خواستەکانی لەم بۆچرووکەدا (رەمزی)ن و زیاتر مەبەستی نەتەوە و وڵاتەکەیەتی. بەکورتی مام مستەفا گەنجینەیەکی بەنرخ و ماڵە و ماڵە، بەڵام لە هەمانکاتدا سەربازێکی نەناسراوە و هەرگیز خۆی دەرنەخستووە، لە هیچ شوێنێکدا ناوی خۆی نەبردووە.

جلال سائیب، هادی سائیب، ئەنوەر سائیب هەرسێکیان برای خوالێخۆشبوو جەمیل سائیبن، هەموو بەرهەمی ئەدەبی و مێژوویيان هەیە، ئێستاش دەستخەتێکم لایە کاتی خۆی خوالێخۆشبوو جەلال ئەفەندی دایمێ، کە لە مێژووی کورد دەدوێ و ئەویش لەکاتێکدا دەستی کەوتبوو کە لە ناوچەی بادینان‌دا قائیمقام بوو، ئەو دەستخەتە گەلێك بە کەڵکم هاتووە، لە وردکردنەوە و (مراجعات)مدا.

شەماڵ سائیب

(*) (متن)ە ئەسڵییەکەی (لە خەوما) بە قەڵەمی جەمیل صائب لای ئەم بەڕێزە بوو.

() بە پێویستی نازانم ئەم بۆ چرووکە لێرەدا بڵاوبکەمەوە چونکە شوێنی ئەو نییە. جگە لەوە کە لە (رۆشنبیری نوێ)ی ژمارە (٤٢ی رۆژی ۱۹۷٤/۱۰/۲۱)دا، بە قەڵەمی جەماڵ بابان بڵاوکراوەتەوە.

ئەمیش گـەنجێکی هەڵکـەوتووی بەنرخـە بەتایبـەتی لـە گـۆرانی و مۆسـیقادا و ماستەری لە ئەمەریکا وەرگرتووە، کوڕی جەلال سائیبە.

ریالیزمی رەخنە لە کوردەواریدا

هەندێك بەروبوومی ئەدەبی هەن نرخیان هەر لـەوەدا نییـە کـە ئایـا لـە رووی رۆشنبیری و هونەرەوە بایی چەندن و چەند نین و تا چ رادەیەك لـە دنیـای خـەیاڵ و هونەری ئەدەب و پەروەردەی زەوقدا دەوری کاریگەر دەگێڕن، بەڵکو نرخی راسـتیان لەوەدایە کە بەڵگەی زەمان و چەرخی خۆیان و بەوردی چرای رەخنە ئاڕاستەی کەلێن و قوژبنی تاریکی کۆمەڵەکەیان و ئەو قۆناغە دەکـەن کـە پێیـدا رۆیشـتوون، وەك ئاوێنە رووداو دەخەنە روو.

ئەی ئەدەب ئاوێنەی ژیان نییە؟

بۆ نموونە نووسینەکانی ئەلکسەندەر دۆماس و شارلز دیکنز و مەکسیم گۆرکی، ئەمانە هەموو پەردە لە رووی دەورێك هەڵدەماڵن کە خاوەنەکانیان تیایدا ژیاون. ئـەگینا نووسـەر مادەکەی لە کوێوە دەهێنێت لە رووداوی دەوروپشتییەوە نەبێت کە بە چاوی خۆی دەیبینێت یا بە گوێی خۆی دەیبیستێت بەجۆرێك کار دەکاتە سەر دەروون و ئەودیو دەروونیشەوە.

بەداخەوە تا ئەم دواییە لە کوردەواریدا کارێکی ئەدەبی ئەوتۆ سەری هەڵنەداوە کە گرێی رووداوی رۆژێك لە رۆژەکانی مێژوومان بۆ بکاتەوە و چمکێکمان بـۆ دەرخـات، بەو شێوەیەی کە لەناو میللەتانی دەوروپشتماندا هەیە. بۆیە ئەوەی هەبێت بە دانسقە دادەنرێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو بەرهەمەش لە خۆیدا، شتێك بێت.

لای خۆمان ریـالیزمی رەخنـە Critical Realism بـە شـیعر لـە زەمـانی ئەحمەدی خانییەوە (١٦٥٠ – ١٧٠٦) دەستی پێکرد(*) و بەرە بەرە پەرەی سەند لـە

(*) ئەگەر زیاتر وردی بکەینەوە لە زەمانی بابا تاهیری عوریاندا بە شیعر هەبووە (٩٣٥ – ١٠١٠) جگە لەوەی رەخنە لە فۆلکلۆردا زۆرە کە مێژووەکەی نازانرێت.

زەمانی حاجی قادری کۆییدا (١٨١٦ – ١٨٩٧). ئینجا شاعیرەکانمان (پیرەمێرد، زێوەر، بێکەس، سەلام، جگەرخوێن...) پەیڕەویان کرد، بەڵام بە چیرۆك (رۆمان) یاخود سەرگوزشتە، رەخنە ئەوەندە برەوی نەبووە، چونکە هونەری چیرۆك نووسین وەك شیعر سەری هەڵنەدابوو یاخود شان بە شانی ئەو نەرۆیشتووە.

لەم بابەتەوە لە ساڵەکانی بیستدا ئەم (لە خەوما)یەی لەمەڕ خۆمان و (مەسەلەی ویژدان)ەکەی ئەحمەد موختار جافە جگە لە چیرۆکی زۆر و زەبەند لە فۆلکلۆردا کە نەنووسراوەتەوە.

لە ساڵەکانی دواییتریشدا مامۆستایان حوزنی موکریانی و شاکیر فەتاح و ئیبراهیم ئەحمەد، لە چیرۆکدا پێشڕەو بوون.

لە خەوما یەکێکە لەو کارە ئەدەبیانە و بەشێوەیەکی ساکار و نەرم و لەسەرخۆ (دەوری حوکمی شێخ مەحموودی حەفیدی لە سلێمانی) خستووەتە بەر رۆشنایی و بەرچاوی خەڵك. هەرچەندە زۆر کەس دەڵێن کەوا (تەنها لایەکی ئەو دەورەی گرتووە نەك هەموو لایەنەکانی، واتا تەنیا لایەنە سلبییەکەی یاخود تاریك و کاڵ و کرچەکەی گرتووە نەك هەموو سەرێکی) کە ئەمەش راستە و بێگومان هۆی تایبەتی خۆی هەیە، وەك لە دواییدا روونی دەکەینەوە، بەڵام ئەگەر ئێمەش ئاوڕێك لەو رۆژانە بدەینەوە و بە ئینساف و وەك خاوەنی ویژدان سەیری لایەنە (باشەکان یاخود ئیجابییەکان یاخود روونە پێشکەوتووەکان) بکەین، ئایا چی دەبینین، بەداخەوە شتێکی ئەوتۆ نابینین کە بتوانین بەرگری لەو دامودەزگایە بکەین. بەڵێ من ئەو دەورەم بە چاوی خۆم نەدیوە و تیایدا نەژیاوم، کە ئەمە کارێکی زۆر دەکاتە سەر بیر و هۆشی نووسەر، بەڵام ئەو دەمەش ئەوەندە دوور نییە لێمانەوە و بە سەدان پیاوانی دونیادیدە و ئاغر و راستگۆی ئەوسا، هەموو شوکر تا ئێستا ماون تاڵی و ناخۆشی ئەو سەردەمەیان هەموو چێژتووە. ئەوی خەتا و ئەنجامی ئەو بارە شێواوە ناهەموارەش بخاتە سەر شانی تەنیا شێخ مەحموود خۆی، زوڵمێکە لەو پیاوە دەکات.

کەوابوو نرخ و هونەری ئەم کارە ئەدەبییە، تەنیا لە دەرخستنی کەل و قوژبنی تاریك و هەرد و نشێو، و گۆمە بۆگەنەکان و زەلکاوەکانی زەمانی شێخ مەحموود دایە و بەس، بەڵام زیاتر بەشێوەیەکی رۆژنامەچییانە و ریپۆرتاج (چونکە کاکینە خۆی بە رۆژنامەچییەتی دەستی پێکرد و هاتە کۆڕەوە) نەك وەك چیرۆك ناوی پاڵەوانەکان بهێنێت یاخود ناویان لێ بنێت و لایەنی لێکدانەوە و (تحلیل) بگرێت. بۆیە لەم رووەوە من (مەسەلەی ویژدان) بە باڵاتر و سەرکەوتووتر دادەنێم، بەڵام لە هەندێك روویترەوە ئەم لە پێشترە وەك لەمەودوا بۆمان روون دەبێتەوە.

دەوری شێخ مەحموود

شێخ مەحموود دوو جار حوکمی سلێمانی کرد، یەکەمجار لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨وە تاکو مانگی حوزەیرانی ١٩١٩ (شەڕەکەی دەربەندی بازیان) و گیرانی شێخ بە دیل. دووەمجار لە ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٩٢٢وەوە تا مانگی تەمووزی ١٩٢٤ کە هێزی ئینگلیز سلێمانیی داگیرکرد. گومانی تێدا نییە کەوا کۆمەڵە زروفێکی ناو شار و ناو کورد خۆی و دەوروپشت و هەموو جیهان دەوری حوکمی شێخیان دابوو کە لێرەدا ماوەی درێژەپێدانیان نییە. دیسان گومانیشی تیا نییە، کەوا شێخ مەحموود خۆی پیاوێکی بە ئایین و راست و ئازا و نیشتمانپەروەر و دڵساف و داوێنپاك بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا پیاوێکی خۆشباوەڕ و عەشایەری و نیمچە خوێندەوار و کەم تەجروبە بوو لە مەیدانی سیاسەت و درۆ و دەلەسەی ناو دەوڵەتاندا. جگە لەوەی هەموو جۆرە کەسێك دەوریان دابوو، لە کوردی پاکی نیشتمانپەروەر و ئینگلیزخواز و جلخواز و تەماعکار و خۆپەرست. هەریەکە بەلایەکدا رایدەکێشا و هەر کەسە لە ئاشێکی دەکرد. شێخی دڵپاك و بەدین و دوو دڵ بەدەستیانەوە گیری خواردبوو، هەر رۆژە لەسەر رایەك و هەردەمە بەجۆرێك دەجولایەوە. پیاوی خراپ و خۆپەرست و چاو لە دوو سەرکەوتووتر بوون. پەرژینێکی سفتیان لە دەوری تەنیبوو. ئەمیش لە

ئەنجامی فڕوفێڵ و تەڵەکە و دەستبڕیندا بـڕوای بـە ئینگلیـز نـەمابوو. ئەوەنـدە تێگەیشتبوو لێیان کە هەموو کردەوەیەکیان و گشت جولانەوەیەکیان بەرژوەنـدی پیرە ئیمپریالیزمی تێدایە.

ئەمانە هەموو تێکەڵاو بووبوون و بەرەنگاری شێخ دەبوون، بەڵام لە هەمان کاتـدا پیاوی راست و پاك و دڵسۆزیشی هەبوو، هەرچەندە دەفیان دەنگی نەدەدا، جگە لەوان خەڵکی سـلێمانی بەتایبـەتی و کـورد بەگشـتی، گـەلێك قوربانیانـدا و فیـداکارییان زۆربوو، خۆیان بەرامبەر بە گرانی و قاتوقڕی، راو و رووتـی عوسمانییـەکان و زوڵـم و زۆریان، بۆمبا بۆردوومان و ئاگربارانی ئینگلیز و زۆر کارەساتی سەختیتر راگرت.

بەڵگە بۆ ئەوانـەی بـاسکردن یاداشـتەکەی خوالێخۆشـبوو رەفیـق حیلمییـە کـە ئاوێنەیەکی روونە بۆ تاودانەوەی باری ئەوسای حوکمڕانی شێخ مەحموود، کاروبار چۆن دەڕۆیشت و کی ئاشوەستابوو؟

مامۆستا رەفیق حیلمی دەڵێت: ((شێخ مەحموود دوای ئەوەی بوو بـە حوکمـداری کوردستان کەوتە وەستاوێکی گرنگەوە، لە کاروباری حکوومەتدا کـەم تەجروبـە و لـە مەیدانی سیاسەتدا بێکەس بوو..))(*) دوابەدوای ئەوە دەڵێن: ((ئازایی و بێ ترسی و کەمتەرخەمی خۆشی لەو هۆیانە بوون کە بە هەڵەی بەرن. لەبـەر ئەمـە بـەختی زوو رووی کردە کزی، چونکە رێوشوێنێك کـە لـە هەڵسـووڕاندنی کاروبـاری عەشـایەریدا لەسەری رۆیشتبوو، بۆ تەکبیر و رای ئیشی حکوومەت بە کەڵك نەئەهات، ئەوانەی کە لە حوکمدا نزیك ئەبوونەوە، لەم بابەتە بـوون. دەسـتوپێوەندی نـەفام و نەخوێنـدەوار، دەوروپشتی چاوبرسی و دوای تالانکەوتوو، نۆکـەری خەنجـەر لـە پشـت و عەشـایەری تفەنگ لە شان...))(□)

(*) یادداشت، بەرگی یەك، بەشی یەك، لاپەڕە ٦٧.

(□) هەر ئەو بەرگ و بەش و لاپەڕەیە.

لێرەدا پیاو ئەو مەسەلە عەرەبییەی بیر دەکەوێتەوە کە دەڵێت (ما أشبه الليلة بالبارحة).

یەك دوو پەڕە دوای ئەوە دەفەرمووێت: ((...هەرچەندە لە بەغدا و تورکیاوە هەندێك لە زابتە کوردەکان هاتبوونەوە سلێمانی و لەو سەردەمەدا هەندێ خوێندەواری باش و نیشتمانپەروەر لەوێ بوون و دەیانویست کە تێبکۆشن و یارمەتی جوکمدار بدەن، بەڵام ڕێکەوتنی تاقمی دەوروپشتی حوکمدار و ئەمانەیتر نەئەگونجا و تاقمی یەکەم لە بەینی حوکمدار و تاقمی دووەمدا، لە خەنجەر و دەمانچە دیوارێکی دروستکردبوو، ئەگەر حوکمدار بیویستایە ئەم دیوارەی دەڕووخاند، بەڵام نەترسان لە دوارۆژ و ئازایی و کەمتەرخەمی و گرێی نەفسی کە بەرامبەر بە زابت و منەوەرەکان پەیدا کردبوو، بەرهەڵست بوو... عیزەتی فاتە و فایقی تاپۆ کە توانیبوویان لە شێخ مەحموود نزیك بکەونەوە، تا بەینێك (کاتم أسرار)ی بوون، زوو لێی جیابوونەوە. زۆریتریش بە تەمابوون کە تا سەر لەگەڵ شێخ مەحموود بن و بەبێ درۆ یارمەتی بدەن، بەڵام داخەکەم ئاواتەکانیان نەچووە سەر)) تاکو دەڵێت: ((..لەمەش جێی داختر ئەوە بوو کە هەندێك ناڕەسەن و پەسمایە لە ئەهلی شارەکەش بووبوون بە پۆلیس و نۆکەری ئینگلیزەکان و شانازییان بە جاسووسییەوە ئەکرد... نۆکەر بە خەنجەر و دەمانچەوە، دایەن و کەنیزەکان بە هاڕەی خشڵ و هەیاسە و لاگیرەی زێڕینەوە کەوتنە کەشوفش، شەرواڵ و مرادخانی و چەفتە و مشکی سوورمە و ئاوریشمی دەستەی شێخان و دەسوپێوەند، دیمەنێکیتری دابوو بە سلێمانی))(*).

جا بۆ ئەوەی خوێنەری ئازیز زیاتر لەزەت لە سەفەرەکەی مامۆستا سائیب وەربگرێت پێویستە چاوێك بخشێنێت بە ژمارەکانی یاداشتدا و بەو کتێبانەیتر کە باسی ئەو دەورە دەکەن.

(*) یادداشت، جزمی یەك، بەرگی یەك، لاپەڕە ٦٤.

بۆ نموونە ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی شێخ محەمەد خالسی(*) کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانییە کە لە ساڵی ١٩٢٤دا بۆ مەحموودی ناردووە و چۆنیەتی باری ئەو دەمە دەخاتەڕوو.

لەپاش دامان و پا ماچکردن و عەرزی دوعا خوانی
وەڕین دەست پێدەکا بەچکەی گەماڵی پیری گەیلانی
دەڵێ بۆچی دەرتکردم ئەگەر پاست نەکەم بەخوا
هەموو چەڵتووکەکەت دەخوا بەرازی قوتبی ڕەببانی
یەکانە و پەڵخ و مالۆسی قەوی قوڵی گەلێ زۆرە
بەری ملیان لە کوێ دەگرێ پشیلەی کانی ئاسکانی
لەپاش تالآن و عەزل و لانەواز و خانەوێرانی
حەواڵەی خۆت دەکەم قوربان چلۆن بێم بۆ سلێمانی
لەبەرچاوت وەکو یەك وایە بێ فەرقن لە خزمەت تۆ
شەهێن و حاجی لەقلەق، شێر و ڕێوی، مرشید و جانی
کەر و گا خەرجی بار و جووتە ئێستر ماڵی کاروانە
ئەمانە نابنە کوێخا و رئیس و میری دیوانی
بەیار کێڵان و گای لەڕ، پیر و کچ خوستن، ژن و تەدبیر
سەگ و جۆ، ئەسپ و ئێسك، بۆق و سەردار، جرجی ناوکانی
عەبا و کەر، فێست و ریوی، ورچ و شەپقە، مێزەر و مەیموون
حەیا و کوێر، شەرم و دۆم و وەفا و نامووس و سۆزانی
لە کوێت دۆزینەوە ئەم کوێر و عوورانەی لە خوا عاسی
چلۆنت کەوتە خاتر مشکەکوێرەی ورچی کوێستانی
هەموو شێر و پڵنگن وەختی نانخواردن لە ئەترافت

(*) کە لە ساڵی ١٩٢٨دا فەرمانی یەزدانی بەجێهێناوە.

سمێڵبابڕ، کفندز، کەللەخڕ، پەرچەم مەریوانی
دوعات با بۆ بکەن ئەمجا، بە تەدبیریان نەکەی زینهار
مەلا و دەروێش و سۆفی و شێخەکانی لوقمە باتمانی
لە ڕۆژی وا پیاوێك چاترە بۆ تۆ لە دوو سەد کەس
هەزاری لیرەیەك ناکا، دە پارە و پوول و تارانی
لەسەر ئەم میصرەعە لادەم بچم بۆ میصرەعی سانی
بڵێم ئەی پاسەوانی میللەت و ڕێگەی موسڵمانی
وجوودت فەخرە بۆ من چونکە لای من فەخری کوردانی
نەوەی کاك ئەحمەد و نوتفەی حسێن و شێری یەزدانی
....
....(*)
هەتیو چیت وت زمانت هەڵوەرێ غەڵەتێکی گەورەت کرد
لەلای خۆت شاعیری هێشتا قسەی پیاوانە نازانی
خراپەی چاکەیە، زامی شیفایە، حیدەتی حیلمە
جنێوی فەخرە، تالآنی عەتایە، عەفوە عنوانی
کەرەمکار و وەفادار وەلی خلووق و عەلی کردار
تەبیعەت چاك، تەبیعەت پاك و پڕ نوور و نوورانی
فەلەك مل شۆڕ نەکا ئەمڕۆ لەژێری پێی کەسێ شێخ مەحموود
مەلەك مەجبوور ئەبوو ئەمڕۆ لە تاعە و حوکم و فەرمانی
ئەوەندەی باری تەعنە کەوت بە ملدا (خالسی) ئەمڕۆ
ئەهاتە خزمەتت قوربان وەلێ زامدارە سەرشانی

(*) دوو بەیتی فارسین بە پێویستمان نەزانی بڵاویان بکەینەوە.

هەر بۆ ئاگاداری و بەڵگەی قسەکانی پێشوومان ئەم پارچە شیعرەی ئەحمەد بەگی ساحیبقڕان (حەمدی)یش دەخەینە پێش چاو کە لـە بابـەت (..ئیـدارەی کوردسـتانی جنووبی ساڵی ١٩٢٣)وە نووسیویەتی(*).

باسی تەشکیلاتی سانی هەر ئەکەم بۆ پێکەنین
کەمترین بوو گەورەتر، هەم گەورەتر بوو کەمترین
ناعیلاجم ئیسم و شوهرەت باس ئەکەم عاجز مەبن
تا ببینن شکلی وەزعییەت بەجارێ قاریئین
(کویلی مولازم) وەزیری خاسەیی قۆڵی یەسار
ئیبنی سەر مزگەوت وەزیری موشفیقی قۆڵی یەمین
کاتبی مابەین بوو (تاهیر) تەرجەمەی حاڵی بکەم
پیس ئەبی دیوان لە پاشا موستەحەقە بۆ دڕین
حەیفە تەعریفی رەشە و عمێ و... دایە نەکەم
ناکرێ، ئەعزان ئەمانە چونکە عزووێکی بەرین
خەزنە کیشەی باخەڵ و مەسرەف، حاجی فەتاح
حاملی سینی حەماڵ و زەرفی پڕ ماشێنی شین
تابعین ئەلوات و هەرزە قاتیل و دز بوو هەموو
ئەهلی ویجدان و شەریف و تێگەیشتوو مونکرین
زابتانی عەسکەری زۆرە و زرە و ئەولا درێژ
هەردوو جلخوار و قلێش و یۆنسی باجی هەمین
ئەمری یومییە هەموو هەر حەپس و زنجیر و جەزا
فیکری لەیلییە هەموو هەر کوشتن و یەغما و دزین

(*) وەك لە دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ ساحێبقرانەوە وەرگیراوە، لە بڵاوکراوەکانی نامەخانەی گەلاوێژ چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا ١٩٥٧ لاپەڕە ٨٦.

حاكمی شەرع و عەدل و مەحكوومی عالەم مارفەشەل
موخبری سادق بوو كازب سووئی زەن عیلمویەقین
قاوەچی و پێش خزمەتی دیوانی عالی دووسمە
ئەم بوو مەشهووری قولی بوو بەو بوو مەعرووفی شەلین
موحتەرەم مەئمووری تەشریفاتی دەوڵەت بوو
نازری فەرشە رەحە، بۆ خەڵوەتی ئامە ئەمین
جائیزە بۆ میللەت و كوردایەتی بێ رەشبەڵەك
باجی رەحمە بێ قەزابێ نایەڵێ رێك هەڵپەڕین
گەرچی ئێستا مردووە موقعیە باسی هەر ئەكەم
نانەوا گوێڕەپ بۆ شەخسی ئەوەل و مەجلیس نشین
جەردە شێخ... كە مورشید بوو لەگەڵ دەروێشەكان
من كە وامزانی لە كوورەی حەڵقەیی زیكرا فڕین
سەیری سیرەت كەن كە سورەت رووكەشێكی سەفییە
گورگ ئەچێتە پێستی مەڕ زاڵم ئەبێتە پۆست نشین
ناوی جەمعییەت موجاهید بۆ وەزیفە جیا جیا
دەستە دەستە قاتیل و دز بۆ عیبادی موسلیمین
باسی نەفسی خۆی بەفزلە من ئەزانم موختەسەر
ئاشكارە قیمەتی گەورە بە تەعریفی قەرین
ناوی ئەو وەختە بە قانوونی تەبیعەت دانرا
چەرخی چەفیە و زلف و كاكۆڵ دەوری سەرسنگ و سەرین
هاتەدەر بۆ ساڵی تاریخی (كەوا اخر شری) ١٣٤٣ ه
كەوتە بانەوبان بەیادی (بانە) بوونە قەلفڕین
وا بەحیدەت چاوی هەڵهێنا وەتەن دیسان ئەڵێ
من هیلاكم بۆ خەلەف تۆ چارەجۆی و دووربین

وازحی نالّیی دەوای دەردم بە تەوریەی بلێ
شینە یاسینە دەخیلە جارێ یاسین جارێ شین
جا دوعاکەم بۆ بکە ئەمما وەکو ویردی زمان
تا سەرا پەردەی فەلەك ماوە هەتا فەرشی زەمین
(رەببی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەلّوەرێ
هەر کەسێ گولّشەن بەدەردی کولّخەنی دۆزەخ بەرێ)

تاقمە سیاسییەکانی ئەودەمە

وەك بە قسەکانی لەمەوپێشدا بۆمان دەرکەوت ئەوسا چەند تاقمێك هەبوون لە سلێمانیدا، کە هەر لایە لەسەر رایەك بوون. هەبون تورکچی و بەناوی سولّتان و ئایینی ئیسلامەوە دابوویانە بەری، ئەو زەمانە (ئۆزدەمیر)یش(*) هێشتا بە شاخەکانی رەواندزەوە مابوو هانی دەدان، ئەمانە جلخواریان پێدەوتن، هەبوون سەر بە ئینگلیز بەو بڕوایەی (وەك خۆیان بلاویان کردبووەوە) رزگارکەری قەومە بچووکە بێ دەسەلاتەکانن لەژێر چنگی دەولّەتە گەورەکان، بەلاّم لە دواییدا کە هەموو شتێکیان بۆ روون بووەوە، ئەوانیش بایان دایەوە. هەشبوون کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر، بۆ پێگەیشتن و پێشکەوتنی میللەتەکەیان هەولّیاندەدا. کاکینە یەکێ بوو لەوانە، هەرچەندە هەندێك هەن بە ئینگلیزخوایان دەدایە قەلّەم. ئەگەر واش بووبێت و لە هەوەلّەوە پڕوپاگەندەی ئینگلیزەکان کاریان تێکردبێت، بەلاّم لە دواییدا ئەویش هەموو شتێکی بۆ روون بووەوە و ئینگلیزی ناسی، ئەی لە تاو بۆمباردمانی ئینگلیز ئەویش لە شارەکەی خۆی ئاوارە و دەربەدەر نەبوو؟

(*) ئۆزدەمیر یاخود (علی شەفیق) ئەفسەرێکی تورك بوو لە کەمالییەکان لەناوچەی رەواندز ئیشی پێ سپێردرا بوو، قسە و پڕوپاگەندەی تاڕادەیەك کاری کردبوو. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە ئینگلیزەکان هاتبوونە کوردستانەوە، واتە لە سالّەکانی بیستدا.

بۆمبابارانی سلێمانی

ساڵی ١٩٢٣ ئینگلیز دەستی کرد بە بۆمباردمانی شاری سلێمانی، بۆ ئەوە شێخ مەحموودی تیا دەرپەڕێنێت، لە کاتێکدا کە شێخ و دەستە و دایەرەی بەینێك بوو شارەکەیان چۆڵ کردبوو. دانیشتوانی شارەکەش لەتاو بۆمباردمان و لە ترسی راو و رووتی عەشایەر و بەتایبەتی هەمەوەند، ئەوی لە توانایدا بوو سلێمانیی چۆڵ کرد و هەریەکە بەلایەکدا بۆی دەرچوو. شێخیش لە ناوچەی سورداش و لە ئەشکەوتەکانی جاسەنە، بەینێك مایەوە تاکو رۆژنامەی (بانگ حق)یان لەوێ دەردەکرد، ئەوەبوو لەوێشەوە چوون بۆ ناوچەی پێنجوێن، بەڵام شاری سلێمانی بەردەوام یاخود پچڕ پچڕ هەر بەدەست دەستە و دایەرەی شێخ و عەشایەرەوە بوو.

جەمیل سائیبیش یەکێك بوو لەوانەی بەخۆی و ماڵ و منداڵییەوە سلێمانیی بەجێهێشت، چوو بۆ کەرکووك، دوو ساڵێك لەوێ مایەوە تا ساڵی ١٩٢٤ کە حکوومەتی عێراق دامەزرا، ئەوسا ئەویش گەڕایەوە سلێمانی.

کوشتنی عارف سائیب و جەمال عیرفان

وەك لەمەوپێش وتمان عارف سائیبی برای کاکینە لە دێی قەرەچەتان لە مانگی مایسی ١٩٢٣دا بەدەستی خزمێکی شێخ کوژرا، لە کاتێکدا کە ئەویش هاتبووە دەرەوە لە شار و دابوویە پاڵ لەشکری شێخ، بەڵام بە ناحەق دڵیان لێ پیس کرد کەوا گوایە دەیەوێ بگەڕێتەوە و وازبهێنێت. شێخ وەك دەڵێن ئاگای لە کوشتنی نەبووە و کە خەبەرەکەشی بیستووە پێی ناخۆش بووە. ئەوەتا مامۆستا هاوار دەڵێت(*) ((..وەنەبێ شێخ مەحموود بە کوشتنی عارف سائیب رازی بوویێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە کە هەواڵی کوشتنی ئەبیستێ زۆر دڵتەنگ ئەبێ و ئەمری کوشتنەوەی ئەو کەسە ئەدا کە عارف سائیبی کوشتووە و ئەفەرمووێ: رەزا بەگ مەلا عارف

(*)لە (پیرەمێردی نەمر)دا چاپخانەی (العانی) ساڵی ١٩٧٠ لاپەڕە ٧٢.

خۆشەویستم بوو، لە هەموو راز و نهێنیم ئاگادارم ئەکرد، زیرەك و بە جەوهەر بوو، خوا حەمە[*] بگرێت، ئەبێ بکوژرێتەوە)). کەوابوو شێخ ئاگای لێ نەبووە، بەلام هەرکەس بۆخۆی بوو، خزم و کەسوکار و خۆبەرەوپێش (انتهازی) و چاو لە دووەکان، کاروباریان گرتبووە دەست. جا ئەگەر یەکێك برای ئاوا بەخۆڕایی بکوژرێت چۆن ئەوەی لەبیر دەچێتەوە، بەتایبەتی کە لەوەپێش عارف سائیب سکرتێری شێخ و نزیکترین کەس بووبێت لێوەی، با ئاگاشی لێ نەبووبێت کە ئەمە ئەوسا ساغ نەبووەوە، ئەمە لە لایەك.

لەلایەکیترەوە جەمال عیرفان کە یەکێك بوو لە منەوەرەکان (رۆشنبیرەکان)ی ئەوسا و برای حەبیبە خانی ژنی و دوای ئەویش برای حەپسە خانی ژنی، دیسان لە مانگی کانونی یەکەمی سالی ١٩٢٣دا کوژرا، کوشتنەکەی ئەویش هەر درایە پال شێخ و ئیتر ئاگای لێبوو بێت یان نا، هەر ئەو لێپرسراوە چونکە لەکاتی دەسترۆیشتنی ئەودا بووە. ئەمە لە ماوەی سالێکدا کە ١٩٢٣ بوو. دوو عەزیز و خۆشەویستی کاکینە کوژران، لە کاتێکدا کە خۆشی ئاوارە و لەگەل مال و مندالیا لە غەریبایەتی دەژیان. بۆیە من گومانم لەوە نییە کە کوشتنی ئەم دوانە کارێکی زۆری کردووەتە سەر دل و دەروونی کاکینە و سەرنووسینەکەشی. ئێجگار لەبەر ئەوەی کە بەبێ سوچ و گوناح هەردووکیان کوژران، تەنها ئەوە نەبێت کە تێگەیشتوو (منور) بوون. ئەمە جگە لەوەی کە باری ئەوسای سلێمانی وەك لە چیرۆکەکەدا هاتووە و وەك لە خەلکی دەبیستین زیاتر لەوە نەبووبێت کەمتر نەبووە کە ئەمانەش هەموو (واقیع)ێکی تال و تفتمان دێنێتە بەرچاو، هەر ئەو (واقیع)ە پڕ ناسۆرەش بوو کە جارێکیتر و بە جۆرێکیتر هاتەوەکایە و دووپات بووەوە.

(*) مەبەستی شێخ محەممەدی سەیدە بچکۆلەیە.

بەڵام لە سەرێکیتریشەوە نابێ هەرگیز ئەوەمان لەبیر بچێت کە شێخی گەورە و مەزن هەڵگری مەشخەڵی ئازادی و ئاڵای نەتەوایەتی بوو، دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیز بوو کە هەتا ئیشیان بە کورد هەبوو لاواندیان و کە ئیشیان نەما پشتیان تێکرد، شێخی گەورە زوو لەم فرۆفێڵە گەیشت، بۆیە رۆژێك لە رۆژان سەری بۆ دانەنواندن و هەمیشە لە خەباتدا بوو لە دژیان و میللەتی کوردیش بە دوایەوە. کە ئەمەش بوو بەهۆی بڵاوکردنەوەی (وعی سیاسی) لەناو کورددا دژی ئیمپریالیزم.

روونکردنەوەیەکی خەوەکە

پێش ئەوەی لەگەڵ خەوەکەدا بڕۆین حەزم کرد چەند شتێك بۆ خوێنەری بەڕێز روون کەمەوە:

- نووسینەکەی (لە خەوما)م لەبەر دەستخەتی کاکینە خۆی نووسیوەتەوە تەنیا دەستکارییەکی کەمی رێنووسەکەیم کردووە و لە هەندێ شوێندا لەسەر رێوشوێنی رێنووسی کۆڕی زانیاری کورد رۆیشتووم تیایا * .

- لە دەستپێکردندا کاکینە دەڵێ: ((...لە دونیادا گیرم خواردووە، ساحێب کولفەت و منداڵ، بێ پول و پارە و دەست سپی و بێ مایە...)) مەبەستی ئەو کاتەیە بە ئاوارەیی لە کەرکوك بوو بێ ئیش و کار لەگەڵ ماڵ و منداڵدا.

- کە ئەڵێ: (...وەختیش ئاخر و ئۆخری پاییزە، سارد و سەرمایە..) وا تێدەگەم مەبەستی پاییزی ساڵی ١٩٢٤ بێت. چونکە ئەو ساڵی **١٩٢٣** چووە کەرکووك، دەبێ شتێکی پێ بووبێت لە سلێمانییەوە لەگەڵ خۆیدا بردبێتی، ئەوەی خەرج کردووە، لە ساڵی دواییدا کەوتووەتە دەستکورتی.

- دەڵێ: (...هەڵسام رووم کرد بۆ بەرەوژوور وتم وڵاتی ئیسلامە) مەبەستی لە کەرکووکەوە بەرەو سلێمانی چوونە.

- دەڵێ: (... ئەو شەو و رۆژە بەرەحەتی و بێ قۆرت و ئەمبەر و ئەوبەر هاتین بەرێوە هیچ سەغڵەتیمان نەدی..) کاروانی ئەوسا بە شەو و رۆژێك ئینجا لە کەرکووکەوە دەگەیشتە ناوچەی هەمەوەند. لێرەدا هێشتا نەگەیشتووە، بەڵام کە دەڵێ: (...یاخوا دوژمنی ئیمانت بێ. ئەو رۆژە لە سێ چوار لاوە جەردە و ئەشقیا هاتنە سەر رێگەکەمان بوو بە تەق و هۆڕی تفەنگ و شەڕ و هەرا...) مەبەستی گەیشتنە ناوچەی هەمەوەند و چەتەکانی ئەو ناوەیە.

---

* ئەم چاپی دووەمە بەگوێرەی ئەو رێنووسەیە کە دەزگای ئاراس لەسەری دەڕوات و لە ساڵی ٢٠٠١دا کۆڕی زانیاری کوردستان لە هەولێر پەسندیکردووە.

- بە قسەکانی کابرای خانچیدا، راو و رووتی کاربەدەستان و ئەو کەسانەمان پیشاندەدا کە خۆیان دابووە پاڵ شێخ.

- ئەوسا کە بیانویستایە یەکێك تێوەبگلێنن، بە جاسووسییەت گوناهباریان دەکرد، سەردەمێك دوای ئەوە بە کوردایەتی، ئینجا بە نازییەت دوای ئەوە بە شیوعییەت...

- ئەوانەی کە (وەسف)یان دەکات، هەموو کاربەدەستی ئەودەمە بوون، ئەوانەی لەو کاتەدا ژیابن بە ئاسانی هەموویان دەناسنەوە کە کێ بوون هەروەها ژنەکانیش.

- ئەو خانووەی کە باسی دەکات و ئەمیان تیا بەند کردووە، خانووەکەی ماڵی نەقیبە کە بەرامبەری مزگەوتی گەورەیە.

- چەند هەڵەیەك لە چیرۆکەکەدا هەیە (وەك باسی سەرما و بەستنی ئاو دەکات کە لە دەمەدەمی زستاندا شتی وا روونادات). ئەوانەش شتێکی ئەوتۆ نین لە نرخی کەم بکەنەوە.

- کۆتایی بە خەوەکە نەهاتووە، واتا چیرۆکەکە تەواو نەبووە، بەڵام مەبەستی هەموو داوە بەدەستەوە.

==

(*) ئەم نووسینە لە پێشەکی جەمال بابان وەرگیراوە کە لە کتێبی :جەمیل سائیب، لە خەوما (هەولێر: دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠) دا بلاوکراوەتەوە.

پێگەی جەمیل صائب لە چیرۆکی هونەریی کوردیدا

پ.ی. د.هیمداد حوسێن بەکر

پێشـــــەکی:

ئەم باسە تایبەتە بۆ مێژوو و سـەرهەڵدان و چـەکەرەکردنی فـۆرمی هونـەری چیرۆك ، وەکو یەکێك لە هونەرەکانی پەخشانی کوردی و هونـەرەکانی گێڕانـەوە، کـە ئـەمڕۆ لـە لێکۆڵینـەوە رەخنەییەکانـدا گرنگییـەگی زۆری پێـدەدرێت. بەشێوەیەك ، کە چیرۆك جیا لە هەقایەت و ئەفسانەو چیرۆکی بـەرئاگردان وەکـو ژانرێکی ئەدەبی و هونەریی لێی کۆڵراوەتەوە . هەر لە زووەوە بیرۆکەی نووسـینی ئەم باسە لە مێشکمدا دەخولایەوە، ئەوەبوو لەکاتی خوێنـدنی باڵایشـدا چـیرۆك بووە لایەنێکی هەوڵەکانم بەپێویستم زانی زیاتر تیایدا قووڵ ببمەوە، لە ئەنجامدا ئەم باسە هاتە کایەوە .

رێبازی لێکۆڵینەوەکە: رێبازێکی وەسفیی- شیکارییە، کە زیاتر بەناخی مێژوودا رۆدەچێت بۆ دەست نیشان کردنی فۆرمی هونەری چیرۆك وەکو ژانرێکـی سـەربەخۆ و بەشێوەیەکی وەسفیش لە چیرۆکەکانی قۆناغی یەکەم و بـە تایبـەتی هەڵوەسـتەیەکی خێرامان لەسەر چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل صائب کردووە .

سنووری لێکۆڵینەوەکە : بەشێوەیەکی گشتی لەچوارچێوەی کوردستانی باشووردایە مەگەر پێویستیی باسەکە ئاماژەی ئەو سنوورەی بەزاندبێت، کە ئەویش بـۆ خزمـەتی مەبەست و ئەنجامی باسەکە بووە .

بنیادی لێکۆڵینەوەکە: چەند سەرەباسێکی بەخۆوە گرتووە و بەدەوری ئەو تەوەرانەدا دەسوڕێتەوە وەکو فۆرمی هونەریی چیرۆك و پێوەندی بە بەرەو پێشەوەچوونی هەقایەت و چەند بیروڕایەکی جیاواز دەخاتەڕوو، پاشان ئەو هونەرە لە ڕووی مێژووییەوە لای میللەتانی دراوسێی کورد (تورك و فارس و عەرەب) کەی هاتۆتە کایە و گەشەی کردووە و خاڵی هاوبەش و ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی ئەوان لە چیرۆکی کوردیدا ئەنجا کێشەی یەکەم چیرۆکی بڵاوکراوە دەخاتە ڕوو بەخێرایی و بەشێوەیەکی وەسفی هەندێ خاڵی درشت دەربارەی چیرۆکەکانی قۆناغی یەکەم و بە تایبەتی چیرۆکی (لەخەوما) دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لە کۆتاییدا ئەنجامە گشتییەکان بەچەند خاڵێك دەست نیشان دەکات و سەرچاوەکانی بەشێوەیەکی زانستی ڕێزکردووە .

فۆرمی هونەریی چیرۆك لە ئەدەبی کوردیدا :

هەموو فۆرمێکی تازەی ئەدەبی، کە سەرهەڵدەدات لە ئەنجامی پێویستیەکی ژیاندا دێتەکایەوە، کە ڕەنگە فۆرمەکانی پێش خۆی بەتەواوی نەیانتوانی بێ ئەو بیرە بەرجەستە بکەن. فۆرمی هونەریی لە ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوان لە ڕووی شێوازە هونەرییەکەیەوە بە هونەرێکی ئەوروپی لەقەلەم دەدەن . **د. مارف خەزنەدار** دەڵێ: "چیرۆك هونەرێکی ئەوروپاییە ، پێوستیی ژیان وای کردووە وەکو روخسارێکی هونەری لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بڵاوببێتەوە لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم کەوتە ناو ئێمەشەوە"*

(**عومەر مەعروف بەرزنجی**) یش سەبارەت بە فۆرمی هونەری چیرۆك دەڵێ : "دوای جەنگی جیهانیی و هەرەس هێنانی دەستگای عوسمانییەکان نووسەرانی

---

* - د. مارف خەزنەدار، هەندێ لە شیرازەکانی دەفتەری ڕەخنەم، گۆڤاری دەفتەری کوردەواری،بەرگی سێیەم، ل ٥٢ .

کورد ئاشنایەتییەکی سادەیان دەستگیر بوو لەگەڵ نووسینی چیرۆکدا، ئەوەی زیاتریش زەمینەیێکی رەخساری ئامادەکرد و تارادەیێکی سنوور کورتیش پەلی پێهاویشت جگە لە چاپەمەنی هەستی بەسۆزی رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە بوو کە زۆربەیان لە دەرەوەی ولاّتەوە گەڕابوونەوە بەدلّیش دەیانویست کە خوێندەواران بناسێنن بەم هونەرە بەرزەی رۆژئاوا ....."*

(**حوسێن عارف**) پێی وایە "چیرۆکی هونەری وەك بابەتێکی ئەدەبی تازەی بێگانە هاتە ناو ئەدەبی کوردییەوە" دەستەی دووەمی ئەو توێژەرانە حەکایەتی دەولّەمەندی فۆلّکلۆری و پەندی پێشینان و لاوك و حەیرانی کوردی دەکەنە بنەمایەك بەلّێ ، ئەمە راستە لە ڕووی ناوەرۆکەوە ، دەکرێ بە بنەمایەکی بەهێز لەقەلّەم بدرێ، بەلاّم هەمووشیان لەوەدا یەك دەگرنەوە، کەبەرەو پێشەوەچوونی حەکایەتی فۆلّکلۆری کوردی و تەکنیکی تازەی ئەو هونەرە ئەورووپیە لەرێگەی ئەدەبی میللەتانی دراوسێوە دوای هەرەس هێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا بەناو میللەتانی کورد و عەرەب و فارس و تورکدا بلاّوبۆوە .

د. عیزەدین مستەفا رەسول دەلّێ: "ئێستا چیرۆکنووسەکان دوو بنەما لەبەرچاو دەگرن ئەوانیش کەلەپووری جیهانی و حەکایەتی کوردی، هەندێکیان بە وردی و بەدەست رەنگینی ئەم دوو بنەمایەی تێکەلّ کردووە لە چیرۆکنووسیندا هەندێکیشیان پشتیان بەیەك بنەما بەستووە ، بۆیە چیرۆکەکانیان بێ بایەخن" ، هەروەها بەردەوام دەبێ: "کتێبی مەولوودنامەی شێخ حوسەینی قازی ١٧٩١- ١٨٧٠ یەکێکە لە

* - عومەر مەعرووف بەرزنجی، لێکۆلّینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٩ ، ل١٢.

- حسین عارف، چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٠، بەغدا، ١٩٧٧، ل.١١

٣ - د. عزالدین مصطفی رسول، الواقعیة فی الادب الکردی، ص ٢٠٦.

هەروەها: د. عزالدین مستەفا رسول اراء فی القصة الکردیة ، عشرون قصة کردیة ، منشورات مجلة کاروان (١) ،بغداد، ١٩٨٥ ، ص ١٦٢ .

چاکترین مەولوودنامەکان لە ڕووی شێوەی هونەری و دەرخستنی جوانکاری زمانی کوردی لەناوەڕۆك و شێوازە چیرۆك ئامێزەکەیەوە "*

"**مستەفا سالح کەریم**" یش لەگەڵ ئەوەیە :" بنەمای چیرۆکی کوردی ئەو حیکایەتە میللییانە بووە کە دەماودەم بۆمان ماوەتەوە ..."[] ، ئینجا چیرۆکی عەرەبی بە بەراورد دێنێتەوە و دەڵێ : ئەو حیکایەتە میللیانە بەردی بناغەی چیرۆکی عەرەبیین – پێش کارتێکردنە ئەوروپاییەکە ..."[] .

لە ئەنجامدا دەتوانین جەخت لەسەر هەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە، کە فۆرمی هونەریی چیرۆکی کوردی ئاکامی لاساییکردنەوەی فۆرمی هونەریی چیرۆکی ئەوروپییە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، واتا راستەوخۆ لە ئەوروپاوە بە ئێمە نەگەیشتووە، چونکە رادەی هۆشیاری و پلەی خوێندەواری لە کۆمەڵی ئێمەدا دواکەوتوو بووە، تەنانەت تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیش ژمارەی خوێندەوار لە باشووری کوردستاندا زۆر کەم بووە و ژمارەی رۆژنامە و گۆڤار و بنیادی رۆشنبیری لاواز و دەگمەن بووە. دیارە کزی و لاوازی رۆژنامەنووسیی و چاپەمەنی، کە زەمینەیەکی بەرفراوانە بۆ بلاوکردنەوە و بەرەو پێشەوەچوونی ئەم هونەرە ژیارییە و سەردەمیە بۆتە هۆی ئەوەی ، کە میللەتی کوردیش وەکو میللەتانی دراوسێ درەنگ سوود لە فۆرمی هونەری ئەوروپی چیرۆك وەربگرێت. لە زمانی رۆژانە و بابەتی (Theme) ی هەقایەتی فۆلکلۆری و قەدەری پالەوان و رێکەوت رزگاری بێت . ئەگەرچی نکۆڵی

---

* - د. عزالدين مصطفى رسول . الواقعية في الادب الكردي، ص.٢٠٦ .

د.شوکریە رەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب ، هەولێر،١٩٨٩ ، ل١٨٥- ١٨٩.

پەرێز صابر محەمەد ، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، (نامەی ماجستێر)، ١٩٩٢،ل ٢٠- ٢٤ .

[] - مستەفا سالح کەریم ، سەرەتای لەدایك بوونی چیرۆکی هونەریی کوردی، گ کاروان ژ٣٧، ل١٤ .

[] - سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

لەوەش ناکرێت، کە چیرۆکنووسی کوردیش پەروەردەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵکەیەتی و کەلەپوور و فۆلکلۆری نەتەوەکەی لە رەگ و ریشەی قووڵی لە بیرکردنەوە و عەقڵی ئەودا جێگیرکردووە و پەندی هیچ وپووچ و ئەفسانەی ئەزەلی مرۆڤی یەکەمدا بەهۆی گرنگیدان بە هەستی نەتەوەیی و لاسایی ئەدیب و چیرۆکنووسانی ناسیونالیستی دراوسێ چیرۆك و ئەدەبیشی کردۆتە هۆیەك بۆ زیندووکردنەوە و شانازی کردن بە رابردوو و مێژووی نەتەوەیی خۆی و چیرۆکە مێژوویی و رەخنەیی و کۆمەڵایەتی و بەها رەوشتییەکان و زمانی رۆژنامەنووسیی لە سیما دیارەکانی ئەو قۆناغەن.

ئاماژەیەك بۆ چیرۆکی میللەتانی دراوسێ و کوردی:

شتێکی سەیر و رێکەوت نییە، لێکۆڵەرەوە عەرەب وفارس و تورکەکانیش ئەوە دووپات دەکەنەوە کە هونەری چیرۆك لە ئەدەبی ئەوانیشدا لە دوو کۆڵەکەی سامانی نەتەوایەتی و تەکنیکی هونەریی ئەورووپییەوە دروست بووە. رەخنەگرێکی وەکو" د. محمد غنیمی هلال" دەڵێ "سەرهەڵدانی چیرۆك تازەیە ، و لە ئەدەبیاتی ئەورووپاییە و وەرمانگرتووە"* بەنسبەت چیرۆکی هونەریی عەرەبیش لە عێراقدا لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا لەشێوەی خەودا چەند چیرۆکێك بە کاریگەری ئەدەبی تورکییەوە بڵاوکرایەوە و تەرجەمە کرا. پاشان لەسەر دەستی (محمود احمد السید) و (عبدلملك نوری) و (فؤاد التکرلی) زیاتر گەشەی سەند و قالبێکی هونەری بەخۆوە گرت. هەوڵە سەرەتاییەکانی چیرۆکی عەرەبیش بەچیرۆکی خەون ئامێز دەستی پێکردووە، چیرۆکنووسانی ناوەڕاستی بیستەکان لەخاڵێکدا کۆدەبوونەوە ئەویش رەخنەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتیان رووبەڕووی کۆمەڵی ئەو سەردەمە دەکردەوە. ئەوندەی خەریکی

---

*- الدکتور محمد غنیمی هلال، النقد الادبی الحدیث ،ص ٤٦٣.

- بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە: د. عبدالاله احمد، نشاة القصة وتطورها فی العراق ، بغداد، ١٩٦٩ .

- بڕوانە: علی جواد الطاهر ، محمود احمد السید رائد القصة الحدیثة فی العراق ، بیروت، ١٩٦٩ .

گەیاندنی بیر و مەبەست یان ناوەڕۆك بوون خەریکی تەکنیکی هونــەریی چیرۆکنوســین نەبوون وەکو هونەرێکی ئەدەبیی تازە . سەرەتاکانی چیرۆکی عەرەبی بە چیرۆکی درێــژ یان رۆمان دەستی پێکردووە بەتایبەتی وەکو لاسایی کردنەوەی رۆمان و چیرۆکە درێــژ و بە زنجیرەکانی تورکی، لەم رووەوە چــیرۆك و رۆمانــەکانی (**سـلیمان فـیض الموصـلی وعطاء امین و محمود احمد السـید**) لەساڵی ١٩٢٠ دا دیــار و بەرچــاون. ئــەم جـۆرە چیرۆك و رۆمانانەش بــە زمــانێکی ســادەو داڕشــتینێکی ســاکار نووســراون و زیــاتر ئامۆژگاری و رێ نیشاندانی چاکەو فێرکردنن، بەڵام لەڕووی شێوەوە ســەرەتای کورتــە چــیرۆك لــە عێراقــدا بــۆ چــیرۆکی (شــەهیدی نیشــتمان و شــەهیدی خۆشەویســتی) چیرۆکنووس (مراد میخائیل) و کۆمەڵــە چــیرۆکی (نەهامەتییــەکان)ی (محمــود احمــد السید) دەگەڕێتەوە. لەگــەڵ بــوونی ئــەو نموونانەشــدا هێشــتا لێکۆڵــەر و رەخنــەگرە عەرەبەکان نموونەی چیرۆکی هونەری راستەقینەی عــەرەبی لــە عێراقــدا بــۆ هونــەری راستەقینەی عەرەبی لە عێراقدا بۆ ساڵانی ئەم سەدەیە دەگەڕێننەوە.* ســەبارەت بــە چیرۆکی تورکیش هەروەکو ئەدەبیاتی مللەتانی دی "بەو ئەفسانانە دەستی پێکردووە، کــە لەســەر بنەچــەی دیــن و سواچــاکی بنیــات نــراون[] ، بــەڵام هــەروا بــەو شــێوازە رۆژهەلاتییەی خۆی مایەوە" هەتا وەکو چەمکی چیرۆکی نوێ بەشێوە ئەوروپییەکــەی دەرکەوت و لە بەرەبەیانێکدا کەوتە نێو مێژووی عوسمانییەوە لە ئەدەبی تورکیــدا بــە (سەردەمی رێکخستنەکان) ناسراوە[] ئەمەش لە رێگــەی وەرگێڕانــەوە بــە زنجــیرە لــە رۆژنامەی (الحـوادث) بلاوکرایەوە. بێگومان دیارە وەرگێڕان لەو بارودۆخەدا دەورێکــی گرنگی دی لە ناساندنی زمان و شێواز و تەکنیکی چیرۆکی هونەری نوێی ئەوروپی بــە ئەدەبیاتی رۆژهەلات لە رێگەی ئەدەبی عوسمانییــەوە و لــە ســەرووی هەمووشــیانەوە

---

*- بۆ ئەم زانیارییانە بڕوانە : د. عبدالله احمد نشاة القصة و وتطورها فی العراق.

[]- اکمل الدین احسان نشاة القصة و وتطورها فی الادب الترکی، مجلة القصة ، العدد العشرون، ص٩٠.

[]- سەرچاوەی پێشوو ، ل٩٠.

ئەدەبیاتی فرەنسی و چیرۆكنووسانی فرەنسی كاریگـەری راسـتەوخۆیان هـەبوو. بۆیـە سەیر نییە وەرگێڕانی بەرهەمەكانی ڤیكتۆر هیگۆ و بلـزاك و چـەندین چـیرۆكنووس و رۆماننووسی دی لەو سەردەمەدا لەسەر رووپەڕی رۆژنامەكانی توركی ئەو سەردەمەدا بڵاودەكرانەوە، هەروەها نابێ لێرەدا ئەوەیشمان لەبیر بچێت ، كـە لـە نێـوان سـاڵانی (١٨٦٠- ١٨٨٠) دا پێشكەوتنی چاپەمەنی و بڵاوبوونەوەی رۆژنامەوانییش رۆڵی لە دروسـتبوونی جـەماوەرێكی زۆری خوێنــەری لــە دروسـتبوونی جـەماوەرێكی زۆری خوێنەری چیرۆكی وەرگێڕدراودا بینی* .

چیرۆكی توركی لەسەر دەستی (**ئەحمـەد مەدحـەت نەفەنـدی ١٨٤٤ - ١٩١٣ز**) دەستی پێكرد، كە ناوەرۆكی چیرۆكەكانی لە فۆلكلۆری نەتەوەییەوە وەرگرتبوو . ئـەم چیرۆكنووسە بەرهەمەكانی رەنگدانــەوەی كەلـەپوور و فۆڵكلـۆری توركییـە لـە ڕووی ناوەرۆكەوە، لە ڕووی تەكنیكی چیرۆكیشەوە خاوەنی خەیاڵ و فانتازیایەكی بەرفراوانەو زۆرجار درێژدادڕی زۆری پێوە دیـارە و چـیرۆكنووس بـە سـەپاندنی بـیروڕا فەلسـەفی كۆمەڵایەتییەكانی خۆیەوە، لە فەزای چیرۆكەكەی دەچێتە دەرەوە. پاش ئـەم قۆناغـە كۆمـەڵەی (ثـروت فنـون) و لەسـەرووی هەمووبانــەوە ئـەكرەم مـەحمود رەجـانی زادە (١٨٤٧- ١٩١٤) و تۆفیق فیكرەت و (خالـد ضـیاء) و مەحمـەد رەئـوف و حوسـێن جاهد و ئەحمەد حیكمەت و (صفوت ضیاء) و چەندانی دی بەشێوەیەكی هونەریی نوێ دەیانڕوانیە ئەم هونەرە و لەهەقایەت جیایان كردەوە .

چیرۆك لە ئەدەبی فارسیشیدا بەهەمان شێوەی ئەو میللەتانە لە دوای جەنگی جیهـانی یەكەم توانی لەسەردەستی (محمد علی جەمالزادە و صادق هدایت و صادق چـوبك و جـلال ال احمد و محمد حجازی..) شێوەیەكی هونەری بەرز بە كارتێكەری ئەدەبی توركی و ئەویش لە رۆژئاواوە وەربگرێت، كە پێشتر وەكو مۆركی سەرەكی ئەفسانە و هەقایـەتی خورافـاتی میللی لە مێژووی ئەدەبیاتی فارسـیدا خـۆی دەنوانـد، چـەندین شـاكاری وەكـو شـیرین و خوسرەو و شانامەی فیردەوسی لەناو ئەدەبی فارسیدا و پاشـان بەرهەمــەكانی حـاجی زیـن

*- اكمل الدين احسان، مختارات من القصص القصيره،تقديم الدكتور پروت عكاشه.

العابدینی مەراغەیی و سیاحەتنامەی ئیبراهیم بەگ و شاکاری نووسەرانی دی بە رەگ و ریشەی قوولّی ریالیزمی خۆیان و بە زمانێکی تۆکمە و پتەویان بوونە بەردی بناغە بۆ سەرهەڵدانی فۆرمی هونەریی چیرۆك لە ئەدەبیاتی فارسیدا. لەساڵی ۱۹۲۵ دا چیرۆکەکانی محمد علی جەمالزادە "هەبوو نەبوو" و "حاجی ئاغا" ی صادق هدایت بوونە بەردی بناغە بۆ چیرۆکی هونەریی فارسی* . بە بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە چیرۆکی "یەکێ بوو ... یەکێ نەبوو" گۆڕانێکی بنچینەیی لە زمان و فۆرمی هونەری چیرۆکی فارسیدا هەستی پێدەکرێ بەتایبەتی کە لە هەندەران لە رۆژنامەی (کاوە) لە بەرلین ئاشنایی چیرۆکی رۆژئاوایی ببوو و کەڵکی لە زمانی گفتوگۆی رۆژانەی خەڵك وەرگرتووەو پاڵەوانەکانی سادە و بێگرێ و گۆڵ دەدوێن. ئەو داهێنانەی جمالزادە کۆمەڵێ نووسەری بە دوای خۆیدا **كێش کرد** (صادق هدایت) یش وەکو پێشەنگی دەستەی یەکەمی چیرۆکی فارسی بەرهەمەکانی خۆی بۆ دژایەتی دەستەڵاتی سیاسی بەکاردەهێنا و زمان و پاڵەوان و بابەتی چیرۆك و نۆڤلێتەکانی رەنگدانەوەی ئازار و ژان و مەینەتیەکانی چینی هەژاری میللەتەکەی بوو، لە هەمان کاتدا بەشێك لە بەرهەمەکانیش بۆ زیندووکردنەوە و شانازی بە مێژووی نەتەوەیی خۆیەوە تەرخان کردووە و بە قولایی مێژوودا رۆدەچێت و دەیکاتە بەرهەمێکی هونەریی سەردەم .

یەکەم چیرۆکی هونەریی بڵاوکراوەی کوردی:

سەبارەت بە دەست نیشانکردنی یەکەم چیرۆکی بڵاوکراوەی کوردییش بەپێی بیرورای جیاوازی لێکۆڵەرەوەکان لەمەڕ بنیاتە بابەتییەکانی چیرۆکی هونەری کورد دەگۆڕێت .

---

*- دکتر محمد استعلامی بررسی ادبیات امروز، چ۳ ص ۱۱۳- ۱۱۸. هەروەها حسن نکوروح ، نقش واقیعیتهای سیاسی در رمان فارسی، مجله نقد، دفتر دوم ،تهران، ابانماه ۱۳۵۷ ، ص۲۵- ۳۷ هەروەها: صادق هیدایەت پێشەنگی ریالیزمە لە ئەدەبی ئێرانی نوێدا، گ رزگاری، ژ٦، س۱، ۱۹٦۹، ل ۲۳- ۲۵ .

د.عیزەدین مستەفا رەسول مەولوودنامەکەی شێخ حوسەینی قازی (١٧٩٠-١٨٧٠ز) بە سەرەتایەکی ساکار دادەنێت*. ئەم وردە چیرۆکانەی ناو مەولوودنامەکەی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەموویان ئایینین " لەرووی شێوەی هونەرییەوە هەموو حیکایەتەکان بە دەربرینی (حیکایەت کراوە) دەست پێدەکەن و یەکسەر بێ پێچ و پەنا دەچنە ناو بابەتەکە و رووداوەکان دەخەنەڕوو و ئەنجامەکەش دەدەنە دەست"□ دەرکەوتنی رۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی لە کوردیدا دەورێکی گرنگی گێڕاوە لە چەسپاندن و گەشەسەندنی زۆریی هونەری پەخشان کە چیرۆکیش یەکێکە لەو هونەرانە. بۆیەکەمجار لە گۆڤاری (رۆژی کورد) دا چیرۆکێك لەلایەن (فوئادی تەمۆ)وە بە ناوی (شویش) لەسالّی ١٩١٣ دا بلاّوکراوەتەوە.□ بۆ چیرۆکی کوردیش لە کوردستانی باشووردا دەتوانین ئەو گرەوەی کورتە چیرۆکانەی لە رۆژنامەی "پێشکەوتن ١٩٢٠- ١٩٢٢" دا بلاّوکراونەتەوە بە سەرەتایەك دانێین بۆ دەرکەوتنی چیرۆکی کوردی.□ سالّی ١٩٢٥ ئەو سالّەیە کە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان بەسەرەتای چیرۆکی هونەریی دادەنێن،بەلاّم کام چیرۆك؟ رەوف حەسەن چیرۆکی (بۆچی جلخوارم) بەیەکەمین چیرۆکی کوردیی بلاّوکراوە لە کوردستانی باشوور دادەنێ. ** ،بەلاّم زۆربەی ئەوانی

---

*- بڕوانە د.عیزەدین مستەفا رەسوول، ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەلاّیەتیی چیرۆکی کوردی، گ کاروان، ژ ١٩، ل ٧ .

□- پەرێز صابر محەمەد ، بینای چیرۆکی کوردی ل٢١.

□- فواد تمو،گ رۆژی کورد ، ژ١ ، ١٩١٣، ل ٢٥- ٢٧،ژ ٢ ١٩١٣،ل٢٤-٢٥.

□- بۆیەکەم جار لە رۆژنامەی "پێشکەوتن" دا گرەوێك بۆ نووسینی کوردی پەتی لەلایەن (مێجەرسۆن)ەوە بۆ نووسەرانی کورد سازکرا، لە ئەنجامدا شێخ نوری شێخ صالح بە نووسینی (جووت و گا شتێکی چاکە) پاداشتی یەکەمی وەرگرت و مستەفا صائب پاداشتی دووەم و جمیل صائب پاداشتی سێیەمی وەرگرت، بڕوانە، رۆژنامەی "پێشکەوتن" ژ ٣٠، س١، سلێمانی ، ١٩٢٠،ل٢٤.

**- رەوف حسن، سەرەتای چیرۆکی کوردی و جیاوازی نێوان یەکەم چیرۆکی و دووەمیان گ نوێ ژ ٦٩ ، ل ١٥.

بێ چەند و چۆنی چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائب بە سەرەتای چـیرۆکی هونـەری کوردی دادەنێن ،* ئەگەرچی ئەوانەی لە ڕۆمانی کوردیش دەکۆڵنەوە لە کوردسـتانی باشوور لەگەڵ چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان) ی ئەحمەد موختار جـاف بـە سـەرەتایەکی کاری ڕۆماننووسـی دادەنـێن. بۆیـە بـەهۆی تێکـەڵاوی ژانـرە ئەدەبییـەکان لەلایـەن لێکۆڵەرەوە کوردەکانەوە بواری لێکۆڵینەوەکانیان تێکەڵاو کردووە ، کە لێکۆڵینەوە لە سەرەتا و سەرهەڵدانی چیرۆك هونەریی کـوردی بۆتـە کـارێکی قـورس" د. فـەرهاد پیربال سەرەتایەکی دیکەی بۆ چیرۆکی کوردی دەست نیشان کردووە و دەڵێ: (چـیرۆکی مەم و زین نوسراوی مەلا مەحمودی بایەزیدی ، کە لە هاوینی ١٨٥٦ بـە دیـالیکتی کرمانجی چیرۆکی کوردییە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا) . نووسەر لەو رایـەدا ورد نییە، چونکە هیچ جیاوازییەکی لە نێوان چیرۆکی هونـەری و هەقایـەتی فۆلکلـۆری و میللیدا نەکردووە، ئەگەر بۆ ئەو سەرەتا هەقایەت ئامێز و ئەفسـانەییە بگەڕێینـەوە، ئەوا مێژووی چیرۆکی نەوەکو هەر کوردی هی هەموو گەلان بەقەد مێژووی مرۆڤ خۆی کۆنە. لەلایەکی دیکەوە ئەم چیرۆکە نووسەرەکەی خۆی ئاماژەی بۆئەوەی کـردووە کـە کورت کراوەی چیرۆکی (مەم و زین) ی (خانی)یە و لەسـەر داخـوازی (ئەلیکسـەندەر ژابا) وە نووسیویەتییەوە .

نووسەری چیرۆکەکەیش لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە شارەزا نەبووە و تەنانـەت مێـژووی کورد دەگەڕێنێتەوە سەر عارەب و ئەجندە. جا دەبێ چەند شارەزای دونیای بەرفراوان و ئالۆزی چیرۆکی هونەری بووبێت .

---

*- د. عزالدين مصطفى رسول،الواقعية فى الادب الكردى، ص٢٠٦ .

الدكتور معروف خزندار، القصة الكردية، مجلة الثقافة الجديدة ، العدد ٢، ايار ١٩٦٩ ، ص٩٤.

- فاضل ئەحمەد ، سەرەتای پەیدابوونی چیرۆکی کوردی گ بـەیان ژ٢٩ ، بەغـدا ١٩٧٥ ، ل١٥ .

حسین عارف ، چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠، بەغدا، ١٩٧٧، ل١٥.

- د. فەرهاد پیربال ، مەم و زینی مەلا مـەحمود بایەزیـدی یەکـەم چـیرۆك لـە مێـژووی ئـەدەبی کوردیدا،گ ،کاروانی ئەکادیمی ، ژ١ ،ب١، ل٥٢ .

دەربارەی ناوەرۆك و تەكنیكی چیرۆكەكانی قۆناغی یەكەم :

چیرۆكی (لە خەوما)* بەشێوەی ریالیزمی رەخنەگرانە (الواقعیە الانتقادیە) ناوەرۆكەكەی دەخاتەڕوو. كابرای (خەوبینەر) شارەكەی بەجێ دەهێڵێ و روو لە شارێكی دی دەكات بۆ كاسبی و كاركردن. بەلاّم لە رێگا یان لە سنووری شارەكەی دی تووشی چەرمەسەری و گیروگرفتی خۆی دەبێ ، هەروەها لایەنێكی دیكەشمان بۆ دەخاتە ڕوو ئەویش بلاّوبوونەوەی دزی و جەردەیی و بەرتیل وەرگرتنە ، كە لە سایەی حوكمی شێخ مەحموودەوە بەناو كۆمەڵدا بلاّوبوونەتەوە . ناوەرۆكی چیرۆكەكە مەسەلەیەكی سیاسییە و مەبەستی نووسەرەكەی تاوانباركردنی حوكمی شێخ مەحموودی نەمرە ، لەڕووی بنیات و تەكنیكی هونەریشەوە چیرۆكەكە (ئەگەرچی تەواویش نەكراوە) هەست بەیەك لەدوای یەكی رووداوەكان و زمانی هونەری چیرۆكنووسین و گێڕانەوەی ئاسایی دەكرێت ، دوو پاڵەوانی سەرەكی لە چیرۆكەكەدا بەدی دەكرێت ، كابرای خەوبین و دەستەلاّتدار ، كە خۆی لە كەسایەتی نووسەر خۆی و شێخ مەحموودا دەبینێتەوە نووسەر چەندین دیمەنی عاجباتی دێنێتەوە (بۆ خەلەتاندن و چەواشەكردنی خەڵك هەڵی بەستووە ، ئەوەش هەر بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنێ ، كە دەستەلاّداریێتی شێخ مەحموود نارەوابووەو دەبوایە بڕووخێ.)□ تەكنیكی چیرۆكەكە لە چەند روانگەیەكەوە تیشكی دەخەینە سەر ، دیالۆگ ، وەكو تەكنیكێكی كۆنی چیرۆك بەدی دەكری ، ئەگەرچی **نیشانەی تایبەتی** وەكو (-) ی بۆ دانەنراوە ، بەلاّم خوێنەر دەزانێ وەكو (لە خانچیەكەم پرسی وتم ئەم شیوەن و گریانە چیە ؟ وتی ئەوە هیچێكی وانییە . ل ٣٥) . مەنەلۆگ ، بەهەمان شێوەی دیالۆگ بەدی دەكرێ وەكو : (منیش لە دڵی خۆما وتم ئیشی ئێرە وادیارە

---

*- جەمیل صائب ، لەخەوما ، پێشەكی جەمال بابان، بەغدا، ١٩٧٥.

□- د. جمشید الحیدری ، تاریخ تطور النثر الفنی الكردی العراق (موجز رسالة دكتوراة)، مجلة دراسات كردیة،ع ١ ، س١، باریس، ١٩٨٤، ص٨٦.

هەمووی عبارەتە لە خەڵك روتاندنەوە و شتی باش و بەقیمەتی ئەم و ئەو زەوت کردن و بەبەرتیل هەتیو و مەتیوە و لەسەر ئیشی زل و گەورە دانان ... ل ٤٧) وەسفی سروشت ، سیمایەکی دیکەی چیرۆکەکەیە لە پێناو زیاتر قووڵ بوونەوە بە رووداو و کاریگەری لەسەر دەروونی پاڵەواندا ، وەکو : (دنیا لە پاش نیوەڕۆ بە هەور و هەڵلاّ ، کزە بایەکی زۆر ساردی ئەهات ، جار جار برووسکە و چەخماخەی ئەدا پاش عەسر تنۆکە تنۆکە دایکردە باران. (ل٣١) یان لە وەسفی خانەکەدا بۆ یەکەمجار گەیشتنیَ بە وشە و رستەی کورت کە یەکێ لە سیما دیارەکانی زمانی پەخشان ئامێزی چیرۆکنووسەکەیە دەڵێیت : "بەهەرحاڵێك گەیشتنە خانەکە و دەرگاکایان لیَ کردینەوە و چووینەژوورەوە سەرما، قوڕ، دلۆپە، بێ ئاگری (ل ٣٥) . دابەش بوونی پاڵەوانەکانی لەسەر تۆپۆگرافیای نەخشەی رووداوەکانی چیرۆکەکە یەکسانە. تەنها کابرای خەوبینەر (گێڕەرەوە) ی لێدەردەچیَ دەنا ئەوانی دی بێ ناون و کەم دەردەکەون یان هەر بۆ جاریَ دەردەکەون، کە ئەوەش لە زەین و بیری خوێنەردا بۆ ماوەیەکی زۆر نامێننەوە. شوێن ، جێگیرە و زیاتر ژووری بەندکردنی کابرای خەوبینەرە و بەشێوەیەکی عەفەوی جێگەکان دەگۆڕێن و مامەڵەیەکی سادە و پێداویستی رووداو و کەسەکان فەرزی ناکات و وەکو رەهەندێکی جوانی نیشان نەدراوە.

زەمەن لە چیرۆکەکەدا ، دەکریَ لە سێ زەمەنی جیاوازەوە بڕوانین زەمەنی دەق ئەو زەمەنەی کە چیرۆکنووس چیرۆکەکەی تێدا نووسیووە ، زەمەنی خەونەکە کە زەمەنێکی دیاریکراو و کورتە کە رەنگە لەچەند سەعاتێك تێنەپەڕیَ هەروا زەمەنی فیزیکی یان زەمەنی واقیع یان مێژوو کە پێی رووداوە مێژووییەکان دەبێ ماوەی حوکمی شێخ مەحمود بگرێتەوە ١٩١٨-١٩٢٤ بەهەردوو جارەکەوە .

دەتوانین بیری سەرەکی لەم خالاّنەدا دیاری بکەین :

- **رەخنە لە حکومەتی شێخ مەحمود و دارودەستەکەی .**
- **ریاکاری مەلا و پیاوانی ئایینی .**
- **سادەیی و بێ ئاگایی خەڵك و جیاوازی بیروبۆچوونی بێ بنەمای سیاسیان .**

ناونیشانی چیرۆکەکە (لەخەوما) ناونیشانێکی سادە و یەکسەر زەینی خوێنـەر بـۆ جیهانی خەون و فانتازیا و دوور لە واقیع و حەقیقەت دەبات، کە دەکرا ناونیشـانێکی قوولتری بۆ هەڵبژاردبا. ئەگەرچی خوێنەر لە ناوەڕاستی چیرۆکەکەدا تووشـی جۆرێـك لەسەر سوورمان دەکات و لەگەڵ ناونیشانەکەی دژیـەك دەکەوێتـەوە کاتـێ دەڵێـت : (ئەمە چی بوو من دیم، من لە کوێم ئەمە خەونە یان نا ؟ بۆیە هـەردوو چـاوی خـۆم گلۆفت وتم بەلکو ئەگەر خەوە خەبەرم بێتەوە کەچی روانـیم هـەموو شـتێك هـەر لـە جێگەی خۆیەتی و ئەم جانەوەرانە هەر لەبەر چـاومن ،ل٧٥) لایـەنێکی دیکـەش لـە بنیادی چیرۆکەکە (غەفلەت)ە کە ئـەو حاڵەتەیـە چـیرۆکنووس بەهەڵـە دوولایـەنی دژیەك یان باسی شتێك دەکات کە لەگەڵ بابەتی پێشوو راست ناکەوێتەوە و جۆرێکـە لە بێ ئاگایی و نەست داو تان و پۆی چیرۆکەکە لاواز دەکات . لە ئاخروئۆخری پاییزی دا باری سروشت بەم شێوەیە نابێـت هـەروەکو پاڵـەوان (کـابرای خەوبینـەر) دەڵێـت: (شەویش کردبووی بە سایقە کزەبایەکی ساردی دەهات عەرزەکە بەستبووی، تەقەتەقی سەهۆڵەکە سەرمایەکی وایە تف هەڵدەی دەیبەستێ!.ل٧٣) .

ئەنجـــام

لە کۆتایی ئەم باسەدا ئەنجامە گشتییەکان بەچەند خاڵێك دەست نیشان دەکەین :

١- لە دایك بوونی چـیرۆکی هونـەری کـوردی وەکـو فـۆرمێکی تـازەی ئـەدەبی پێویستی هێناویەتییە کایەوە، دوای ئەوەی لە توانا و بڕستی شیعردا نـەماوە کێشـە ئالۆزەکانی ژیانی مرۆڤی سەردەم بەتەواوی دەربڕێت .

٢- چیرۆکی هونەری کوردی هەروەکو میللەتانی دراوسێ لە دایك بـووی سـامانی دەوڵەمەندی کەلـەپوور و فۆلکلـۆری نەتەوەییـە لـە رووی ناوەرۆکـەوە و بـە فـۆرمی هونەریی ئەورووپی خۆی نواندووە .

٣- لە ڕووی زەمەن و مێژووەوە ، چیرۆکی کـوردی لەگـەڵ میللـەتانی دراوسـێدا هاوکات بووە، کە ئەمەش هۆشیاری فەرهەنگی و رۆشنبیری و ئاستی بـەرزی ئـەدەبی کوردی نیشان دەدات .

٤- یەکەم چیرۆکی هونەرییـە تـەکنیکی هاوکـاتی عـەرەبی و تـورکی، دەتـوانین جەمیل سائب بەتایبەتی بە لەبەرگرتنی شێوازی (خەوبینین) و رەخنە لـە دەسـتەڵاتی سیاسی رۆژگار بکەینە سەردەستەی چیرۆکنووسان لە کوردستانی باشووردا .

٥- ناوەرۆکی چیرۆکەکانی قۆناغی یەکەم بە (جەمیل سائیب)یشـەوە بـە شـێوەی ریـالیزمی رەخنەگرانـە کێشـە کۆمەڵایـەتی و سیاسـییەکان دەخاتـەڕوو و لـە ڕووی ناوەرۆکەوە زۆربەی چیرۆکەکان لە کەلەپوورو مێژووەوە وەرگیراون

٦- لە ڕووی تەکنیکیشەوە زنجیرەی رووداوەکـان و دانـانی نـاو بـۆ پاڵەوانـەکان و دیالۆگ و رەگەزی هاندان و سـەرەتا و لوتکـە و کۆتـایی (موپاسـان)ی هەسـتی پـێ دەکرێت ئەگەرچی بەشێوەیەکی سادەش بێت.

سەرچاوەکان :

١- کتێب

أ- بە زمانی کوردی :

- عومەر مەعروف بەرزنجی ، لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٧٥- ١٩٦٩ ، بەغدا، ١٩٧٨ .

- جەمیل صائب ، لە خەوما ، پێشەکی جەمال بابان ، بەغدا، ١٩٧٥.

- حسین عارف ، چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥- ١٩٦٠، بەغدا ، ١٩٧٧.

ب- بە زمانی عەرەبی :

- د. علی جواد الطاهر ، محمود احمد السید رائد القصة الحدیثة فی العراق ، بیروت ١٩٦٩

- د. عبدالاله احمد ، نشاة القصة وتطورها فی العراق، بغداد ١٩٦٩ .

- د . عزالدین مصطفی رسول، الواقعیة فی الادب الکردی ، صیدا- بیروت ، ١٩٦٦ .

- د. محمد غنیمی هلال، النقد الادبی الحدیث، دار نهضة مصر للطبع والنشر ، القاهرة ، ١٩٧٧ .

ج – بە زمانی فارسی :

- د. محمد استعلامی، بررسی ادبیات امروز ، چاپ سوم ، تهران ١٣٥١.

- محمد علی جمالزاده،یکی بود.. یکی نبود، تهران ١٣٢٣ .

- صادق هدایت، حاجی اقا، چاپ ششم ، تهران ، ١٣٤٣ .

٢- رۆژنامە و گۆڤار :

أ- بە زمانی کوردی

- د. مارف خەزنەدار، هەندێ لە شێرازەکانی دەفتەری رەخنەم، گ دەفتەری کوردەواری ، ب٣ ، بەغدا، مایسی١٩٧٠ .

- جەمشید حەیدەری، چەند سەرنجێکی رەخنەیی دەربارەی چیرۆکی لەخەومای جەمیل صائب، پاشکۆی عێراق ، ژ ١٠ ی کانونی یەکەم ١٩٧٧.
- رووف حسن، سەرەتای چیرۆکی کوردی و جیاوازی نێوان یەکەم چیرۆك و دووەمیان، گ رۆشنبیری نویٚ ژ٦٩، ١٩٧٨ .
- رۆژنامەی پێشکەوتن، ژ٣،س١، سلێمانی ١٨/ ١١/١٩٢٠ .
- د .فەرهاد پیربالٚ، مەم و زینی مەلا مەحمودی بایەزیدی یەکەم چیرۆك لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ، گ کاروانی ئەکادیمی ،ژ١ ،ب١ هەولێر ١٩٩٧.
- فاضل ئەحمەد، سەرەتای پەیدابوونی چیرۆکی کوردی،گ بەیان ،ژ ٢٩، ١٩٧٥ .
- فوئاد تەمو، شویش، گ رۆژی کورد، ژ(١- ٢) ، ١٩١٣ .
- مستەفا صالح کریم،سەرەتای لە دایك بوونی چیرۆکی هونەری کوردی ، گ. کاروان ژ٣٧ تشرینی یەکەم، س٤ ،١٩٨٤ .
- ؟ ،صادق هیدایەت پێشەنگی ریالیزمە لە ئەدەبی ئێرانی نوێدا، گ رزگاری ، ژ ٦، س١ ، ١٩٦٩ .

ب – بەزمانی عەرەبی :

- اکمل الدین احسان، نشاة القصة فی الادب الترکی، مجلة القصة ع ٢٠، س٢، مصر، ١٩٦٥ .
- د . معروف خزندار، القصة الکردیة، مجلة الثقافة الجدیدة ، ع ٢، ١٩٦٩.
- د. جمشید الحیدری،تاریخ النثر الفنی الکردی فی العراق (موجز رسالة دکتوراه)، مجلة دراسات کردیة، ع ١، س١، باریس، ١٩٨٤ .

ج - بە زمانی فارسی :

حسن نکوروح ، نقش واقیعتیهای سیاسی در رمان فارسی، مجله نقد، دفتر دوم ، تهران ١٣٥٧

==

(*) ئەم نووسینە لە کتێبی: دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی، نووسینی: د.هیمداد حوسێن بەکر (هەولێر: چاپخانەی باز، ٢٠١٠) بلاٌوکراوەتەوە.

قۆناخی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی چیرۆکی کوردی

١٩٢٥ – ١٩٣٩

عومەر مەعروف بەرزنجی

دوای بڵاوبوونەوەی چەند پەخشان و کورتە نووسینێك لەسەر رووی چاپەمەنییەکانی ئەو سەردەمە، بۆ یەکەمجار لە رۆژی ١٩٢٥/٧/١ی رۆژنامەی ژیانەوەدا بەشی یەکەمی چیرۆکێك دەبینین بە ناونیشانی (لە خەوما)([*]) کە بەبێ ناوی خاوەنەکەی بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە راستیدا خاوەنی چیرۆکەکە (جەمیل سائیب)ی([□]) سەرنووسەری رۆژنامەی

(*) بەشی یەکەمی ئەم چیرۆکە بۆ یەکەمجار لە ژمارە (٢٩)ی رۆژی ١/٧/ ١٩٢٥ (ژیانەوە)دا بڵاوکراوەتەوە و تا (١٨) زنجیرە بەردەوام بووە، دوایی لە ژمارە (١)ی رۆژی ٢١/١/ ١٩٢٦ی (ژیان)دا دەستی پێکردووەتەوە تاکو ژمارە (٢٦)ی رۆژی ١٩٢٦/٧/٢٩ لەم ماوەیەشدا (٥) بەشیتری لێ بڵاوکردووەتەوە. ساڵی (١٩٧٥)یش بۆ جاری دووەم جەمال بابان لە شێوەی کتێبێکدا سەرلەنوێ بە چاپی گەیاندەوە، بەڵام جیاوازییەکی ئاشکرا هەیە لەگەڵ ئەو تێکستەی کە ساڵی ١٩٢٥ بڵاوکراوەتەوە و تەنیا بە بەراوردێکی ساکار ئەم راستییە دەردەکەوێ.

(□) جەمیل صائب کوڕی مەلا قادری مەلا حەسەنە، لە ١٨٨٧/٨/١٦ی زاییندا لە سلێمانی لەدایك بووە، لە ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٠ کە رۆژنامەی پێشکەوتن لە سلێمانی دەردەچوو نووسینی بڵاوکردووەتەوە، ساڵی ١٩٢٤ بووە بە سەرنووسەری رۆژنامەی ژیانەوە، لە ١٩٥١/١٠/١٣دا کۆچی دوایی کردووە.

ژیانەوە بووە و بە (٢٣) زنجیرە لەسەر لاپەڕەکانی (ژیانەوە و ژیان) بڵاو کراوەتــەوە و بــە ناتەواوی وازی لێهێنراوە.(*) ئەم هەوڵەش لە رووی بڵاوکردنەوەیەوە بە یەکــەم چــیرۆکی هونەری دادەنرێت چونکە گەر رۆژنامەکانی پێش ئەو کاتە بپشکنین هیچ بابەتێك نابینین کە سیمای چیرۆکی پێوە بێت، بۆیە ئەم کارە بــە کلیلــی دەرگــای چــیرۆك دەزانرێــت لــە مێژووی ئەدەبی کوردیدا. بابەتی چیرۆکەکە (خەو بینینێکە و لەسەر تــەرزی ئــەدەبێکی رەمزییــــە، مەســـــەلەیەکی سیاســــی رووت دەردەخــــات کــــە موعانـــــات و دەردەدڵــــی نووسەرەکەیەتی دەربارەی ئەو رۆژگارەی کە (شێخ مــەحموود)ی نــەمر فــەرمانڕەوا بــوو. سەرتاپا ئەو تاقیکردنەوە مێژووییە بە خەوێکی بێ تام و بزرکاو لە قەڵــەم دەدات و داخ و بێزاری خۆیشی لەگەڵدا هەڵدەرێژێ، بنەڕەتی چیرۆکەکەش لە مرۆڤێك دەدوێ کە لەبەر بێدەرامەتی و بۆ دۆزینەوەی کارێك شارەکەی بەجێدەهێڵێ و بەرەو شــارێکیتر دەکەوێتــە رێ تا بتوانێ ماڵ و خێزانی بەڕێوە ببــات، لــە رێگــادا چــەند کاروانچــییەك دەبــن بــە هاوڕێی، چەند جارێکیش دز و رێگر سەر رێگایان پێدەگرن، دوایــی بــە هــەر ناسـۆرێك دەبێ دەگەنە سنووری شار، لەوێش هەندێ پیاوی ئەو حوکمدارە کۆسپیان دەهێننە رێگــا و داوای بــەرتیلیان لێدەکــەن، بــەڵام کــابرا هیچــی لێهــەڵناکرێنن ناونیشــان و شــوێنی دابەزینی لێوەردەگرن، بۆ بەیانی چەند کەسێك دەیگرن و لە ژوورێکدا بەندی دەکەن، بــە رێکەوت لەو ژوورەدا پەنجەرەیەکی بچووکی تیا دەبێ کە دەڕوانێتە ژووری حوکمدار، ئەم کابرایە لەکاتی گرتنەکەیدا بە هەموو هەستێکیان دەزانێ، لەو ماوە کەمەیشدا کە ئــەم ئاگادارە لە هەزار ئاش لێدەکەن و لە هیچی ناماڵنەوە، چەندەها پەیمان دەبەسترێت و لــە ساتێکدا سەرجەم هەڵدەوەشێنرێتەوە، کابرای بەندکراویش پاش بینینی ئەم پەردە جۆر بە جۆرانە خۆی پێناگیرێ و دەست دەکات بە پێکەنین، لــەم کاتــەدا پێیــدەزانن و دووچــاری سزایەکی قورسی دەکەن، پێش ئەوەی مەبەستیش بێتــەدی ئاگــای دەبێتــەوە و خەوەکــە کۆتایی دێت).

(*) لە ژمارە (٢٦)ی رۆژی ١٩٢٦/٧/٢٩ی رۆژنامەی (ژیان)دا نووسراوە ماوێتی، بەڵام ئیتر هیچ بەشێکیتری بە دوادا نەهاتووە.

ئەم چیرۆکەی نووسەر کردنەوەی گرێی مەسەلەیەکی سیاسییە بە مەبەستی دەرخستنی رووی ئالۆز و شێواوی ئەو رۆژگارەی کە بۆ ماوەیەکی کورت جڵەوی ئەم نەتەوەیە بەدەست شێخی نەمرەوە بووە، لێرەشدا بۆ تێگەیشتن و حوکمدان بەسەر بابەتەکەدا و ئاراستەکردنی تیشکێکی رەخنەگرانە بۆ ناوەرۆکەکەی بە کارێکی لەباری دەزانم کە چاوێکی سەرنج بگێڕین بەو سەردەمە تایبەتییەی نەتەوەکەماندا لە کاتی ئەو تاقیکردنەوە مێژووییەدا. شێخی نەمر دووجار فەرمانڕەوایی ناوچەی سلێمانی گرتە دەست، یەکەم لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩١٨ەوە تا مانگی حوزەیرانی ١٩١٩ کە لەم ماوەیەدا جەنگە مێژووییەکەی دەربەندی بازیان روویدا و بە گرتنی کۆتایی هات. دووەم لە کۆتایی ١٩٢٢ەوە تا تەمووزی ١٩٢٤، لەم ماوە کەمەدا شێخ مەحمود بەپێی لێکدانەوەی تایبەتی خۆی و تێگەیشتنی لە مەیانی سیاسەتدا کاروباری بەڕێوەبردووە، ئەو زانا و رۆشنبیرانەش کە لە دەوری کۆبوونەوە هەر یەکەیان بیرکردنەوە و بۆچوونیان لە رووی سیاسەتی گشتی وڵاتەوە جیاواز بووە و ویستوویانە کە حوکمدار بە لای بیروڕایەکانی خۆیاندا، رابکێشن و ئەوانیتر پشتگوێ بخرێ، راستە ئەمانە زۆربەیان خزمەتگوزاربوون و پاشەڕۆژێکی پرشنگداریان ویستووە بۆ نەتەوەکەیان، بەڵام بەبێ رەچاوکردنی کات و سیاسەتی ئەو سەردەمە هەر کۆمەڵ و دەستەیەك لە ئاوازێکیان داوە، لایەکیان ئاوازی تورك چییەتی گەشەی پێدەدات، دەستەیەکیتریان جێگیربوونی حوکمی ئینگلیز خواستیان بووە و تەنانەت بە رزگارکەری گەلانیان داناوە، کۆمەڵێکی کەمیش دەوری شێخیان دابوو بە مەبەستی دوژمنایەتی کردنی ئینگلیز، راستیشە لە زەمانی ئەم فەرمانڕەوایەدا هەندێ کارەساتی دڵتەزێن روویداوە و کەسانی بێتاوانیش سەریان ناوەتەوە و مرۆڤی هەڵپەرست و چاوچنۆکی خاوەن بەرژەوەندی تایبەتی لەسەر شانۆی سیاسەت دەوری سەرەکی بووە کە تا رادەیەك نە بەکامی هەستی نەتەوەیی و کزبوونی وەعی و کەم تاقیکردنەوەی شێخ لە مەیانی سیاسەتدا لە هۆیە گرنگەکانی بووە، لە لایەکیترەوە کرداری نائاسایی و رەفتاری ناپەسەند وەك

شتێکی سروشتی لە زۆر جووڵانەوەی رزگاریخوازیدا سێبەری دیارە نەخوازەڵا ئـەو کاتە کە سەرجەم میللەت لەژێر باری گرانی نەهاتی و دواکەوتندا تلاوەتەوە، گەر ئێمەش لەبەر تیشکی ئەم راستییانە و لە روانگەی راژەی گشـتییەوە بـەو بـیر و رایانەدا بچینەوە کە نووسەر دەری بڕیوە و ئەو تاوانانەی کـە لکاندوویـەتی بـەو حوکمەوە تا چ رادەیەك راستە؟ و ئایا هەڵپچڕقاندنی ئـەو گوڵـە ئاڵـە لـە بـاخی رازاوەی ئومێدی کورددا و سەیرکردنی ئەو تاقیکردنەوە تاقانەیە بە چاوێکی کەم بایەخ سەرکەوتن و خۆشی نەتەوەکەی تیا بووە؟ لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکیشدا ئایا هەر ئەو قارەمانە بزورگە نەبووە کە زیاتر لە نیـو سـەدە لەمەوبـەر مرۆڤـی کوردی بە گەلان ناسی؟ رەنگە خوێندەوارانیش نـاوەرۆك و مەبەسـتی چـیرۆکەکە ببەستنەوە بەو بار و موعاناتە تایبەتییەی کە نووسەرەکەی تیا ژیاوە و کوشـتنی کەسانی وەك (عارف سائیب)ی برای و (جـەمال عیرفـان)ی ژن بـرای بکرێـت بـە بەڵگەی ئـەو نائومێدییـە و هۆیـەکی سـەرەکی بـێ کـە نووسـەر تـەنها لایەنـە تاریکەکانی بینیوە و بە ئاستەمیش بە لای گرنگی و بەهایدا گوزەر نەکات و بـە چەشنی داخ لە دڵێك بیر لە مەسەلەکە بکاتەوە، کە دیارە ئەم بۆچوونە تارِادەیەك راستی تیادایە و چەند لکێکی هەر بەو جۆرە دێتە پـێش چـاوی. بـەڵام گـەر لـە بۆچوون و بەرژەوەندی گشتییەوە بۆی بڕوانین و جیاوازی بیرورِا و زیانی تاکەکەسی لێ دەرهاوێژین ئەو مافەی نادرێتێ و چەشتنی ناسۆریش ناکرێتە دێوجامەیـەك و قینی لە پەنادا حەشار بدرێت و بە وشك بوونی ئەو گوڵە و سەرکەوتنی ئینگلیـز شادومانی بگەڕێتەوە سەر لێوی نووسەر. کاری نارەوا و روودانی تاوانی جۆر بـە جۆر هەرگیز مەیان بۆ نووسەرێك فراوان ناکات کە سەرتاپا مێژووی نیو سـەدەی خەبات بخاتە لیتەی رەشبینییەوە، ئەمە جگە لەوەی کە نووسەر لـە زۆر شـوێنی چیرۆکەکەیدا نیگاری ئەو سەردەمەمان بە جۆرێك نیشان دەدا کە بەلای راسـتیدا گوزەر ناکات و بە ئاشکرا دروست کردنی تاوانە و لە عەقڵی زۆر کەسەوە دوورە و دەڵێ: (نەختێکیتر رۆیشتین گەیشتینە مەیدانێك لـەوێ سـەیرم کـرد سـێدارەیەك هەڵخراوە، لە ژوور ئەوێشەوە سێ چوار داریتر پێکەوە داچەقاون پیاوێکیان پێـوە

بەستۆتەوە)(*) کە دیارە ئەمەش هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە کە ویستوویەتی جەماوەر وا تێبگەیێنێ کە کۆمەڵەکەی ئەو رژێمە بریتی بووە لە زەبر و زەنگ و خێر و خۆشی نەتەوەکەی نەویستووە، کە ئێمەش لێرەدا ئەم رایانە دەخەینە بەرچاو بە هیچ جۆرێك مەبەستمان بەرگری کردنێکی بێ بەڵگە و سۆزێکی رووت نییە چونکە لە چیرۆکەکەی نووسەردا جاروبار تاڵە دەزووی چەند راستییەك دەدۆزینەوە و لە چەند سەرێکەوە سیمای هەندێ لایەنی دەرخستووە، بەڵام کێشانی هێڵێکی راست و چەپ بەسەر ئەو رۆژگارەدا و نیشاندانی بە خەوێکی تاڵ و بزرکاو ئاوەژووکردنەوەی مێژووی نەتەوایەتیمانە و کاڵکردنەوەی واقیعی بەرهەمەکەیشە.() لەلایەکیترەوە لەو سەردەمەدا هەرکەس و بەرەیەك لە دژی مەحموودی بنووسیایە مایەی خۆشحاڵی و رەزامەندی ئینگلیزی داگیرکەر بووە و تەنانەت هاندانی ئەویشی تیابووە.

چیرۆکی لە خەوما لە رووی ناوەڕۆکەوە دەچێتە خانەی (ریالیزمی رەخنەگرانەوە) Critical Realism کە سیمایەکی مێژوویی پێوە لکاوە لە کات و سەردەمێکی دیاری کراودا... لەمەشەوە بەو راستییە دەگەین کە چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە بەم رێبازە هاتووەتە کایەوە کە پەردە هەڵماڵینە لە رووی ناکۆکی و دژوارییەکانی کۆمەڵ و وروژاندنی کرۆکی مەسەلە جۆر بە جۆرەکانی ژیان و پێشچاوخستنیان. لێرەدا بە کارێکی پێویستی دەزانم کە دەرگای باسی چیرۆکی خەوبینین بکەمەوە وەك سەرەتایەك بۆ نووسنی چیرۆکی هونەری:

(*) لە خەوما، بەغدا ١٩٧٥، ل ٣٩-٤٠.

() شاعیری بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد (حەمدی) ئەحمەد بەگی ساحێب قڕان ١٨٧٨-١٩٣٦ لە شیعرەکانیدا بە توندی رەخنەی لە شێخ مەحموود گرتووە، بەڵام لە نیشاندانی راستی و دەوری پاڵەوانانەی لە رازاندنەوەی مێژووی کورددا کەمتەرخەمی نەکردووە، چەپکە شیعرێکی رەنگینی خستووەتە گوڵدانی ئەدەبەوە کە بەمەش رەنگێکی واقیعی بۆ شیعرەکانی رشتووە (بڕوانە دیوانی حەمدی، بەغدا ١٩٥٧).

وەك راستییەك ساغ بووەتەوە کە چۆن چیرۆك لە ئەدەبی عەرەبی عێراقدا لە شێوەی (خەو)دا دەرکەوتووە و رەگی داکوتاوە و چەندەها تاقیکردنەوەی لەسەر بنیاتنراوە تا گەیشتووەتە ئەم ئاستە پێگەیشتووەی ئەمڕۆ.(*) هەر بەو جۆرەش لە ئەدەبی کوردیدا سەری دەرهێناوە و رێچکەی نووسینی چیرۆکی پێ شکێنراوە، بەڵام لەگەڵ هەندێ جیاوازی ساکار لە شێوە و ناوەڕۆکدا، چیرۆکی خەو لە عەرەبیدا بناغەیەکی قووڵ و بەربڵاوی هەیە و سەرەتا لە (الف ليلة و ليلة) و مەقاماتەوە بناغەی دارشتووە و ئاو و هەوایەکی رۆمانسییانەی هەڵمژیوە و زیاتر لە مەسەلەکانی رەوشت و دڵداری و بابەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە نزیکە و هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی (کەموکوڕییە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنیان)()، بەڵام خەوی کوردی رەپاوڕەپ بە ناخی بار و زروفی سیاسیدا رۆچووە و لەم لایەنەوە کنەی کردووە کە تا رادەیەکیش لە وتارێکی سیاسی جیڕەوە نزیکە و راستەقینەتر خۆی دەنوێنێ، (جەمیل سائیب)یش کە گرێی چیرۆکی کوردی کردووەتەوە و بە سەر لەوحەی ئەم هونەرە دادەنرێت بە چەشنی زۆربەی نووسەرانی ئەو کاتە کەوتووەتە ژێر کاری ئەدەبی توورکی و فارسی و گەلانیترەوە، لەو سەرچاوە روونانەشەوە چێژی ئەدەبی و هەوێنی رۆشنبیرێتی لێ هەڵگۆزیوە، بۆیە شتێکی ئاساییە کە لە گرتنی ئەم رێچکەیەدا و پەنابردنە بەر بابەتی خەو بۆ دەرکاندن و هەڵڕشتنی رازی دەروونی سوودی لە ئەدەبی بێگانە وەرگرتبێ و بەکاریشی هێنابێ بۆ مەیینی کارە ئەدەبییەکەی، لەم بارەیەوە (نووسەری تورك نامیق کەمال چیرۆکێکی درێژی بە ناونیشانی خەوبینین نووسیوە-مەعروف رەسافی-ش دوای

(*) یەکەم چیرۆکی (خەو)ی عەرەبی لە گۆڤاری (تنوير الافكار)دا ساڵی ١٩٠٩ بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی (رؤيا العربية) لەم بارەیەوە بڕوانە (نشاة القصة و تطويرها في العراق) عبدالاله احمد، بغداد ١٩٦٩، ل ٤١.

() هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.

بڵاوکردنـەوەی دەسـتووری عوسمـانی وەریگێڕاوەتـە سـەر زمـانی عـەرەبی و لـە (١٩٠٩)دا لە بەغدا چاپکراوە)(*). یان نووسەری گەورەی تورك جەلال نوری لـە (١٩٠٣)دا باسێکی ختووەتە پێش چاو بە ناونیشانی (لە خەوما یان گەشـتێك لە بەهەشـتا)() کـە نووسـەرەکەی لـە گەشـتێك دەدوێ لـەکاتی بێـی ئاگاییـدا کردوویەتی و چەند بیروڕایەکی تایبەتی دەربڕیوە، لەمانەوە دەتوانین بـە لای ئـەو رایەدا گوزەر بکەین کە ئەم کارانە سەرچاوەیەکی نووسـەر بـوون و بـەو هۆیـەوە رەوتـی بابەتەکـەی بـەو رێبـازەدا بـەڕێکردووە و لەسـەر ئـەو پێودانـە رەنگـی چیرۆکەکەی رشتووە.

لایەنە هونەرییەکانی ئەم چیرۆکە وەك جوانی وشـە و رازاوەیـی تـەعبیر و رەوانـی نووسین و پارێزگاری زنجیرەی بیری نووسەر و سـەلیقەیی لـە داڕشـتندا تاڕادەیـەك بـە بەرهەمەکەوە دیـارە و لەچـاو ئـەو رۆژەدا و بـە چەشـنی سـەرەتا و یەکـەم چـیرۆکی نووسراوی کوردی چەند هێڵێکی درشتی هونەری چیرۆکی تیا رەچاو کراوە، هەرچـەندە خاڵێکی گرنگی بزرکردووە کە ناودانانە بۆ کەسانی چـیرۆکەکەی لەگـەڵ ئەوەشـدا دوو پاڵەوان بە ئاشکرا دەردەکەون کە خەوبینەرەکە و شێخی نەمرە، لەلایەکیترەوە گەر ئەم چـیرۆکە بـە پێـودانگی بەرهـەمی سـاڵانی دواتـر بیپێـوین مەرجـە هونـەری و تەکنیکییەکانی چیرۆکی بە کـاڵی تیـا بـەدی دەکرێـت و لاواز دێتـە بەرچـاو، بـەڵام

(*) هەمان سەرچاوە، ل ٣٩-٤٠.

() ساڵی ١٩٠٣ جەلال نوری کە یەکێك بوو لە ئەدیبە گەورەکانی تورکیا ئەم باسەی لە کتێبی (تەئریخی ئیستیقبال)دا نووسیوە، لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە (٩، ١٠) ساڵی (٩) ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ١٩٤٨دا لەلایەن (ع.ع) ناوێکەوە کراوە بە کوردی بە ناونیشانی گەشتێك لە بەهەشتا، بۆ جاری دووەمیش لەلایەن عەقیدی خوالێخۆشبوو (عبدالقادر بەرزنجی) لەگەڵ پێشەکییەکدا کراوە بە کوردی (بڕوانە گۆڤاری شەفەق، ژمارە ٢، ساڵی ٣، رۆژی (٢٠)ی نیسانی ١٩٦٠.

لێکۆڵینەوەی زانستی بەلای ئەم کوێرە ڕێگایەدا گوزەر ناکات و (هەموو هونەرێك لە دایك بووی سەردەمی خۆیەتی)(*) و لە خانەی بەراوردکردنی بابەتەکانی ئەو ڕۆژگارەدا دەبینرێتەوە.

(*) ارنست فيشر، الاشتراكية و الفن، ترجمة اسعد حليم، بيروت ١٩٧٣، ص٢١.

==

(*) ئەم نووسینە لە کتێبی: لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥ - ١٩٦٩، لە نووسینی: عومەر مەعروف بەرزنجی (بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٨) دا بڵاوکراوەتەوە.

جەمیل سائیب (١٨٨٧ — ١٩٥١)

حسێن عارف

هەرچەندە پێش رۆژنامەی (ژیانەوە) هەر لە شاری سلێمانی رۆژنامــەی (پێشــكەوتن-١٩٢٠ و رۆژی كوردستان-١٩٢٢ و بانگی كوردستان -١٩٢٢ و بــانگی حــەق-١٩٢٣ و ئومێدی ئیستیقلال-١٩٢٣) و لە بەغداش (تێگەیشــتنی راســتی-١٩١٨) دەرچــوون(*)، بەڵام لە هیچ كامێكیاندا چیرۆكی هونەری (با بە مانا سەرەتاییەكەشی بێ) بەدی ناكـەین، تەنها هێندە نەبێ كە تاك و تەرا گفتوگۆیەكی سەرپێی نێوان دوو یا ســێ كــەسمان بەرچــاو دەكەوێ كە بە نیازی ئامۆژگاری كردن و بۆ مەبەستێكی سیاســی رۆژانــە نووســراون. وەك (محاوەرەیــەكی ئیقتیســادی) لــە ژمــارە (٥ی رۆژی ٤ی ئــەیلوولی ١٩٢٢)ی بــانگی كوردستاندا كە ئەحمەد حەمدی نووسیوێتی. یا (مجادەلەی ئەفكار- ئــەفكار موتەنەویعــە، حسیات موتەلەوینە) هەر لەو ژمارەیەدا. یا (بچۆ ئاغــا تێبگەیەنــە) لــە ژمــارە (٢٠)ی ئومێدی ئیستیقلالدا. بێگومان ئەمانە ئەگەر وەك كــارێكی ئــەدەبی مامەڵــەیان لەگەڵــدا بكرێ، دەبێ بخرێنە خانەی شانۆگەرییەوە نەك چیرۆك.

بەڵام لە ژمارە (٢٨ی ژیانەوە)دا كە رۆژی ١٩٢٥/٦/٢٦ دەرچووە، ئەم ئاگادارییە دەخوێنینەوە: ((لە تەرەف شەخسێكەوە خەوێكی زۆر عەجایب و غەرایب بینراوە. ئەم خەوە حەیات و ئیدارە و رابواردنی چەند ساڵێكی ئەم وڵاتە ئەنوێنێ. گــەلێ ئەســراری

(*) جەمال خەزنەدار- رابەری رۆژنامەگەری كوردی.

خوێناوی و وەحشـییانە دەرئـەخات. زۆر ئـەحواڵی خسوسـی ئەخاتـە بەرچـاوی ئـەم عالەمە...هتد).

سا ئەو شەخسە کەس نەبووە جەمیل صائیب نەبی کە بەبێ ئەوەی ناوی خـۆی یـا هەر ناوێکیتری لەسـەر نووسـیبێ، لـە ژمـارە (٢٩ی رۆژی ١٩٢٥/٧/١)ەوە دەسـتی کردووە بە بڵاوکردنەوەی خـەوە (عـەجایب و غەرایب)ەکـەی و لـە (٥٦) ژمارەکـەی (ژیانەوە)دا (١٨) ئەڵقەی لێ بڵاوکردۆتەوە و کە لە دامێنی دواییینیاندا (ژمارە ٢٦ی رۆژی ٢٩ی تەمووزی ١٩٢٦)دا نووسراوە (ماوێتی) و کەچی ئیتر پاشماوەکەی نابێنین.

مامۆستا جەمال بابان کە هات و دوای پەنجا ساڵی خشت چیرۆکەکەی ژیاندەوە و لە چاپی دایـەوە، لـە پێشـەکییەکەی خۆیـدا نووسـیویە: ((نووسـینەکەی (لـە خـــەوما)م لەبەردەســـت خـــەتی کاکینـــە خـــۆی (جمیـــل ســـائیب - ح. ع.) نووسیوەتەوە))(*)، کە بەمە گیروگرفتی (ماوێتی)یەکە کە پێشتر لە کایەدا بـوو دەبڕێتەوە و بەو بارەدا ساغ دەبێتەوە کە تەواو نـەکردنی چـیرۆکەکە لـە نووسـەر خۆیەوە بووە و لەویدا وازی لێهێناوە.

بەر لە هەموو شتێ ئێمە هەرکاتێ باس لەم چیرۆکە بکەین و بە هەر بارێکدا بـێ، دەبێ ئەو راستییەمان لەپێش چاو بێ کـە هێنـدەی تـا ئێسـتا پێزانرابـێ، یەکـەمین چیرۆکی هونەری کوردییە هێنرابێتە بەرهەم و بەوە دەبێتە یەکەمین بەردی بناغەی ئەم بابەتە ئەدەبییە نوێیە لـە ئـەدەبی هاوچـەرخماندا. هـەروەکو نووسەرەکەشـی دەبێتـە یەکەمین ئەدیبمان کە لەم مەیدانەدا دەستپێشخەری کردبێ و بـەوە دەبێتـە یەکـەمین چیرۆکنووسی کورد.

چیرۆکەکە چەندە ئەدەبە، هێنـدەش سیاسـەت و مێـژووە. هـەروەکو چـەندە وەك ئەدەب بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگ و بایەخدارە، هێندەش وەك سیاسەت و مێژوو بە شێوەیەکی تایبەتی لە لێکۆڵینەوەیدا سەرنجڕادەکێشێ و رەخنەگر راسـتەوخۆ دەخاتـە

(*) لە خەوما، چاپی ١٩٧٥، لاپەڕە ٢٥.

بەرامبەر باس و خوازی پلەیەکی مێژوویی ناسك و ئاڵۆزی نەتەوەی کوردەوە. بۆیە من بە چاکی دەزانم بە هەردوو باریدا لێی بدوێم و باشتریش وایە یەکەمجار بە باری دووەمیاندا باسی بکەم.

بە باری سیاسی و مێژووییدا

کە جەمیل سائیب دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەی ئەو وەختە هێشتا تەنها نزیکەی دوو ساڵێك بە سەر تێکشکانی حوکمدارێتییەکەی دووەمجاری شێخ مەحموودی حەفیددا رابوردبوو، و بگرە هێشتا پاشەرۆکی کارەساتەکە هەر لە کایەدا مابوو. بە باری چالاکی رۆشنبیری و داکۆکی کردندا رۆژنامەی (ژیانەوە) یەکێك بوو لەو دەزگایانەی ئەرکی پڕوپاگەندەکردنی بۆ بەریتانیا گرتبووە سەر شان. لاپەڕەکانی پڕن لە دەیەها نموونەی نووسین لەسەر کۆششی گوایە زۆر دڵسۆزانەی بەریتانیای فەخیمە بۆ مافی کورد.

جەمیل سائیب هەتا ژمارە (٣٧)ی رۆژنامەکە سەرنووسەری بووە و (أموری تحریرییەی)(*) بەدەست ئەوەوە بووە و من باوەڕم وایە کە زۆری ئەو وتارانەی ناوی نووسەریان دیاری نەکراوە، هەر خۆی نووسیونی. بەم جۆرە ئێمە لێرەدا بەرەو رووی هەڵوێستی سیاسی ئەو رۆژانەی جەمیل سائیب دەبینەوە کە بە ئاشکرا دیارە چەند بەرامبەر بە شێخ مەحموود دژ و داخ لە دڵ بووە و لە چیرۆکی (لە خەوما)یدا (وەك دوایی لێی دەدوێین) گەیاندوێتییە ئەوپەڕی. ئەوی راستی بێ، ئەمیش وەك هەر یەکێکیتر لە منەوەرانی ئەو رۆژگارە، دەبوو لەو وەختەدا یەکێ لەم سێ هەڵوێستە هەڵبژێرێ. یا دەبوو لەگەڵ ئەوەدا بێ کە ویلایەتی مووسڵ هەر لە سنووری تورکیای کەمالییەکاندا بمێنێتەوە کە دیارە بەوە دەچووە ریزی تورکخواهەکانەوە. یا دەبوو لایەنی ئەوە بگرێ کە بخرێتە سەر دەوڵەتی عێراقی ژێر دەستەی بەریتانیا و بەوە

(*) ژیانەوە، ژمارە ٣٧ دامێنی لاپەڕە ٢، ژمارە ٣٨، لاپەڕە ١.

دەیدایە پاڵ ئینگلیزخواهەکان. یا دەبوو پشتی شێخ مەحموودێك بگرێ کە کاری لەکار ترازابوو، و لە شکستیدا بوو.

جەمیل سائیب هەڵوێستی دووەمیانی هەڵبژارد و هەر هیچ نەبێ بە نووسین، بە تایبەتی لە رۆژنامەی (ژیانەوە)دا چالاکی بۆ دەنواند. وەنەبێ ئەم و منەوەرەکانیتری وەك ئەم، بۆ سەلماندنی ئەم هەڵوێستەیان لە رووی دوانەکەیتردا بەڵگە و بەهانەیان بە دەستەوە نەبووبێ. لەولاوە چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری دەیەها ساڵەی عوسمانییەکان و سەرکوتاندنەوەی گەلی کورد. لەم لاشەوە بە سەرێك شکستی هێنانی شێخ مەحموود و بەدوایدا نائومێدی و ورەبەردان و ئاشووبە. بە سەرێکیش بەڵێنی یەك لە دوای یەکی بەریتانیا و دەوڵەتی عێراق سەبارەت بە مافی نەتەوایەتی کورد و بە کردەوەش (با بۆ خەڵەتاندن و چەواشەکردنیش بووبێ) جێبەجێ کردنی هەندە شتێکی، بەتایبەتی لە رووی خوێندەواری و رۆشنبیرییەوە. ئەمە وەزعێکی تەواو لەباری دەخولقاند بۆ ئینگلیز خۆی و هەموو بەرەی ئینگلیزخواهان کە بۆ بەڵگە و بەهانە رانەمێنن لە سەلماندنی راستی هەڵوێستیان و بەرپەرچدانەوەی دوو هەڵوێستەکەیتردا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر لەم رووەوە بەشێوەیەکی زیاتر تایبەتی باس لە جەمیل سائیب بکەین و لە نزیکترەوە سەرنجی ئەو هەڵوێستەی بدەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم بە رادەی یەکەم وەك داخ لە دڵێك دژی شێخ مەحموود وەستاوە نەك وەك ئینگلیزخواهێك. چونکە لەلایەکەوە جگە لە چیرۆکەکەی، لە نووسینەکانیتریشیدا کە من بە هی ئەویان دەزانم (ئەگەر بە هەڵە نەچووبم و هی ئەو بن)، بە پێچەوانەی هەندێ لە نووسەرانیترەوە، خۆی لە مەدح و ستایش و پیاهەڵدانی ئینگلیز و بەریتانیای فەخیمە نەداوە، بەڵکو پتر باسی هەر لە شێخ مەحموود و لێ خوێندنی بووە. لەلایەکیتریشەوە، لە وەزیفەی میری یا لە دام و دەزگاکانیتری ئەو سەردەمەدا، دەورێکی وەهای نەدیوە کە سەرنج رابکێشێ و مەغزایەك ببەخشێ. لە زەمانی عوسمانییەکانا کاتبی باج بووە. لە وەختی دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا کراوە بە کاتبی دایەرەی (خەزینە-حسابات). دوایی بووە بە بەڕێوەبەری دایەرەکە. ((تا لە ساڵی

١٩٤٩دا خانەنشین کرا))(*)وە. ئەمە لەکاتێکدا کە بەهرە و توانا و رادەی تێگەیشتن و خوێندەواری ئەم، گەلێ لەوانە بەرزتربووە کە شوێن و پایەی بڵندیان دراوەتێ.

مامۆستا جەمال بابان باشی بۆ چووە کە کوشتنی عارف سائیبی برای و جمال عیرفانی ژن برای لە ساڵی ١٩٢٣دا، وەك هەر مرۆڤێکی خاوەن هەست و بەزەیی، کارێکی گەورەی تێکردووە و داخ و خەفەتێکی زۆری خستۆتە دڵەوە. چونکە هەردووکیان جگە لە خزمایەتیش، دوو منەوەری رووناکبیر و لێهاتوو بوون و تەنانەت دڵسۆزی شێخ خۆشی بوون، بە تایبەتی عارفی برای کە لە کاتی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموددا ((یەکێك بوو لە گەنجە تێگەیشتووە پێشکەوتنخوازەکان. بۆیە شێخ کردی بە سکرتێری تایبەتی خۆی))(). بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ لەوە بەئاگا بین کە جەمیل سائیب هەر لە بنەڕەتەوە وەك عارفی برای نەیدابووە پاڵ شێخ. بەڵکو لە تاو وەزعی ناهەمواری ناو شاری سلێمانی: ((بەخۆی و ماڵ و منداڵییەوە سلێمانی جێهێشت، چوو بۆ کەرکووك، دوو ساڵێك لەوێ مایەوە، تا ساڵی ١٩٢٤ کە حکوومەتی عێراق دامەزرا، ئەوسا ئەویش گەڕایەوە سلێمانی))(). واتە دەبێ ئەو هەر لە ساڵی (١٩٢٢)ەوە کە هێشتا شێخ لەناو شاردا حوکمڕان بووە و دەسەڵاتی بەسەریدا هەبووە، ئیتر سا لە دژایەتییەوە بووبێ یا لە کەمتەرخەمی و بێ لایەنییەوە، هەڵاتبێ بۆ کەرکووکی ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی ئینگلیزەکان. داخۆ دەبێ سەبارەت بەمە چی بڵێین؟!. من پتر رام بۆ ئەوە دەچێ کە ئەم کردەوەیەی لە کەمتەرخەمی و بێ لایەنییەوە بووبێ، بەڵام دوای ئەوە هەردوو باری (زاتی و مەوزووعی) وایان لێکرد بە لای دژایەتیدا لابدا و بکەوێتە ریزی بەرەی دوژمنانی شێخەوە.

(*) لە خەوما، چاپی ١٩٧٥، پێشەکی جەمال بابان، لاپەڕە (٤، ٥).

() سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

() سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

ئەم دژایەتییەی جەمیل سائیب بەرامبەر بە شێخ مەحموود، شێوەیەکی تایبەتی وەرگرت. واتە شێوەی منەوەرێکی قەڵەم بەدەست و چەکی نووسین و بەتایبەتی نووسینی ئەدەبی لێ بخاتە کار. چیرۆکی (لە خەوما)ی کە بایەخدارترینی نووسینە ئەدەبییەکانییەتی و کە منیش لێرەدا بە تایبەتی لێی دەکۆڵمەوە، دێڕ بە دێڕی تەرخانە بۆ هێرشبردنە سەر شێخ مەحموود و ئەوپەڕی بەهرە و توانای ئەدەبی خۆی بۆ ئەم مەبەستە تیا بەکارهێناوە، کە بەوە بێ ئەوەی خۆی لێی بە ئاگا بووبێ، یەکەمین چیرۆکی هونەری لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا هێنایە بەرهەم و بۆ یەکەمجار نموونەی ئەم بابەتە ئەدەبییە نوێیەی تیا هێنایە کایەوە.

بە باری ئەدەبیدا

بەم بارەدا سەرەتا من چیرۆکەکە وەها دەنوێنم: ((کابرایەکی هەژاری بێ دەرەتان، لە خەویدا لە گەرمیانەوە بۆ کەسابەت دەچێ بۆ شارێکی بەرەوژوور. لە رێگا لەگەڵ کارواندا تووشی گەلێ دەردیسەری دێن، بەتایبەتی کە دەگەنە ناو سنووری حوکمدارییەتی ئەو شارەی بۆی دەچن. چەندینجار جەردە رێگەیان پێدەگرن و دەبێتە شەڕ. ئەم هەم ترس و لەرزی کوشتن و هەم ماندووبوون و سەرما و تۆف و باران تەواو زۆری بۆ دێنن. خواخوایەتی زوو بگەنە شار و رزگاری ببێ، بەڵام کە دەگەن خراپتر تووش دێ. ئەم کە کابرایەکی لات و نابووتە و نیەتی وەك کاروانچییەکان سەری خۆی بقەبڵێنێ، پێوە دەبێ و تۆمەتی جاسووسییەتی دەدرێتە پاڵ. دەیگرن و دەیبەنە لای گەورەی شار. گەورە فەرمان دەدا فڕێی بدەنە ژوورێکەوە. ژوورەکە بەلای راستدا دەڕوانێ بەسەر ژووری (حەریم)ی گەورەی شاردا و بەلای چەپدا دەڕوانێ بەسەر دیوەخان یا تەختی فەرمانڕەواییەکەیدا. لەوێوە زۆر شتی پڕ سەیر و سەمەرە دەبینێ و دەبیسێ کە لە هەردوو ژوورەکەدا روو دەدەن و هۆی ئەو هەرا و ئاشووبەیەی ناو شار و دەور و پشتی دەردەخەن. کابرا لە ئاستی یەکێك لەو شتانەدا خۆی پێڕاناگیرێ و

دەداتە قاقای پێکەنین. گەورەی شار کە تا ئەو ساتە وایدەزانی هیچ کەسێکی بێگانە ئاگای لە کەین و بەینی نییە، لەم قاقایە رادەچەنی و لێی دەپرسێتەوە. تێیدەگەیەنن ئەوە کابرا جاسووسەکەیە کە خۆی فەرمانی دابوو فڕێ بدرێتە ئەو ژوورەوە. ئەوسا گاڵ دەدا کێشی کەنە بەردەمی و ئیتر بە لێدان بەردەبنە گیانی و داوای لێدەکەن دانی پیا بنێ کە جاسووسە. ئەو دەپاڕێتەوە و داد و بێداد دەکا.. بۆ خوا، بۆ پێغەمبەر، تۆ ئەسحابان، توو ئەسحابان، توو مەلائیکان، تو و چاکان و ئەولیا، تو و قورئان، تو و قەبری باوکت، هاوار، داد، هاوار...))(*) و ئیتر لێرەدا چیرۆکەکە دەقرتێ.

مامۆستا جەمال بابان هەرچەندە بە لە چاپدانەوەی چیرۆکەکە، کارێکی گەلێ بەجێی کرد و بە پێشەکییەکەی خۆشی بەری لێدوان و لێکۆڵینەوەی بۆ فراوانتر کرد، بەڵام بەم باری ئەدەبییەیدا هەقی خۆی نەداوەتێ و حەشاری داوەتە ژێر بارە سیاسی و مێژووییەکەیەوە. دیارە ئەو زیاتر بیر و هۆشی لای ئەوە بووە مەسەلەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە ساغ بکاتەوە کە داخۆ بۆچی دژی شێخ مەحموود نووسراوە و چ زروفێك پاڵی بە نووسەرەکەیەوە ناوە وەهای بنووسێ و تەقەلای داوە بەڵگە و بەهانەی مێژوویی خۆی بۆ دەستنیشان بکات کە ئەمە بێگومان کارێکی پەسند و بەجێیە، بەڵام ئەو راستییە بایەخدارەی فەرامۆش کردووە کە جەمیل سائیب ئەو ناوەڕۆکەی داڕشتۆتە قاڵبی کارێکی ئەدەبی ئەوتۆوە کە وەك لەوەبەر ئیشارەتمان پێدا، بۆ یەکەمجار نموونەی لە ئەدەبەکەماندا پەیدا دەبێ، نەك هاتبێ بەیاننامەیەکی سیاسی نووسیبێ یا ویستبێتی رووداوێکی مێژوویی تۆمار بکات. راستە دەگونجێ بووترێ: رەنگە ئەو خۆی بەو نووسینەی، داهێنانی ئەم بابەتە ئەدەبییە نوێیەی لە ئەدەبی کوردیدا هەر مەبەستیش نەبووبێ و لە بنچینەدا مەسەلەکە بەلایەوە لەوە بەدەر نەبووبێ کە بە هەر شێوەیەك بێ، بیروڕای خۆی بە نووسین دەربارەی ئەو بەسەرهاتانەی سەردەمی ژیانی خۆی دەرببڕێ، بەڵام بە هەر

(*) لە خەوما، چاپی ١٩٧٥، لاپەڕە ٧٤.

حاڵ، ئەو (ڕەنگە)یە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئەو بەو کارەی بووە یەکەمین چیرۆکنووسی کورد لە کوردستانی عێراقدا و چیرۆکی هونەریش لە ئەدەبی تازەماندا، بەو نووسینەی ئەو ڕەنگی ڕێژرا و سەریهەڵدا. ئەم بایەخە ئەدەبییە گەورەیەی، دەبێ هەردەم شایستەی ئیشارەت پێدان بێت و چەندە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بە باری سیاسی و مێژووییدا بهێنرێ و ببرێ، ئەم لایەنەی بە باری ئەدەبیدا نرخی هەقیانەتی خۆی بدرێتێ.

هەر ئەو کارە بەجێیەی مامۆستا جەمال بابان، مەسەلەیەکیتری لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە کایەوە. واتە مەسەلەی جیاوازی نێوان ئەو دەقەی چیرۆکەکە، کە لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە و ژیان)دا بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ ئەوەکەی لەمەڕ ئەم لە بەراوردکردنیاندا سەرنجمدا جیاوازن لە یەکتر، بەتایبەتی لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە. بۆ نموونە با لەم چەند دێڕەی هەردوو دەقەکە وردببینەوە. لەوەی مامۆستا جەمال باباندا نووسراوە: ((ئەمجار دوانیان لاپەڕیان لێ گرتین، نەختێ سرپ و هووڕیان کرد و هاتنەوە نزیك ئێمە، کابرای کاروانچییان بانگ کردە لاوە، لەگەڵ ئەویش قەدرێ چرپە چرپیان کرد. کابرایەکەش هات بەلای منەوە و وتی باوکم ئەمانە بە هیوای ئەوەن شتێکیان بدرێتێ، منیش سوێندم بۆ خواردن کە تۆ لە هیچا نیت و هیچیشت نییە بیاندەیتێ، فەقەت ئەوان هەر دەست هەڵناگرن و چۆن لەژێر چنگی ئەم بەدبەختانە دەرتبێنین. منیش تێگەیشتم کە ئیشەکە نارەحەتە و ئەمانە تەشقەڵە ئەکەن. یان ئەبێ شتێکیان بدرێتی یان ئێمە بە قەڵبەیەکدا ئەدەن و منیش کێچ لە باخەڵمدا بۆ پوولێك سەوزەڵەگیانم ئەڵێ. هەرچەندە سەرم هێنا و سەرم برد چارەسەرێکم بۆ خۆم نەدۆزییەوە. وتم فلانی تۆ خۆت ئەزانی کە من هیچم نییە بیاندەمێ و خۆمان لە شەڕیان لادەین و ئاگاشم لەم شتانە نییە کە ئەوان ئەیلێن، جا کەیفی خۆیانە ڕەزام بە قەزای خوا، دەسەڵاتم چییە؟!))(*)، بەڵام لەوەی ژیانەوەدا بەم جۆرەیە: ((ئەمجار دوانیان

(*) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

چوونە ئەولاوە، بەدزییەوە قەدرێ سرپ و هووڕیان کرد و هاتنەوە. کابرای کاروانچییان بانگ کردە لاوە. لەگەڵ ئەویش قەدرێ چرپە چرپیان کرد. کابراکەش هات بەلای منەوە وتی ئەمانە مەقسەدیان ئەوەیە شتێکیان بدرێتێ. منیش سوێندم بۆ خواردن کە تۆ لە هیچا نیت و هیچیشت نییە بیاندەیتێ. فەقەت ئەوان هەر دەست هەڵناگرن. نازانم ئیتر چی بکەین و چۆن لەژێر چنگی ئەمانە دەرتبێنین. وتم فلانی تۆ خۆت ئەزانی کە من هیچم نییە بیاندەمێ و ئاگام لەم شتانەش نییە. جا کەیفی خۆیانە))(*).

وەك دەبینین جگە لە جیاوازی نێوانیان لە زمان و شێوەی داڕشتندا، لە یەکەمیاندا چەند دێڕێك دەخوێنینەوە کە لە دووەمدا نییە و لە دێڕەکانیتریشدا چەند رستەیەکی لێ زیاد کراوە. واتە ئەو دەقەی مامۆستا جەمال بابان بڵاوی کردۆتەوە، چ لە پوختکردندا و چ بە لێ زیادکردن دەستکاری کراوە، هەرچەندە کە لە ناوەڕۆك و زنجیرەی کارەسات و رووداوەکانیدا هەر وەك ئەوەی یەکەمە. جا دەبێ بپرسین: ئاخۆ کێ دەستکاری کردووە و ئەمە چ ئەنجامێك دەبەخشێ؟

بێگومان یەکەمجار دەبێ رامان بۆ ئەوە بچێ کە بڵێین: دەگونجێ جەمیل سائیب خۆی کە (٢٦) ساڵ دوای بڵاوکردنەوەی جاری یەکەمی چیرۆکەکەی کۆچی دوایی کردووە، پیاداچوویێتەوە و دەستکاری کردبێ، بەڵام لێرەدا دەبێ هەر زوو ئەو پرسیارەش بکەین کە ئەگەر وابووبێ، ئەی چ عەجەب نووکە قەڵەمێکیشی لە کۆتاییەکەی نەداوە کە تەنانەت دەیتوانی بە تەنها رستەیەك یا بە یەك دوو دێڕێك کۆتایی پێبهێنایە وەك ئەوەی بینووسیایە: (بەدەم ئەم هاوار و داد و بێدادکردنەوە، لە خەوە سامناکەکەم راچەنیم و حەمد و سەنای خوام کرد کە ئەوەی ئەمدی خەو بوو). یا دەیتوانی بدا بە دەمییەوە و درێژەی پێبدا، نەك تەنها ئەوەی لەوەبەر نووسیویێتی

(*) ژیانەوە، ژمارە ٣٢ – ٣٣، تەمووزی ١٩٢٥.

دەستکاری بکات و بەپێی پێشکەوتنی زمان و ئەدەبی ئەو رۆژانـەی دەسـتکاری تیـا کردووە پوختی بکا.

کەوابێ دەگونجێ رامان بـۆ ئـەوەش بچـێ بڵـێین: جـەمیل سـائیب خـۆی دەسـتکاری نەکردووە، بەڵکو لەلایەن یەکێکیترەوە کراوە. جا ئاخۆ ئەو یەکە ئەبێ کێ بێ؟! ئـەو یەکـە یا دەبێ کەسێکی بنەماڵەی خۆی بـێ کـە دەستنووسـەکەیان لابـووە و دەشـزانین هـەموو رۆشنبیر و ئەدیب و ئەدەب دۆستن. یا جەمال بابان خـۆی بـێ کـە ئەگـەر بهاتایـە و بـەو چەشنەی دوکتۆر ئیحسان فوئاد دەربارەی (مەسەلەی ویژدان) ئەحمـەد موختـار کردویتـی، دوو سێ لاپەڕەی دەستنووسەکەی بەردەستی بە زەنکۆگراف لە کتێبەکەدا بڵاوبکردایەتەوە، کلیلی مەسەلەکەی دەداینە دەست، بەڵام ئەو تەنانەت هیچ ئیشارەتێکی بـەوە نـەداوە کـە ئایا دەستنووسەکەی لەگەڵ دەقە بڵاوکراوەکەی لەوەبەردا بەراوردکردووە یان نا!

بەهەر حاڵ گرنگ ئەم بارەی مەسـەلەکە نییـە. بـەڵکو ئەوەیانـە کـە چ ئـەنجامێك دەبەخشێ! ئێمە لەوەبەر هەموو لەسەر ئەوە رێککەوتبووین کە (لە خەوما) بەو دەقـەی ساڵی (١٩٢٥)ی، یەکەمین چیرۆکی هونەری کوردییە. بەڵام ئەی ئاخۆ دەقە دەسـتکاری کراوەکەی ساڵی (١٩٧٥)ی بەچی بدەینە قەڵەم؟ ئاشـکرایە هـەموو نووسـەرێك تـا لـە ژیاندایە هەقی هەیە جارێك و دوان و دە، دەستکاری هەر بەرهـەمێکی خـۆی بکـات و بیگۆڕێ، بەڵام کە خۆی لە ژیاندا نـەما، هـیچ کەسـێك بـۆی نییـە بەرهەمـەکانی بـۆ دەستکاری بکات و جێگا و بایەخی مێژوویان بگۆڕێ، وەك لەگەڵ ئەم چیرۆکەی جـەمیل سائیبدا کراوە. بۆیە من تا ئەو وەختەی ئەم مەسەلەیە ساغ دەبێتـەوە، هـەر دەقەکـەی سەر لاپەڕەکانی (ژیانەوە و ژیان) بە دەقی راستی چیرۆکەکە دەزانم.

* * *

چیرۆکی (لە خەوما) هەرچەندە لە رووی هونەرییەوە وەك هەر بابـەتێکی ئـەدەبی کە تازە سەرهەڵدەدا، سادە و ساکارە و کەموکوڕی زۆرە. بەڵام لە گەڵێ رووی گەشیش خاڵی نییە کە تارادەیەك بەهرە و وەستایی نووسەرەکەی دەسەلمێنن.

نواندنی کارەسات و رووداوەکانی چیرۆکەکە لە چوارچێوەی خەویکدا، ئەگەرچی جۆری باسەکەی سەپاندوێتی، بەڵام لە رووی هونەرییەوە یاریدەیەکی باشی نووسەری داوە کە بەر بۆ خەیاڵی هونەرمەندانەی بەرەڵلا بکات و هەرچی مەبەستە، بە بیانووی گوایە خەوبینینەوە بێ سڵکردنەوە دەری ببڕێ. جگە لەوەی ڕێگای پێداوە کە ئەگەر لە هەندێ شوێنا لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا زۆر زیاد بڕوا و شوولی لێ هەڵکێشێ (واتە موبالەغە بکات) لێی نەگیرێ، چونکە لە خەوبینیندا ئەمە دەبێتە کارێکی ئاسایی. بۆ نموونە: بەندکردنی خەوبینەر (چیرۆك گێڕەوە) لە ژوورێکدا کە بەلای راست و چەپدا پەنجەرەی بڕوانێ بەسەر ژووری (حەریم) و تەختی فەرمانڕەوایی گەورەی شاردا، ئەمە لە کاتێکدا کە تۆمەتی جاسووسیشی درابێتە پاڵ.

بەڵام وەکیتر هەر هەڵبژاردنی ئەو ژوورە بۆ بەندکردنی خەوبینەر، کارێکی گەلێ هونەرمەندانەیە و گەشترین رووی هونەری چیرۆکەکەیە. نووسەر لەم ڕێگەیەوە ماوەی بۆ خەوبینەر کردۆتەوە کە بچێتە ناو جەرگەی کارەساتەکانەوە و لە بن دەستەوە باس و خواز و نهێنییەکانیان پێبزانێ و بیانگێڕێتەوە. لێرەدا ناچار دەبم ناوی (دۆزەخ)ەکەی هینری باربۆس بێنمە کایەوە. من دەزانم جیاوازی لە بەینیاندا ئاسمان و ڕێسمانە، بەڵام دەپرسم: ئاخۆ ئەم ژوورەی جەمیل سائیب لە ژووری ئوتێلەکەی لەمەڕ باربۆس ناچێ لەو رۆمانەیدا و پەنجەرەکانیشی شتێك نییە وەك کونە بچکۆڵەکەی دیواری ژوورەکەی باربۆس؟! لە یەکچوونەکە زۆر ئاشکرایە، بەڵام ئەوەتا باربۆس شاکارێکی لەسەر بنیاتناوە و جەمیل سائیب ئەوەی لەدەست نەهاتووە و هەرگیز نەشیدەتوانی لەو وەختەدا ئەمە لەدەست بێت. تەنها هێندە هەیە کە ئەگەر بهاتایە و لە سنووری ئەو ئامانج و مەبەستە سیاسییە تەنگەبەرە بیبردایە دەرەوە و بە باسێکی مرۆڤایەتی رەسەن و فراوانی ئەو سەردەمەی خۆیەوە بهاتایە بەر مەیدان، ئەوا چیرۆکەکەی بە بەریەوە هەبوو گەلێ بایەخدارتر و سەرکەوتووتر بوایە.

جگە لەمانە لە دارشتن و شێوە نواندنی کارەساتەکاندا هەرچەندە راپۆرتانەیە و ساکارە، بەڵام پوخت و کاریگەرە و خوێنەر رادەکێشێ بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکە بێ

ئەوەی لێی بێزار ببێ. وەسفکردنی کەسان بە دیوی دەرەوەیاندا لە هەڵسان و دانیشتن و گفتوگۆ و جلوبەرگیاندا کە پتر بە باری گاڵتەپێکردن و تیر و توانج لێدان لێیان دەدوێ، بە شێوەیەکی تایبەتی لە چیرۆکەکەدا سەرنجڕادەکێشێ. هەروەها بە کوردییەکی رەوان و زمانێکی پاراو نووسراوە، ئەگەرچی وەك هەر نووسینێکیتری ئەو سەردەمە وشەی بێگانەی زۆر تێدایە و بە ئیملای ئەو وەختەش نووسراوە کە خوێنەری ئێستا کەمێ زەحمەتی پێوە دەکێشێ(*).

(*) مامۆستا جەمال بابان لە چاپکردنەوەیدا گۆڕیویێتییە سەر ئیملای نوێ.

==

(*) ئەم نووسینە لە کتێبی: چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥ - ١٩٦٠، لە نووسینی: حسێن عارف (بغداد: دار الحریە للطباعة، ١٩٧٧) دا بڵاوکراوەتەوە.

چەند سەرنجێکی رەخنەیی دەربارەی چیرۆکی "لە خەوما"ی جەمیل سائیب

جەمشید حەیدەری

دوابەدوای چاپکردنی چیرۆکی (لە خەوما)ی نووسەری خوالێخۆشبووی کورد جەمیل سائیب لەلایەن مامۆستای چیرۆکنووس (جەمال بابان)ەوە لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا زنجیرە وتارێك دەربارەی چیرۆکەکە بڵاوکرانەوە و هەڵیانسەنگاند.

منیش بەو پێیەی کە ئێستا لە لینینگراد بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەی (دوکتۆرا) خەریکی نووسینی باسێکم لەسەر چیرۆکی کوردی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاوەکو کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠ بە پێویستم زانی کە زۆر بە وردی چیرۆکەکە و ئەو وتارانەی لەسەری نووسراون بخوێنمەوە، بەڵام بەداخەوە جارێ هەموو وتارەکانم دەستنەکەوتووە و لەم وتارەشمدا باسی ئەوانەیان ناکەم کە چنگم کەوتوون، بەڵام لە دوارۆژدا شوێنی خۆیان لەو باسەدا دەدۆزنەوە کە لەسەر چیرۆکی کوردی بڵاودەکرێتەوە.

ئەم وتارەی من بریتییە لە دوو بەش یەکەمیشیان دەربارەی ناوەرۆکی مامۆستا جەمال بابانە و بەشی دووەمیشیان دەربارەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە.

مامۆستا جەمال بابان لە پێشکییەکەیدا باسی ژیانی جەمیل سائیب ئەکا و چیرۆکەکە هەڵدەسەنگێنێ و بەپێی تواناش بەرگری لە هەڵوێستی جەمیل سائیب دەربارەی حوکمدارێتی شێخ مەحموودی نەمر ئەکا... سەرەتا دوو سەرەنج دەربارەی پێشەکییەکەی هەیە.. یەکەمیان: مامۆستا بابان نووسیویەتی: "لای خۆمان ریالیزمی

ڕەخنە بە شیعر لە زەمانی ئەحمەدی خانییەوە (١٦٥٠-١٧٠٦) دەستی پێکرد و بەرە بەرە پەرەیسەند لە زەمانی حاجی قادری کۆییدا"([١]). دووەمیشیان ئەوەیە کە لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا نووسیویەتی: ئەگەر زیاتر وردی بکەینەوە لە زەمانی بابا تاهیری عوریاندا بە شیعر هەبووە (٩٣٥-١٠١٠)([٢]).

مامۆستا بابان کە چیرۆکەکە بە ریالیزمی ڕەخنەیی لە قەڵەم دەدا لەڕاستی دوور نەکەوتۆتەوە چونکە چیرۆکەکە ئاڕاستەی بار و سەردەمێکی واقیعی کراوە و مەبەستی نووسەر هاندانی خەڵك بووە دژی حوکمدارێتی شێخ مەحموود.

جێی سەرسووڕمانە کە مامۆستا بابان هەوڵی ئەوە دەدات کەوا پێشان بدات ریالیزمی ڕەخنەیی لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ئەحمەدی خانی یا بابا تاهیری عوریان. چونکە ئاشکرایە ریالیزمی ڕەخنەیی وەك ڕێڕەوێکی ئەدەبی لە سەدەی نۆزدەدا سەریهەڵدا و لە سالآنی ٣٠ی سەدەی ناوبراودا خۆی چەسپاند... جا لام وایە لەوە ناچێت کە لە ئەدەبی کوردیدا پێش ئەوروپا سەریهەڵدابێت، بەڵام ئەگەر مەبەستی تەنها وشەی ریالیزم و ڕێڕەوی ریالیزمییانە بەجۆرێکی ساکاربێ ئەوە ئەتوانین بڵێین بۆ سەردەمی قۆناغی ڕاپەڕینی ئەوروپا (عصر النهضة) دەگەڕێتەوە و نووسەرە گەورەکانی ئەوروپا وەکو: شکسپیر و سێرڤانتۆس دەستیان پێکردەوە.

هەروەها مامۆستا بابان نووسیویەتی: (لە خەوما) یەکێکە لەو کارە ئەدەبییانە بە شێوەیەکی ساکار و نەرم و لەسەرخۆ دەوری حوکمی شێخ مەحموودی حەفیدی لە سلێمانی خستۆتە بەر ڕۆشنایی و بەرچاوی خەڵك([٣])، بەڵام ئەگەر مرۆڤ بە وردی و قووڵبوونەوەوە لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بکۆڵێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە وانییە و مامۆستا بابان تای جەمیل سائیبی گرتووە... چونکە جەمیل سائیب بە ئاشکرایی و بێ پێچ و پەنا و هونەرمەندانە رای خۆی دژ بە دەسەلآتدارێتی شێخ مەحموود دەربڕیووە و گوایە ویستوویەتی ئەوە بسەلمێنێ کە جوولانەوەکەی شێخ بۆ سوودی کورد نەبووە و هەر بەرژەوەندی تایبەتی شێخ خۆی بووە و بەس ((ئەوەی قازانج و خێری خۆمی تیانەبێ نایکەم))([٤]).

هەرچەندە مامۆستا بابان واپێشان دەدات کە رای خۆی دەربارەی حوکمداریێتی شێخ لەگەڵ رای چیرۆکنووسدا ناگونجێ، بەڵام لە نووسینەکەیدا بە ئاشکر دیارە کە تای جەمیل سائیبی گرتووە، ((بەڵام ئەگەر ئێمەش ئاورێك لەو رۆژانە بدەینەوە و بە ئینساف وەك خاوەنی ویژدان سەیری لایەنە باشەکانی یاخود ئیجابییەکان یاخود رووە پێشکەوتووەکان بکەین، ئایا چی ئەبینین بەداخەوە شتێکی ئەوتۆ نابینین بەرگری لەو دام و دەزگایە بکەین))([5]).

وادیارە مامۆستا بابانیش بە چاوێکی زۆر تەسك روانیوویەتی بە حوکمداریێتی شێخ مەحموودا و هەر تەنها کەم و کوڕی شێخ و دام و دەزگای دەسەڵاتداریێتەکەی ئەو ئەپێوێ و ئیتر باری رامیاری و گەلێ لایەنیتری ئەو سەردەمەی پشتگوێ خستووە.. بەداخەوە وتارەکەی دوکتۆر (عیزەدین مستەفا رەسول)م لەلا نییە کە ئەڵێت ئەگەر خەونیش بێت، خەونێکی زۆر خۆشە.

مامۆستا بابان هەر لە هەمان لاپەڕەدا هەوڵ دەدات بەرگری لە شێخ بکات.. ئەڵێ: ((ئەوی خەتا و ئەنجامی ئەو بارە شێواوە ناهەموارەش بخاتە سەرشانی تەنها شێخ مەحموود خۆی. زوڵمێکە لەو پیاوەی ئەکات))([6]).

مامۆستا بابان دەیەوێ ئەوە بە خوێنەر بسەلمێنێ کە شێخ مەحموود ((خۆی پیاوێکی بە ئایین و راست و ئازا و نیشتمانپەروەر و دڵ ساف و داوێن پاك بوو))([7]).

بەڵام ئەم قسەی هەرگیز لەگەڵ ئەو قسانەیدا ناگونجێن کە لە لاپەڕە ١٤دا دەربارەی چیرۆکەکە کردوونی کە دەڵێ: (نەرم و لەسەرخۆ) ئەوە ئاشکرایە کە جەمیل سائیب لە چیرۆکی (لە خەوما)دا باسی دام و دەزگای دەسەڵاتداریێتی شێخ مەحموود ناکا بەڵکو شێخی کردووە بە قارەمانی چیرۆکەکەی.

مامۆستا بابان دەیەوێ بڵێ جەمیل سائیب سەر بە ئینگلیز نەبووە و پاکانەشی بۆ دەکا... ((ئەگەر وایش بووبێ لە هەوەڵەوە پڕوپاگەندەی بۆ ئینگلیزەکان کردبێت، بەڵام لە دواییدا ئەویش هەموو شتێکی بۆ روون بووەوە و ئینگلیزی ناسی))([8]). زۆر ئاشکرایە کە ئەم چیرۆکە بە هانەهانەی ئینگلیزەکان نووسراوەتەوە و پڕوپاگەندە

بووە بۆ دادپەروەریّتی داگیرکەر و ئەوانی بە رزگارکەری ولاّت داناوە... بیّگومان ئەم چیرۆکە دوای رووخانی حوکمداریّتی شیّخ مەحموود و بوونی جەمیل سائیب بەسەرنووسەری رۆژنامەی (ژیان) نووسراوە و ئەمەشی بەڵگەیەکیترە کە مەبەستی جەمیل سائیب ئەوە بووە ئینگیزەکان بە پیاوچاك لە قەڵەم بدات و لە پەناوە پاکانەیان بۆ بکات کە گوایە ئینگلیز بۆ بەرژەوەندی کورد هەوڵ ئەدات و حوکمداریّتی شیّخیش دژی بەرژەوەندی کورد بووە.

ناوەرۆکی چیرۆکەکە بۆمانی روون دەکاتەوە کە چیرۆکنووس تا چ رادەیەك گیانی کوردپەروەری تیا کزبووە و زۆر وردبینانە لە یەکەم لاپەڕەی چیرۆکەکەوە تا دوا لاپەڕە بەرگری لە داگیرکەرەی خوێنڕێژ و دز و جەردە کردووە بەو ناوەی کە گوایە ئینگلیز دادپەروەرن و لە مافی کورد بەرگری دەکەن.. دوا وشەم دەربارەی پێشەکییەکەی مامۆستا بابان ئەوەیە (ما اشبه الليلة بالبارحة) چونکە بەراورد کردنی رووداوێك کە پەنجا ساڵ بەسەریدا تێپەڕیبێ لەگەڵ ئەمڕۆدا و پشتگوێ خستنی بار و زروفی ئەوسا و ئێستای کوردستان هەرگیز لە جێی خۆیدا نییە و ناگونجێ.

دەربارەی قارەمانی چیرۆکەکە کاك مەحموود زامدار دەڵێ: ((لەم چیرۆکەدا قارەمان نییە بەمانای ئەم وشەیە ئەگەر هەشبێت نووسەر خۆیەتی))([9]) ئەوەی راستی بێ لەم چیرۆکەدا دوو قارەمان هەیە، یەکەمیان نووسەر یاخود خەوبین، دووەمیشیان گەورەکە (شێخ مەحموود)ی نەمر.

بەڵام دەربارەی زمانی چیرۆکەکە پشتگیری رای مامۆستا حسێن عارف دەکەم ئەوەی کە لە وتارێکدا لە کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦دا دەربڕی و کورتەی وتارەکەشی لە رۆژنامەی هاوکاریدا([10]) بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەوەی من لێی بدوێم ناوەرۆکی چیرۆکەکەیە.. جەمیل سائیب بە هەستێکی ناپاك و ناحەزانەوە باسی حوکمداریّتی شێخ مەحموودی کردووە و هەوڵی ئەوەی داوە کە بە هەر جۆرێ بێ شێخی نەمر لەبەرچاوی کورد رەش بکات نەك وەك مامۆستا بابان فەرموویەتی ((نەرم و لەسەرخۆ)).

چیرۆکنووس واپیشان دەدا کە سەردەمی شێخ نالەبار و پڕ لە مەترسی و ئاژاوە بووە و ڕێگاوبان پڕ لە جەردە و دز و پیاوکوژ بووە.. بۆ ئەو مەبەستەش زۆر بە جوانی بە وشەی ساکاری کوردی هەستی دەروونی خۆیی تێکەڵ بە تابلۆی دەوروپشتی کردووە بۆ ئەوەی بتوانێ بە خوێنەری بسەلمێنی کە حوکمداریێتی شێخی نەمر لەسەر بناغەیەکی پووچ دامەزراوە.. و مەبەستی کاربەدەستانی ئەوساشی هەر راو و رووتکردنی خەڵك بووە و بە زۆری زۆردارەکی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە.

ئەوەی جێگای سەرسوورمانیشە ئەوەیە کە نووسەر دیمەنێکی وامان پێشان دەدات کە نەچێتە عەقڵەوە وەکو ئەوەی کە دەڵێ: ((نەختێکیتر رۆیشتین گەیشتینە مەیدانێك لەوێ سەیرم کرد سێدارەیەك هەڵخراوە، لە ژوور ئەویشەوە سێ چوار داریتر پێکەوە داچەقاون پیاوێکیان پێوە بەستۆتەوە..هتد، لە خەوما، لاپەڕە ٣٩-٤٠.

لام وایە ئەمە زۆر لە راستییەوە دوورە و نووسەر لە خۆیەوە بۆ خەڵەتاندن و چەواشەکردنی خەڵك هەڵی بەستووە ئەوەش هەر بۆ ئەوەی ئەوە بسەڵمێنێ کە دەسەڵاتداریێتی شێخ مەحموود ناڕەوا بووە و دەبوایە برووخێ.. بۆیە رووخا و خەڵکی لە سایەی ئینگلیزدا ئازادبوون.. گومانی تیا نییە کە جەمیل سائیب لایەنگری ئینگلیزەکان بووە بۆیە چاوی لە هەموو کردارە ناپەسەند و دڕندانەکانی ئینگلیز پۆشیوە کە لە سالانی ١٩١٩ و ١٩٢٠دا بەرامبەر بە میللەتی کوردی (تاوەکو رووخانی دەسەڵاتداریێتی شێخ مەحموود) کردیان. بۆ نموونە ئەگەر چاوێك بە یاداشتەکانی مامۆستا ئەحمەد تەقیدا بخشێنین بۆمان روونەدبێتەوە کە چۆن بە زۆری زۆردارەکی خەڵك ناچاربوون لە شەقامەکاندا سلاو بۆ میجەرسۆن بکەن و دەستەو نەزەر بۆی راوەستن و جارێکیان وا روویداوە کە پیاوێکی ناوداری سلێمانی سلاوی لێ نەکردووە گەلێ جوێنی پێدراوە و تێهەڵدانی خواردووە([11]).

جا بزانین جەمیل سائیب چۆن شێخمان پێشکەش ئەکات.. چۆن بە ((نەرم و لەسەرخۆ)) قارەمانێکی بە جەرگی گەلی کوردمان کە لاپەڕەیەکی زێڕینی لە مێژووی ئازادیخوازانی سەدەی یستەمدا تۆمارکردووە... بە خەڵك دەناسێنێ.

جەمیل سائیب دەڵێ: ((هەرچی حرکات وضعیتی گەورەکە هەیە هەمووی هەر غضبە وانانیتە))، ل ٤٧.

هەروەها دەیەوێ بەناڕەوا وای پیشان بدات کە مەبەستی شێخ هەر پارە لێدان و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بووە ((من ئەمانە نازانم، ئەم مانگە هەتا ئەچێتە سەر ئەبێ سەد هەزار لیرەی تۆم بۆ بگۆڕنەوە و بۆم تەواو بکەن))، ل ٤٩.

هەرچەند جەمیل سائیب هەر مەبەستی تانەدان لە شێخ مەحموود بووە، بەڵام بێ ئەوەی پێی بزانێ لاپەڕەیەکی مێژوویی ئەو قارەمانەمان دەخاتە بەردەست.. ((چەند جار چووم بە گژ ئینگلیزدا، لەگەڵ تورکدا تێك چووم.. تەشەبوسم بە روسیا و بولشەویك کرد وتم با میللەتەکە بکەوێتە رەحەتی و سەعادەتەوە))، ل ٥١-٥٢.

هەروەها نووسەر دەست بەسەرگرتنی ماڵی ئەو کەسانەی کە تای دوژمنیان گرتووە و بوونەتە پیاوی ئینگلیز بە زوڵم و کاری ناڕەوا دەژمێرێت و واپیشان دەدا کە ئەو جۆرە خەڵکە ((رایان کردووە و خۆیان لە شالاو و هالاوی زوڵم و زۆری ئەم زالم و خوێنخۆرانە نەجات داوە..))، ل ٥٦.

راکردنی خەڵك بۆ ئەو شوێنانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزی داگیرکەردا بووە بە گوێرەی قسەی چیرۆکنووسی ناوبراو وا ئەگەیەنێ ئەوان رایانکردۆتە پەنای عەدالەت ئەمنییەت، ل ٥٦.

وادیارە جەمیل سائیب تاڕادەیەك قینی لە شێخ و دەسەڵاتداریێتی شێخ بووە و هەموویانی بە جانەوەر و ستەمکار داوەتە قەڵەم... چونکە ئەڵێ: ((کەچی روانیم هەموو جانەوەرانە هەر لەبەرچاومن))، ل ٥٧.

هەروەها دەیەوێ وامان نیشان بدات کە شێخ مەحموود مرۆڤێکی بێ بڕوا بووە و ئامادە بووە لەگەڵ هەر لایەکدا رێککەوێ بە مەرجێ سەربەخۆیی و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بپارێزێ ((قەرارێکی قطعی و قول و تعهدات تەواو وەربگری رێگە و دام و دەزگا بۆ ئێمە دابنێن))، ل ٦٢.

هەرچەندە نووسەر هەوڵی ئەوە دەدات کـە شـێخمان وەکـو کابرایـەکی نـەفام و نـەزان پێشان بدات، بەڵام کاتێ کـە شـێخ ئـەڵێ: ((تـورك ئـەو تورکـە نـەماوە)) ئـەوەمان بـۆ دەردەکەوێ کە شێخ ئاگاداری ئەو دەنگوباس و گۆڕانانەی ئەو سەردەمەی تورکیا بووە.

پاش چاوپێکەوتنی شێخ بەو کۆمەڵەیەی کە سەر بە تورك بوون.. سـائیب دەڵـێ: ((ئەم کابرایە چ نەوعە ئینسانێکە و ئەوانە چ دەعبایەکن))، ل ٦٤.

کە چاویشی بە لایەنگرانی ئینگلیز دەکەوێ.. ئەوانیش (وەکو نووسـەر ئاشـکرای دەکا) پڕۆژەی خۆیان پێشکەش ئەکەن و دەڵـێن تـەنها ئینگلیـز دەتـوانێ رزگارمـان کات.. چونکە دەوڵەتێکی بەهێز و توانایە.. ئەوەش لەیاد ناکەن کـە بـە شـێخ بڵـێن ئینگلیز دڵنەرم و تورك دڵڕەقن... ئەگینا ئەو معامەلەیەی کە تۆ نەفسی خۆت لەگەڵ ئینگلیز کردت، ئەگەر نیوەی ئەوەت لەگەڵ تورکـدا بکردایـە، ئـەمین بـە دە دەفعـە ئیعدام کرابوویت، تۆ بزانە ئەم بەینە تـورك هێشـتی کـەس بزانـێ باسـی میللـەت و قەومییەت چییە و چی نییە، بەڵام حکوومەتی ئینگلیز وانییە..))، ل ٦٦.

وادیارە شێخ کۆمەڵەی سەر بە ئینگلیزی زۆرباش ناسیووە و زانیوێتی مەبەستیان چییە، بۆیە پاش پێشکەش کردنی پڕۆژەکەی ئەو تاقمـە.. ئـەڵێت: ((ذاتـا دەمێکـە ئەمەت ئەوێ... تۆ خۆت ئینگلیزی...))، ل ٦٨.

چیرۆکنووس بە جۆرێکی وا باسی نوێنەری ئەو کۆمەڵەیە دەکا کە باوەڕیان نـە بـە تورك و نە بە ئینگلیز نییە و تەنها باوەڕیان بە جـەماوەری کـورد و چـەکی دەسـتیان هەیە.. کە مرۆڤ سڵیان لێ بکات و لێیان بترسێ.. ((قسەی هەڵەق و مـەڵەق، یـەکێك ئەیکوشت، یەکێك ئەیبڕی... ئەم دەعبایانە ئێسـتا دونیـا ئـەرووخێنن.. شـایان بـە سەپانی خۆیان نە ئەزانی.. بەم نەوعە قسانە کردیان بە قیڕە و هـەرا و وەك حـەمامی ژنان بوو بە قاو و قیژ کەس نەیـدەزانی ئـەڵێ چـی.. یـان ئـەبێ هـەر خۆمـان بـین، جارێکیتر خۆمان ناکەین بە ژنی کەس.. بەخوا نـە تـورك و نـە ئینگلیـز نایـەڵن بـە رەحەتی و سەربەستی دانیشـین ((...هێشـتا ئـەوان شـێری جەنگـەڵی کوردسـتانیان نەدیوە.. ئێمە خزمەتکاری کەس ناکەین...))، ل ٦٩-٧٠.

ئـەو دێڕانـەی سـەرەوە کـە وەرمگـرتن هەرچـەندە لەلایـەن نووسـەر (جـەمیل سائیب)ەوە، بە قسەی هەڵەق و مەڵەق لە قەڵەم دراوە، بـەڵام لـەلای مـن بەڕاسـتی هەستی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری دەربڕیوە، چونکە تەنها یەکێتی و پشت بە هێزی گەل بەستن سەرکەوتن مسۆگەر دەکا.. لێرەشدا جەمیل سائیب پەردەی لە رووی خۆی هەڵماڵیوە و ئاشکرای کردووە کە چەندێ دڵسۆزی ئینگلیزەکانە و ئـەو دڵسۆزییەی خۆی تۆمار کردووە.

جەمیل سائیب لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دەیەوێ بە هەر جۆرێ بێ خوێنەر رازی بکا کە مەبەستی شێخ لەو هەموو هەرا و هۆسەیە هەر بەرژەوەندی خۆی بووە نـەك کـورد ((ئەوەی قازانجی خۆمی تیا نەبێ نایکەم))، ل ٧١.

ئەمە ((لە خەوما))ی جەمیل سائیب بـوو، لـە خوێندنەوەیـدا وادەردەکـەوێ کـە خەوێکی بە سام و ناخۆش بووە و لە رۆژگارێکی ناخۆش دەدوێ کـە کـورد دووچـاری بووە، بەڵام من لەگەڵ دوکتۆر عیزەدین دام کە ئەڵێت: ئەگـەر ئەمـە خـەونیش بێـت خەونێکی ناخۆش نەبووە..!

پەراوێزەکان

(١) جەمیل سائیب.. لە خەوما .. بەغدا، ١٩٧٥ لاپەڕە — ١٤.

(٢) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

(٣) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

(٤) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە ٧١.

(٥) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە ١٥.

(٦) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە ١٥.

(٧) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە ١٦.

(٨) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە ٢٢.

(٩) رۆژنامەی (العراق).

(١٠) رۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە ٣٠٢، رۆژی ٣٠/١/ ١٩٧٦.

(١١) یادداشتەکانی ئەحمەد تەقی، سلێمانی، لاپەڕە ٣٤

==

(*) ئەم نووسینە لە هەفتەنامەی "پاشکۆی عێراق" ژمارە (١٠) ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧، لاپەڕە (٦-٧) دا بڵاوکراوەتەوە.

(*) بۆیە لەم وتارەدا پێش ناوی جەمشید حەیدەری نازناوی (د.) دانەنراوە، چونکە ئەو کاتەی ئەو بابەتەی نووسیووە و بڵاوکردۆتەوە هێشتا دکتۆرایەکەی وەرنەگرتبوو، ئەمەش پێمان دەڵێت تەنانەت پێش وەرگرتنی دکتۆرانامەکەشی (د. جەمشید حەیدەری) هەر نووسەرێکی خاوەن بەرهەم بووە. (د. ئازاد)

له خەوما

عەبدولرەزاق بیمار

چیرۆکی هونەری سەرەتامان "له خـەوما"ی (جـەمیل سـائیب) لەبـەر گـەورەیی قەبارە و لایەنە ئەدەبییە گەشەکەی بەتایبەتی شـێوازی دڵـڕاکێش و هەسـت بـزوێن، زمانی رەوان، زنجیرەیی و زۆریی رووداوەکان، وەسفی ورد، قووڵبوونەوە لە وەسفدا ئەنجا توانای دەربڕینی مەبەستێکی سیاسی لە چوارچێوەی خۆکردی چـیرۆکدا لـەو رۆژگـارە سەرەتایەی چیرۆکنووسیدا دەبێ بە کـارێکی رابەرانـەی نایـاب و شـایانە بـە بـەردی بناغەی ئەم بابەتە ئەدەبییە تازەیەی لە ئەدەبی هاوچەرخماندا بژمێرین.

ناوەرۆکی چیرۆکەکەش وەکو لـە پێشـەکییەکەی مامۆسـتا جـەمال بابـان* و شـیکردنەوەی مامۆسـتا حسـێن عارفـدا روون کراوەتـەوە و هـەروەکو کـە لـە ژمارەکانی رۆژنامەی (ژیانەوە)دا کە خۆی سەرنووسەری بووە ئاگادارین بریتییە لە رەخنەیـەکی توندوتیـژ لـە حـوکمڕانی و لـە شەخسـی شـێخ مـەحموود خـۆی و دارودەستەکەی لە ساڵی ١٩٢٢دا.

نووسەر جگە لەم چیرۆکە لە وتارەکانیشیدا ئـەو رەخنـە توندوتیـژی بـە زیـادەوە نووسیوە و بە گورزێکی گەورەی بـۆ سـەر گیـانی رێبـازی تـورك خوازەکـان دانـاوە، ناوەرۆکی بیروباوەڕی رەخنەکەشی بریتییە لەوە:

١- کە دارودەستەیەکی لێنەهاتوو و کۆنەخواز جڵەوی کاریان گرتبووە دەست.

---

* له خەوما — جەمال بابان — پێشەکییەکەی، بەغدا، ١٩٧٥.

٢- کاربەدەستان پیاو خراپ و چەوسێنەرەوە و دڵڕەق بوون.
٣- شێخ هەلێکی مێژوویی گەورەی لەدەست خۆی و گەلەکەیدا کە لە جیاتی سازان لەگەڵ بەریتانیا دوو چاو و راوی تورك کەوت.

لەلایەنی هونەری چیرۆکیشەوە وادیارە نووسەر کە لە ئەدەبی تورکی و کۆششە سەرەتاییەکانی چیرۆکی عەرەبی لە عێراق ئاگادار بووە کە سەردەمێك باو بوو نووسەران پەنا بۆ (خەون) بەرن بۆ ئەوەی چمکێك لە بیروڕای خۆیان لەژێر پەردەی خەوندا دەربڕن. لەم رووەوە گەلێ بەرهەمی چیرۆکی خەوناوی نووسراوە کە بەناوی (قصص الرؤيا) ناودارە و لە عێراق بڵاوکراوەتەوە.[*] سەرباری ئەم پەردە خەونەش نووسەر ناوی خۆی نەبردووە و لە پەناوە و کەس نەناسانە رەخنە ئاگرینەکەی خۆی لە چوارچێوەی چیرۆکێکی خەونکردوودا لە رۆژنامەدا بڵاوکردووەتەوە. ئەو خۆپارێزییەشی لەبەر بارودۆخی سیاسی بەپێویست زانیوە چونکە نە کۆمەڵەکە بە تەواوی ئەو جۆرە خۆراکە ئەدەبییە سیاسییەی بۆ قووت دەدرا و نە بە چاوی لێبووردنەوە سەیری نووسەری دەکرد، نەخۆشی لە تۆژینەوە و بەرپرسیاریی تاڵ و ناکاوی دوژمنە سیاسییەکانی بێ خەم و دڵنیا دەبوو.

سوودێکیتری گەورەی خەون بۆ لایەنی تەکنیکە، کە پیاو لە خەوندا دەتوانێ بە یەکجار چەند دیمەنێك ببینێ و شریتی رووداوەکان زوو بێن و بچن و نووسەر ئەوەندە پابەندی چۆنیەتی راستی رووداوەکان نەبێت، بەتایبەتی لە دیمەنی ژووری حەپسخانەی کابرای هەژاردا ئەمە باش دەردەکەوێ کە ژوورەکە بەلای راستدا پەنجەرەیەکی بەسەر ژووری (حەرەم)ی گەورەی شاردا دەڕوانێ و بەلای چەپیشدا پەنجەرەیەکی دی بەسەر دیوەخان یان تەختی فەرمانڕەواییەکەیدا دەڕوانێ.[]

---

[*] د. عبدالاله احمد ، نشاة القصة وتطورها فى العراق ١٩٠٨-١٩٣٩، بغداد ١٩٦٩ .
[] حسێن عارف، ل ٢٤.

چیرۆکنووس زمانی پاراو و راوێژی دڵڕاکێشه* به سـەرنجی ورد لـه کەسـێتییەکان رادەمێنـێ و هەڵسـوکەوتی نـاو دەروون و رەنگدانـەوەی لـه لـەش و دەموچـاویاندا تەڕدەستانه وێنه دەکێشێ.. سەرەڕا ئەکسەسوار و دیمەنی دیکۆر.

به نموونه دیمەنی مەلاکان لەگەڵ حوکمڕاندا بەم جۆره هونەرییه دەنەخشێنێ:

((مەلاکان هەر چواریان رەنگیان هێناوبرد و سەیرێکی یەکتریان کرد. لـه دواییدا یەکێکیان تیا بوو نەختێ به پەلەپەل قسەی ئەکرد و دانیشـی لـه دەما نەبوو. کلکی مێزەره سـپییەکەی شـۆڕبووبووه خـوارەوه هـەتا لای پشتێنەکەی، عەسایەکی باسقەندەی بەدەستەوه بوو، سـیواکێکی درێـژی کردبوو به پشتێنەکەیا هەر جاره تـۆزێ بـەرنووتی هەڵدەمـژی و چـمکی فەقیانه سپییەکەی له قۆڵی جبەکەیەوه هـاتبووه دەرەوه هـەر عەجەلـه و پەلەپەلی ئەکرد بۆ قسەکردن. له پڕێکدا تێی هەڵکرد و وتی))

مەلایەکیتر بەم جۆره وەسف دەکات و شێوه گفتوگۆکەی جوان تۆمار کردووه:

((یەکێکیتر له مەلاکان وا بزانم زمانی نەختێ وەکـو لاڵ بـێ وابـوو چونکه هەر قسەیەکی ئەکرد و تفێکی قووت ئەدا و بـه تـووڕە تـووڕ کەلیمەیەکیتری تەواو ئەکرد، لەگەڵ قسەکان خێراخێرا دەسـت و پلـی ئەجوولایەوه و سەر و سنگی به قسەکانییەوه ئـەهێنا و ئـەبرد، وتـی بەڵێ وەکو فلان ئەفەرمووێت وایـه. ئەمانـه قـەولێکی مـەعرووف و موعتەبەر و موقتەدابیهین)).*

---

* سەرەڕای ئەوەی که زمانەکەی به لای شێوه زمانی شاری سلێمانی دەشکێتەوه، وشەگەلی وەکو (مانگوێتی، یەت) و پەڕاندنی (د) و پێش و پاشکردنی کار و ناوی بکەر له ڕستەدا دەبینرێ. بەڵام هێشتا پاراو و بێ هەڵه و زیندووه.

ژیانەوه، ژماره (٤٨).

*ژیانەوه، ژماره (٤٩).

ئەمەی لەم چیرۆکە سەرەتاییەدا دەبینرێ هەنگاوێکی باشە بەرەو وێنەگرتنی ناو دەروونی کەسێتییەکان. یەك بە یەك رەنگ و هێڵی خۆیان بۆ تەرخان دەکات و بەرامبەر هەموویان بە پشووەوە دەوەستێ و سەرنجی خۆیان دەربارەیان پێشان دەدات. با ئەم دیمەنە سەیرکەین کە وێنەی چوار کەسی تێدایە دیاریکراوە. کابرای حەپس لە ژوورەکەی دەڕوانێ و دەڵێ:

"روانیم گەورەکە کە ئەمری کرد و منیان خستە ژوورەکەوە خۆی بە کەشوفێکەوە دانیشتووە فلّق و هووڕ نێرگەلە ئەکێشێ، کابرایتریش کە سەر لە بەیانی لەگەڵ ملۆزمەکان منی هێنایە ژوورەوە ئەویش لە خوارەوە وەستاوە. هەرچی حەرەکات و وەزعیەتی گەورەکە هەیە هەمووی هەر غەزەبە و هەر ئەنانیەتە.

هەرچی حەرەکات و سەکەناتی ئەویشیان هەیە هەمووی هەر تەسلیم و ئیتاعەتێکی پڕ لە مەرایی و قوماربازی و درۆ و ریایە. یەکێکیتریش لە پەنا دەرگاکەدا وەستابوو هەر فشەفشی لێئەهات.. دەستێکی خستبووە سەر خەنجەرەکەی هەموو لەشی ئەجوولآیەوە، هەروا لە هەموو ئەعزایەکی خوێن ئەباری، بێ دەنگ، بێ سەنگ، کەس قسە ناکات، هەموو قوڕ و قەپیان کردبوو. لەپاش نەختێ گەورەکە سەری بەرزکردەوە رووی کردە کابرای دان ئاڵتوون و وتی:

- تۆ نابێ قەت قسەیەکی راستت ببێ؟ تۆ ئاخیرەکەی سەری من بە فەتارەت ئەدەی. ئاخر ئەو هەموو هاش و هووشەی تۆ کردت! تۆ کە هاتیتەوە وتت چی؟ کەچی ئێستا دونیا چۆنە؟! ئەوانی تۆ هەڵترشت هەمووی درۆ و فیشاڵ بوو، بەخوا تۆ هەر بۆ کوشتن چاکی.

ئەویش وتی:

- قوربان بە چیت باوەڕە ئەوانی من عــەرزم کــردی هــەمووی راست بووە و هیچی درۆ نەبووە، بەڵام مــن بڵــێم چــی مەســەلەی مەشهوورە ئەڵێ دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵێشێ."*

کە دێتە سەر وێنەگرتنی (حوکمڕان) هەوڵدەدا تووڕەیی و جوێنفرۆشی کەللــەڕەقی بە جۆرێکی دیار پێشکەش بکات. ئەوەتا لە هەمان دانیشــتنی کەســەکانی پێشــوودا نووسەر دەگێڕێتەوە:

"کولەبنەکەی کە لای خوارووی وەستا بوو ئەویش هەڵیدایــە و وتــی: بەخوا قوربان راست ئەکات.

ئەویش بەبێ وردبوونەوە و لێکدانەوە کتوپڕ وتــی: بــەخوا راســتە! دەستی کرد بە قسەی ناشیرین، جنێوی خراپ بەوانە دەستێکی دا بــە دەستا وتی: ئاخ من چی بکەم ئەترسم هەر نەگــەم بــەو رۆژە ئەمانــە وجوودیان لەناودا هەڵگرێ."

"کولەبنەی لای خواروو دیسانەوە هەڵیدایە وتی: قوربان. هێشتا لەناو خۆماندا هەزار کەسی خراپمان تێدایە، هەر خەریکی ئــیش تێکــدان و جاسووسین. بەخوا ئەمانە دەفع بکرێن چاکە. گەورەکەش لــەم قســانە رقی هەستا و چاوی لێ دەردەپەڕی و مارپێچی نێرگەلەکــەی فڕێــدا و هەستایە سەرپێیان وتی: هەرچی ئیشی مــن تێکبــدا نــابێ بمێنــێ... کوانێ مەلاکان نەهاتن؟"*

نووسەر لە دیمەنی کردار و رەفتاری (گەورەکە)وە زیاتر دەچێتە پێش و هەوڵدەدا بیروڕا، یان رێبازی حوکمڕانییەکەی بزانێ و بە خوێنەرانی رابگەیەنێ، ئایا بۆچی وا تووڕەیە؟ وا دڵ

---

*ژیانەوە، ژمارە (٤١).

*ژیانەوە، ژمارە (٤٣).

به داخه له زۆر لایەن؟ ئایا بەرهەڵستانی ئـەو کـێن؟ ئـەو بـۆ میللـەت چـی دەوێ؟ ئـەم روونکردنەوەیەش تا رادەیەك جۆرە بێ لایەنی و بابەتییەکی چیرۆکنووس دەگەیەنێ، چونکە ئەگەر لەسەر زاری گەورە خۆشی بێ، کرد و کۆششی و چمکێك لە رابردووی پێشـاندەدات، لەوانەیە بەرگرییەکی باشیش بێت لە نیازچاکی و ئاواتی گەورەکە:

"لە پاشان گەورەکە دەمی هەڵهێنایەوە و نەختێ بـە حیددەتـەوە دەسـتی کرد بە قسەکردن و وتی: من ئەمە چـەند سـاڵە هـەوڵ و تەقـەلا ئـەدەم. برینداری و حەپسی و رەزاڵـەتم کێشـا، ئـەنواعی مسـیبەت و مـەرارەتم چێشت: دەستم لەسەر و ماڵی خۆم شت، هاتم تێکۆشـام، وتم بـەڵکو ئـەم میللەتە بۆ خۆی هەناسـەیەکی رەحـەتی هەڵکێشـێ و بـە سەربەسـت و ئازایانە بۆ خۆیان بژین و دەستی بێگانەمان بـە سـەرەوە نـەبێ. ئێمـەش وەکو ئەم میللەتانـەیتر بکەوینـە رەحـەتی و خۆشـی. زیـادی، گـەورەیی دەوڵەمەند و سەربەرز ببین و دینەکەمان بەرزبێتەوە. چەند جار چووم بەگژ ئینگلیزدا. لەگەڵ تورکدا تێکچووم، تەشەببووسم بە رووسیا و بۆلشـەویك کرد، چەند خوێناومان رشت. ئەمـە مـن هیچـی بـۆ خـۆمم نـەکردووە، هەموویم بۆ ئەم دین و میللەتە کردووە. وتوومە با میللەتەکـە بکەوێتـە رەحەتی و سەعادەتەوە و دینەکـەمان زیـاد بکـات و بەرزبێتـەوە کەچـی لەگەڵ ئەم هەموو ئەحوالانەدا ئەوەتە هەموویان ئەبینین بەشێکی زۆر لـەم میللەتە لایان داوە لەمن و چوون شوێن غەیرە دین کـەوتوون. رۆیشـتوون بۆ ولاتان خزمەتی فیکری ئەوان ئەکەن."*

*ژیانەوە، ژمارە (٤٨).

==

(*) ئەم نووسینە لە کتێبی: پەخشانی کوردی ، لە نووسینی: عەبدولرەزاق بیمـار (بغداد: دار الحرية للطباعة، ١٩٨٨) دا بلاوکراوەتەوە.

که ئەدەب دەبێتە گۆڕپانێك بۆ تۆڵەكردنەوە

جەبار سابیر

لەگەڵ هەموو زەرەر و زیانێكی گیانی و ماڵی شەڕە گەوەرەكانی دنیا، مرۆڤ زۆر و كەم سودی لەو شەڕانەش وەرگرتووە، چونكە هەمیشە بۆ یەكلاییكردنەوەی شەڕەكە بەسود و بەرژەوەندی لایەنەكان، لە پێشبڕكێی ئەوەدان كامیان كەرەستەی باشترو پێشكەوتووتر دروستبكەن تا بەقازانجی خۆیان شەڕەكە تەواوبێت. جەنگی یەكەمی جیهانی ئینسانی والێكرد فڕۆكە دروستكات و لە شەڕەكانیدا بەكاریبهێنێ، جەنگی دووەمی جیهانیش بە هەمان شێوە ئینسانی والێكرد بۆمبی ئەتۆمی دروستبكات و گەر ئەوكات بۆ لەناوبردنی بەشەر بووبێت ئەمڕۆ دەكرێ وەك سەرچاوەیەكی دەوڵەمەندی وزەی كارەبا بەكاربهێنرێت. لەبواری ئەدەبیشدا هەر جەنگی یەكەمی جیهان بووە هۆی نوسینی هەردوو رۆمانی(بەرەی خۆرئاوا ئارامە)ی (ئریش ماریا ریمارك) و (ماڵئاوایی لەچەك)ی (ئیرنست هەمنەگوای). شەڕ پاڵینا بە ئینسانەوە تا كەشتیگەل و پاپۆڕ دروستكات بۆ كۆنترۆڵكردنی دەریاكان و، هەر شەڕیش ئینسانی هاندا تا فڕۆكە و شەمەندۆفێر و ئۆتۆمبیل و دواتر چەكی ئەتۆمیش دروستبكات. ئەمە بۆ هەموو كایە و بوارەكانی ژیان وایە، شەڕ دوور و نزیك و زۆر و كەم گۆڕانكاری تەواو لەسەرخان و ژێرخانی هەر وڵاتێكدا دروستدەكات كە شەڕەكەی تێدا روودەدات. رەنگە زۆرینەی شاكار و بەرهەمە فەلسەفی و ئەدەبی و زانستییەكانی دنیا لەدوای شەڕی گەورەوە دروستبووبن، چونكە ئینسان هەمیشە ژان و ئازارەكانی پاڵنەری سەرەكین بۆ كردنی

هەرکارێك. هیچ کاتێك لەخۆشگوزەرانی و ئاسوودەی و دڵنیاییدا بەرهەمێکی ئەدەبی یاخود فەلسەفی یان داهێنانێکی زانستی لە دایك نابێت.

سەرەتای سەدەی بیستەم بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانەوە تەواوی مرۆڤایەتی دەکەوێتە حاڵەتێکی شپرزە و پڕ جولەجولەوە، ئەم ناوچەیەی ئێمەی کورد کە ئەوکات لەلایەن هەردوو دەوڵەتی عوسمانی تورك و قاجاری فارسەوە بەڕێوەدەبرا، حاڵەتە شپرزەییەکە تەواو دەیگرێتەوە و کورد دەکەوێتە خۆی. ئەم کەوتنە خۆیەی کورد جگە لە لایەنی سیاسی و شۆڕشی چەکداریی لایەنی فەرهەنگی و رۆشنبیریش دەگرێتەوە و بەجارێ دەیان شاعیر دێنە بواری ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و هۆشیارکردنەوەی خەڵك و هاندانیان بۆ بەگژداچوونەوەی کۆنەپەرستی کۆمەڵگە و دوژمنانی نەتەوەش تا خاکەکەیان لەژێر دەستەیی رزگار کەن. دواتریش ئەوە دەردەکەوێت کە کورد قازانجی زیاتر لە شۆڕشە رۆشنبیرییەکە کردووە وەك لە شۆڕشە چەکدارییەکە. شۆڕشە رۆشنبیرییەکە شاعیرانی وەك (بێکەس و ئەحمەد موختار جاف)و چەندانی تری لێکەوتەوەو وەك دەشزانین (گۆران)یش دەرهاویشتەی ئەو قۆناغە بوو کە شیعری کوردی نوێکردەوە و گەیاندییە لوتکە. رەنگە زۆر لەسەر ئەم قۆناغەی ژیانی کورد و بە تایبەت شیعری کوردی لەو کاتەوە تا سەرەتای شەستەکان قسەکرابێتو تاڕادەیەك مافی خۆی درابێتێ. بەڵام ئەوەی غەدری لێکراوەو وەك پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە نوسینی چیرۆکە لەو قۆناغەدا، واتا لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تا نیوەی دووەمی سەدەی بیست، شتێك نییە پێی بوترێ چیرۆکی کوردیو ئەوەی لەو کاتەشەوە ناوینراوە چیرۆك بەرهەمی گۆڤاری (گەلاوێژ)بووە کە بۆ ماوەی دە ساڵ (١٩٣٩ تا ١٩٤٩) بە بەردەوامی دەرچووەو بایەخێکی زۆری بەچیرۆکداوە و دەکرێ دواتر قسە لەسەر ئەو بایەخدانەش بکەین کە لەو کاتەدا و لەو گۆڤارەدا دراوە بە چیرۆکی کوردی.

بەڵام نابێت هەروا سەرپێی لەو قۆناغە بڕوانین و خاڵیکەینەوە لە هەر جۆرە هەوڵێکی چیرۆکنووسین. چونکە ئێمە ئەوە دەزانین کە لە ساڵی (١٩١٣)دا چیرۆکێك

له بلاّوکراوەیەکدا بەناوی(رۆژی کورد) بلاّو کراوەتەوە، چیرۆکەکە ناونیشانی نییە بەلاّم نووسەرەکەی ناوی(فوئادی تەمۆ)یە ئەوەی جێگەی نیگەرانیشە نەنوسینی تر، نە هیچ شتێك لەسەر ژیانی ئەو پیاوە نەزانراوە. دواتریش لە سەرەتای بیستەکانی هەمان سەدەدا واتا نزیکەی دەساڵ دوای (فوئادی تەمۆ) رۆشنبیرێکی ئەودەمی شاری سلێمانی بەناوی (جەمیل سائیب) لە یەکێ لە بلاّوکراوەکانی ئەو دەمدا کە پێموایە (ژیانەوە)بووە چیرۆکێك بەناوی (لە خەوما) دەنوسێ و لێرەوە یەکەمین بەردی بناغەی چیرۆکی کوردی دادەنرێت و ئەو چیرۆکە دەبێتە یەکەمین چیرۆکی کوردی. دواتریش لە سەرەتای سییەکاندا (ئەحمەد موختار جاف) چیرۆکێکی درێژتر لەوەی (جەمیل سائیب) بەناوی (مەسەلەی ویژدان) دەنوسێ و هەندێك رۆشنبیر بە یەکەمین رۆمانی کوردی دادەنێن. ئەوەی ئێمە دەمانەوێ قسەی لەسەر بکەین چیرۆکی (لە خەوما)ی (جەمیل سائیب)ە کە تائەمڕۆش مشتومڕێکی زۆری لەسەرە و زۆرینەی خوێندەواران و ئەهلی ئەدەب بە یەکەمین چیرۆکی کوردی دەزانن و هەندێکیش پێیانوایە کە ئەمە یەکەمین چیرۆکی کوردی نییە، بەڵکو هەوڵێکی ئەو کاتەی ئینگلیزبووە بۆ لەکەدارکردنی بزووتنەوەکەی (شێخ مەحموود)ی نەمر و (جەمیل سائیب) رقی لەشێخ مەحمود بووە و لە ئینگلیزەکانەوە نزیك بووە بۆیە ئەم چیرۆکەی نووسیوە. بەلاّم ئەوەی گرنگە لەم چیرۆکەدا رەخنە گرتنە لەو دەسەلاّتە کوردییەی کە شێخ بەڕێوەی بردووە. پێش قسەکردن و لێکۆڵینەوە لە چیرۆکەکە دەکرێ باسی ئەم قۆناغەی رۆشنبیری کوردی بکەین، کە دەشێ ناوی بنێین قۆناغی بەشاری بوونی رۆشنبیری کوردی. هەوڵی روناکبیر و شاعیرانی ئەودەم بۆ نووسینی چیرۆك، هەوڵێکی هەڕەمەکی و لەخۆڕا و بێبەرنامە نەبووە، بەڵکو بەرنامەڕێژی بۆکراوە. ئەو روناکبیر و شاعیرانەی ئەوکات تەنیا بەوەوە نەوەستاون کەزمانی بێگانەی وەك (تورك و فارس و عەرەب) بزانن، بەڵکو هەوڵیانداوە لەگەڵ خەڵکی ئەو نەتەوانەشدا تێکەڵبن و لەگەڵ کلتوری ئەو نەتەوانەشدا بکەونە دیالۆگ و ئەوەندەی بۆیان بکرێت سود لە کلتوری ئەوان وەرگرن. ئەمەش کاتێك دەڵێین: کە لە بەرهەمی نووسەر و شاعیرانی ئەودەم دەڕوانین و لەگەڵ

رابردوو، واتا پێش سەدەی بیست بەراوردیان دەکەین، چونکە پێش سەدەی بیست سەراپای رۆشنبیری کورد تەنیا شیعرە و جگە لە شیعر شتێکی ترنییە ناوی رۆشنبیری کوردی بێت. ئەگەر ئەو نوسراو و کتێبانە وەك رۆشنبیری کوردی بژمێرین کە لەلایەن زانا و پیاوانی ئایینی کوردەوە نوسراون لە چەشنی (شێخ مارفی نۆدێ)و پێشتریش (دینەوەری و ئامێدی و شارەزووری)ییەوەو خزمەتی کلتوری عەرەبیان کردووە، دەنا یەك دێڕی تر نییە لە دەرەوەی شیعر.

تێکەڵبوونی ئەو شاعیر و روناکبیرانەی ئەو قۆناغەی کورد بەکلتوری دراوسێ، جیهانبینی ئەوانی گۆڕی و وایلێکردن بیرکەنەوە کە جگە لە شیعر شتی تریش هەیە بە رۆشنبیری بژمێردرێ و وەك بابەتێك بۆ خزمەتی نەتەوەو ریفۆرمی کۆمەڵگە بەکار بێت. ئەوان شارە پڕ ئاپۆرا و گەورەکانی وەك ئەستەمبوڵ و تاران و بەغدادیان بینی و کاریگەری ئەو ژیانە نوێیە وایلێکردن لەوە تێبگەن کە کات درەنگی کردووە و ئیتر شیعر فریای مەسەلەکان ناکەوێت، دەکرێ زمانی ترو شێوازی تری دەربڕین بدۆزرێتەوە بۆ گەیشتنە ئامانج. (جەمیل سائیب) روناکبیرێکی بە ئەزموون بووە و چۆتە دەرەوەی کوردستان و تێکەڵاوی کلتوری تر بووە، بۆیە ئەو هەوڵەی داوە، دواتر (ئەحمەد موختار جاف)ی شاعیر ماوەیەکی زۆر نائیبی پەرلەمانی عێراقی و قائیمقامی هەڵەبجە بووە و زۆر تێکەڵاوی کلتوری عەرەب و فارس و تورك و بووە و هاتوچۆی شارە گەورەکانی بەغداد و ئەستەمبوڵی کردووە و، تیایاندا ژیاوە و ئەوە تێگەیشتووە کە شارستانییەت، تەنیا بەشیعر بنیات نانرێتو پێویستە شێوازی تری نوسین بدۆزرێتەوەو دواتر (مەسەلەی ویژدان) دەنووسێ. لەوێدا شار دەکاتە شوێنی رووداوەکان و بەزمانی خەڵکی شاریش دەنوسێو تەنیا بیر لەوە ناکاتەوە کە دواتر خەڵکی رەشو رووت هەر لە دیوەخانەکاندا شیعرەکانی ئەزبەرکەن. هەوڵی ئەوەدەدات ببێتە خاڵی وەرچەرخانی رۆشنبری کوردی و کۆمەڵگە لە خەوی غەفڵەت بێدارکاتەوە. (ئیبراهیم ئەحمەد)یش کە لە ناوەڕاستی سییەکانەوە واتا لەدوای ئەوانەوە دێت، بەهەمان شێوە کەسێکی خوێندەواربووە و هەر لەو ساڵانەدا کۆلیژی یاسا لە یەکێك لە

زانکۆکانی شاری بەغداد تەواو دەکات و ماوەیـەکی زۆر لـەو شـارەدا دەژی و تـەواو تێکەڵاوی کلتوری عەرەب دەبێت. زمانی عەرەبی بەباشی زانیوە، ئیتر هەوڵی خۆی لە بواری چیرۆکنوسیندا دەخاتەگەڕ و دواتریش کە لەساڵی (١٩٣٩تـا١٩٤٩)دا گۆڤـاری (گەلاوێژ) دەردەکات زیـاتر پـەرە بـەو هەوڵـەی دەدات و بەرئـەنجامی هەوڵەکەیشـی کۆمەڵە چـیرۆکێکی زۆر باشـە و لـەو گۆڤـارەدا بڵاویدەکاتـەوە و بـەمجۆرە تـا سـاڵی شەستەکان جگە لەم سێ کەسە، کەسی تر هەوڵی نوسینی چـیرۆکی نـەداوە و دەکـرێ بڵێین: ئیبراهیم ئەحمەد لەدووانەکەیتر پڕ بەرهەم تر و زمان پاراوتریش بووە و ئـەوەبوو دواتر و لە ساڵی (١٩٥٦) یەکەمین رۆمانی کوردیشی نووسی بەناوی (ژانـی گـەل) و بەداخەوە تا کۆتایی شەستەکان چاپ نەکر او خوێندەواری کورد نەیبینی.

(لە خەوما) چیرۆکێکی تاڕادەیەك درێژە و دەکرێ ناوی بنێین نۆڤلێت. ئەم چیرۆکە بەشێوازێی زۆر سادە رووداوەکە دەگێڕێتەوە، دەسـپێکەکەی بەمـە دەسـت پێـدەکات (خوایە بەخەوی بگێڕی) لێرەوە تێدەگەین کە کەسێك یـاخود باشـترە بلـێین: پیاوێـك خەوێکی بینیوە و دوای خەبەربوونەوەی دەڵێ: خودایە بەخەوی بگێڕی، واتا ئەمە هەر لەخەودا وابێ و بەڕاستی روونەدات. لێرەوە شتێك بەسەر کەسی خەون بیندا هاتووە و ئەوەندە ترسناکبووە کە هیواداره و لە خوداش داواکـارە ئـەوە تـەنیا هـەر خـەوبێ و هیچیتر. ئەم کەسە وەك دەڵێن: خەوی زڕاوە و ئیتر لەبەرخۆیەوە و هەر بۆ خـۆی ئـەو خەونە دەگێڕێتەوە کە بینیوێتی و تیایدا چی بەسەرهاتووە و چۆن بەسـەری هـاتووە و کێش بەسەری هێناوە. پانتایی چیرۆکەکە و شوێنی رووداوەکان و جوڵەی کەسێتییەکان لەناو شاردایە، زمانی کەسەکان زمانێکی تەواو شارییانەیە و دوورە لە هەر خـەوش و خاڵێك کە ئەو دەمە زمانی کوردی هەیبووە.

خەو بۆخۆی حاڵەتێکە مرۆڤ توشی شڵەژان دەکات، بەهـەردوو بـاری خۆشـی و ناخۆشـیدا، خـەوی خـۆش ئینسـان گەشـبین دەکـاتو وایلێـدەکات لـەدوای بێداربوونەوەیەوە چاوەڕوانی شتێکی نوێ بکات کە دەستی کەوێت. خەوی ناخۆشیش ئینسان بەدبین دەکات و بەهەمان شێوە لـەدوای بێداربوونـەوەی ئیسـنانەکە ترسـی

ئەوەی هەیە شتێکی ناخۆشی بەسەر بێت. بەپێی شیکردنەوەی سایکۆلۆژیستان بۆ خەو بینین، ئینسان لە دوو حاڵەتدا خەو دەبینی، حاڵەتێك کە تەواو ترس چوار دەوری دەگرێت، یاخود خۆشی و شادمانییەك لەرێیەتیو لە زووترین کاتدا دەیگاتێ. حاڵەتێکی تر بەهۆی فشاری سەر ریخۆڵە و گەدەی ئینسانەوە دروست دەبێت لەکاتی خواردنی زۆر و ئەو جۆرە خۆراکانەی قورسن وەك پاقلەمەنییەکان، ئینسان هەمیشە لەکاتی زۆر خواردندا خەوی زۆرتر دەبینێ، هەر چەند ئەمە مەرجیش نییە لە سەدا سەد وابێت. گەر بگەرێینەوە بۆ خەوەکەی پاڵەوانی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب) دەکرێ بڵێین: ئەم کەسە ترساوە لەواقعێك کە تێیکەوتووە و بەچاوی خۆی ئەو شتانەی بینیوە کە لە خەوەکەیدا بەسەری هاتووە، لەکاتی بێداربوونەوەشیدا کەسی لە دەورنییە و بۆ خۆی دەگێرێتەوە، ترسناکی خەوەکەی وایلێکردووە یەکسەر بەم رستەیە دەست پێبکات (خوایە بەخێری بگێری) ئەوەی لە خەوەکەدا تووشی بووە هەمووی شەر بووە و لە خودا دەپارێتەوە بۆی بکاتە خێر.

لەژێر کاریگەری ئەدەبی ریالیزم و بەهۆی سەرکەوتنی کۆمۆنیزم لە روسیادا و لەوێیشەوە پەلهاویشتنی بۆ ئەم وڵاتانەی ناوچەکە. کاریگەری تەواوی بەسەر کایەکانی ژیانی ئینسانداهەبوو، ئەدەبیش یەکێکە لەو کایانە و زیادەرەوی نییە گەر بڵێین: گرنگترین کایەی ژیان ئەدەبە، چونکە هەمیشە رەگەکانی سیاسەت دەچنەوە سەر ئەدەب، کە دواتر سیاسەت دەبێت سەرخانی کۆمەڵگە. چیرۆکی (لە خەوما)ش بۆخۆی دەکرێ وەك ئەدەبی ریالیزم لێ بروانین و پاڵەوانەکەیشی وەك پاڵەوانێکی واقعی یاخود ویژدانی ناودێربکەین. چونکە پاڵەوان لەم چیرۆکەدا پاڵەوانێکی واقعییە و لە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە دێت و بە زمانی خۆی لە خەمەکانی ئەدوێ، کە خەمەکانی ئەو دەبنە ئاوێنەی بەدیار خستنی تەواوی خەمەکانی خەڵکی سەردەمەکەی خۆی. لە چیرۆکەکانی (گێدی مۆپاسانو ئەنتۆن چیخۆف)ەوە چیرۆك رویکردە واقعییەت و ئەم چیرۆکەی (جەمیل سائیب)یش جا بەئاگا بێت یان بێگا لەژێر کاریگەری ئەو رەوتە

چیرۆکنوسییەی (مۆپاسانو چیخۆف) بەتایبەتی نوسراوە. لێرەوە و لە ناوەرۆکی ئەم چیرۆکەوە شتێکی سەرنج راکێشمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕەنگە خراپ نەبێت لێی بدوێین. لەسەر دەمی ئەمڕۆدا گرفتی ژیانی رۆژانەی خەڵك نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانە، وەك نەبوونی غاز و نەوت و سووتەمەنی بە گشتی، نەبوونی ئاو، نەبوونی کارەبا و ئیتر رۆتین و گەندەڵی ئیداری و نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی. بەڵام لەسەر دەمی (جەمیل سائیب) و لەکاتی نوسینی چیرۆکی (لە خەوما) شتەکان زۆر لە ئێستا سادەتربوون بۆ ئینسان، هەرچەند لە هەموو سەردەمێکدا ئینسان هەر ئینسانە، بەڵام تا بەرەوپێش بچێت تموحەکانیشی زیاتر دەبێت. چیرۆکنووس باس لەوەدەکات کە خەڵك لەوکاتەدا لە نێوان پێشمەرگەکانی شێخ مەحموود و سەربازانی ئینگلیزدا چۆن گیری خواردووە و چۆن زوڵمی لێکراوە. بەڵام گەر ئێستا (لە خەوما) بنوسرایا رەنگە باسی لەوە بکردایە کە ئینسان چۆن سێ شەو لە سەرەی بانزین وەرگرتندا دەوەستێت و سەرمای زستان لەگۆی دەخات و دواتر بەنزینەکەیش وەرناگرێت. باسی لەوە دەکرد کە لەساڵانی (١٩٩٧تا٢٠٠١) چۆن ئینسان لە خاڵی پشکنینی دێگەڵە و کۆیە گیری دەخوارد و تادەگەیشتە هەولێر و دواتر دەهاتەوە سلێمانی پازدە جار دایان دەبەزاند.

زمان لەم چیرۆکەدا پێش سەردەمەکەی دەکەوێت، نوسەر ئەوەندەی بۆی کرابێت خۆی لە وشەی بێگانە بە تایبەت عەرەبی و تورکی و فارسی پاراستووە و، پەنای بۆ وشەی کوردی بردووە و زۆر وشەی بەکارهێناوە کە لەو سەردەمەدا نامۆبووە و تەنیا بەزاری خەڵکەوە بووە، نەك لە نوسیندا بەکار هاتبێ. لەکاتی نوسینی چیرۆکەکەدا زمانی نوسینی خەڵك پڕبووە لە وشەی عەرەبی و فارسی و توركیش، ئەم هەنگاوە پێشکەوتنخوازانە و نیشتمانیانەیەی (جەمیل سائیب) بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەم: ناوبراو دژی شێخی نەمر و حوکمدارییەکەیشی بووە و ویستویەتی بە زمانێك قسەیان لەسەر بکات جیا لە زمانی خۆیان، کە هەوڵی پاککردنەوەیان نەداوە، لەکاتێکدا خۆشیان بە شۆڕشگێڕ زانیوە، دووەمیش: جەمیل سائیب پیاوێکی

روناكبیر بووە و نەیویستووە هەروا شتێكی سەرپێی و راگوزەر بنوسێ و بۆ ئەوەی نوسیوە مێژوو تۆماری كات و لەناو دڵی خۆیدا هەڵیگرێت. پاڵەوان یاخود كەسێتی چیرۆكەكە بەنیازی دەست كەوتنی كاسبی و پارە پەیداكردن لەگەڵ كاروانێكدا لە گوندێكەوە روودەكاتە شار، ئیتر هەر لە نیوەی رێدا تووشی تەقوتۆقی راورووتكەر دەبنەوە و ئەم بێ هیوادەبێ لەوەی كە تەنانەت بە سەلامەتیش بگاتەوە ناو خێزانەكەی. دواتریش بەنزیك بوونەوەیان لە شار و لە یەكەم خاڵی پشكنین لەلایەن پاسەوانانی ئەو شوێنەوە دەستگیر دەكرێ و بە تكا و پاڕانەوەی كابرای خاوەن كاروانیش ئازادی ناكەن و لای خۆیان گلی ئەدەنەوە.

گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای ئەم لێكۆڵینەوەیە، دەكرێ بڵێین: ئەوە كوردستانی دوای جەنگی یەكەمی جیهانو سەردەمی حوكمڕانی باشو خراپی (شێخ مەحمود)ی نەمر بوو كە وای لە(جەمیل سائیب)كرد (لە خەوما) بنوسێت، ئەمەش بۆیە دەڵێین: چونكە چیرۆكەكە هیچ نییە جگە لەوەی كەكاركتەرەكەیی خەم و ئازار و مەینەتییەكی زۆری بەدەست حكومەتەكەی شێخی نەمرەوە چەشتووە، هەمان شێوەی ئێستا، بۆیە ئەو چیرۆكەی نووسیوە. لێرەیشەوە شەڕی سەرەكی چیرۆكنوس لەم چیرۆكەدا، شەڕێكە بۆ تۆڵەكردنەوە لە كەسێك كە ژیانی ئەمی فەوتاندووە و لەسەر رەنجی ئەم ژیاوە، كە لێرەدا رەنگە ئەمی نووسەر تەعمیم كرێتە سەر تەواوی كۆمەڵگە. ئەوەی نووسەر دەیەوێ تۆڵەی لێبكاتەوە (شێخ مەحموود)ی نەمرە (دەبێ ئەوەمان قبوڵ بێت كە بەمجۆرە ناوی شێخ بەرین) چونكە ئەو كەسەی لەم چیرۆكەدا و لە ماوەی سەعاتێكدا سێ جار بیروڕای دەگۆڕێت، جارێك لەگەڵ توركەو جارێك دژییەتی، جارێك لەگەڵ ئینگلیزە و جارێكیتر دژییەتی، جارێك لەگەڵ هیچیان نییە و دژی هەردووكیان، ئەمە تەنیا پشت بەستن بە قسەی كۆمەڵێك خەڵكی بەرژەوەندخواز، وای لەم پیاوە واتا (شێخ مەحموود) كردووە كە بۆچوونی ئاوا بێت و خاوەن بۆچوونێكی سیاسی و راست و دروست و واقع بینانەی خۆی نەبێت لەپێناوی نەتەوەكەیدا. كارەكتەری چیرۆكەكەی لە ژووری پشتەوەی شێخ مەحموددا زیندانییە و ژووری ئەودیویشی پڕە لە ژن كە پێدەچێت دیسان خێزانی شێخ بێت، چونكە زۆر ژنی تر

دێنەلای و ماستاو و مەرایی بۆدەکەن و باسی کراس و ئەنگوستیلەی گران بەها و ئاڵتوون و شتیتر دەکەن کە گوایا فلانەکەسی نۆکەری جارانتان هەیەتیو تۆ نیتە بۆچی نانێری لێیسەنن؟ ئەویش گورج بەقسەیان دەکات. لێرەدا ناچار دەبین ئاوڕ لە ژیانی ئەو کاتەی خەڵکی کورد بدەینەوە کە چەند پڕ ڕەزالەت و چەرمەسەری و نەبوونی بووە و ژیانی مەلیك مەحموودی نەمر و دارودەستەکەیش هەمان شێوەی ژیانی سەرکردایەتی کوردو دارودەستەکەیان چەند پڕ خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بووە. لەکاتێکدا و نووسەری چیرۆکەکە بۆ پەیداکردنی نان هاتۆتە شار و تووشی ئەم دەردەسەرییە بووە و، سەرباری ئەوەش بە جاسووس و پیاوی ئینگلیزی دەزانن. لێرەدا دەکرێت ئەوەش بڵێین: کە زۆر کەس ئەم چیرۆکە بە چیرۆك نازانن و پێیانوایە بەهاندانی ئینگلیز و (میجەرسۆن)ی حاکمی سیاسی ئەوکاتی ئینگلیز لەکوردستان نوسراوە و تەنیا پڕوپاگەندەیەکی خراپە، بۆ ناوزڕاندنی شێخ مەحمودی نەمر و شۆڕش و حوکمدارییەکەی. بەلام ئەو بۆچوونەش وەك ئەم بۆچوونەی ئێمە، تەنیا بۆچوونە و مەرج نییە هیچیان راستبن.

دەکرێ لە دواجاردا ئەوەبڵێین: کە ئەدەب باشترین مەیدانی تۆڵەکردنەوەی بن دەستانە لە سەردەستان و کاریگەرترین چەکی دەستی هەژار و نەداران نوسین و ئەدەبیاتە. ئەوەشی دەمێنێتەوە هەر ئەدەبیات و شاکارە ئەدەبییەکان. رەنگە لەپەنجا ساڵی داهاتوودا کەس ناوی (شێخ مەحموود)ی نەمر و شۆڕشەکەی لەبیرنەمێنێ، بەلام هەر لەو پەنجاساڵەی داهاتووەدا ناوی (جەمیل سائیب)و چیرۆکی (لەخەوما) زیاتر بدرەوشێنەوە و بالابەرزترین پەیکەریشی بۆدروستکرێت. ئەوەی جێدەمێنێ بۆ نەتەوەی کورد لە سی ساڵی سەرەتای سەدەی بیستەم کۆمەڵێك ناوی وەك (بێکەس و ئەحمەد موختار جاف و جەمیل سائیب و رەفیق حیلمی)و چەند ناوێکی ترن. کەتا دنیا دنیایە و تاکورد بەرەو پێش بڕوات ناویان گەورەتر دەبێت و جێگەی گەورەتر لە یادەوەری خەڵکدا داگیردەکەن.

==

(*) ئەم نووسینە لە کتێبی: <u>ژیان لە پێناو گێڕانەوەدا</u>، نووسینی: جەبار سابیر (سلێمانی: لە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٨) بلاوکراوەتەوە.

له خەوما

له نێوان به واقعکردنی چیرۆك و به چیرۆککردنی واقعدا

جەبار سابیر

رەنگه پێمانوابێ ئەوه تەنیا سەدەی بیستەمه که پڕپڕه له شەڕ و خوێن و توندوتیژی، ئەوه سەدەی بیستەمه لێوانلێوه له هاواری ئینسان بۆ ئازادی و رزگاربوون له نیری ژێردەستی، ئەوه سەدەی بیستەم بوو ئاوسبوو به شۆڕشی پڕۆلیتاریا و دروستبوونی دەیان دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر کەوڵی ئیمپراتۆره نەخۆشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام دەبێ بپرسین بۆ تەنیا هەر سەدەی بیستەم تاوانبار دەکرێت بەو جۆره تۆمەتانه؟ لێرەدا سادەترین بەرسڤێك ئەوەیه که سەدەی بیستەم سەدەی کرانەوه و تێکەڵبوونی کۆمەڵگه و کیشوەرەکان بوو به یەکتری و بەهۆی پێشکەوتنەکانی بواری تەکنۆلۆژیا و راگەیاندنەوه، وایلێهات مرۆڤ ئاگاداری زیاتری دنیابێت و وای نەبینێ که دنیا بریتییه لەو شوێنەی ئەوی لێدەژی. رەنگه له سەدەکانی پێشووتر و به درێژایی مێژووی بەشەر سەدقاتی سەدەی بیستەم مرۆڤ کوژرابێ و خوێنی به ناهەق رژابێ، رەنگه له سەدەکانی ناوەڕاست و پێش زایینیشدا تەنیا له شەڕه ئایینیی و مەزهەبییەکاندا به هێندەی ژمارەی ئێستای بەشەری سەر زەوی ئینسان کوژرابێ. (تەیموری لەنگ) له بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: تەنیا له یەکێك له شەڕەکاندا که مەملەکەتێکم داگیر دەکرد، دوو منارەم له کەللەسەری ئینسان دروستکرد و روومکرده خودا و وتم: خودایه ئەمه هەمووی له پێناوی تۆدایه. بەڵام

که تەنیا باس لە سەدەی بیست و کوشتار و خوێنڕێژییەکانی ئەو سەدەیە دەکرێت، ئەوە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئاگادارین و بینیومانە و دەیبینین و وەك مرۆڤ هەموومان ئاگاداری یەکترین و دەزانین چیمان بە سەردێ و چۆنیش بەسەرمان دێت و کێش بەسەرماندێنێت.

جگە لە مێژوو کە ورد و درشتی ڕووداوەکانی بە بێلایەنی و لایەنگیری بۆ نوسیوینەتەوە، ئەدەبیش زۆر زیاتر لە مێژووی بۆ نووسیوینەتەوە و زیادەڕەوی نییە گەر بلێین: ئەوەی ئەدەب دەینووسێتەوە راستگۆیی زۆرتر تێدایە وەك ئەوەی کە مێژوو تۆماری دەکات. چونکە هەمیشە مێژوو ڕووداوەکان تۆمار دەکات، بەلاّم ئەدەب ڕووداوەکان دەنووسێتەوە. ئەوەی مێژوونووسێك دەیکاتە کتێب تۆمارکردنی یادەوەری و بەشداریکردنی خەڵکە لە ڕووداو و شەڕەکاندا، بەلاّم ئەوەی ئەدەب دەینووسێتەوە ئەزمونکردنی ڕووداو و ژان و ئازاری شەڕەکان. ئەوەندەی (میخایل شۆلۆخۆف)ی رۆماننووسی روس لە(چارەنوسی ئادەمیزاد)دا زانیاریمان لەسەر جەنگی جیهانی دووەم و ژان و ئازارە زۆرەکانی دەداتێ، رەنگە هیچ مێژوونووسێك نەیتوانیبێت ئەو زانیاریانەمان بداتێ و بەوجۆرە پێناسەی جەنگمان بۆ بکات کە چەند کاریگەری لەسەر ژیانی ئینسان هەیە. لێرەوە ئەوەندەی ئەدەب کاریگەری لەسەر ئینسان هەیە هەرگیز مێژوو نییەتی. ئەوەندەی سروود یاخود شیعری (ئەی رەقیب)ی دلّداری شاعیر خەڵك دەهەژێنێ هەرگیز (شەرەفنامە)ی (شەرەفخانی بەدلیسی) ئەوەی پێناکرێ، کە یەکەمین سەرچاوەی مێژووی کوردە. (بێکەس)ی شاعیر توانیتی خەڵك لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی لە ڕۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی(٦/٩/١٩٣٠)دا بکات بەگژ سوپای عێراق و سوپای ئینگلیزیشدا، کە دەکرێ وەك یەکەمین خۆپێشاندانی مەدەنییانە لە مێژووی کورد و عێراقیشدا بیناسێنین. بەلاّم (محەمەد ئەمین زەکی) مێژوونووسی مەزن بە هەموو گەورەیی خۆی ئەوەی بۆ نەکرا و پێینەکرا.

کورد تاقە نەتەوەی جیهان بوو کە بەو ژمارە زۆرەیەوە لە سەدەی بیست هاتە دەرەوە، بە بێ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێت، تاقە نەتەوە بوو ئەو سەدە پان

و پۆڕ و پڕ شەڕ و شۆڕ و ئاژاوەو کارەسات و پێشکەوتنەی تێپەڕاند و پشکی لە هیچ شتێکدا نەبوو، جگە لە کۆست و کارەسات و مـاڵوێرانی و دەربـەدەری. یـەك سـەدە تێدەپەڕێ و کورد لە هیچ بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتیـدا ڕۆڵ و کاریگـەری نـەبووە و نەچـۆتە سـەر شـانۆی جیهـان، ڕەنگـە دەرهێنـەرانی شـانۆی جیهـانی لـە کوردیـان ڕانەپەرمووبێت تا ڕۆڵی کەوالیس و لاوەکیشی بدەنێ. ئالێرەوە لەو شەرمەی ئێسـتای کورد تێدەگەین کە لە ئاست جیهاندا هەیەتی، لە ئاست لاوازترین نەتەوەدا کە عەرەبە هەیەتی، لە ئاست بێ کلتورترین نەتەوەدا کە تورکە شـەرمێکی زۆری هەیـە و خـۆی زۆر بە کزۆڵەیی پێشانی دنیا دەدات. هەمیشە ڕۆڵی قوربانی هەیە و هەرگیز نایـەوێ ئەو ڕۆڵەی لێوەرگرنەوە. بەڵام ئایا بە ڕاستی کورد قوربانییە و ئەوانی تـریش جـەلاد؟ ئایا قوربانی بوونی کورد تەنیا سووچی دوژمنەکانییەتی یان سووچی خۆیشی تێدایـە؟ چیرۆکی (لە خەوما)ی (جەمیل سـائیب) کـە بـە یەکـەمین چـیرۆکی کـوردی نـاودێر دەکرێت و هەروایشە، ئەوەمان تێدەگەیەنێ کە نەخێر قوربانی بوونی کورد پشـکێکی زۆری خەتاکەی بەر کورد خۆی دەکەوێت. ئەم چیرۆکە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستدا نوسراوە و ساڵی(١٩٢٣) لە ڕۆژنامەی(ژیانـەوە)دا بڵاوکراوەتـەوە. نـاوەرۆکی چیرۆکەکە باس لەوە دەکات کە پیاوێك بەمەبەستی کار و کاسبی و پەیداکردنی پـارە لە یەکێك لە ناوچەکانی دەوەرووبـەری سـلێمانییەوە لەگـەڵ کـاروانێکی قاچاخچـیدا ڕوودەکاتە شاری سلێمانی و هـەر بـە هاتنـەناوەوەی بـۆ شـار لـە لایـەن سـەربازانی دەسەڵاتەکەی (شێخ مەحمود)ی نـەمرەوە دەسـتگیر دەکرێـت و تۆمـەتی جاسووسـی کردنی بۆ ئینگلیز دەدەنەپاڵ، کە ئەو کاتـە عێـراق وەك دەوڵـەتێکی کۆڵـۆنی لـەژێر دەستی ئینگلیزدابـووە. دواتـر لـە ژوورێکـی توونـد دەکـەن و هـەر لـەو ژوورەشـدا گوێبیستی ئەوە دەبێت کە مێردی ژنێکیان هەر بە تۆمـەتی جاسووسـی بـۆ ئینگلیـز کوشتووە و ئێستاش هاتوون ماڵەکەی تالانکەن. ئەم پیاوە چەند جارێك لەم شوێن بـۆ ئەو شوێن دەگوازرێتەوە و جار بە جاریش خراپتر تۆمەتی دەدەنەپاڵ بە بێ ئـەوەی کـە گوێی لێبگیرێ و بزانرێ چ کارەیە و بۆچی روویکردۆتە سلێمانی. دواجار کابرا دەبەنـە

ژوورێك لە نێوان دوو ژووری تردا کە ژووری پێشەوەی خودی (شێخ)ی نەمری لێیە و ژووری دواوەیش خێزانی شێخ مەحمود و کۆمەڵێك ژنی تر. ئەم پیاوە گوێبیستی هەموو ئەو قسانە دەبێت کە لە هەردوو ژوورەکەدا دەکرێن و خودی ئەو قسەکردنەش دەبنە مەتنی ئەسڵی چیرۆکەکە و خودی چیرۆکنووسیش ویستویەتی ئەو رووداوە دروس بکات تا ئەو قسانەی تێدا بکات.

لە ژووری ژنەکان لە ماوەی چەن خولەکێکدا زۆر شتی ژنانی تر وەك ئالتون و کراسی گرانبەها و خشڵ لە لایەن خێزانی شیخی نەمرەوە لە ختوخۆڕا و بێ هیچی هەنجەتێك داگیر دەکرێت. لە ژووری پیاوانیش لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا شێخی نەمر سێ جار بیروبۆچوونی سیاسی دەگۆڕێت و دواجاریش هەموو مەسەلەکان دەبەستێتەوە بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە. ئیتر چیرۆکەکە هەر لەو ژوورەدا و بەو جۆرە قسەکردنە لەسەر شێخی نەمر کۆتایی دێت و چارەنووسی کابراش بە نادیاری دەمێنێتەوە و نازانرێ چی لێدێت .لێرەوەدا ئەوەی گرنگە تێبگەین ئەوەی کە ئەمە چیرۆکە و وەك پێشتریش وتمان ئەدەب جا چیرۆك بێت یان شیعر و رۆمان رووداوەکان وەك ئەزموونی خەڵك دەنوسێتەوە نەك تۆماری بکات. بۆیە گەر ئەم چیرۆکە نەبوایە چۆن ئەو لایەنە تاریکەی حوکمداری (شێخ مەحمود)ی نەمرمان بۆ ئاشکرا دەبوو؟ ئەوکات کورد مێژوونوسی نەبووە و کەم کەسیش لە هاوسەردەمانی بزووتنەوە و حوکمدارییەکەی شێخ لە یاداشتەکانی خۆیاندا جورئەتی نووسینەوەی کەموکوڕییەکانی شێخی نەمر و حوکمدارییەکەیان هەبووە. بۆیە رەنگە تا سەدان ساڵی تریش (لە خەوما) تاقە سەرچاوەی رەخنەیی بێت لەسەر شێخ مەحمود و بزووتنەوە و حوکمدارییەکەی. ئەوەش عەیبە نییە و شانازییە بۆ کورد بە گشتی.

لە خەوما هەوڵی نووسەرەکەیەتی بۆ دەربڕینی راستییەك کە ئەوکات بە هۆشمەندی خۆی درکی پێکردووە، ئەم هەوڵەی نووسەر بۆیە کراوە بە چیرۆك تا سانسۆری دەسەڵاتی ئەودەم و سانسۆری کۆمەڵگەش ببڕێت، بۆیە کراوە بە چیرۆك تا زیاتر بچێتە یادەوەری خەڵکەوە و خەڵك ئازارەکانی خۆیانی تێدابدۆزنەوە. ئەوەی نووسەر

نووسێویتی واقعە، بەڵام بۆ بە چیرۆك و وەك خەوێك دەربڕاوە ئەمەیان پرسیارە جەوهەرییەکەی ئەم چیرۆکەیە. لێرەوە پرسی ئازادی ئینسان دێتە پێشی، ئازادی ئینسان لەو کۆمەڵگەیانەی کە خۆیان حوکمی خۆیان دەکەن و کەسی بێگانە رەقیب نییە بەسەریانەوە. لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە شەڕ لەسەر ئازادی و لە پێناوی ئازادیدا دەکرێت، شۆڕشی فەڕەنسی(١٧٨٩) لە ئاشەکەی خۆیدا هەزاران ئینسانی هاڕی و هەموویشی بە ناوی ئازادییەوە بوو، تایەکێك لە وانەی کە برایە بەردەم (میقسەڵە)گیویتین، کە بۆ پەڕاندنی ملی هاواریکرد (ئای ئازادی بە ناوی تۆوە چەند تاوان کرا) هەموو هەوڵی ئینسان لە شۆڕش و راپەڕینەکانیدا بۆ دەستەبەرکردنی ئازادییە بۆ ئینسانی کۆمەڵگەکەی تاکەرامەتی ئینسانییان پارێزراوبێت و کەس پێشلی نەکات. بەڵام دواتر دەردەکەوێت کە نەخێر ئینسان هەر رزگاری نابێت و هەمیشە ملۆزمێك دروست دەبێت تا بیچەوسێنێتەوە و لەوەی پێشوو زۆر زەجر و ئازاری بداتێ. هەمیشە ئاغایەك هەیە خێر و بێری ئەم دەبات و کردەی خەڵك و بردەی ئەو دەبێت. لەم چیرۆکەوە تێدەگەین کە لە سەردەمی حوکمداری (شێخ مەحمود)دا ئازادی ئینسان لەژێر پرسیاردا بووە، بۆیە پەنا بۆ شێوازی تری دەربڕین براوە، تەنانەت بە چیرۆکیش جورئەت نەکراوە قسە لەسەر ئەو دەسەڵاتە بکرێت و لە ناوچیرۆکەکەشدا پەنا بۆ خەون براوە. دەستپێکی چیرۆکەکە بەم رستەیە دەست پێدەکات(خوایە بە خێری بگێڕی لە خەوما) ئەو دەمە و ئێستایشی لەگەڵ بێت کۆمەڵگە و ئینسانی کوردی نە لە چەمکی ئازادی و مافی هاوڵاتی بوون گەیشتووە و تێدەگات، نە لە چەمکی دەوڵەت و حوکمدارێتی. نوسەر هەوڵیداوە واقع بکاتە خەون تا نەکەوێتە بەر تووڕەیی حوکمداریەکەی (شێخ مەحمود)ی نەمر و دیسان خەونیشی کردۆتە واقع تا خەڵك ئاگاداری دیوە تاریکەکانی حوکمدارییەکە بن و بزانن چیدەگوزرێ بە ناوی رزگاری نەتەوە و نیشتمانەوە.

لە ڕووی زمانەوە ئەم چیرۆکە چەند هەنگاوێك لە پێش نووسەرانی سەردەمی خۆیەوە بووە، ئەوەندەی بۆی کرابێت پەنای بۆ وشەی بێگانە بەتایبەت تورکی و

عەرەبی و فارسی نەبردووە، سەرکەوتووانە وشەی دەمی خەڵکی قۆزتۆتەوە و لە چیرۆکەکەیدا بەکاری هێناوە. دیارە ئەمەش چەند هۆکارێکی لە پشتەوەیە کە ڕەنگە گرنگترینیان ئەوەبێت کە نووسەر ویستوویەتی لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە ئاستی وشیاری نەتەوەیی و کوردبوونی خۆی زیاتر پێشان بدات بەوەی پێمان بڵێت: ببینن شێخ و بزووتنەوە و حوکمدارییەکەی ناتوانن هێندەی من کار بۆ بەرەو پێشبردنی زمانی کوردی بکەن. دواتر ئەوەیشی ویستووە کە بەم کارەی خزمەتێکی گەورەی زمانی کوردی بکات و خەڵکی سادە و ساکاری ئەودەمەش زیاتر لە نووسینەکەی تێبگەن. دیارە ئەمەش بۆ ڕووناکبیری (جەمیل سائیب) گەڕاوەتەوە کە لەو سەردەمەدا بەو زمانە کوردییە ڕەوانە بنوسێت، لە کاتێکدا پاککردنەوەی زمانی کوردی لە سەرەتای سێییەکانی هەمان سەدەوە، لە سەردەستی کۆمەڵێك شاعیری گەورە دەستی پێکرد کە ڕەنگە دیاترینیان (پیرەمێرد و گۆران)ی نەمرین. پێشتر زمانی کوردی ئەوەندەی وشەی بێگانە تێدابووە خوێندنەوەی زۆر زەحمەت بووە، ئەو ڕۆژنامانەی ئەو سەردەمەش بەتایبەت ڕۆژنامەکانی (بانگی حەق و ئومێدی ئیستقلال) کە زمانحاڵی بزووتنەوە حوکمدارییەکەی شێخی نەمربوون سیخناخن بە وشەی عەرەبی و تورکی. ئەمەش وایدەکرد خەڵك کەمتر توانای خوێندنەوەیانی هەبێت. کاملبونی چینی شارنشین و سەرهەڵدانی بۆرژوازی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، تەواوی سەرخان و ژێرخانی ئەو کۆمەڵگەیە دەگۆڕێت، کە یەکێك لەستوونەکانی سەرخانی کۆمەڵگە ئەدەبەکەیەتی. گەر لە قۆناغی کۆیلایەتی و فیودالیدا کۆمەڵگە و تاکەکانی کۆمەڵگە تەنیا شیعر و داستانی میللی و ئەفسانەیان بەرهەمهێنابێت، ئەوا لەقۆناغی سەرمایەداری و دروستبوونی شارەکان و دواتر چینی بۆرژوادا، چیرۆك و ڕۆمان سەرهەڵدەدەن و ڕۆڵی گرنگ لە تەواوی بوارەکاندا دەگێڕن. لایەنێکی تری گرنگ لەم چیرۆکەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شوێنی ڕووداوەکان شارە، جووڵەی کەسێتییەکان لە شاردایە و ئەمەش شانازییە

بـۆ ئـەدەبیاتی کـوردی کـە چـیرۆکی بـە پێچـەوانەی شـیعرییەوە لـە شـاردا سەرهەڵبدات و بە زمانی شاریش بدوێت. زمانی شار مانای دووربوون لە هـەر جۆرە دەربڕینێکی گوندییانە و سەردەمی کشتوکاڵی، کە زمانی سەرەتایی هەر کۆمەڵگەیەکی دنیایەو دواتر داهێنانە زانسـتییەکان ئـەو زمانـە دەگـۆڕن بـە زمانێك کە زمانی شارە و زمـانی سـەردەمی تەکنۆلۆژیایـە و دوورە لـە هـەر دەربڕینێکی پێشتر لە ڕووی وشەسازی و ئیـدیۆم و شـتی تریشـەوە. بـە پێـی لێکدانەوەکانی ریالیزمی سۆسیالیزم لەژێر کاریگەری سەرکەوتنی کۆمۆنیزم لە روسیا و تێزەکانی مارکس و لینین و زۆر بیریاری تری سۆسییالیزم. وەك بەشێك لەسەر خانی کۆمەڵگە، دەبێت ئـەدەبیات ببێتـە گۆڕەپـانی ململانێـی نێـوان چینەکان، بەتایبـەت چـینی ژێردەسـت و چـینی سەردەسـت، هەمیشـە چـینی سەردەست بە زۆری هێز و تفەنگ چـینی ژێردەسـت سـەرکوت دەکـات و، لـەو ناوەشدا چینی ژێردەست کە زۆرینەی خەڵکن چەکی کاریگەری دەسـتیان تـەنیا هەر ئەدەبە و دەتوانن لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە تۆڵـەی ناعەدالـەتیی خۆیـان لـە چینی سەردەست بکەنەوە. لێرەیشەوە ئەدەبیات دەبێتە گۆڕەپانی تۆڵەکردنەوەی بەشخوراوان لە دەسەڵات و چینی سەردەست. ئەم چیرۆکەی (جەمیل سائیب)یش دەچێتە ئەو خانەبەندەییەی کـە ڕیـالیزمی سۆسـیالیزم لـە سـەرەتای سـەدەی بیستەمەوە کردییە مۆدێلێك بۆ ئەدەبیات، پێشتر ئەدەبیات تەنیا کارکردن بووە بۆ دەرخستنی جوانییەکانی ژیان، بەڵام سۆسیالیزم وایکرد ئەدەبیات ئـەرکێکی تریش بخاتە سەرشانی خـۆی، ئـەویش ئـەرکی بـەرگریکردن لـە زوڵملێکـراوان، لێرەیشەوە ئەرکی ئەدەبیات گرانتر بـوو تاڕادەیـەك دوور کەوتـەوە لـە ئەرکـە سەرەکییەکەی کە گەڕانە بە شوێن جوانیدا. هەر لەو ساڵانەیشەوە تێزێکی تـر هاتە گۆڕەپانەکەوە ئەویش ئایا ئەدەب یاخود هونەر بـۆ ژیانـە یـان تـەنیا بـۆ هونەرە و واتا تەنیا ئەرکی هونەر دەرخستنی هونەرە یاخود دەرخستنی ئێش و ئازاری چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەیە کە زوڵملێکراوان و چـینی ژێردەسـتن.

نوسەریش لەم چیرۆکەدا دەیەوێ تۆڵەی خۆی لە بزووتنەوەکەی شێخ مەحمود بکاتەوە کە زوڵمیان لێکردووە. بەر لەم چیرۆکە لە ساڵی(١٩١٣)دا لە بڵاوکراوەیەکدا پێموایە ناوی(رۆژی کورد)بووە، چیرۆکێکی بێناونیشان بڵاوکراوەتەوەو ناوی نوسەرەکەی(فواد تەمۆ)یە. بەڵام شارەزایانی بواری ئەدەبی کوردی بەسەر ئەوەدا تێدەپەڕن و یەکسەر دەچنە سەر چیرۆکی لە خەوما، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە(فوادی تەمۆ) کەسێکی گومناو بووە و تەنیا هەر ئەو نووسینەیشی هەیە و شتی تری بە دوادا نەهاتووە، چیرۆکەکەیش ناونیشانی نییە و لە ڕووی زمان و تەکنیکی چیرۆکیشەوە ناگاتە (لە خەوما)ی (جەمیل سائیب). ئەم چیرۆکە لە سەرەتای نوسین و بڵاوبوونەوەیەوە هەم وەك بابەتێك لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)ی ساڵی(١٩٢٣) هەم وەك کتێبێك لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی بیستدا، تائێستاش قسەی زۆر لەسەر دەکرێت، قسەکردنەکە چەند لایەنێکی هەیە. هەندێك وەك یەکەمین چیرۆکی کوردی ناودێری دەکەن و هەندێکیش هەر بە چیرۆکی نابینن و وەك پڕوپاگەندەیەك بۆ ناشیرینکردنی حوکمدارییەکەی شێخ مەحمود کە بە دنەدانی ئینگلیز نوسرابێت دەی ناسێنن. ئەمەش بەو دەلیلەی ڕۆژنامەی(ژیانەوە) کە چیرۆکەکەی تێدا بڵاوکراوەتەوە ئینگلیزی لە پشت بووە و خودی (جەمیل سائیب)یش پیاوێکی خۆشەویست نەبووە لای شێخ و حکومدارییەکەی و ئەویش وەك خودی خۆی، خۆی دوور گرتووە لە هەر جۆرە هاوکاری و کۆمەکێکی حوکمدارییەکە. ئەوەی گرنگە بۆ ئێستا و ئایندەی ئێمە و نەوەکانی داهاتووش ئەوەیە کە پێش (جەمیل سائیب) کەسیتر هەوڵی نوسینی چیرۆکی نەداوە و زمانی بەمجۆرە بەکار نەهێناوە، لە دوای جەمیل سائیبەوە بە چەند ساڵێك (ئەحمەد موختار جاف)ی شاعیر هەوڵێکی تر دەدات و چیرۆکێك بە ناوی (مەسەلەی ویژدان)ەوە دەنوسێت و بیرۆکەکەیشی لە ڕووی ئینسانییەوە زۆر نزیکە لەگەڵ چیرۆکی (لە خەوما)ی (جەمیل سائیب). دواتریش لە دوای دروستبوونی گۆڤاری (گەلاوێژ)ەوە چیرۆك

دەبێتە پێویستییەکی سەردەم بۆ رۆشنبیرانی کورد. (ئیبراهیم ئەحمەد) دەبێتە پێشەنگی ئەو سەردەمە و چەند چیرۆکێکی زۆر بەرز بۆ ئەو کاتە دەنووسێت. وەك دەبینین لە ئێستاشدا چیرۆك زۆر دەنووسرێت و بڵاودەکرێتەوە، بەڵام هێشتا گرنگی و بایەخی تەواوی چیرۆك لای ئێمە دەرنەکەوتووە و نەیتوانیوە تەواو جێگە بە شیعر لەقکات. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا (لە خەوما)ی (جەمیل سائیب) بۆ هەموو سەردەمەکان وەك پێشەنگ دەمێنێتەوە و تا بەرەو پێشیش بچین زیاتر درەوشانەوە بە خۆوە دەبینێت. چونکە بەر لە هەر تەکنیك و هونەرێکی چیرۆکنوسی (لە خەوما) جورئەتی هەوڵدانە بۆ نووسینی چیرۆك لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئەودەمە خوێندەوارەکانی هێندەی لاپەڕەکانی چیرۆکەکە نابێت. (لە خەوما) جورئەتی رەخنە گرتنە لە دەسەڵاتێك کە زۆرترین خوێنی بۆ رژاوە و دواتریش دڵی قوربانیانی دەرەنجێنێ و گوێ بە هاوار و فوغانیان نادات. (لە خەوما) ئێمەی فێرکرد کە دەروێش نەبین بۆ دەسەڵاتی کوردی و پێی بڵێین: ئیتر ئێمەیش مافی قسەکردنمان هەیە و دەتوانین پێت بڵێین: لە کوێدا زۆر ناشیرینی و لە جەلاد دەچی.

==

(*) ئەم نووسینە لە کتێبی: ئەفسوونی گێڕانەوە، نووسینی: جەبار سابیر (سلێمانی: لە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٠) بڵاوکراوەتەوە.

"له خەوما" لەنێوان دووسەدەدا

خوێندنەوەیەکی نوێی چیرۆکی (له خەوما)ی جەمیل سائیب

ئارام سدیق

ئەگەرچی نووسین کردەیەکی زاتیە، بەڵام هەمیشە رەنگدانەوەی ئەو سەردەم و قۆناغەی کۆمەڵگەیە، کە تێیدا دەق بەرهەم دێت، وەزیفەی نووسین تەنها پیشاندانی رووە گەش و جوانەکەی ژیان نییە، یان راستر بڵێین تەنها بە خستنەڕووی دیوە جوانەکەی قۆناغ و سەردەمێك وەزیفەی نووسەر کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەرکی سەرەکی و بناغەیی نووسەر لە بەرهەمهێنانی دەقدا خستنەڕووی ئەو لایەنانەی ژیانە، کە کەموکورتیان تێدا دەستنیشانکردنی ئەو کەموکورتیانەیە.

هەرلێرەوە دەتوانین بڵێین نووسین گەواهیدەری ئەو رووداوانەیە کە لە قۆناغێکی کۆمەڵگەدا روو دەدەن. قەسیدەی (قوربانی تۆزی رێگەتم..)ی نالی گەواهیدەری قۆناغێکی شاری سلێمانی و گێڕەرەوەی سۆزی غەریبی خودی نالیە. هاوکات وەڵامەکەی سالمیش (جانم فیدای سروەکەت..) ئەویش شاهیدێکی راستگۆی قۆناغی کۆتایهاتنی دەسەڵاتی بابان و هێرشی رۆمەکان و داگیرکردنی شاری سلێمانیە لەلایەن ئەو داگیرکەرانەوە. سالم زۆر بەوردی وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی نالی داوەتەوە کە لە نامە شیعریەکەیدا کردوویەتی و وەکو

فۆتۆگرافەرێکی لێهاتوو وێنەی هەموو کوچە و کۆڵانـەکانی شـاری سـلێمانی بـۆ نالی گواستۆتەوە.

گرنگی ئەم شیعرە تەنها لەوەدا نییە، کە دەقێکی شیعری هەست بزوێن و پڕە لـە سـۆزی غەریبی و نیشتمان ...هتد، بەڵکو گرنگی ئەم دەقە لەوەدایە مێژووی قۆناغێـك دەگێڕێتـەوە و نالی و سالم هەردووکیان دەبنە مێژوونوسێکی راستگۆی ئـەو قۆناغـە. ئێمـە لەبـەر دەیـان هۆکاری سیاسـی و ئـابوری و کۆمەڵایـەتی، کـە نـەمانتوانیووە ببینـە خـاوەنی زۆرشـت و مێژوونوسیشمان نەبووە تا راستی و وردەکاریەکانی ئەو رووداوانە بگێڕێتەوە بۆیـە شـاعیرانمان لەو سەردەمەدا ئەرکی مێژوونوسیشیان بینیووە. ئەگەرچـی هـەردوو دەقەکـەی نـالی و سـالم زیاتر بە شان و باڵی باباندا هەڵیانداوە و دژی رۆمەکان کاریان کردووە، بەڵام ئەو دوو دەقە لـە ڕیزی جوانترین ئەو دەقانەن، کە مێژووی ئەدەبی کوردی شانازیان پێوەکات.

بەڵام بەهۆی تێپەڕبوونی قۆنـاغ و وشـیاربوونەوەی زیـاتری نووسـەران و رۆشـنبیرانەوە لەسەرەتای سەدەی بیستدا رەخنەگرتن لە دەسەڵات لەنێو نووسەراندا سەریهەڵدا لە زەمانی شێخ مەحمودی حەفیددا چەند نووسەر و رۆشنبیرێك رەخنەیان لە دەسـەڵاتەکەی گرتـووە و کەموکوڕییەکانیان دەستنیشانکردووە، ئەگەرچی لەوکاتەدا رەنگە راستەوخۆ نەیان توانیبێ رەخنەکانیان ئاڕاستە بکەن، بـەڵام لـە رێـی دەقـی ئـەدەبی و بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ رەخنەیان ئاڕاستەی دەسەڵاتەکەی شێخ مەحمود کردووە، کە دەکرێـت ئـەو رەخنانـە وەکـو سەرەتای رەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کوردی سەیر بکرێـت.

ئـەوەی مەبەسـتی سـەرەکی ئـەم نووسـینەی ئێمـە قسـەکردنە لەسـەر چـیرۆکی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب)ە، کە یەکێکە لەو چیرۆکانەی هەندێك بە یەکەم چیرۆکی کوردی دەزانن و هەندێکی تر (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جـاف بـە یەکـەم چیرۆکی کوردی دەزانن، بەڵام ساخکردنەوەی ئەم مەسەلەیە کاری ئێمە نییـە و ئێمـە تەنها دەمانەوێت لەم نووسینەدا لەسەر چەند لایەنێکی ئەم چـیرۆکە قسـەبکەین. تـا نەوەی نوێ هەم ئاگاداری ئەو قۆناغەی مێژووی ئێمـە بێـت و هـەم ئـەو چـیرۆکە لـە خانەی لەبیرچونەوە دەربهێنێت.

له خەوما شێوەیەکی ساکاری گێڕانەوەی لەخۆگرتووە و کات و شوێن تێیدا ونە، بەڵام ئەوە بۆ خوێنەر روونە، کە چیرۆکی "لە خەوما" لە زەمانی دەسەڵاتی شێخ مەحمودی حەفیددا نوسراوە و روداوەکانیش گێڕانەوەی واقیعی ئەو سەردەمەیە گرنگی ئەم چیرۆکە تەنها لەوەدا نییە، کە یەکەم چیرۆکی کوردیە، بەڵکو گرنگی ئەم تێکستە لەوەدایە کە یەکەم هەوڵی نووسەری کوردە بۆ رەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کوردی. ئەگەرچی هەندێك کەس پێیانوایە ئەم چیرۆکە ویستوویەتی خزمەت بە دەسەڵاتی بێگانەی ئینگلیز بکات، بەڵام من تەواو پێچەوانەی ئەو ڕایانە لەم چیرۆکە دەڕوانم و پێموایە لە هەموو روویەکەوە رەخنەگرتنێکی جەریئانەی تێدایە لەمەڕ دەسەڵاتی شێخ مەحمود و دەسەڵاتی ئینگلیزیش ئەگەر ئێمە بەوردی لە چیرۆکەکە رامێنین هەست بەوە دەکەین کە نووسەر تەنها لە هەوڵی خستنەڕووی رووە تاریك و ناشایستەکانی سەردەمی شێخ مەحموددا نەبووە، راستە هەوڵی خستنەڕووی ئەمەی داوە، بەڵام هەوڵی رەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی داگیرکەری ئینگلیزەکانیشدا بووە و ئەمەش بەروونی لەچیرۆکەکەدا و لەرێی دەنگە جیاوازەکانیەوە خراونەتەڕوو.

لەخەوما لەڕێی کەسی یەکەمی تاکەوە دەگێڕێتەوە و کە کەسێکی هەژارە و بەدوای کاردا شاری خۆی بەجێدێڵێ و دەیەوێ لە شارێکی تر ئیشێکی دەست بکەوێت و پاش ئەوەی دەچێتە شارەکەی تر لەوێ بەتۆمەتی جاسوسی دەگیرێ و دەخرێتە زیندانەوە و چیرۆکەکە کۆتایی دێت.

لە زینداندا گێڕەرەوە (کە کەسی سەرەکی چیرۆکەکەشە) ئاگاداری زۆرێك لە ئیش و کارەکانی ناو زیندان دەبێت لەم رێگەیەوە نووسەر چەندین وێنەی جیاجیا و کەسایەتی جۆراوجۆر دەخولقێنن هەر لەو رێگەیەشەوە رەخنەی توند هەم ئاڕاستەی دەسەڵات و هەم ئاراستەی داب‌ونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکات. نووسەر رەخنەی توند لە مەلایانی دەرباری دەسەڵات دەگرێت و پێیوایە ئەوان نەدین دەزانن و نەدیانەت و تەنها ماستاوچی دەسەڵاتن. مەلاکان ئەوە رەتدەکەنەوە کە لەگەڵ ئینگلیزی کافردا ببنە هاوپەیمان، بەڵکو لەگەڵ تورك ببنە هاوپەیمان، چونکە

دژی دین و دیانەتەکەیان نییــە، ئەمــە یەکێکــە لــە مەنــەلۆژە کوتــەکانی نێــو ئــەو گرتووخانەیەی، کە گێڕەرەوە (فیگۆری سەرەکی چیرۆکەکە)ی تێدا زیندانە.

یەکێك لەو خاڵانەی بونیادی چیرۆك بەهێز دەکات زمانە. زمانی ئەم چیرۆکە زمــانێکی گوندیە. هەڵبەت ئەو چیرۆکانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی رابــردوودا نوســراون زمــانێکی گوندی بەسەریاندا زاڵە. ئەم حاڵەتەش لە چیرۆکی "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمــەد موختــار جافیش رەنگدانەوەی هەیە هەڵبەت ئەمەش بۆ ئەو خاڵــە دەگەڕێتــەوە، کــە کــورد وەکــو گەلێکی بندەست خاوەنی شار و شارستانی نەبووە و شارەکانیش هەڵگری هەمان خاسیەتی گوند بوون، بەڵام لە فۆرمی گەورەتردا. گێڕانەوەش وەك لە سەرەتادا ئاماژەمــان پێــدا بــە شێوەیەکی ساکارە و لە رێگەی کەسی یەکی تاکەوە دەگێردرێتەوە.

دەمەوێ لێرەدا بگەڕێمەوە بۆ مەوزوعیەت لەم چــیرۆکەدا کرۆکــی ئــەم چــیرۆکییە باس لە جاسوسی و تێوەگلان دەکات بە کاری جاسوسی. کەسی سەرەکی ئەم چــیرۆکە کە (گێڕەرەوەیە) بە تۆمەتی جاسوسی دەخرێتە زیندانەوە پاش ئەوەی ماوەیــەکی زۆر لــە زیندانــدا دەمێنێتــەوە و رۆژانــە ئــازار و ئەشــکەنجە دەدرێــت و هــاوار و نــزای تۆمەتبارکراوەکە چیرۆکەکە کۆتای دێت. نووسەر دەیەوی لەم چــیرۆکەدا پەنجــە بخاتــە سەر قوڵترین و دێــرینترین زامــی کۆمەڵگــەکان بەگشــتی و کۆمەڵگــەی کــوردی بــە تایبەتی. زامێك، کە دەیان بگرە زیاتریش لە شۆڕشەکانی ئێمەی زیندە بەچاڵ کردووە، ئەمە بێجگە لەوەی لە چەندین لایەنی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری نێگەتیڤی هــەبووە. جاسوسی ئەو زامە سەخت و دزێوەی نێو هەناوی کۆمەڵگەی کوردی، کە ئێمە لەرێی ئەمەوە دەیانجار هەوڵی دروستبوونی دەوڵــەت و ئــەزموونی سیاســی و ئازادمــان لــە دەستچووە. داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە ویستویانە چ لە رێــی جاسوســی کــوردی (ناوەکی) و چ جاسوسی (دەرەکییەوە) هەوڵی لە باربردنی دروستبوونی کیانی کــوردی بدەن. ئەوەی ئەم چیرۆکە پێمان دەڵێــت تــەنها ئیشــکردنە لەســەر رووە سیاســیەکەی چەمکی (جاسوسی) و ناڕاستەوخۆش ئەو دووفاقیەی کەسێتی کورد دەخاتــەڕوو، کــە خاوەنی کەســایەتیەکی دەمامکــدارە. کەسایەتیەك لــە دەرەوە و لــە نێــو کۆمەڵــدا دەمامکێك دەپۆشێت و خودی خۆیشی لە ناوەڕۆکیدا خاوەنی کەسایەتیەکی ترە.

سائیب له رێی چەند مەنەلۆژێکەوە ئەو دوو فاقیەی کەسایەتیی کورد دەخاتەڕوو لەلاپەڕە(٧١) دەڵێت: "من بۆچی بۆ ئەو خەڵکە خۆم توشی ئەزێت و دەردی سەری بکەم، ئەوەی قازانج و خێری خۆمی تێدا ئەبێت نایکەم". لێرەوە تێدەگەین نووسەر دەیەوێت لەڕێی چەند ئاماژەیەکی تیژتێپەڕەوە چەند نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگە بخاتەڕوو. ئەم نەخۆشیانە بەر لە سائیب هیچ کەسێکیتر لەسەر ئەم مەسەلەیە نەدواوە ئەمەش خاڵی درەوشاوەی ئەم چیرۆکەیە.

کورد بەدرێژای مێژووی خۆی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە هەوڵی بچوکردنەوە و لەباربردنی ژیانی ئاسایی دراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانانەش دەیان و سەدان رێگەی جۆراو جۆری بەکاربردووە. لێرەدا کاری من نییە ئاماژە بە سەرجەم ئەو رێگایانە بکەم، بەڵکو دەمەوێ ئەوە بخەمەڕوو، کە نووسەر لەم چیرۆکەدا ئاماژەی چەند رێگەیەك داوە لەوانە جاسوسی و هاوکات گۆڕینەوەی دوژمنێك بەدوژمنێکیتر، کە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا مەلاکانی دەربار بۆچوونیان بەرامبەر داگیرکەری تورك باشتر بوو تا ئینگلیز. لەم حاڵەتەی دوایدا و لە دیالۆگێکدا چەند کەسێك کە لە گفتوگۆدان ئاماژە بەوە دەکەن هەرچۆنێك بێت ئەم داگیرکەرەی هاتووە(مەبەستیان لە ئینگلیزە) باشترە لە تورك، چونکە ئینگلیز زۆر بێ شەهامەت و دیکتاتۆرن. لێرەوە تێدەگەین کە گەلی ئێمە هەمیشە لیبۆکی گەمەی نێوان داگیرکەران بوون و لە چەندین لاوە هەوڵی قبولکردنی نەرمڕەوەکەیانمان داوە.

یەکێك لە ئەفسەرە باڵاکانی ئەو بنکەیەی کە(پاڵەوان)ی چیرۆکەکەی لێ گیراوە ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەگەر(بەد)ی ناو خۆمان لێمان بگەڕێن، ئێمە بۆ خۆمان زۆرچاك ئەژین. ئاماژەدان بەم حاڵەتە کارێکی گرنگە، ئێمە پێشتر وتمان کە داگیرکەران دەیانەوێت لە هەر رێگەیەکەوە بێنە ناو ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە و هاوکات لەوێوە هەوڵی رووخاندن و کەشفکردنی نهێنیەکانی بدەن. ئاماژەدان بەکەسانی (بەد)ی ناو خۆمان دەست خستنە سەر ئەو برینە قوڵەی کە قارەمانانی قەڵای دم دمی بەرەو مەرگ برد و کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت شۆڕش و بزوتنەوەی کوردی پێوەی دەناڵێنێ. پاڵەوانی ئەم چیرۆکەی "سائیب"یش بەهەمان تۆمەت لە زیندانە ئایا چارەنوسی چییە؟ رەنگە ئەگەر چیرۆکەکە بە(تەواوی) بگەیشتایەتە دەستی ئێمە چارەنوسێکی هەبوایە، بەڵام ئەگەر

چیرۆکەکەش لێرەدا کۆتایی بێت لەبەردەستی ئێمەی خوێنەردایە ئەوا نووسەر زیرەکانە دەیەوێت کۆمەڵگە بەگشتی و خوێنەر(تاکەکانی) بەتایبەتی لە هەوڵی دیاریکردنی چارەنوسێکدابن بۆ ئەو جاسوسە، یان کەسانی جاسوس بەگشتی.

دواجار دەمەوێ دووبارە ئاماژە بەوەبکەم کە ئەم چیرۆکە لەڕووی گێڕانەوەوە سادە و ساکارە و مەنەلۆگەکان زۆر سادەن هەروەها زیاتر ریپۆرتاژێکی رۆژنامەوانیانە دەچێت، چونکە وەسفی ئەوجێگایانەی کراون وەسفێکی قوڵ نین و سادەن، هەروەها من بڕوام بەوەش هەیە کە ناکرێت بە چاوی ئێستاوە لەو چیرۆکە بڕوانین، بەڵام سەرەڕای ئەو کەم و کوڕیانەش ئەم چیرۆکە بەلای منەوە یەکێکە لەو چیرۆکانەی پێگەیەکی دیاری لە نێو ئەدەبی ئێمەدا، نەك تەنها لەبەر ئەوەی چیرۆکێکی کۆنە، یان یەکەمین چیرۆکی کوردییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی نەفەسێکی جوانی رەخنەگرتنە لەدەسەڵاتی کوردی. لە زەمەنێکدا کە تاکی کورد وشیاری نەبوو و تەنها گوێگر بووە. هاوکات کورتە چیرۆکەکە لە ژێر هەر مەرام پەیامێکدا نوسرابێت ئەوە قسەیەکی ترە وەکو ئەوەی هەندێك نووسەر و رۆشنبیر دەڵێن بۆ خزمەتکردنی دەسەڵاتی ئینگلیز و دژی حکومەت و دەسەڵاتی شێخ مەحمودی حەفید نوسراوە وەکو پێشتریش هێمای بۆ کرا ئەم قسەیەم قبوڵ نییە، چونکە پێموایە هەموو دەسەڵاتێك لە دنیادا ئەگەر دیموکراسیترین دەسەڵاتیش بێت لە کەموکوڕی بەدەر نییە و دەکرێت رەخنەی لێبگیرێت. کەسانێکیش دەبێت رەخنە لەو کەموکوڕیانە بگرن. بۆیە ئەگەر بە هەر هۆیەك چیرۆکەکە نوسرابێت ئەوا (جەمیل سائیب) توانییەتی چیرۆکێکی جوان و مۆدیلێکی نوێ لە رەخنەگرتنی دەسەڵات لە نێو ئەدەبی کوردیدا بهێنێتە ئاراوە، کە پێشتر بوونی نەبووە، یان زۆر کەمبووە، هەروەها وەکو نالی و سالمیش بۆتە مێژوونوسێکی قۆناغێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردی و شاهیدی سەدەی رابردووە و هاوکات ئامادەیشی لەم سەدەیەشدا هەیە وەکو مەوزوعیەت، بۆیە هەر لێرەوە دووبارە خوێندنەوە و چاپکردنەوەی ئەم چیرۆکە ئاشناکردنی بە نەوەی نوێ کارێکی جوان و بەسودە.

==

(*) ئەم نووسینە لە کتێبی: ئیستاتیکای گێڕانەوە، نووسینی: ئارام سدیق (سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم، ٢٠٠٩) بڵاوکراوەتەوە.

(له خەوما) یان کێشەی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات

د. ئازاد حەمە شەریف

کێشەی نێـوان دەسـەڵات و ڕۆشـنبیر کێشـەیەکی یـەگجار کـۆن و لەمێژینەیـە. یەکەمین نموونەی بەرچاوی ئەم کێشەیە خۆی لە دادگاییکردن و لەناوبردنی (سـوکرات ٤٧٠؟-٣٩٩ پ.ز.)دا دەردەخات. هەر لە هەمان ڕۆژگاردا کێشەی نێوان فەیلەسـوف و بیرمەنـدی گریکـی (ئێمپیـدۆکلیس ٤٨٤- ٤٢٤ پ. ز.) لەگـەڵ سیاسـییەکان و سوفیستەکانی ڕۆژگاری خۆی بە خۆ فڕێدانە ناو خەرەندی (ئێتنا)وە کۆتـایی هـاتووە. دوابەدوای ئەمە ڕۆژ بەرۆژ و ساڵ بەساڵ تادێت کێشەکە بەرفراوانتر دەبێـت. خـۆ لـە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی بوژانەوەدا دەیـان بیرمەنـد و فەیلەسـوف لـە لایـەن کڵێسا و دەسەڵاتە کۆنخوازەکانەوە کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و ڕاوەدوونان و لەناوبردن.

لە ڕۆژئاوادا چەند سەدەیەك لەمەوبەر ئەو کردارانە بەرامبەر بە (تۆماس مۆر) و (گالیلۆ) و (جان دارك) و (برۆنـۆ) دەیـانی تـریش ئەنجامـدرا. بـەڵام لـە ڕۆژهـەڵاتی خوێناوییدا (حەلاج) سەردەستەی شەهیدی فیکرە. دوای ئەو ڕۆشـنبیر و خوێنـدەوارە هەڵکەوتووەکان، بەهرەمەندە بیرتیژەکان لە ڕۆژهەڵاتدا ژیانێکی کولەمەرگی ژیـاون و تاڵاوی مەرگ و مەینەتیەکانیان پێ چێژراوە. هەر لە (ئەحمـەدی خـانی) و (حـاجی قادری کـۆیی) و (جـەمیل سـائیب) و (بێکـەس) و (قـانیع) و (محـرم محمـد امـین) و (عەبدولخالیق مەعرووف) و (قادر کابان) بگرە تا دەگات بە (سەمەدی بـەهرەنگی) و (حەسەنی قزڵجی) کە چۆن لە زیندانەکانی ساواك بزر کران. (عەبدولرەحمان زەبیعـی) بە جۆرێکی نادیار بێسەروشوێن کرا و (یەلماز گۆنـای) و دەردەسـەریەکی بـێ وێنـەی

بەدەست تورکە کەمالیستە هونەرکوژەکانەوە چەشت. (نەجمەدین مەلا) و (پیرەمێرد) و (گۆران) و (هێمن موکریانی) و (دلشـاد مـەریوانی) هەریەکـەیان بەشـێوەیەك لـە شێوەکان تووشی ئازار و تۆقاندن و تیرۆر هاتن. (بدر شاكر السـیاب) و (ابـو القاسـم الشابی) نائومێـدکران و (نـەجیب محفـوز) یـش هـەولی تـیرۆر کردنـی درا و (سـەید دەروێش) چۆن بووە شەهیدی پەیڤ و (نازم حیکمـەت) سـالانی دوورودرێـژی لـە نـاو زیندانەکانی تورکیا بەسەربرد.

جا هۆی بنەڕەتی ئەو کێشەیە لەوەدا خۆی بەرجەسـتە دەکـات کـە رۆشـنبیر و رۆشنبیرانی راستەقینە هەموو کاتێك خۆیان بە دەمڕاستی بێدەسەلاتان زانیـووە لـە بەرامبەر ستەم و زۆرداریییەکانی دەسەلاتداران کـە دەرحـەق بـە چـیینی ژێـرەوە و ناوەڕاسـتی کۆمـەلگـەی ئـەنجام دەدەن . هـەردەم دەسـەلاتدارەکانی رۆژهـەلات، هەرچەندە لە ناوەوەی ولاتدا بەهێزیش بووبن ، ئەوا بەرامبەر بە بێگانـان کەسـانی سەرشۆڕ و ملکەچ و ریسوا و دەست لەسەر سیینە بوون. ئەوان بۆ مانەوەی خۆیـان هەموو جۆرە نۆکەری و خزمەتکاریییەکییان لە بێگانان پێ پەسەند بووە و هەمیشە گوێڕایەلی فەرمانەکانی ئەوان بوون. بەلام لە بەرامبەر دەنگـی کەسـانی خـۆولاتی هەمیشە شمشێر بەدەست و ئامادە و لەسەرپێ بوون بۆ لەناوبردنی هـەر نووزەیـەکی ناڕەزایی. ئەم دووفاقی و دووڕوویییە لە کۆمەلگەی کوردەوارییدا هـەر لەسـەردەمی شاعیری پایەبەرزی کـورد (ئەحمـەدی خانی)یـەوە زۆر بـە ئاشـکرا هەسـتپێکراوە. ئەگەرنا قەتاوقەت شاعیرێکی نەتەوەپـەروەر و وێـژدان زینـدووی وەکـو (ئەحمـەدی خانی) (١٦٥٠-١٧٠٧) نەیدەگووت:

ئەما ژ ئەزەل خودێ وە ساکر
ئەڤ رۆم و عەجەم لەسەر مە راکر
تەبەعیبەتی وان ئەگەر چی عارە
ئەو عارە ل خەلقێ نامدارە

ناموسه ل حاكم و ئه‌میران
تاوان چی یه شاعیر و فه‌قیران؟*

سه‌رچاوه‌ی ئه‌م نۆكه‌ری و خزمه‌تكارییه‌ش گری ی خۆبه‌كه‌مزانینی كورد بووه به‌رامبه‌ر به‌ هه‌موو شتێكی بێگانه‌ كه‌ به‌درێژایی مێژوو كورد به‌گرانی باجه‌كه‌ی داوه‌ته‌وه‌ و تا رۆژی ئیمرۆش ئه‌و باجه‌ قورسه‌ هه‌ر ده‌داته‌وه‌ .

له‌كاتێكدا رۆشنبیران هه‌میشه‌ قیبله‌نومای رێگای ئازادی و سه‌رفرازی بوون بۆ میلله‌ت و ده‌سه‌ڵاتداران و هه‌میشه‌ ویستوویانه‌ تۆوی ئازادی و سه‌ربه‌خۆیی له‌ ناوه‌وه‌ی وڵات و مێشكی یه‌كه‌ به‌ یه‌كه‌ی نه‌وه‌كانی سه‌رده‌می خۆیان و هی دوارۆژ بچێنن. ده‌سه‌ڵاتداران چونكه‌ خۆیان به‌ رێبازی نۆكه‌ری په‌روه‌رده‌كراون، هه‌میشه‌ ویستوویانه‌ له‌ رێگای خزم خزمێنه‌ و په‌یڕه‌وكردنی سیاسه‌تی "كێ باشتر نۆكه‌ریم بۆ بكات ئه‌و دڵسۆزترین كه‌سه‌" و به‌رتیل و به‌رتیلخۆری و پشت به‌ستن به‌ چینی به‌كرێگیراوی گۆشكراو به‌ فیكری بێگانه‌په‌رستییه‌وه‌ ده‌رفه‌ته‌ زێڕینه‌كانی سه‌ربه‌خۆبوون و پێشكه‌وتنی كۆمه‌ڵگه‌ی كورده‌وارییان به‌فیڕۆ داوه‌. چونكه‌ ئه‌وان وایان كردووه‌ كه‌سانی ناشایسته‌ له‌ پله‌ی شایسته‌دا دابمه‌زرێن. به‌مه‌ش ئه‌وپه‌ڕی نادادپه‌روه‌ری كۆمه‌ڵایه‌تییان له‌ كۆمه‌ڵگه‌دا به‌رپاكردووه‌.

له‌كاتێكدا ئه‌و ده‌سه‌ڵاتداره‌ كورتبینانه‌ به‌ خۆیان ئاماده‌ نه‌بوون ئازادی به‌ رۆشنبیره‌ ژێرده‌سته‌كانی خۆیان ره‌وا ببینن، نازانم به‌ چ مافێك داوای ئازادی له‌ دوژمنان ده‌كه‌ن؟ له‌كاتێكدا ئه‌وان به‌خۆیان له‌ فه‌رمانڕه‌واییدا دیموكراسی نه‌بوون، نازانم به‌ چ مافێك داوای دیموكراسی له‌ بێگانان ده‌كه‌ن؟! هه‌ڵبه‌ته‌ ئه‌مه‌ش هه‌رگیز بۆ هیچ كه‌سێك مه‌یسه‌ر نه‌بووه‌ و نابێت. چونكه‌ ئه‌گه‌ر مرۆڤ ئازادی و دیموكراسی به‌

---

*- ئه‌حمه‌دی خانی، مه‌م و زین، ئاماده‌ كردن و په‌راوێزنووسینی : هه‌ژار (پاریس ئینستیتیوتی كوردی پاریس، ١٩٨٩) ل ٢٠.

ژێردەستەکانی خۆی نەدات، چۆن دەتوانێت لە دوژمنەکەی خۆی داوای ئازادی و دیموکراسی بکات؟

پێش ئەوەی بچینە سەر شیکردنەوە و لێکدانەوەی نۆڤلێتی (لەخەوما)ی شاکارنووسی کورد (جەمیل سائیب)، وای بەباش دەزانم کە هەندێك زانیاری لەبارەی ئەو سەردەمەی کە ئەو شاکارەی تێدا نووسراوە بخەمە بەردەست. هەروەکو هەموولایەکیش ئەوە باش دەزانێت کە (جەمیل سائیب) لەم بەرهەمە تاقانەیەیدا زۆر بەتووندی رەخنە و سەرنج ئاراستەی حوکمڕانی و دارودەستە و جۆری فەرمانڕەوایەتی (شێخ مەحمود) دەکات.

با لە دەمی پیاوێکی راستگۆی وەکو (رەفیق حیلمی) زۆر نزیك لە شێخ مەحموودەوە بزانین ئایا مەبەستی شێخ لە دامەزراندنی حکومەتی کوردستان، ئاراستەکردنی کوردستانە بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی یاخود بەرژەوەندی تایبەتی و خزم خزمێنە و گیرفان پڕکردن بووە:

> وە لە سلێمانیدا تەشکیلاتێکی وەکو تەشکیلاتەکەی پێشووی لیوا دامەزرا. "سید عمر"ی مامی شێخ محمود کرا بە متصرف، و حاجی سید حسنی مامی دووەمی بوو بە حاکم وە یا (رەئیسی شەرع). شیخ قادری براشی بوو بە (سەرداری لەشکر). سید علی [بسم الله]ش بێ بەش نەکرابوو و بوو بوو بو (قۆمیسەر). بەم جۆرە بەشی زوربەی خزم و کەس و کاری حوکمدار و دەستە و دائرەی شێخان هەریەکە بە جوورێك و بەپێ ی حاڵ، کارێك و یا مەواجبیکیان بۆ رێکخرابوو و دامەزرابوون.*

*- رەفیق حلمی، یاداشت (بەرگی یەکەم) (هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، ١٩٨٨) ل ٦٢.

جا دوای تێکشکاندنی هێزی تورك له هــەموو بــەرەکانی شــەڕ بەتایبــەتییش لــە شەڕی بەسرادا و بەخشیینی (شێخ مەحموود) لەو شەڕەی لە (شعیبە) دژ بــە ئینگلیــز بەوەکالەت بۆ تورکانی کردبوو، لەو ساتەوەختە ناسکەی کە ئینگلیز هاتبووە سلێمانی و (مێجەر نۆئێل)ی دۆست و پشتیوانی کورد کرابوو بــە راوێــژکار و یەکــەم نوێنــەری ئینگلیز لە کوردستان، ئینگلیز سەرەتا ئامــادەی هــەموو جــۆرە هاوکارییــەك بــوون تەنانەت بە دامەزراندنی (کوردستانی گەورە)شەوە،* با بزانیین شــێخ مــەحموود چــۆن چۆنی فەرمانڕەوایەتی کردووە؟

ئەوانەی کە ئەیان توانی لە حوکمدار نزیك ببنەوە لەم بابەتــە بــوون: دەس و پیێ وەندی نەفام و نەخویندەوار، دەوروپشتی چاوبرسی و دووای تالان کەوتوو، نۆکەری خەنجەر لە پشت و عەشایری تفەنگ لــە شــان. هەرچەن لە بەغداوە هەتا لە (تورکیا)وە هەندێ لــە زابتــە کوردەکــان هاتبوونەوە سلیمانی و لەو ســەرودەمەدا هەنــدێ خوینــەواری بــاش و نیشتمان پەروەر لەوێ بوون و ئەیان ویست کــە دەس لــەناو دەس تــێ بکۆشن و یارمەتی حوکمدار بدەن بەڵام رێکەوتنی تاقمی دەوروپشــتی حوکمدار و ئەمانەی تر نەئەگونجاو تاقمی یەکەم لەبەینی حوکمــدار و تاقمی دووەمدا لە خەنجەر و دەمانچــە دیــوارێکی دروســت کردبــوو. ئەگەر حوکمــدارخۆی بــی ویســتایە، ئــەم دیــوارەی ئەرووخانــد و لــە زابتەکان و منەوەرەکان نزیــك ئەکەوتــەوە. بــەڵام وەکــو ووتبوومــان، نەترسان لە دوارۆژ و ئازایی و کەم تەرخەمی خۆی لە لایەکەوە، (گرێ یەکی نەفسی) کە بەرامبەر بــە زابــت و منــەوەر پــەیای کردبــوو لــە لایەکی ترەوە بەرهەڵستی ئەوەبوو کە شەقێك لــە دیــواری خەنجــەر و

*- رەفیق حلمی، یاداشت (بەرگی یەکەم) ل ٦٩.

دەمانچەکە هەڵدا و بیڕووخێنێ و خۆی بگەیەنێتە خوێنەوارە باشەکان. لەناو منەوەرەکان و زابتە کوردەکاندا بەراستی هی باش و نیشتمان پەروەر هەبوو و هەموویان لەوانە نەبوون کە "شیخ محمود" لێ یان بسڵەمێتەوە، بەڵام وەکو ووتمان (گرێ یەکی نەفسی) لەو دیو دیواری خەنجەر و دەمانچەکەوە "شیخ محمود"ی راگرتبوو و وەستاندبووی. و بەرهەڵستیکی هەرە گرنگی نزیك بوونەوەی بوو لە زابتەکان. ئەمەش گرێ یەکی تازە نەبوو. بەڵکو لەو رۆژەوە پەیا بوو بوو کە لقی کۆمەڵی (اتحاد و ترقی) لە سلیمانی دامەزرا بوو. ئەو کۆمەڵە کە بەشی زوربەی لەم چەشنە زابتانە بوو کە بوو بوون بەهۆی دەرپەڕراندنی نەوەی "کاك ئەحمەد" لە سلیمانی. ئەو دەرپەڕرینە کە بە کوژرانی "شیخ سعید"ی باوکی "شیخ محمود" و "شیخ ئەحمەد"ی برای دووایی هاتبوو و بوو بوو بەهۆی نوشوستی و دەربەدەری و کەساسی و ماڵ وێرانی یان..*

شیخ مەحمود لە جیاتی ئەوەی هەرهیچ نەبێت هێندەی ئینگلیزەکان بەرامبەر بە رۆڵەکانی نەتەوەکەی لێبووردە و بەخشندە بێت، دەبینین لەجیاتی ئەوەی زابت و منەوەرەکان لە خۆی نزیك بکاتەوە و سۆزیان بەلای خۆیدا رابکێشێت ، لە سۆنگەی رقی کەسییەوە ئەوانی لە خۆی دوور خستبۆوە. چووبوو گێل و گەمژە و نەزانانی کردبووە لایەنگر و راوێژکار و کاربەدەست. با بزانین لە هەستیارترین پۆست کە بەڕێوەبەری پۆلیسە و راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی هاوولاتیانەوە هەیە و پاراستنی حکومەتیش لە ئەستۆی ئەودایە، شێخ مەحموود کێ ی داناوە:

*- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٧-٦٨.

"تایەر ئەفەندی" فەرخە کە لە دەوری تورکەکاندا تەحسیلدار (جابی) بوو لــەو دەورەدا کرابــوو بــە (مــودیری پــولیس). ئــەم کابرایــە کــە لــە (کویرەخەت)یك بەولاوە سەرمایەی زانیاری نەبوو، (خوا لیّ ی خۆش بیّ) ئێجگار فیزێکی زلی هەبوو و قین لە سکیش بوو.*

هەڵبەتە کاتێك ئینگلیز ئەو کردارانەی لە (شێخ مەحمود) دەبینــی و دەیبینــی (شــێخ مەحمود) بە ئاراستەی تورکەکان مل بــادەدات و بــە گــوێی شــێخ و مــەلا و کۆنــەخواز و نارۆشنبیران دەکات، دڵی لێی کرمیّ دەبێت، بەتایبەتیش کە بە بەڵگەوە دەبینێــت نامــە و نامەکاری و هاتوچۆ و پەیوەندی لە نێوان بارەگای (شێخ مــەحمود) و (ئــۆزدەمیر — عــەلی شەفیق)ی پیاوی کەمال ئەتاتورك لە (رەواندز) بەردەوامە. ئەوەی راستی بێت (ئــۆزدەمیر) زۆر زیرەکانە لەسەر تەلی عاتیفەی شێخ مەحموود یاری دەکرد و بەناوی (ئیســلامییەت) و (غەزا) و (دین) و (تۆڵە)ســەندنەوە هــانی شــێخ مــەحموودی دەدا. شــێخ مــەحموودیش چونکە لە بواری گەمەی سیاسی و درۆ و دەلەسەی سیاسییدا کەمزان و کۆڵــەوار بــوو، بــە قسە رەنگاورەنگەکانی (ئۆزدەمیر) زوو بەزوو فریووی خوارد. راوێژکارە نەزان و دەوروبــەرە کەمزانەکانیشی هانی نزیك بوونەوەیان لە تورکەکان دەدا و ئینگلیزییان بە دوژمنی "دیــن و دەوڵەت" لەلای ئەو وەسف دەکــرد. ئــەو رونــاکبیرە نیشــتیمان پەروەرانــەش کــە داوای سەربەخۆیی کوردستانیان دەکرد لەلای ئەو بە هەمان چاوی سیخوورانی ئینگلیــز تەماشــا دەکران. هەر ئەمەش بوو ماڵی کوردی وێرانکرد نەك منــەوەرەکان وەك برایــەکی نووســەر بەمدواییانە لە کتێبەکەی خۆیدا بەمجۆرە نووسیوویەتی.* ئەگەر بمانــەوێت زێــتر لــەو خاڵــە دڵنیا بین، پێم باشە لەم قسەیەی (رەفیق حلمی) بەباشی ورد ببینەوە:

---

*- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

- هەمان سەرچاوەی پێشوو، بەرگی شەشەم، ل ٣٣.

*- بڕوانە بەهات حەسیب قەرەداخی، بەڵێنەکانی ئینگلیز و گوتاری منەوەرانی کورد، (هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری، ٢٠١١)

> به کورتیەکەی شیخ محمود لەگەڵ ئینگلیز رێ نەئەکـەوت و متمانـەی پێ نەئەکردن. لەبەر ئەمە تەقەلای (نوئێل) کەڵکی نەگرت و ناکۆکی کەوتە بەینی (ویلسن)و "شیخ محمود"ەوە.*

لەو قسانەی سەرەوەی ناو یاداشتەکەی (رەفیق حلمی) وەك دەرکـەوت، وەنـەبێت تەنیا هەر ئینگلیزەکان رۆڵیان لەوەدا هەبوو بێت کە ئیدارەی شـێخ مـەحمود بنکـۆڵ بکەن، بگرە شێخ مەحموود خۆیشی زۆر بەتەنگ پێکهێنانی ئیدارەیەکی رێك و پێك و نیزامێکی پێشکەوتوو نەبوو. هەڵبەتە هۆی ئەوەش لە نادڵسـۆزی شـێخ مـەحموودەوە نەبوو، بەڵکو لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە هەر ئەوەندەی لـە کاروبـاری بـەڕێوەبردنی وڵات دەزانی و هەر بە عەقڵیەتی خێڵایەتی و شێخایەتییەوە فەرمانڕەوایی دەکرد. خۆ دەورەگیرانی شێخ مەحموودیش بەکەسانی نەزان و نەخوێندەواری خێڵ پـەروەر و شـێخ پەروەر هێندەی تر قووڕەکەی خەستتر کردبوو:

> وەکو لە پێشەوە باسمان کردبوو "شیخ مەحمود" هەر وەکو بۆ داڕشتنی بناغەیەکی باش و بەهێز بۆ ئەم حکومەتە تازەیە تەقەلایەکی تەواو و بە کەڵکی نەئەدا؛ هیچ نەبێ بـۆ پاراسـتنی جـێ و ناوچـەی نەفسـی خۆشی کردەوەیەکی ئەوتۆی دیار نەبوو. نە تەشکیلاتێکی ئیداری رێك و پێك، نە دانانی نیزامێـك و رێگەیـەکی تایبـەتی بـۆ بـەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت!..*

---

*- رەفیق حلمی، یاداشت (بەرگی یەکەم) ، ل ٧١.

*- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.

هەر بۆیەش هیچ مایەی سەرسوڕمان نییە لەلای کەسانی خوێندەوار و ڕۆشنبیر کە پێش ڕوودانی کارەسات هەست بە ڕوودانی کارەساتەکە بکەن، چونکە ئەوان بەهۆی بیرتیژی و قووڵ ڕوانینیانەوە دەتوانن ئاییندە لە ئێستادا بخوێننەوە. هەر ئەمەش بوو وای لە زۆربەی منەوەرانی سەردەمی شێخ مەحموود کرد بوو کە لە جۆری حوکمڕانی ئەو بتەکنەوە و تا ئەوپەڕەکەی لێی ناڕازی بن. ئەویش بۆ خۆی قسووری پێ نەکردبوون بە پشتگوێخستنیان و هەندێکجاریش چاوپۆشین لە خراپەکاری بەرامبەریان و سزادان و دەستبەسەرکردن و گرتنیشیان و جاروباریش پەردەپۆشکردنی کوژرانی ئەو کەسانەی بە شێوەیەك لە شێوەکان بە دوژمنی لە مێژینەی خۆی دادەنان.

> ...بەلاّم لەناوشارا لەم ڕۆژانەدا دەنگێکی گرنگ و سامناك بڵاوکرایەوە، ئەیان ووت: بە فیت و هاندانی دەستەی ئۆزدەمیر، بڕیاری ئەوە دراوە کە دۆستەکانی ئینگلیز و لاوەکانی نیشتمان پەروەری کورد بکوژرێن و لەناو بدرێن. (جەمال عیرفان)یش لەم ڕۆژانەدا کوژرا. *

هەڵبەتە کوژرانی (جەمال عیرفان)ی سەردەستەی منەوەرەکانی ئەو سەردەمە ئەوپەڕی بێ متمانەیی لە نێوان شێخ مەحموود و دەستەی نیشتمان پەروەران و "منەوەرەکان" دروستکرد. (جەمال عیرفان) خۆی لە سەرەتاوە یەکێك بوو لە ئەفسەرە پایەبەرزەکانی لەشکرەکەی شێخ و خاوەن بیروباوەڕی چەپ و داکۆکیکار بوو لە چیینی هەژاران و دژ بە کۆنەپەرستانی ئینگلیز و کورد و تورك بوو. کۆنەپەرستانی هەرسێ لایەن، لە ڕێکەوتی ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ دا گەلەکۆمەکی لە (جەمال عیرفان) دەکەن و لەناو ماڵەکەی خۆیدا دەیدەنە بەر دەستڕێژی گوللە و شەهیدی دەکەن.* جا ڕووداوێکی وا لە

---

*- ڕەفیق حلمی، یاداشت (، بەرگی شەشەم) ل ٤٠.

*- جمال بابان، أعلام الكورد (السليمانية: مطبعة دەروون، ٢٠٠٩) ص ص ٩٩ -١٠١

ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی شێخ مەحموود بووە و چونکە تاوانکاران نەدرانە دادگا، زۆر ئاسایییە بەر لە هەموو کەسێك تاوانەکە بەرۆکی فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە بگرێتەوە.

خۆ مەسەلەی کوشتنی (عارف سائیب) برای (جەمیل سائیب) بە دەستی خزمێکی شێخ مەحموود لە ڕێکەوتی ١٦ی مایسی ١٩٢٣دا هێندەی تر بووە هۆی قووڵکردنەوەی برینی نێوان شێخ مەحموود و ڕۆشنبیران. (عارف سائیب) شاعیرێکی دەستڕەنگین و سکرتێری تایبەتی شێخ مەحموود و ئەفسەرێکی جەنگاوەری لەشکرە تازە پێکهێنراوەکەی ئەو بوو،* ئەم ڕووداوانە هێندەی تر وایان لە ڕوناکبیران کرد ئەگەر نەشتوانن حوکمڕانی شێخ بگۆڕن تا پێیان بکرێت لێی دوورتر بکەونەوە چونکە هەموو مەترسییەکان هەر لەلای ئەوەوە بۆ لای ئەوان دێت.

شێخ محەمەد خالصی، کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە ساڵی ١٩٢٤دا نامەیەکی بۆ شێخ مەحموود ناردووە کە تیایدا هۆشداری پێدەدات کە دەوروبەرەکەی پڕی پیاوخراپ و گەندەڵ و کاسەلێسە. بۆیە زۆر پێویستە متمانەیان پێنەکات و تا زووە ئەو جۆرە کەسانە لە خۆی دوور بخاتەوە. شیعرەکە بەجۆرە وەسفی ئەم ڕۆژگارەمان بۆ دەکات:

لەپاش تاڵان و عەزل و لانەواز و خانەوێرانی
حەواڵەی خۆت دەکەم قوربان چلۆن بێم بۆ سلێمانی
لەبەرچاوت وەکو یەك وایە بێ فەرقن لە خزمەت تۆ
شەهێن و حاجی لەقلەق، شێر و ڕێوی، مرشید و جانی
کەر و گا، خەرجی بار و جووتە ئێستر ماڵی کاروانە
ئەمانە نابنە کوێخا و رئیس و میری دیوانی
بەیار کێڵان و گای لەڕ، پیر و کچ خوستن، ژن و تەدبیر
سەگ و جۆ، ئەسپ و ئێسك، بۆق و سەردار، جرجی ناوکانی

---

*- جەمال بابان، پێشەکی کتێبی لە خەوما، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠) ل ل ٢٧-٢٨. (هەر ئاماژەیەکی تر بۆ نۆڤلێتی لەخەوما لەم چاپەی سەرەوە وەرگیراوە(نووسەر)

عەبا و کەر، فێست و ڕێوی، ورچ و شەپقە، مێزەر و مەیموون
حەیا و کوێر، شەرم و دۆم و وەفا و نامووس و سۆزانی
لە کوێت دۆزینەوە ئەم کوێر و عوورانەی لە خوا عاسی
چلۆنت کەوتە خاتر مشکەکوێرەی ورچی کوێستانی
هەموو شێر و پڵنگن وەختی نانخواردن لە ئەترافت
سمێڵبابڕ، کفندز، کەللەخڕ، پەرچەم مەریوانی
دوعات با بۆ بکەن ئەمجا، بە تەدبیریان نەکەی زینهار
مەلا و دەروێش و سۆفی و شێخەکانی لوقمە باتمانی
لە ڕۆژی وا پیاوێك چاترە بۆ تۆ لە دوو سەد کەس
هەزاری لیرەیەك ناکا، دە پارە و پوول و تارانی*

بۆ ئەوەی وێنەی ئەو ڕۆژگارەمان لەبەرچاو ڕوونتر بێت و باشتر لەو پێشینە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونیەی ماوەی حوکمڕانێتی شێخ مەحموود بگەین، واباشە چەند دێرێك لە شیعرە بەناوبانگەکەی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان (حەمدی) کە لەبارەی (ئیدارەی کوردستانی جنووبی ساڵی ۱۹۲۳)وە نووسیوویەتی بخەینە بەرچاو.

(حەمدی) خۆی پیاوێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر بوو لە بنەماڵەی دوانزە سوارەی مەریوان بوو. ئەو ڕۆشنبیرێکی گەورەی کورد و کەسایەتیەکی دیاری سلێمانی بووە. لە کابینەی یەکەمی شێخ مەحموودا وەزیری گومرگ بووە. بەڵام شێخ مەحموود دوای قایمکردنی شوێنپێی خۆی لە دەسەڵاتدا ڕۆشنبیرانی دوورخستۆتەوە و کەسانی نەزان و خزمانی خۆی لە شوێنی ئەواندا دامەزراندووە. هەڵبەتە لادانی ڕۆشنبیران هەرگیز بەخێر بۆ هیچ دەسەڵاتدارێك تەواو نەبووە و تەواویش نابێت. گەورە زاڵمان و دیکتاتۆرانی دنیا هەر لە (هۆلاکۆ)وە تا دەگات بە (هیتلەر) لە وشە و زمانی ڕۆشنبیران ترساون. بۆیەش ئەو هەڵەیەی کە شێخ مەحموود بەرامبەر بە ڕۆشنبیرانی

* لە پێشەکییەکەی کتێبی جەمال بابان، لە خەوما، ل ل ۲۲-۲۳ وەرگیراوە.

سەردەمی خۆی کردوویەتی بەئاسانی ناسرێتەوە و لە نووکی خامەی نووسەرانی سەردەمی خۆیەوە چووەتە ناو مێژووەوە.

وەنەبێت (حەمدی) کاتێك کرا بە وەزیری گومرگ دڵی پێی خۆش بوو بێت، چونکە لە باسی تەشکیلاتی یەکەمدا زۆر بە پەنهانی، بەڵام بەوردی باس لەوە دەکات کە کەسانی ناشارەزا و کۆلەوار و نەزان و دژبەیەك لەو تەشکیلاتە دەبینران:

گورگ و چۆبان، وشتر و قەزاز، زین و گای شێت
مێروولە و تەختی سولەیمانی، عەفاریت و نگین
بوخل و شاهی زوهد و مەستی عەقڵ و شێتی کیبر و زیل
سەبحەوو فیشەکلغ و داری سیواك و ماڵ بڕین
جەمعی ئەم زددانە چونکە داخلی مەنتیق نەبوون
دائیما ئەموت ئەمە دێون دڕنجن ئاخۆ چین
تاقمێکی تازەکورەی ڕووتەڵە جا دەرپەڕی
عالەمێ زانی ئەمانە ئەووەڵی ئاخر شەڕین
ئەو شەوەی نەحسە کە ئیعلانی ملوکییەت کرا
تف کرا ئەمجا لە دەست و هەڵکرا دامەن لە قین*

جا ئەگەر (حەمدی) باسی تەشکیلاتی یەکەم کە بەخۆی تیایدا وەزیر بووە وا بکات کە پڕ مرۆڤی نەزان و قینەدار و نائاسایی و دەروون نەخۆشە، کە زۆربەیان سیفەتی گیانەوەر و ئاژەڵی خراپیان لەناو شیعرەکە پێدراوە، دەبێت لەبارەی تەشکیلاتی دووەمەوە کە ئەگەر وەکو هی یەکەم نەبووبێت ئەوا ڕەنگە زۆر لەو باشتر نەبووبێت، چی بڵێت؟!

---

* ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان، دیوانی حەمدی، ساغکردنەوە و ڕێکخستن د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٠) ل ١١٧

با پێکەوە بەوردی شیعرەکەی (حەمدی) بخوێنینەوە، ئەوسا زۆر بەباشی لەوە دەگەین بۆچی (جەمیل سائیب) هێندە توونـد رەخنـەی لـەو سـەردەمە گرتـووە. شیعرەکە وادەڵێت:

باسی تەشکیلاتی سانی هەر ئەکەم بۆ پێکەنین
کەمترین بوو گەورەتر هەم گەورەتر بوو کەمترین
ناعیلاجم ئیسم و شوهرەت باس ئەکەم عاجز مەبن
تا ببینن شکڵی وەزعییەت بە جارێ قارئین
کۆیلی مولازم وەزیری خاسەیی قۆڵی یەسار
ئیبنی سەرمزگەوت وەزیری موشفیقی قۆڵی یەمین
کاتبی مابەین بوو تاهیر تەرجەمەی حاڵی بکەم
پیس دەبێ دیوان لە پاشا موستەحەققە بۆ دڕین
حەیفە تەعریفی ڕەشە و عەمێ و ئەحەی دایەنەکە
ناکرێ ئەعزان ئەمانە چونکە عوزوێکی بەرین
خەزنە کیسەی باخەڵ و مەسرەف ڕەشەی حاجی فەتاح
حامیلی سینی حەماڵ و زەرفی پڕ ماشێنی شین
تابیعن ئەلوات و هەرزە قاتیل و دز بوو هەموو
ئەهلی ویجدان و شەریف و تێگەیشتوو مونکرین
زابتانی عەسکەری زۆرە و زڕە و ئەولا دریژ
هەردوو جلخوار و قلێش و یونسی باجی هەمین
ئەمری یەومییە هەموو هەر حەپس و زنجیر و جەزا
فیکری لەیلییە هەموو هەر کوشتن و یەغما و دزین
حاکمی شەرع و عەدل مەحکوومی عالەم مارفەشەل
موخبیری سادق بۆ کازیب سوئی زەن عیلمول یەقین

قەهوەچی و پێش خزمەتی دیوانی عالی دوو سمە
ئەم بوو مەشهوری قوولی بوو ئەو بوو مەعرووفی شەلین
موحتەرەم مەئمووری تەشریفاتی دەوڵەت بوو وسوو
نازری فەرشی رەحە بۆ خەڵوەتی ئامە ئەمین
جائیزە بۆ میللەت و کوردایەتی بێ ڕەشبەڵەك
باجی ڕەحمە بێقەزابی نایەڵێ رێك هەڵپەڕین
گەرچی ئێستا مردووە مەوقعیە باسی هەر ئەکەم
نانەوا گوێ ڕەپ بوو شەخسی ئەووەل و مەجلیس نشین
جەردە شێخ سالح کە مورشید بوو لەگەڵ دەروێشەکان
من کە وام زانی لە کوڕڕەی حەڵقەیی زیکرا فڕین
سەیری سیرەتکەن کە سووڕەت ڕووکەشێکی سەنعییە
گورگ دەچێتە پێستی مەڕ زاڵم دەبێتە پۆست نشین
ناوی جەمعییەت موجاهید بوو وەزیفەی جیا جیا
دەستە دەستە قاتیل و دز بۆ عیبادی موسلمین*

باشە، ئەگەر لە شیعرەکەی پێشووتری حەمدی دا دارودەستەی شێخ مەحموود لە تەشکیلاتی یەکەمدا بە مرۆڤی گێل و نەزان و بەفیز و "کیبر" و "دێو و دڕنج" پڕکرابێتەوە، ئەوا وەکو لە شیعرەکەی سەرەوەدا کە باسی تەشکیلاتی دووەمە دارودەستەکە لە (دز و شێخی جەردە و قاتیل و گەندەڵ و ساختەکار و پیلانگێر و هەتیوو و تورکپەرستە خۆفرۆشەکان و زوڵمکاران) پێکهاتووە. لە هەمووش سەیرتر بەپێی دێرەکانی ناو شیعرەکە هەرچی مرۆڤی گەورەپیاو هەن لە دارودەستەکەی دوورخراونەتەوە و هەرچی کەسانی کەم و کاسەلێس و هیچ و پووچ و هەرچی و

*- ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان، دیوانی حەمدی، ل ل ١١٨ -١١٩ .

پەرچی هەن شوێنی گرنگیان لە ئیدارەی دەوڵەت پێدراوە. لە هەمووش سەیرتر ئەوەیە کە فەرمانڕەوایی هەڵپەڕین (واتە هەڵسوکەوتی ناو کۆشکی مەلەکی) بەدەست باجی ڕەحمە بووە!!

بەڕاستی ڕێکەوتێکی زۆر سەیرە! چونکە مێژووی دانانی ئەم شیعرەی (حەمدی)ش ساڵانی ١٩٢٤-١٩٢٥ ە کە هەمان ڕێکەوتی دانانی نۆڤلێتی (لە خەوما)ی (جەمیل سائیب)ە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا هەردووکیان پێکەوە بڕیاریان داوە لەسەر هەمان بابەت حوکمڕانی ئەم سەردەمەی شێخ مەحموود دابشۆرن؟ یاخود لەو ڕۆژگارەدا بەڕاستی دارودەستەی شێخ مەحموود دۆزەخییان بۆ ڕۆشنبیران و کەسانی دڵسۆز بەرپا کردبوو؟

جا بۆ ئەوەی زێتر بە ناواخنی ئەو سەردەمەی شێخ مەحموودا بچین واباشترە ئێستا بێینە سەر لێکدانەوەی خەونەکەی (جەمیل سائیب) کە وێنەیەکی ڕەشتر و تاریکتری لەوەی پێشووتر لە زەینمان تۆمارکراوە دەخاتە ڕوو.

یەکەمین دیاردەی خراپ کە لە خەونەکەدا بەرچاو دەکەوێت لە دەستدانی کۆنترۆڵی فەرمانڕەوایەتییە لەو ناوچانەی لەژێر یان لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی شێخ مەحموود دان. تەنها لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا جەردە و ئەشقیا لە سێ چوار لاوە ڕێگا بە کاروانچییان دەگرن و لە هەر پەناگرد و کۆردەرە و شێوێکدا هەر فڕکان فڕکانی تەریدە و جەردەیە (لە خەوما، ل ٣٦) .

دووەمین دیاردەی خراپ بریتییە دیاردەی گەندەڵی و بەرتیلخۆری قوڵخچییەکانی قەراغی شار ، کە بە زاراوەی ئەمڕۆ دەبنە سەرباز و پۆلیسی زاڵگەکانی سەردەمی شێخ مەحموود. ئەوان هەتا پێیان دەکرێت بێڕێزی بەرامبەر ئەو کاروانچییانە دەکەن کە هیچ پارە و پوولێکیان نییە یاخود ئامادەنیین هیچ بەرتیل و شیرینییەکیان پێ بدەن. خۆ پاش لێدان و سەنگمە حەساری ئەوەی هەر هیچ نەدات تۆمەتی سەیر و سەمەرەی وەکو جاسووسی بۆ هەڵدەبەستن و کابرای خەونبینەکەی ناو ئەو نۆڤلێتەی (جەمیل سائیب)یش کەسێکی بێ پارەوپوولە، بۆیە هەر لەسەرەتاوە دەبێت خۆی بۆ تێهەڵدان و گیران و تۆمەتباربوون بە سیخووڕیکردن ئامادە بکات (لە خەوما، ل ل ٣٨

-٣٩) . ئەمەش تەنیا لەسەر کەسانی هاتوو لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی شێخ مەحمود ناچەسپێت، بەڵکو لەسەر ئەوانەش دەچەسپێت کە لە ژێر فەرمانڕەوایەتی ئەودا دەژین، بەڵام ئامادەنین بەرتیل بدەن (لە خەوما، ل ل ٤١ - ٤٢) .

سێیەمین دیاردەی خراپ کە لەم خەونەدا بەرجەستەکراوە بریتییە لە پشتگوێ خستنی خاو و خێزانی کەسانی کوژراو لە شەڕەکاندا و کەوتنە سەر شەقامی ئەوان و بوون بە سواڵکەر. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، ئەوانەی بەرگرییان لە نیشتیمان کردووە و ئامادەی فیداکاری بوون، خێزان و منداڵەکانیان بەقورسی باجی هەستی پاکی نیشتیمان پەروەری ئەوان دەدەنەوە (لە خەوما، ل ٤٤) .

چوارەمین دیاردەی خراپ کە لەم خەونەدا پیشان دراوە بریتییە لەوەی لەکاتێکدا میللەت لە هەژارییدا ژیانێکی پڕ کولەمەرگی بەسەردەبات، ژنانی ناو حەرەمسەرا هەرباسی ئاڵتوون و مجەوهەرات و یاقووت و جلی جوان و ئەڵماس و پیرۆزە دەکەن و هەر لە بیری ئەوەدان چۆن بەزۆر یان بەخۆشی شمەکی جوان و گرانبەها لە خەڵکی بسەنن و ئەوەی نەشیدات مێردەکەی حەپس دەکرێت و ماڵەکەی بە فەرمانی خانمی ژنی حوکمدار تالاّن دەکرێت (لە خەوما، ل ل ٤٩-٥٠).

پێنجەمین دیاردەی خراپ کە لەم خەونەدا دەبینرێت بریتییە لە دامەزراندن و دەرکردنی خەڵك لە پۆستێکدا بە میزاج و بەرتیل و ماستاو ساردکردنەوە. ئەمەش هەر بە فەرمانی خانمی ژنی حوکمدار بەڕێوە دەچێت (لە خەوما، ل ل ٥٠-٥١).

شەشەمین دیاردەی خراپ کە لەم خەونەدا بینراوە بریتییە لە کۆکردنەوەی زێڕ و سامانێکی زۆر، بەبڕی سەد هەزار لیرە بۆ حوکمدار و دەیان هەزار لیرە بۆ داردەستەکانی . ئەمە لەکاتێکدا دەکرێت کە مەعاشی تەقاویت نەدراوە و عەسکەر و مەئموورەکان ماوەی شەش مانگە بێ مووچە دەوام دەکەن. جا دوایین بڕیاری حوکمدار ئەوەیە بۆ ئەوەی لە کۆڵ خۆیانییان بکەنەوە، هەریەکە و چەند حۆقە چەڵتووکێکیان پێ بدەن (لە خەوما، ل ل ٥٣-٥٤).

حەوتەمین دیاردەی خراپ کە لەم خەونەدا دەرخراوە بریتییە لە دەورەدرانی حوکمدار بە کەسانی نەزان و هەلپەرست و ماستاوچی و دەرکردنی فتوا بۆ دەست

بەسەراگرتنی ژن و ماڵ و منداڵی ئەوانەی کە بەگەڵ حوکمدار نەکەوتوون و داویانەتـە پاڵ غەیرەدین. بە کـورتی و بـەکوردی، ئـەنفالکردنی ژن و مـاڵ و منـداڵی خـەڵکی بەرهەڵستکار (لە خەوما، ل ل ٥٥-٥٩).

هەشتەمین دیاردەی خراپ کە لەم خەونەدا زەق کراوەتەوە بریتییە لە دانانی پـلان بەدزی لەلایەن حوکمدار و دارودەستەکەیەوە بۆ بریـندارکردن و کوشـتن و تیرۆرکردنـی کەسانی نەیار و بەرهەڵستکار. ئەم هـەموو کارانـەش بەوپـەڕی وریـایی و نهێنـی و شاراوەییەوە ئەنجام دەدرێت (لە خەوما، ل ٦١).

نۆیەمین دیاردەی خراپ کە لەم خەونەدا بەرچاو خـراوە بریتییـە لـە بڕیـاردان لەسەر دوارۆژی وڵات و ڕێك کەوتن لەگەڵ هەر لایـەنێکی دەرەکـی بەشـێوەیەکی تاکڕەوانە و بەبێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی شورا و میللەت. ئەمەش وا لـە کەسـی بڕیاردەر دەکات کە بڕیاری چەوت و هەڵە بدات. هـەر بۆیـەش لـە مـاوەی سـێ کاتژمێردا، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سێ لایەنی جیاواز ، حوکمدار سێ جاران رای خۆی دەگۆڕێت: جارێکیان دەیشکێنێتەوە بەلای تورکدا (لە خەوما، ل ل ٦٣- ٦٥) و دواتر بەلای ئینگلیزدا (لە خەوما، ل ل ٦٧- ٧٠) و پاشان بەلای سەربەخۆییدا (لە خەوما، ل ل ٧١-٧٢) و لە کۆتاییشدا بەلای هیچییانەوە نا، چـونکە ئەگـەر ئەو هەر شتێك بکات پێویستە سەرەتا بەرژەوەندی کەسی خۆی لەبەرچاو بگرێـت (لە خەوما، ل ٧٣).

جا دوای بەراوردکردنی ئەو دیاردانەی کە (جەمیل سـائیب) لـە نـۆڤلێتی (لەخـەوما) بەڕوونی خستوویەتە بەرچاو لەگەڵ زانیارییەکانی نـاو بەرگـەکانی (یاداشـت)ی مامۆسـتا (ڕەفیق حلمی) و شیعرەکەی شێخ محەمەد خالصی، کوڕی شـێخ ڕەزای تاڵـەبانی و شـیعرە بەناوبانگەکـەی (حەمـدی) کـە هـەر هـەموویان بـاس لـە لایەنـە خـراپ و دزێوەکـانی فەرمانڕەوایەتی سەردەمی شێخ مەحموود دەکەن، ئایا پێویستە کـەس چـیتر گومـان لـەوە بکات کە (جەمیل سائیب) لە کێشانی وێنـەی ئـەم سـەردەمەی کۆمەڵگـەی کـوردەواری ڕاستگۆ نەبووە؟!

ئایا لە هەر سەردەمێکدا چی لە نووسەرانی خاوەن هەڵوێست چاوەڕوان دەکرێت: شاردنەوەی راستییەکان و سپیکردنەوەی رووی رەشی کارە چەپەڵ و دزێوەکانی خراپەکارانی سەردەمەکەیان، یاخود ریسواکردن و رەخنەگرتن و بەرهەڵستکاری و وشیارکردنەوەی خەڵکی لە نهێنییە شاراوەکان؟!

هەولێر: ٢٠١١/١٢/٣١

سەرچاوەکان

١- ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادە کردن و پەراوێزنووسینی : هەژار (پاریس ئینستیتیوتی کوردی پاریس،١٩٨٩).
٢- رەفیق حلمی، یاداشت (بەرگی یەکەم) (هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، ١٩٨٨).
٣- بەهات حەسیب قەرەداخی، بەڵێنەکانی ئینگلیز و گوتاری منەوەرانی کورد، (هەولێر: چاپخانەی رۆشنبیری، ٢٠١١)
٤- جمال بابان، أعلام الكورد (السليمانيه: مگبعه دەروون، ٢٠٠٩)
٥- جەمال بابان، پێشەکی کتێبی لە خەوما، هەولێر: دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠)
٦- ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان، دیوانی حەمدی، ساغکردنەوە و رێکخستن د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود (هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٠)

تەكنيك و هونەر لە نۆڤلێتی (لە خەوما)

د. ئازاد حەمە شەریف

ئەگەر تەنیا لە روانگەی تەكنيك و هونەرەوە تەماشای نۆڤلێتی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب) بكەین دەبینین كە نووسەر هونەركارییەكی بێ وێنەی بە جۆرێكی وا تێدا بەكارهێناوە كە كاریگەرییەكی زۆر لەسەر خوێنەر بەجێ بهێلێت.

لێرەدا ئێمە پەنجە لەسەر سێ لایەنی گرنگی ئەم نۆڤلێتە دادەنێین:

یەكەمیان: تەكنیكی نوێ لە نۆڤلێتی (لە خەوما)*

دووەمیان: رەگەزەكانی دراما/شانۆیی لە نۆڤلێتی (لە خەوما)

سێیەمیان: وەسفكردن لە نۆڤلێتی (لە خەوما)

پێویستە هەمووشمان ئەوەمان لەبیر بێت كە ئەم بەرهەمەی (جەمیل سائیب) ٨٧ ساڵ بەر لە ئێستا نووسراوە و ئەگەر بە چاوی ئەو رۆژگارە سەیر بكرێت، دەبێتە سەرەتای هونەری چیرۆكنووسین و نۆڤلێت لە ئەدەبی كوردیدا و لەلایەنی هونەریشەوە دەگاتە ترۆپكی داهێنان.

یەكەم: تەكنیكی نوێ لە نۆڤلێتی (لە خەوما)

أ) خەون و چڕكردنەوەی كات

سەرجەم رووداوەكانی ئەم كارە هونەرییە هەر هەمووی لە خەونێكدایە و وەكو هەمووشمان دەزانین خەون لە چەند چركەیەك تا چەند خوولەكێك زێتر درێژە ناكێشێت.

---

*- جەمال بابان، پێشەكی كتێبی لە خەوما، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠) ل ل ٢٧-٢٨. (هەر ئاماژەیەكی تر بۆ نۆڤلێتی لەخەوما لەم چاپەی سەرەوە وەرگیراوە(نووسەر)

بەڵام دەستڕەنگینی (جەمیل سائیب) لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەو هەموو رووداوە زۆرەی سەردەمی شێخ مەحموودی لە ماوەی سێ چوار رۆژێکی گەشتەکە و شەوێك بەسەربردن لە کۆنە خانێك و تەنها شەوێکی زیندانیکردنەکەیدا چڕ کردۆتەوە و هەر هەمووشی ئاخنیتە ناو خەونێکی چەند خولەکی یان چەند چرکەییەوە. کەواتە لەم نۆڤلێتەدا سێ جۆرە کات هەن:

١- کاتی رووداوەکان: ئەمەش سەرجەم ماوەی حوکمداریتی شێخ مەحموود دەگرێتەوە.

٢- کاتی ناو خەونەکە: ئەمەش سێ چوار رۆژی گەشتەکە و شەوێکی مانەوە لەناو خانەکە و تەنها شەوێکی زیندانیکردنەکەی پاڵەوانە بێناوەکەی نۆڤلێتەکە دەگرێتەوە.

٣- کاتی خەونەکە: ئەمەش بریتییە لە چڕکردنەوەی هەردوو زەمەنەکەی پێشوو لەناو چەند چرکەیەك یان چەند خولەکێکی پێش واگاهاتنەوە.

ب) گەورەکردن و بچووکردنەوەی رووداوەکان

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی خەون ئەوەیە کە لە خەوندا شتی بچووك زل و زەبەلاح دەکرێت و شتی زل و زەبەلاحیش ورد و بچووك. مەبەستیش لەمە دانانی کاریگەری بەتێنە لەسەر خەونبین و گوێگری خەون. هەڵبەتە ئەم تەکنیکەش زۆر بەڕوونی لە نۆڤلێتەکەدا رەنگی داوەتەوە. ئەمەش ئەگەر شتێکمان بۆ دەربخات، ئەوەمان پیشان دەدات کە نووسەری بەرهەمەکە کەسێکی راستگۆ بووە بۆیەش خەونەکەی وەکو خۆی تۆمارکردووە بەبێ شێواندنی سنوور و تخووبەکانی پرۆسەی خەون و خەون بینین.

ج) سەرەتا و کۆتایی نۆڤلێتەکە

هەر هەموو ئەو رەخنەگر و لێکۆڵەرەوانەی کە باسیان لە (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب) کردووە وای بۆچوون کە نۆڤلێتەکە تەواو نەکراوە و پێویست بوو بە چەند رستەیەك نووسەر کۆتایی بە خەونەکە بهێنابووایە. بەڵام دوای وردبوونەوە لە نۆڤلێتەکە دەرکەوت کە پێچەوانەی قسەکانی ئەوان راستە. چۆن؟

ئەگەر ئەو برا رەخنەگر و نووسەرانەی لەسەر ئەم نۆڤلێتەیان نووسیووە بچنەوە سەر خوێندنەوەی ئەو بەرهەمە و بەو چاوە بیخوێننەوە کە سەرەتای نۆڤلێتەکە بریتییە لە

کۆتایی خەونەکە و کۆتایی خەونەکەش بریتییە لە سەرەتای چیرۆکەکە ئەوا ئەوسا دەزانن چەند بە هەڵە ئەو نۆڤلێتەکیان لێکداوەتەوە. چونکە کابرای خەونبین کە لە خەوەکەی بەئاگادێتەوە ئینجا دێت خەونەکەی بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە و چیرۆکەکە لەوێوە بەمجۆرە دەست پێدەکات: " شەوێك لە خەوما وا لە دنیا گیرم خواردووە...."(<u>لە خەوما</u>، ل ٣٥).

جا دوای ئەوەی ئەو برا رەخنەگرانە، لەو مەسەلەیە وردتر دەبنەوە، ئەوسا دەزانن کە (جەمیل سائیب) چەند کەسێکی هونەرزان و شارەزای تەکنیکی چیرۆك نووسین بووە. ئەم تەکنیکەی کە نووسەر لەم نۆڤلێتەدا بەکاری هێناوە پێی دەگوترێت تەکنیکی بازنەیی کە سەر و بنی چیرۆك پێکەوە دەبەستێتەوە. هەڵبەتە کاری وا ئاسان نییە و لەدەست هەموو چیرۆك نووسێك نایەت و تەنها نووسەری گەورە و شارەزا بەم تەکنیکە دەوێرن.

لایەنێکی تر کە زۆربەی رەخنەگران بە کەموکوڕی لە نۆڤلێتەکەی (جەمیل سائیب)ی دادەنێن ئەوەیە کە بۆچی خەونەکە کۆتاییەکی لۆجیکی نییە. جارێ پێش هەموو شتێك لۆجیك لە هەموو شتێکدا هەبێت هەرگیز لە خەون و خەونبینیندا نییە. خەون بۆیە خەونە چونکە شتی سەیرو سەمەرە و کەس نەدیدە لە مێشکدا دەخولقێنێت. ئەگینا ئەگەر خەون رێك لەگەڵ واقیع بێتەوە، ئەوا بێگومان، ئەمە خەون نییە و واقیعە. ئەم تەکنیکەش لەسەر دەستی گوزارەخوازەکان (ئێکسپرێشینیستەکان) زۆر برەوی سەند و بووە تەکنیکێکی سەرەکی شانۆی گوزارەخوازی (ئێکسپرێشینیستی).

د) بەکارهێنانی تەکنیکی چیرۆك لەناو چیرۆك (Frame Story)

لەم شاکارەدا نەك تەنیا چیرۆکێك هەیە، بەڵکو چەندین چیرۆك لەناو چیرۆکدا هەن. چیرۆکەکان لەبەر ئەوەی کەوتوونەتە بەر کاریگەری پرۆسەی خەون، چڕ و کورت و لەپڕ و خەستکراونەتەوە. ئەگەر بەتان و پۆی ئەو بەرهەمەدا بچین دەکرێت ئاماژە بۆ چیرۆکی (چەتە و کاروانچییەکان)، چیرۆکی (ژنە مێردکوژراوە سواڵکەرەکە)، چیرۆکی (ژنی حوکمدار و چۆنیەتی دامەزراندن و سزادانی خەڵك بە میزاج)، چیرۆکی (کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ دارودەستەی خۆی و پارە کۆکردنەوە بۆ خۆیان)، چیرۆکی (مووچە نەدان بە تەقاویت و سەربازان)، چیرۆکی (کۆبوونەوە لەگەڵ مەلاکان و فتوادان بۆ ئەنفالکردنی ژن و ماڵی بەرهەڵستکارن)، چیرۆکی

(کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ پیاوکوژان و دەستنیشانکردنی کەسانی بەرهەڵستکار بۆ برینداركردن و تیرۆرکردنیان)، چیرۆکی (کۆبوونەوە لەگەڵ جلخوارە تورکپەرستەکان و لایەنگیریکردنی تورکەکان)، چیرۆکی (کۆبوونەوە لەگەڵ ئینگلیزپەرستەکان و لایەنگیریکردنی ئینگلیزەکان)، چیرۆکی (کۆبوونەوە لەگەڵ نیشتیمان پەروەرەکان و لایەنگیریکردنی سەربەخۆیی کوردستان)، چیرۆکی (کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ باوەڕپێکراوانی خۆی و نەکردنی هەرشتێك کە خزمەتی بەرژەوەندی تەسکی خۆی نەکات) و چەندین چیرۆکی تر.

ئەم هەموو چیرۆکانەی سەرەوە لەناو خەونێکدا چڕکراونەتەوە و خەونەکەش بە چیرۆك گێڕدراوەتەوە و پاشتر نووسراوەتەوە. کەواتە رووداوەکانی ناو ئەم نۆڤلێتە بە دوو دانە فیلتەردا تێپەڕیوون تا دەگەن بە خوێنەر. فیلتەری یەکەمین خەونەکەیە و فیلتەری دووەمیش گێڕانەوەی خەونەکەیە. هەر ئەمەشە وا دەکات کە ئەم بەرهەمە شەقڵی بابەتخوازی (Objectivity) پێوە دیار بێت. هەڵبەتە ئەم تەکنیکە هونەرییە سەرکەوتووە نەبووایە بەهیچ جۆرێك سەرەداوی ئەم هەموو چیرۆکە پەرش و بڵاوە لێك گرێنەدەدران. ئەمەش ئەگەر شتێکمان بۆ دەربخات، ئەوە پیشان دەدات کە (جەمیل سائیب) چەند باڵادەست بووە لە هونەری چیرۆك نووسیندا.

دووەم: رەگەزەکانی شانۆیی لە نۆڤلێتی (لە خەوما)

بەسەرنجێکی خێرا و وەرگێڕانی لاپەڕەکانی ئەم نۆڤلێتە خوێنەری ورد هەست بەوە دەکات کە ئەم بەرهەمە زیاتر بەلای شانۆییدا دەشکێتەوە، چونکە جگە لە ناونیشانە درامییەکەی (لە خەوما)، سێ سەرەبابەتی بەم ناونیشانە دەست پێدەکەن: (پەردە گۆڕا) ، (پەردە وەرگەڕایەوە)، (پەردەییێکی تر). لەپاڵ ئەمانەشدا هەموو سەرە بەشەکانی دیکەی ئەم نۆڤلێتە ناونیشانی درامی سەرنجڕاکێشیان پێدراوە. بۆ نموونە: (گەیشتنە شار و ئەوەڵ قۆرت)، (ئەحواڵی خان و دووەمین قۆرت)، (رۆژەوەبوون و قۆرتی سێیەم)، (چیم بینی لەو ژوورەدا؟)، (گفتوگۆکردن و فتوا وەرگرتن...)،.

جا بەمەبەستی پتر کاریگەری بەجێ هێشتن لەسەر خوێنەر، لەم نۆڤلێتەدا هەموو رەگەزەکانی شانۆیی بەکارهاتوون. هەر لە چوارچێوەی (کات، شوێن، دەوروبەر)ەوە

بگره تا دەگات بە (زۆرانبازی) و (زمانی گفتوگۆ و خۆدواندن و لەبەرخۆ قسـەکردن و قسەکردنی لابەلا و گێڕانەوەی حیکایەتخوان) و (رووداو و گرێچن) و (بیرۆکەی شانۆیی) و (کەسایەتییەکان).

لێرەوە بەدوا یەکە یەکەی ئەو رەگەزانە دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە بەمەبەستی زێتر تیشك هاویشتنە سەر لایەنە درامی و شانۆییەکانی ئەم شاکارە هونەرییە.

A. **کات و شوێن و دەوروبەر**

١- لە خاڵی یەکەمدا باسی کات لەم نۆڤڵێتەدا کراوە کە سێ جۆرە کاتە: کاتی رووداوەکان، کاتی ناو خەونەکە و کاتی خەونەکە (بۆ باشتر روونبوونەوەی ئـەم لایەنـە بچۆرەوە سەر بڕگەی (أ) لە خاڵی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

٢- شوێن: دوو جۆرە شوێنیش لەم نۆڤلێتەدا هەن:

أ) شوێنی دەرەکی

ئەم شوێنە بریتییە لەو شوێنانەی شاکەسی نۆڤڵێتەکە پێیدا رەت دەبێت هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی گەشتی ناو خەونەکە تا دەگاتە زیندان. شوێنەکان بریتیین لە: رێگای نێوان کەرکوك و ناوچەی هەمەوەندەکان و قەراغی شاری سلێمانی کە شـاکەس بە رێبواری (هەندێك جار بە پیـادەیی و هەنـدێك جـاریش بـە سـواری) پێیـدا رەت دەبێت. هەروا ئەو (خانە)ی شەوی یەکەمی تێدا بەسەر دەبات تا بەیانی.

ب) شوێنی ناو زیندان

ئەمیش رۆڵی ناوەڕاستی تەختەی شانۆ دەبینێت و لـەلای دەسـتە راسـت و دەسـتە چەپییەوە ژووری حەرەمسەرا و ژووری کۆبوونەوەی حوکمداری لێیە. هەردوو ژوورەکـانی ئەمبەر و ئەوبەری ژووری زینـدان رۆڵـی دوو تەختـەی شـانۆ دەگێـڕن چـونکە نزیکـەی سەرلەبەری رووداوەکانی ناو خەونەکە لەوێ روودەدەن. شاکەسی زیندانیکراو هەندێکجار بەخۆی دەبێتە سەیرکراو و هەندێکجاریش دەبێتە سەیرکەر. ئەمەش تەکنیکێکی نـوێی (شانۆی داستانییە) و زۆر دوای (جەمیل سـائیب) شانۆنامەنووسـی ئـەڵمانی (برتۆڵـت برێشت) پێیەوە بەناوبانگ بوو. هەڵبەتـە لـەم نۆڤلێتـەدا تـەکنیکێکی دیکـەی شـانۆی داستانی (برێشتی) تێدایە کە ئەویش حیکاتەخوانە و دواتر باسی لێوە دەکەین.

B. زۆرانبازی

بڕبڕەی پشتی هەموو کارێکی درامی زۆرانبازییە. بەبێ ئەم رەگەزە هیچ درامایەك نابێتە بەرهەمێکی سەرکەوتوو. لەم نۆڤلێتەدا زۆرانبازی بەتێن لەسەر چەندین ئاست هەن:

أ) زۆرانبازی نێوان ئەشقیا و جەردە و کاروانچییەکان.

ب) زۆرانبازی نێوان دارو دەستەی حوکمدار و خەڵکی رەشوڕووت ، لەمانە (ژنی مێردکوژراو، تەقاویتی پارەپێنەدراو، سەربازی مووچە وەرنەگرتوو).

ج) زۆرانبازی نێوان ژنی حوکمدار و ژنانی تر کە ئەو هەموویان بە نۆکەر و خزمەتچی تێدەگات.

د) زۆرانبازی نێوان شاکەسی ئەم نۆڤلێتە و دارودەستەی بەرتیلخۆر و زۆرداری حوکمدار.

ه) زۆرانبازی نێوان حوکمدار و دارودەستەی مەلایان دژ بە بەرهەڵستکاران.

و) زۆرانبازی نێوان تورکپەرست و ئینگلیزپەرست و نیشتیمان پەروەرانی کورد.

C. زمانی شانۆیی

لەم نۆڤلێتەدا هەموو ئەو جۆرە زمانانە بەکارهاتوون کە شایستەی بەرهەمی شانۆیین. لەبەرهەمی شانۆییدا بەگشتی ئەو چوار جۆرە زمانە بەکاردێن:

أ) زمانی گێڕانەوە

ئەم نۆڤلێتە بە گێڕانەوەی خەونێك دەست پێدەکات و خەونگێڕەرەوەکە رۆڵی "حیکایەتخوان" دەگێڕێت کە ئەمەش یەکێکە لەو تەکنیکە نوێیانەی شانۆی (برێشتی) پێی بەناوبانگ بوو. نموونەی ئەوەش سەرەتای چیرۆکەکەیە کە وا دەست پێدەکات: " شەوێك لە خەوما وا لە دنیا گیرم خواردووە...."(لە خەوما، ل ٣٥).

ب) زمانی گفتوگۆ لە نێوان کەسایەتییەکان

ئەمەش لە گفتوگۆی نێوان شاکەسی ئەم نۆڤلێتە و مامە پیرەی کاروانچی و قوڵخچییەکان؛ شاکەس و کابرای خانچی؛ شاکەس لەگەڵ زیندانەوانەکان؛ گفتوگۆی نێوان ژنی حوکمدار و ژنانی حەرەمسەرا؛ گفتوگۆی حوکمدار لەگەڵ شەریکە بەشەکانی؛ حوکمدار و مەلاکان؛ حوکمدار و ئەفەندییە ئینگلیزپەرستەکان؛ حوکمدار و نیشتیمان پەروەرەکاندا دەردەکەوێت.

ج) زمانی لەبەرخۆ قسەکردن و خۆدواندان

ئەم جۆرە زمانە لەکاتی لێکدانەوە زۆرەکانی شاکەس لەگەڵ خۆیدا بەرچاو دەکەوێت. لە سەرەتای چیرۆکەکەوە ئەم رستەیە هەیە: "هەر بیر ئەکەمەوە لەبەر خۆمـەوە ئـەڵێم، یارەبی چی بکەم، چۆن هەوڵێك بدەم شـتێکم دەسـت بکـەوێ، ئیـدارەی خـۆم و مـاڵ و مندالّمی پێ رێك بخەم و لە ژێر قەرز و نەبوونیدا دەربچم." (لە خەوما، ل ٣٥)

نموونەی تری خۆدواندن و لەبەرخۆ قسەکردن لـەکاتی گیرانـی شـاکەس بەتۆمـەتی جاسووسیدا دەردەکەوێت کە دەڵێت: "منیش لەدڵی خۆمدا وتم نەخێر نەخۆشـییەکەی کابرای خانچییەکە وتی منیش گرتم و رابورد." (لە خەوما، ل ل ٤٣ -٤٤)

د) قسەکردنی لابەلا

نموونەی قسەکردنی لابەلا لەم نۆڤڵێتەدا لە زۆر جێگا بەرچاو دەکەون. بەڵام لێرەدا من تەنیا پەنجە بۆ ئەو نموونەیـە سـەرەکییە رادەکێشـم. دوای کۆبوونـەوەی حوکمـدار لەگەڵ هەرسـێ دەسـتەی تورکپەرسـت و ئینگلیزپەرسـت و نیشـتیمان پـەروەرەکان، شاکەس لە کونی ئەو پەنجەرەیەی ئەوی تێدا زیندانی کراوە بـەدزی ئـەم کۆبوونەوەیـە دەبینێت و گوێی لە هەموو قسەکانیان دەبێت و لە راز و نهێنی ئەو قسانەی حوکمدار ئاگادار دەبێت و بەشێوەیەکی لابـەلا دەڵێـت: "منـیش ... لەبەرخۆمـەوە ئـەموت: یارەبی ئەمە چییە و ئەم کابرایە چ ئینسانێکە، کە هەر لە زەرفی سـێ سـەعاتدا، بـە چەند چەشن گۆڕا و بۆچی تۆزیك تێگەیشـتن و لێکدانـەوەی نییـە، ئەمانـەی هـەموو بەلاوە باش بوو و لەگەڵ هەموویان قەراری دا و لە پاش نەختێك لە هەموویان پاشگەز بۆوە." (لە خەوما، ل ل ٧٢-٧٣)

D. رووداو و گرێچن

رووداوەکانی ناو ئەو نۆڤڵێتە هێندە زۆرن هەر لە ژمارە نایەن. ئەمانـەی خـوارەوە هەرە دیارەکانیانن:

أ) بەرێکەوتن و سەرهەڵگرتنی شاکەس بەمەبەستی نان پەیـداکردن بـۆ خـاو و خێزانە برسییەکەی.

ب) ناسینی پیرەمێردی رێبوار و بەزەیی پێداهاتنەوەی پیرەمێرد بە شاکەس.

ج) هێرشی ئەشقیا و جەردە بۆ سەر کاروانچییان.
د) بێنە و بەردەی پاسەوانانی زاڵگە بۆ بەرتیل وەرگرتن.
ه) چوونە ناو خان و بەسەربردنی شەوێکی سارد بە سکی برسی.
و) گریان و زاری و قیژەی ژن و منداڵی گیراوێك لە دەست دزان.
ز) هاتنی دارودەستەی حوکمدار و گرتنی شاکەسی نۆڤلێتەکە.
ح) پاڕانەوە و نوزانەوەی ژنی سەربازە کوژراوەکە بۆ خێر پێکردن.
ت) دارکاریکردن و سزادانی پیاوێك لە مەیدانێکدا.
ی) پیلان و پیلانکاری ژنی حوکمدار بۆ سەندنی خشڵ و زێڕ لە ژنانی تر .
ك) کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ برابەشەکانی خۆی و سامان دابەشکردن.
ل)کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ مەلاکان و فتوای ئەنفالکردنی ژن و ماڵی بەرهەڵستکاران.
م) کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ تورکپەرست و ئینگلیزپەرست و نیشتیمان پەروەران.
ن) دوایین کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ دارودەستەی خۆی و قسەکانی سەبارەت بە بەرژەوندی تەسکی خۆی.

هەروەها لەڕووی ڕێزکردن و تێك هەڵکێشکردنی ڕووداوەکان (جەمیل سائیب) ئەوپەڕی دەستڕەنگینی نواندووە و هەر ڕووداوێك ڕێ بۆ ڕووداوەکەی دوای خۆی خۆش دەکات و بەمجۆرەش زنجیرەیەکی بەردەوامی نەپساوەی سەرنجڕاکێش پێك دەهێنێت. ئەم ڕووداوانە بەرە بەرە بەشێوەیەکی درامی بەرز دەبنەوە تا دەگەن بە ترۆپکی درامی. ترۆپکەکەی ئەم نۆڤلێتە دەکەوێتە کۆتایی کاتێك بە چەند زەلامێك بەردەبنە گیانی شاکەسی زیندانیکراو بەر لە واگاهاتنەوەی لە خەوەکەیدا.

هەڵبەتەش هێشتنەوەی کۆتایی خەونەکە بەکراوەیی بۆ ئەوەیە سەرنجی خوێنەران/بینەران بۆ ئەوە رابکێشێت کە چارەسەرکردنی کێشەکە لەدەست ئەوانە و کێشەکەش بەردەوام دەبێت تا چارەسەرییەکی گونجاوی بۆ دادەنرێت.

E. بیرۆکەی شانۆیی

ئەم نۆڤلێتە لەسەر بیرۆکەیەکی زۆر بەهێز بنیات نراوە کە ئەویش ستەمکاری حوکمداری ناوخۆییە بەرامبەر بە خۆولاتی و خۆسەپاندنە بەسەر رایەڵەکانی دەسەلات

بەناوی نیشتیمان پەروەری. هەڵبەتە حوکمدار لەم نۆڤلێتەدا وا وێناکراوە کە هەموو دەسەڵاتە ماددی و مەعنەوییەکانی کۆمەڵگە لە کەسایەتی ئەودا کۆببێتەوە. بەمەش بەرپرسیارێتییەکەی ئەو بەرامبەر خەڵك و مێژوو پتر دەبێت.

F. کەسایەتییەکان

لەم نۆڤلێتەدا دە جۆر کەسایەتی بەرچاو دەکەون:

أ) کەسایەتییە پەراوێزییەکان: ئەو کاروانچی و خانچی و کاسبکارانە دەگرێتەوە کە بەهیچ جۆرێك بەشدار نین لە زوڵم و زۆرداری کردن لە کەسانی تر.

ب) دارودەستە ستەمکارەکەی حوکمڕان: هەموو ئەو قوڵخچی و نانخۆر و سمێل فش و چاوسوورانە دەگرێتەوە کە بەرجەستەی دەسەڵاتی حوکمدار دەکەن.

ج) کەسایەتییە یاخییەکان: هەموو ئەو ئەشقیا و جەردانە دەگرێتەوە کە لە رێگادا تووشی کاروانچییەکان دێن.

د) ژنە شەهید و منداڵە شەهید و برسی و تێنووەکانی ناو شار و تەقاویتە بێ مووچە و سەربازە چەڵتووك پێدراوەکان لە جیاتی مانگانە. ئەمانەش لە بەرەی ستەملێکراوانن.

ه) ژنی حوکمڕان و دەستەخوشکەکانی: ئەمەش هەموو ئەو کەسایەتییە چاوچنۆك و ماڵ زەوتکەرانەی حەرەمسەرا دەگرێتەوە.

و) دەستەی مەلایان و فتوادەران: ئەوان هەر هەموویان ئەڵقەی دەستی حوکمڕانن لە مەسائیلی ناوەخۆدا، بەڵام لە مەسائیلی دەرەکیدا حوکمڕان دەکەوێتە بەر کاریگەری قسە و گوفتاریان کە بە زۆری بەلای تورکەکاندا دەشکێتەوە.

ز)دەستەی ئینگلیزپەرستەکان: ئەو هەموو کەسانە دەگرێتەوە کە بە جاسووس و خایەن و ناپاك لەم نۆڤلێتەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

ح)دەستەی نیشتیمان پەروەرە سەربەخۆکان: هەموو ئەو کەسانەن کە تا ئەوپەڕی پەراوێزخراون و حوکمدار هەر بۆ گاڵتە لەگەڵیان کۆدەبێتەوە.

ت) حوکمدار: کە لەم نۆڤلێتەدا وەکو پیاوێکی ستەمکار و زۆرداری بێ ویــژدان و کۆلەوار و نەزان و بێبار وێنەی کێشراوە.

ك) کابرای زیندانی: وەکو کابرایەکی رۆشنبیری سێ رەهەنـدی کـە رەهەنـدەکانی (فیزیکی و کۆمەڵایەتی و دەروونی) بەباش تێدا بەرجەستە بووە پێشکەشکراوە. ئـەو زیندانییە دەبێتە شاکەشی ئەم نۆڤلێتــە چــونکە ترۆپکــی رووداو و کارەســاتەکان لــە کەســایەتی ئــەودا بەرجەســتە دەبێــت. هــەروەها شاکەســی ئــەم نۆڤلێتــە کەســێکی گەشەکردووە لەلایەنی هۆشیارییەوە. چونکە لەسەرەتای نۆڤلێتەکەدا ئــەو وادەزانێــت بەرەو بەختەوەری هەنگاو دەنێت، کەچی لەکۆتاییدا دەبێتە خاوەنی ئەو هۆشــیارییەی کە هەرچەندی زوو لەم دۆزەخە رزگاری ببێت باشترە.

سێیەم: وەسفکردن لە نۆڤلێتی (لە خەوما)

لە ساڵی ١٩٢٠دا ، پێش نووسینی ئەم نۆڤلێتەش (جەمیل سائیب) بە نووســینی پارچە پەخشانێکی وەسفی بەهێز گــرەوەی ســێیەمی چیرۆکی کــوردی بردبــۆوە؛ ئــەم پێشبڕکێیە بۆ نووسینی کوردی لەلایەن (مێجەرسۆن)ەوە رێکخرابوو.

وەســفکردنی ســەرەتای گەشــتەکە و رێگاوبــان و شــەڕی ئەشــقیا و جــەردە و کاروانچییەکان و بێنەوبەردەی بەرتیل وەرگرانی قوڵخچی و شەوی مانــەوەی نــاو خــان و دز هاتنەســەر ماڵــە هەژارەکــە و کڕووزانــەوەی ژن و منــداڵی ســەربازە کوژراوەکە و داد و سکاڵای تەقاویتەکان و دارکاری کردنی کابرای مەیدانەکـە و قسەوباســی نــاو حەرەمســەرا و کۆبوونــەوە زۆرەکــانی حوکمــدار و وەســفی دارودەستەکەی هەمیشە بەزیندوویی لە مێشکی خوێنەرانــدا دەمێنێتــەوە. هــەر ئەمەشە لەپاڵ تەکنیکەکانی تر کە لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ کردن وادەکــەن ئــەم نۆڤلێتە بگاتە ئاستی شاکارە ناودارە جیهانییەکان.

هەولێر: ٢٠١٢/١/١

کەسێتی لە ڕۆمانۆکەی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب دا

پ. ی. د. کەمال مەعروف

(لە خەوما) هەموو مەرجێکی ڕۆمانۆکەی تێدایە. ئەوەندە هەیە زۆر پەلوپۆی بەملا و بەولادا نەهاویشتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەش بە حاڵی خۆم بە دەستپێکی هونەری ڕۆمانی کوردی دادەنێم، کە (جەمیل سائیب) بوێرانە کەم و کوڕی و خەوش و گەندەڵی سەردەمی شێخ مەحموود دەخاتەڕوو، ڕەخنە دەگرێت لە لایەنی دواکەوتوویی و گەندەڵی و دزی کردن و دەم چەورکردن و ڕێگری و سەرانە و کوشتن و زوڵم کردن، کە کۆمەڵگای کوردەواری لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا پێوەی گیرۆدە بوو. بەشێك لەو ئاریشانەش تا ئەمڕۆ دووبارە دەبنەوە.

کەسێتی پێکهاتەیەکی هونەری گرنگە لە چیرۆك و ڕۆماندا، بە هەوێن و سەرمەشقی چیرۆك و ڕۆمان دادەنرێ، لەتەك ڕەگەزەکانی تری وەك (شوێن و کات و گێڕانەوە)، کاریگەری بەرچاو لەسەر ڕووداوەکان بەجێدەهێڵێ. هەر لە ڕێگای کەسێتییەوە لە مەرام و کرۆکی ڕۆمان دەگەین. واتە، کەسێتی کەرەکتەرێکی سەرەکییە کە تیشك دەخاتە ناو ڕووداوەکانی دەقەوە. بەشێوەیەکی گشتی، کەسێتی ناو ڕۆمان دوو جۆرن. ئەویش کەسێتی سەرەکی و لاوەکی:

١- کەسێتی سەرەکی تەوەرێکی گرنگە کە هەموو ڕووداوەکانی ناو دەقەکە لە بازنەی ئەودا دەسوڕێنەوە. بەشێکی زۆری ڕووداوە سەرەکییەکانی ناو دەقەکە بە ئەنجام دەگەیەنێ و پەرەی پێدەدات. کەسێتی سەرەکی خاوەنی پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و بەردەوام

له گۆڕانکاری و پەرەسەندن دایە. ڕەفتار و کردەوەی تـازەی لـێ چـاوەڕوان دەکرێـت. ڕۆڵی سەرەکی دەگێـڕێ لـە یەکلاکردنـەوەی کێشـەکان بەلایەکـدا. سـیمایەکی تـری کەسێتی سەرەکی، کەسایەتییێکی زیندووە، بەردەوام لە گۆڕان دایە. کە لـە سـەرەتاوە خۆی دەردەخات، وردە وردە بەرەو ئاشـکرابوون دەچـێ و بـەرەوپێش هـەنگاو دەنـێ. هەموو ڕەگەزەکانی تری ڕۆمانەکە لە خزمەتی کەسـێتی سـەرەکی دان، مـەرج نییـە تەنیا کەسێك ڕۆڵی سەرەکی هەبێ. جاری وا هەیە زیاتر لە کەسـێك دەوری سـەرەکی دەبینێ. بەڵام یەکێکیان زیاتر ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێ. لـە ڕۆمانۆکـەی (لـە خـەوما)ی (جەمیل سائیب) خەوبینەر و دەسەڵاتدار ڕۆڵی کەسێتی سەرەکی دەبینن.

٢- کەسێتی لاوەکـی پێکهاتەیـەکی سـاکار و سـادەی هەیـە، ڕۆڵـی ناسـەرەکی دەگێڕێ و سیمایەکی چەسپاو و نەگۆڕ بەخۆوە دەبینێـت. لـە سـەرەتای بابەتەکـەوە تـا کۆتایی شێوەیەکی دیاریکراوی هەیە. دیارە پەیوەندییـەکی بـەهێز لـە نێـوان کەسـێتی سەرەکی و لاوەکی هەیە و تەواوکەری یەکترن. کەسێتی لاوەکی لـە خزمـەتی کەسـێتی سەرەکی دان، ڕووداوەکان بـەرەو پـێش دەبـەن. هـەروەها زمـانیش بـەهۆی گفتوگـۆی کەسەکانەوە ڕۆڵ دەبینێ. کەسەکانیش هەندێ جار لەنێو کۆمەڵدا هەن، هەندێ جـاریش فەنتازیای ڕۆماننووسی چێدەکات و وێنەیەکی هونەری جوان بـە ڕۆمانەکـە دەبەخشـێ. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرنجی خوێنەر بەلای ڕۆمانەکە ڕابکێشێ.

٣- ڕەهەنـدی کەسـێتی، کـە لایـەنی جەسـتەیی و کۆمەڵایـەتی و دەروونـی دەگرێتەوە. ڕۆمانۆکەی (لە خەوما)ی (جەمیل سائیب) ئەوەندەی گرنگی بـە لایـەنی دەروونی کەسەکان داوە کەمتر بەلای پیشاندانی دیوی دەرەوە چووە. کەسێتی لاوەکـی لە ڕۆمانۆکەی (لە خەوما)دا، ئەمانەن: کاروانچـییەکان، دز و جـەردە و ئەشـقیاکان، باجگر و ژن و خزمەتکاری ناو کۆشك و مەلاکان و هیتر.

کەسێتی سەرەکی زۆربەی کارەکان بە ئەنجام دەگەیەنێ، کە دەخزێتە زیندانەوە، بە چاوی خۆی ئەم شتانە دەبینێ و دەڵێ:

روانیم لەلای راستی ژوورەکە بەبەرزەوە دوو سێ پەنجەرەی بچووك هەیە، شەوق و روناکی چرای لێوە دیارە، بەلاّم چونکە پەنجەرەکان لە بەرزی بوون، چاوم لە هیچ نەبوو، لەو دیوەوە دەنگە دەنگێکی زۆری لێ ئەهات. هەمووشی دەنگی ژن بوو ئەهات، هەریەکە لە ئاوازێك لێ ئەدا و قسە ئەکات. بەتەواوی گوێم لە هەموو قسەکان بوو، لای چەپی ژوورەکەیش دوو پەنجەرەی گەورەی هەبوو، ئەو دیوی هەموو قەنەفە و کورسی جوانی لێ دانرابوو.*

ئەم بڕگەیەی خوارەوەش دیوی دەرەوەی کەسێتی دەسەلاّتدار پیشان دەدات و دەڵێ:

دوایی سەیرم کرد یەکێك لە دوورەوە بە کەشوفشێکەوە، دە دوانزە کەسی بەشوێنیەوە تفەنگ بەدەست، فیشەك لغ لە پشت، خەنجەر و دەمانچە لەقەد، سەرزل سەرزل، کابراکە خۆی دانەکانی هەموو ئاڵتون بوون، وردە وردە هاتە پێشەوە، خەڵکەکە هەرچی دانیشتبوون بە جارێك راستەوە بوون. خۆتان لادەن، خۆتان لادەن پەیدا بوو... کابراکە کە هاتە پێشەوە بە کبر و غرروریکەوە، بە چەناگە نیوە سەلامێکی کرد و زوو سەیرێکی منی کرد. (لە خەوما، ل ل ٤٠-٤١)

ئەم بڕگەیەی تریش رەهەندی دەروونی کەسێتی دەسەلاّتدار زۆر جوان دەخاتە ڕوو و دەڵێ:

ڕوانیم گەورەکە هەردوو چاوی دەرپەڕیووەتە دەرەوە و سۆر و مۆر بۆتەوە، ئاگری لێ ئەباری، لە دڵی خۆما وتم: یا حافیز، یا ئەڵڵا،

---

*- جەمیل سائیب، لە خەوما (بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٥)، ل ل ٤٣-٤٤ (هەر ئاماژەکردنێکی دیکە بۆ لاپەڕەکانی ئەم رۆمانۆکەیە لەو سەرچاوە وەرگیراوە و لەناو دەقی ئەم نووسینەدا دەردەکەوێ.) (نووسەر)

بۆم بكەیت بم پـارێزی لـە غـەزەبی ئـەم پیـاوە! لەگـەڵ قیژانـدی بەسەرما وتی: ڕاستی بڵێ تۆ جاسوسی كێ یت و كێ تۆی ناردوە؟ زوو ڕاستی بڵێ، ئەگینا ئێستا بە دار پارچە پارچەت ئەكەم! (لـە خەوما، ل ٧٢)

دیارە لە بیستەكانی سەدەی بیستەمدا لەبەر زوڵـم و زۆرداری بەشـێك لـە خـەڵك ئاوارە بوونە، دەسەڵاتیش لەسەر فەتوای مەلاكان ژن و ماڵیان حەڵاڵ دەكات، ئەمەش كار دەكاتە سەر دەروونی خەوبینەر بۆیە دەڵێ:

ئیتر من لەوێوە نەهۆشم ما و نە شعور، جارێ وەكـو شـێت هەسـتام قەدەرێك لە ژوورەكەدا ئەمسەر و ئەوسەرم كـرد، هەرچـی خـوێن لـە ڕەگەكانمدا هەبوو مابو، هەمووی كەوتە جوڵە جوڵ و هاتوچۆ، پێستی لەشم ئاگری لێ ئەبۆوە، هەردوو چاوم دەرپەڕی، دانەكانم تەقە تەق بە یەكیانا ئەدا، تەمام بوو پەلاماری پەنجەرەكان بدەم و هەڵ كوتمە سـەر مەجلیسەكە. (لە خەوما، ل ل ٥٥-٥٦)

(جەمیل سائیب) لەم ڕۆمانۆكەیەیدا، ڕەهەندی كەسە لاوەكییەكانیش بـەم جـۆرە وێنە دەگرێ:

١-   كاروانچیەكان كە لە شار نزیك دەبنەوە باجگرەكان ڕێیان لێ دەگرن بـۆ ئەوەی دەمیان چەور بكرێ: "كاروانچیەكان سەری خۆیان قەبڵاند، یـەكی شـتێك پارەیان بۆ گرد كردنەوە، ئەمجا ڕێی نەجاتیان پێ نیشان دان." (لە خەوما، ل ٣٣) ئینجا یەكێ لە كاروانچیەكان باری كۆمەڵایەتی و لایەنی هەژاری خەوبینەر پیشان دەدات و دەڵێ:

کابرای کاروانچی وتی ئەمە پیاوێکی غەریبە، لە گەرمیانەوە هاتوە لێرە کاسبی بکا، فەقیرە، بێ دەسەڵاتە، وتیان نابێ هەڵبەت ئەمە شتێکی لەژێر سەردا هەیە، هەبێت و نەبێت ئەمە جاسوسە، بە فێڵ و تەڵەکە خۆی وا لێ کردوە. (لە خەوما، ل ٣٣)

٢- جەردە و ئەشقیاکان کە رێ لە کاروانەکە دەگرن کار دەکەنە سەر دەروونی خەوبینەر، تووشی ترس و دڵەڕاوکێی دەکەن:

یاخوا هەر دوشمنتان بیبینێ، لە پەنا گرد و لەو کۆردەرە و شیو هەر فڕکان فڕکانی تەریدە و جەردە بو، پۆل پۆل ئەهاتنە سەر رێگەمان و قەدەرێك شەڕە تفەنگ ئەکرا و زەفەریان نەئەبرد، خۆیان ون ئەکرد، هەتا دەمە دەمی عەسر بەم ڕەنگە رۆیشتن بەرێوە و منیش چونکە بە عومری خۆم ئەحواڵی وام نەدیبو، زۆر ئەترسام. هەر لەگەڵ تەقەی تفەنگێك ئەهات وەختە بو رۆحم بچێت، ئەموت ئەها هەر ئێستا ئەکوژرێم. (لە خەوما، ل ٣٠)

٣- خزمەتکار بەزەیی بە خەوبینەر دێتەوە و هاریکاری دەکات و دەڵێ:

خۆ ئەمە گاورسانی نیە ئەم فەقیرە لە بەیانیەوە بێ نان و بێ ئاو لێرە حبس کراوە، خوا هەڵناگری هەر لەخۆیەوە لەو پاشماوانە چەند پارچە نانێکی دامێ و کاسەیك ئاویشی لەلا دانام. (لە خەوما، ل ٤٢)

٤- مەلاکان: (جەمیل سائیب) لە ڕووی جەستەییەوە وێنەی دەرەوەی مەلاکان زۆر سەرنج راکێشەرانە دەکێشێ و دەڵێ:

روانیم چوار مەلای نورانی یەك لەدوای یەك هاتنــە ژوورەوە، هــەموو جبەی قۆڵ فش لەبەردا، چاویان ڕشتوە، میزەرەکانیــان هــەموو ســپی وەکو چوڕی شیر، هاتن سەلامیان بە ئەدەبــەوە کــرد و دانیشــتن. (لــە خەوما، ل ٥٠)

لە وەسفی وەلاکان بەردەوام دەبێ و دەڵێ:

مەلاکان هەر چواریان ڕەنگێکیان هێنا و بــرد و ســەیرێکی یــەکتریان کرد. لە دواییدا یەکێکیان تیا بوو نەختێك بە پەلــە قســەی ئــەکرد و دانیشی لە دەما نەما بوو، چــمکی مێــزەرە ســپیەکەی شــۆڕبووبوەوە خوارەوە هەتا لای پشتێنەکەی، عەسایەکی باسقەندی بەدەستەوە بوو، سیواکێکی درێژی کرد بــوو بــە پشــتێنەکەیدا، جــار جارێــك تۆزێــك بڕنووتی هەڵ ئەمژی، لکی فەقیانە ســپیەکەی لــە قــۆڵی جبەکەیــەوە هاتبووە دەرەوە. (لە خەوما، ل ٥٢)

٥- ژنەکان: نووســەر وێنەیــەکی زۆر جــوانی ژنــی دەســەڵاتدار دەکێشــێ، کــە ئەوانیش لە ڕاوروت کردن و دەم چەورکردن بێ بەش نین. بۆیە خەوبینەر دەڵێ:

هەستام وردە وردە چومە بەر پەنجەرەکان کە بەســەر ژووری ژنەکانــدا بو،... گوێم دایە قسەکان، غەیری ئاڵتون و مجوهرات و جلــی جــوان و ئەم نەوعە قسانە نەبێ جارێ هیچی ترم بەرگوێ نەئەکــەوت. دەنگــێ ئەهات ئەیوت قوربان ژنی فلانە کەس جوتێ گوارەی زۆر عەنتیکــەی هەیە، ئەو ساڵە مێردەکەی لە ئەستەمبوڵەوە بۆی هێناوە. ســێ ڕێــز ئەڵماسی تیا قایم کراوە، ئەڵێن لەوێ بە سەد و پــەنجا لــیرەی کڕیــوە،

بەڵام قیمەتی هەر تەواو نابیٚ، بە خوا ئەوە هەر بۆ تۆ جوانە، تـۆ لـیٚ ی بسیٚنە بۆ خۆت. ئەویش ئەیوت سبەینیٚ ئەنیٚرمە سەری خۆشی بیٚ و ترشی بیٚ لیٚ ی ئەسیٚنم. (لە خەوما، ل ل ٤٤-٤٥)

پاشان دەنگی پیرێژنیٚ هات و وتی:

قوربان فلاّنە ژن ئەموستیلەیەکی زمڕوتی هەیـە مـن خـۆم بـە شـەو دیومە وەك چرا ئەدرەوشیٚتەوە، دڵی نایەت بۆ خۆی بیکاتـە دەسـتی، چەند جار (٣٠) لیرەیان داوەتیٚ نایدا. میٚردەکەی ئەو سـاڵە لـە شـام کڕیویەتی بە چل لیرە بۆی، بە خوا ئەوە هەر بۆ دەست و پەنجـەی تـۆ جوانـە، ئـەویش وتـی بـە خـوا راسـت ئەکـەی مـن زۆر حـەز لـە ئەموستیلەیەکی وا ئەکەم، بەیانی بیرم بخەرەوە بنیٚرمە سەری بیهیٚنم. یەکیٚکیش وتی: بە خوا رەنگە دڵی نەیە بیدات، زۆری خـۆش ئـەویٚ، ئەویش وتی چۆنی نادا، بـە خـوا نەیـدا میٚردەکـەی حـبس ئەکـەم و ماڵەکەشیان تالاّن ئەکەم. (لە خەوما، ل ٤٥)

پاشان ژنیٚکی تر وتی:

قوربان من بیستومە ماڵی فلاّنە کەس پیرۆزەیەکیان هەیە، ساڵیٚ لـە کەربەلا کڕیویانە بە هەشـتا لـیرە هینـی شـای عەجـەم بـوە، لـەویٚ بەخشیویەتی دەست ئەوان کەوتوە، ئەوە بۆ تۆ جوان و باشـە، ئـەڵیٚن پیرۆزە بۆ رووناکی و چاو و هیٚزی دڵ چاکە، ئەویش وتی بە خوا راست ئەکەیت، خۆ ئەوان هەر خزمەتکاری خۆمان بوون، سبحەینیٚ زوو تـۆ بچۆ ئەو پیرۆزەم بۆ بهیٚنە. (لە خەوما، ل ٤٥)

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو راستییەی کە کەسێتی رۆڵی گرنگ دەگێڕێ لە چیرۆك و رۆماندا. (جەمیل سائیب) هەوڵی داوە لە رێگای کەسەکانەوە رۆژگاری نالەبار و شێواوی سەردەمی شێخ مەحموودی حەفید بخاتە ڕوو. پێم وایە (جەمیل سائیب) لە کارەکەیدا سەرکەوتنی باشی بە دەست هێناوە و توانیویەتی وێنەیەکی خەیاڵی و واقیعی سەردەمەکە بکێشێ.

کۆیە ٧/١/٢٠١٢

لە خەوما*

خوا بەخێری بگێڕێ:

شەوێك لە خەوما وا لە دنیادا گیرم خواردووە. ساحێب کولفەت و منداڵ، بێ پول و بێ پارە، دەست سپی و بێ مایە ماومەوە. زۆر ئەحواڵێکی خراپ و ناخۆشم هەیە. هەر بیر ئەکەمەوە لەبەر خۆمەوە ئەڵێم، یا رەبی چی بکەم، چۆن هەوڵێك بدەم شتێکم دەست بکەوێ. ئیدارەی خۆم و ماڵ و منداڵمی پێ رێك بخەم و لە ژێر باری قەرز و نەبوونیدا دەربچم. هەرچەندە سەرم هێنا و برد غەیری سەفەرکردن هیچ چارەیەکی ترم بۆ خۆم نەدۆزییەوە. وەختیش ئاخر و ئۆخری پایزە، سارد و سەرمایە، زستانیش لە پێشەوەیە، بەری دوورە، تەئمینی ئیدارەش لازمە. بە ناچاری و ناعیلاجی کەوتمە سەر خەیاڵی سەفەر، لەگەڵ ماڵ و منداڵ تەگبیرمان کرد و قەرارمان دا کە سەفەرێك بکەم، بەڵکو هیچ نەبێ ئیدارەی ماڵ و منداڵەکەم پێك بێنم. منداڵەکانم لەو مەملەکەتە بەجێ هێشت بۆ خوا، خۆشم ناوی خوام لێ هێنا و هەڵسام رووم کرد بۆ بەرەوژوور وتم وڵاتی ئیسلامە. لەو سەرەوە ئیسلام و پیاوچاك زۆرن، یاریدەی یەکتری ئەدەن، منیش موسوڵمان ئەچم بەڵکو لەوێ بە هەر نەوعێك بێت ئیدارەی ئەم زستانەم تەئمین بکەم و بیهێنمەوە بۆ منداڵەکانم. دوو سێ کولێرەم بەستە پشتم و شوێن کاروان کەوتم، ئەو رۆژە بە پێیان رۆیشتم، بەڵام چونکە قەت بەپێ نەڕۆیشتبووم، زۆر هیلاك و

---

* ئەوەندەی ئێمە پێمان زانیبێت (جەمیل سائیب) لە ماوەی ژیانی خۆیدا ئەو تاقە شاکارەی بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ تاقە پەخشانێکی کورت، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم دەقە شاکارەی لێرە چاپ بکەینەوە، ئەگینا ئەمە بۆ شاکارنووسانی تر ناگونجێ چونکە ئەوان بەرهەمیان زۆرە و مەودای ئەوەمان نابێت ئەم کارە بۆ ئەوانیش بکەین. (د. ئازاد)

ماندوو بووم، لە پاش چەند سەعاتێك هێز لە ئەژنۆم بڕا، هەرچەندم کرد و کۆشام توانای هەنگاوێکم نەمابوو بینێم بەڕێدا. پێم هەموو بووبوو بە بلۆق، هەناسەبڕکێم پێ کەوتبوو، زمانم بستێ دەرکێشابوو، هێزی قسەکردنم نەمابوو، ڕووانیم فائیدەی نییە، ناتوانم بڕۆم بەڕێوە، قەرارەکەشم قەتعییە بۆ ئەم سەفەرە، هەر ئەبێ بچم، چونکە چارەی ترم نییە. پوولێ پارەیەکیشم پێ نییە کە بیدەم بەکرێی وڵاخ. هەرچەند سەرم هێنا و سەرم برد هیچ چارەیەکم نەدۆزییەوە، ئیللا ئەمە نەبێت. هاتم لەگەڵ یەکێك لە کاروانچییەکان خۆم ڕێك خست، پیرەمێردێك بوو، چوار پێنج وڵاخی پێ بوو، خۆشی تەنها بوو. وتم: مامە تۆ بۆچی نایەیت تاوتاوە من سوار بکەیت و ماندووم بحەسێتەوە، منیش لە ڕێگاوبان خزمەتی وڵاخەکانت لەگەڵ ئەکەم و لە ئیشەکانتا یاریدەت ئەدەم. کابراکە پیاوێکی باش بوو وتی هەزار جار مەمنوونیش ئەبم. بەو ڕەنگە قەرارمان دا و ڕێك کەوتین و بۆخۆم سواری وڵاخێك بووم هاتین بەڕێوە، ئەو شەو و ڕۆژە بە ڕەحەتی و بێ قۆرت و ئەمبەر و ئەوبەر هاتین بەڕێوە. هیچ سەغڵەتیمان نەدی، لە پاش شەو و ڕۆژێك ئیتر گەیشتینە حدوودی ئەو وڵاتەی کە بۆی ئەچووین.

یاخوا دوشمنی ئیمانت بێ! ئەو ڕۆژە لە سێ چوار لاوە جەردە و ئەشقیا هاتنە سەر ڕێگەکەمان، بوو بە تەق و هۆڕی تفەنگ و شەڕ و هەرا، فەقەت کاروانەکەی ئێمە قەلەبالغ بوون و هەموو تفەنگیان پێ بوو. لەبەر ئەوە جەردەکان هیچیان زۆریان بەسەریاندا نەئەشکا و ئەگەڕانەوە. شەو لە مەنزڵ ماینەوە، سبحەینێ کەوتینە ڕێ، یاخوا هەر دوشمنتان ببینێ، لەم پەنا گرد و لەو کۆردەرە و شیوە هەر فڕکان فڕکانی تەریدە و جەردە بوو. پۆل پۆل ئەهاتنە سەر ڕێگەمان و قەدەرێك شەڕە تفەنگ ئەکرا و زەفەریان نەئەبرد، خۆیان ون ئەکرد. هەتا دەمەدەمی عەسر بەم ڕەنگە ڕۆیشتین بەڕێوە و منیش چونکە بە عومری خۆم ئەحواڵی وام نەدیبوو، زۆر ئەترسام. هەر لەگەڵ تەقەی تفەنگێك ئەهات وەختەبوو ڕۆحم بچێت. ئەموت ئەها هەر ئێستا ئەکوژرێم، لە پاشاندا کاروانچییەکان وتیان ئێمە هەرچییەکمان کردووە، ئەبێ ئەم شەو خۆمان بگەیەنینە ناو شار، چونکە ئەگەر ئەمشەو لەم ناوەدا بمێنینەوە ئەم

جەردانە بەیانی چەند تاقمێکیان یەك ئەکەون، دێنە سەر رێگەکەمان هەرچی خراپە بەسەرمان ئەهێنن. قەراریان دا کە بە هەموویان نەوەستن و لێ خورن، ئەو شەوە هەر خۆیان بگەیەننە شار. منیش ئەم قەرارەم زۆر پێ خۆش بوو. چونکە ئەمویست سەعاتێك زووتر بگەمە جێی مەقسەد و هەموو ئومێدێکم لەوێ پێك بێت و لەم ناڕەحەتی و ترس و لەرزە نەجاتم بێت. لام وابوو هەر بگەمە ئەوێ ئیتر نۆرەی فەرەحی و خۆشیم ئەبێت.

دنیا لە پاش نیوەڕۆوە بوو بە هەور و هەڵڵا. کزەبایەکی زۆر ساردی ئەهات، جار جار برووسکە و چەخماخەی ئەدا. پاش عەسر تنۆکە تنۆکە دای کردە باران. ئێمەیش هەر ئەڕۆین، ئەڵێین لەسەر خوا. هەر چۆنێك بێت هەر بڕۆین چاکە. خێرا لێمان خوڕی هاتین بەڕێوە بارانیش هەتا بێت زیاد ئەکات. منیش لە سەرمانا وەختە زیڕە بکەم. شەویش هات بەسەردا تاریك و نووتەك. ئەسڵی ئەمەیە ئەڵێن "تاریکە شەوە گەلاڵی لەناو شەو بوو تاریکە و ئەموستە چاو"* کەس بەری پێی خۆی نەئەبینی، ترس و لەرز، سەرما و باران، زەندەقدار زەندەقی ئەچوو. بارانیش وەکو کوندەی سەرەوژێر دێتە خوارەوە. کەی کەم ئێستا کەم، شەست و رەهێڵە، کڵاوبەسەر ئەبارێ. لەملاوە لەولاوە ئاو هەڵساوە، بەباوە ئەم بارانە ئەهێنێ، ئەیدات بەسەر و چاوی ئینساندا، قوڕ و چڵپاو، گەردەلوولێکە (العیاذ باللە). منیش ئاو لە تەپڵی سەرمەوە دێتە خوارەوە لەبەری پێمەوە ئەچۆڕێتەوە. لەرزە لەرزی بەدەنم قرچ و هۆڕی دانم ئەهات، دەزوویشك لە بەدەنمان دا نم بوو.* هەر خێرا خێرا ئەمپرسی، زۆرمان ماوە بگەینە شار یان نا؟ ئەیانوت هێشتا ماومانە، تاوتاو بەو حاڵەوە لەبەر هیلاکی خەویشم ئەهات و وەنەوزەکوتێم بوو، لە پڕێکدا کەرەکە لە ژێرما سەرسمێکی ئەدا و گرم ها ڕائەپەڕیم و خەبەرم ئەبووەوە، نەختێك چاوم ئەگلۆفت و بەهۆش ئەهاتمەوە. وردە وردە بیریشم لە حاڵی خۆم ئەکردەوە، چونکە لە عومراتی خۆم سەفەری وا ناڕەحەتم نەکردبوو پەشیمانیم حاسڵ کرد.

* پەندێکی پێشینانە، مەبەستی ئەوەیە دز و جەردە لەناوە.

* ئەمیش هەر پەندێکی پێشینانە، مەبەستی ئەوەیە هەموو گیانی تەڕە.

لەم ناوەدا و لەو قیامەتەدا دیسانەوە لە دوو سێ جێگەی تر جەردە هاتنە سەر ڕێگامان. کوڕە مەڕۆن رووتەوە بن، کوڕە نەیەنە پێشەوە ئەکوژرێن. تەقوتۆقی تفەنگ، گیز و هۆڕی گولله بە پەنا گوێچکەمانا وەختەبوو رۆحم بچێ، لە ترسانا هەر ئەوە بوو زەیرەم نەئەکرد. ترسولەرز و دڵەکوتێ، وەرە بەم حاڵەوە هەر سەعاتە نە سەعاتێك ئەمیش یەخەت بگرێ. هەر ئەڕۆیشتم ئەموت یارەبی تۆ نەجاتدەری نەجات، کەی ئەگەینە فەرەحی و نەجاتمان ئەبێت. خۆلاسە سەرتان نەیەشێنم سەعات چوار و پێنج بەدواوە لە دوورەوە دەنگی سەگوەڕ هات. وتیان ئەها وا نزیك بووینەوە، لە دڵی خۆما شایتمانێکی بە حەقم هێنا و خۆشی کەوتە دڵمەوە. ئەو لەشە ساردەم لە خۆشیان گەرم بووەوە، زیندوو بوومەوە، وردە وردە هاتین روانیمان لە دەرەوە تروسکەی چرا و ئاگر دەرکەوت، وتم ئۆخەیش شوکر وا نەجات بووم. بەم حاڵەوە هاتین گەیشتینە قەراغ شار، ئەمجاریش قەدەرێ شوکری خوام کرد کە لەو رەزالەت و موسیبەتە نەجاتمان بوو و گەیشتینە فەرەحی.

گەیشتنە شار و ئەوەڵ قۆرت

سەیرم کرد لەو نیوەشەوەدا، لە قولغەیەکی قەراخ شار، سێ کەس بە تفەنگەوە دەرپەڕین و وتیان کوڕە مەڕۆن بزانین ئێوە کێن و لە کوێوە هاتوون و چیتان پێ هەیە و بۆ کوێ ئەچن؟ وتم ئەمە چی بوو، دەك بە زیادی خێرم نەکرد. نەخێر سەیرم کرد پیرە کاروانیان خستە حەلوەلا و شەقوشۆق، لەمیان ئەدا و بەویاندا ئەکوتا. پەلەماری ئەو باریان ئەدا، سەروپۆتەڵاکی سێ چوارێکیان کوتایەوە. لەو ناوەدا قسەی خۆمان بێ منیش بەر یەك دوو شەپازللەی مزر کەوتم. من هەروا واقم وڕ مابوو ئەموت ئەمە چی بوو. ئێمە خۆشی خۆشی وا گەیشتینە جێی مەقسەد کەچی ئەم زرموکوتە چی بوو؟ وتیان: دەی درەنگە بزانین قاقەزتان چی پێ هەیە، بارتان چییە، لە کوێوە یەن؟ وتیان لە فلانە جێگەوە دێین و خەڵقی فیسارە جێین. بارمان شەکر و چایە، کاغەز و ماغەزیشمان هیچ پێ نییە، هانێ بمانپشکنن. خۆلاسە لەبەر ئەو باران و رەهێڵەیە نیو

سەعات زیاتر بەم گێرمە و کێشەیەوە بووین، تاکو کاروانچییەکان سەری خۆیان قەبلاند، یەکی شتێك پارەیان بۆ گرد کردنەوە، ئەم جار رێی نەجاتیان پێ نیشان دان، لە پاشان دووان لەو باجگرانە هاتن بەلای منەوە، لەو تاریکاییەدا سەیرێکی سەروسەکوت و قەد و قیافەی منیان کرد. لێم مۆڕ بوونەوە، ئەم جار یەکێکیان شخارتەیەکی داگیرساند و تەماشایەکی کرد وتی: ئەمە چییە، کێیە؟ لە کوێوە هاتووە، بۆ کوێ دەچێ؟ کابرای کاروانچی وتی: ئەمە پیاوێکی غەریبە، لەو گەرمیانەوە هاتووە لێرە کاسبی بکا. فەقیرە، بێدەسەلاتە. وتیان نابێ. هەڵبەت ئەمە شتێکی لە ژێر سەردا هەیە. هەبێت و نەبێت ئەمە جاسووسە. بە فێڵ و تەڵەکە خۆی وا لێ کردووە. ئەوانیش وتیان: کوڕە نەبەخوا جاسووسی چی، فەقیر و غەریبە هاتووە لێرە کاسبییەك بکات بۆ خۆی و چەند پارەیەك بۆ ماڵ و منداڵی پێکەوە بنێ. نەخێر کاروانچییەکان زۆریان وت و ئەوان کەمیان بیست. هاتنە پێشەوە لێم، دەوریان دام، هەموو لەشمیان پشکنی، سەر و کڵاویان داماڵیم، تەلیتەکیان سەنگ و سوژن دا. زۆر ئەملاوئەولایان کرد هیچ نەبوو، منیش خۆ کە ناوی جاسووسیم بیست هەر حەپەسام و تاسام هیچ قسەم پێ نەکرا هەر وا واقم وڕ مابوو. قەدەرێکی باش بەم رەنگە چەرمەسەرییان دام. هیچیان نەدۆزییەوە. ئەمجار دووانیان لاپەڕیان لێ گرتین. نەختێ سرپ و هۆڕیان کرد و هاتنە نزیك ئێمە، کابرای کاروانچییان بانگ کردە لاوە. لەگەڵ ئەویش قەدەرێك چرپەچرپیان کرد، کابرایەکیش هات بەلای منەوە. وتی: باوکم ئەمانە بە هیوای ئەوەن شتێکیان بدرێتێ، منیش سوێندم بۆ خواردن کە تۆ لە هیچا نیت و هیچیشت نییە بیاندەیتێ، فەقەت ئەوان دەست هەڵناگرن و چۆن لە ژێر چنگی ئەم بەدبەختانە دەرت بێنین. منیش تێ گەیشتم کە ئیشەکە ناڕەحەتە و ئەمانە تەشقەڵە ئەکەن. یان ئەبێ شتێکیان بدرێتێ یان ئێمە بە قەڵبەیەکدا ئەدەن و منیش کێچ لە باخەڵمدا بۆ پولێك سەوزەڵە گیانم ئەڵێ. هەرچەندە سەرم هێنا و سەرم برد، چارەسەرێکم بۆ خۆم نەدۆزییەوە، وتم فلانی تۆ خۆت ئەزانی کە من هیچم نییە بیاندەمێ و خۆمان لە شەڕیان لادەین و ئاگاشم لەم شتانە نییە کە ئەوان ئەیلێن، جا

کەیفی خۆیانە ڕەزام بە قەزای خوا دەسەڵاتم چییە. کابرای کاروانچی ئەم جاریش لەگەڵ هاوڕێکانی چوونەوە بەلایانەوە، قەدەرێکیان لەگەڵ وتن و ڕستیان، هەر ئەیانوت فائیدەی نییە. منیش بە جارێك سەری دنیام لیَ هاتبووە یەك. ئەموت یارەبی چی بکەم؟ بۆ ڕیش هاتم سمێڵیشم نایە بان. لەو تەنگوچەڵەمەیەدا هیچ ڕێگایەکم بۆ خۆم نەدۆزییەوە. دوایی کابرای کاروانچی وتی باوکم خوا هەڵناگرێ ئێوە سەعاتێ زیاترە بەم تاریکە و سەرما و لێزمەیە، ئێمەتان لەم قوڕەدا ڕاگرتووە. ئێمە وا ئەچینە فلان خان ئێوە بەیانی وەرنە ئەوێ. سا لەوێ بەڵکو شتێ بە شتێك بکەین. بەم ڕەنگە ئەوانیش دەستبەردار بوون و بەرایی کاروانەکەیان بەردا. ئێمەش لێمان خوڕی و چووینە ناو شارەوە. ئەما من لەم سەفەرە زۆر پەشیمان بوومەوە. دڵم گیرابوو. مەئیوس بووم و وتم ئەمە ئەوەڵی بێت، ئاخۆ ئاخری چۆن ئەبێ. لەو سەعاتەوە کە هاتبوومە دەرەوە لە ماڵی خۆم هەتا ئەو دەقیقەیە بیرم لیَ کردەوە و من لەو دوو سێ ڕۆژەدا چەندم مەرارەت بەسەرا هات و چەند نەوعە ئەزێت و موسیبەتم دی. چارەیشم هیچ نەبوو. نەڕێی ڕاکردنم بوو، نە توانای گەڕانەوە، هەر ئەمەندەم بۆ مابووەوە ئەموت خوا چاکی بکات. بزانین ناوچەوانم چی لیَ نووسراوە. بەمانەیش بڕێتەوە هەر چاکە، خوا خراپتر نەدا. وردە وردە هەر ئەڕۆم ئەم خەیالاتە ئەکەم. ڕۆیشتین هەتا بەهەر حاڵێك بوو گەیشتینە خانەکە و دەرگەیان لیَ کردینەوە و چووینە ژوورەوە، سەرما، قوڕ، دڵۆپە، بێ ئاگری، لەرزێیکیش چوبووە ناو سکمەوە زۆرم سەرما بوو. هەموو لەشم بەجارێك داهێزرابوو. تێك شکابوو. هیلاك، ماندوو، مردوو، خەوم یەت. برسیمە، نەخۆشم. هەر نازانم بڵێم چی.

ئەحواڵی خان و دووەمین قۆرت

بەهەر حاڵێ بوو، لە قوژبنێکی ژوورەکە بە تورسکەی چرای قوتیلکەی خانچییەکە بستێ جێگای وشکم دۆزییەوە. لەسەر تا جەواڵێکی کاروانچییەکان بە چیچکانەوە هەڵتروشکام و سەرم نایە سەر ئەژنۆم. لە ئەوەڵی عومرمەوە هەتا ئەو دەقیقەیە پەڕە

پەڕە تەئریخی ژیانی خۆم خوێندەوە کە لە دنیادا من بە ئەمەل و هیوای چی ژیاوم ئێستا چ رۆژ و سەعاتێکم دی، زۆر زۆر مەئیوس بووم دڵم پڕ بوو لە خوێناو، بەو رەنگە هەتا نزیکی سەعاتێك رام بوارد. کابراکانیش کەروباری خۆیان دامەزراند. هەر یەکە لە سووچێکەوە لاڵ و پاڵ لێی کەوتن. پڕخوهۆڕی خەویان لێ هەڵسا. گوێم گرت لەو نزیکانەوە لە ماڵێك دەنگی شیوەن و گریان و لاواندنەوە و کڕووزانەوە یەت. ئەمما چۆن دەنگێ! هەروا بەردی ئەتوانەوە. هەر وەکو بهێنی ساجێك ژیلەمۆ بکەیتە جەرگمەوە ئاگرم تێ بەربوو. خۆم لەبیر چووەوە، بێ پەروا وەکو شێت راپەڕیم چوومە دەرەوە. لە خانچییەکەم پرسی وتم: ئەم شیوەن و گریانە چییە؟ هیچێکی وا نییە ئەو ژن و منداڵانە مێرد و باوکیان کوژراوە. کابرای تاین بەڕەنگی وابێ ئەهمیەتانە وتی (ئەوە هیچ نییە) کە من لە جێگەی خۆم هەر وشك بووم. مەگەر من شتی وا ئەوەڵجارە ئەبینم و کابرایش ئەم نەوعە شتانەی زۆر دیوە. راهاتووە و ئەمانە هەر بەهیچ ئەزانێ.

منیش قەدەرێ رامام و لەبەر ئەو سەرما و بارانە گوێم لەو گریان و کڕووزانەوەیە گرت و چەند فرمێسکی حەسرەتم هەڵڕشت. دوایی وتم یاڕەبی تۆ خەبیر و قادری چی بکەم و من چیم لە دەست یەت؟ هەروا بە هەناسەی ساردەوە گەڕامەوە ژوورەکەم و دانیشتم. هەر تاس ئەیبردمەوە، قەدەرێکی باش بەو ماتەمینییەوە سەرم نایەوە، هیچ فائدەی نەبوو. لە تاوانا هیچ خەویشم لێ نەئەکەوت. هەر ئەوەندەم زانی لەو دیو خانەکەوە تەقەی تفەنگ و هەرا و زەنا و زریکە و هاوار پەیدا بوو. چەند تەقەیەك هات. بوو بە غەڵبەغەڵب و گریان و شیوەن و بانگەبانگ. دیسانەوە خۆم نەگرت و دەرپەڕیمە دەرەوە و گوێم گرت. هەر ژن و منداڵ بوون لەو دیوەوە بە گریانەوە قسەیان ئەکرد. ئەپاڕانەوە و ئەلالانەوە. ئەم جارەیش لە خانچییەکەم پرسی وتم ئاخۆ ئەمە چییە، ئەم جارە چی بووە؟ وتی چووزانم پیاو ئەگەر من بۆ ئەمانە جوابی تۆ بدەمەوە ئەبێ خەریکی هیچی تر نەبم هەر جوابت بدەمەوە. شەو و رۆژێ سەد شتی وا لێرە ئەقەومێ، وتم ئاخر خاڵۆ تۆ عاجز مەبە ئینسان لەمانە دڵی ئەبێ بە ئاو. چۆن ناپرسی! وتی ئاخر تۆ شتی وات

نەدیوە بۆیە هەموو شتێ ئەپرسی. هێشتا رانەهاتوویت. ئەوە ساحێبی ئەم ماڵە نازانم چەند رۆژێکە لە سەر جاسووسی و ماسووسی گیراوە و فەلاقەیەکی زۆر کراوە و لە پاشان داوای جەزایەکی زۆریان لێ کردووە. ئەویش پارەی نەبووە بیدا ماڵەکەیان فرۆشتووە. ئەویش بەشی جەزاکەی نەکرد، ئێستاش خۆی هەروا حەپسە، کەچی ئەوا فەقیرە دز هاتووەتە سەر ماڵەکەشی ئەو تۆزە پڕووپیتەیشیان کە ماوە هەڵبەت بردوویانە. وا تفەنگیشیان پێوە ئەنێن. ئێستا منداڵێکیشی نەکوژرابێت هەر چاکە. وتم ئەرێ ئەم هەموو جاسووسە چییە لێرە هەیە؟ کابرای خانچی سەرێکی لێ لەقاندم و سەیرێکی فەساڵی کردم و تۆزێك پێ کەنی وتی: ئای باوکم ئەمە نەخۆشییەکە هەموو کەس ئەبێ بیگرێ. تۆ غەریبی هێشتا ئەمەت نەدیوە. بەڵام چاوت نەفرێ تۆیش ئەیبینی. ئیتر منیش بەماتومەلوولی هاتمە ژوورەوە و سەرم نایەوە و لێی کەوتم. فەقەت هیچ خەوم نەبوو، ئەحواڵێکی زۆر خراپ و نارەحەتم بوو. لە سەرمانا هەڵئەچۆقیم. برسی، دڵگیراو، عاجز، مات، هەر بیرم لە خۆم و لە دنیا ئەکردەوە. هەر سەعاتە نە سەعاتێکیش لەملا و ئەولاوە تەقوهۆڕی تفەنگ، هاواروبانگی خەڵق ئەهات. منیش لە تاوانا رائەچەنیم. فەقەت، نەمئەتوانی بچمە دەرەوە، هەر چۆنێك بوو بەو حاڵەوە رام بوارد هەتا بەیانی.

رۆژەوەبوون و قۆرتی سێیەمین

بەیانی لە تاریکە و لێڵەدا بوو هێشتا، گوێم گرت لە دەرگایان دا. دەرگا کرایەوە، روانیم سێ زەبەلاح هەڵیان کوتایە ژوورەوە، وتیان کوانێ کابرای جاسووسەکە. مامەی کاروانچی منی نیشان دان و وتی: ئەوەتە. باوکم ئێوە بۆچی ئینساف و رەحمتان نییە. ئەم فەقیرە غەریبە و هیچی لێ هەڵناسێ و سوێندی مەغلەزەتان بۆ ئەخۆم ئاگای لە هیچ نییە. لە تاو دەردی نەبوونی و کەمدەستی خۆی کۆتاوە بۆ ئێرە. ئێستا بێ دەسەڵات و بێ پارەیە، ناتوانێ سەری خۆی بقەبڵێنێ و خزمەتێکی ئێوە بکات. ئەوا لێرە خەریك ئەبێ. ئەگەر بۆی هەڵبسوورێ ئیشێ، کارێ ئەگرێ بە دەستەوە.

لەمەودوا لەبەر دەستی خۆتاندا ئەبیٚ. ئەتوانن هەموو وەختیٚ بە هەوەسی خۆتان بیرووتیٚننەوە و لەبەرەوە حەقی ئەم چاکەیەتان بۆ بکاتەوە. کابرای کاروانچی بەم قسە میٚچکەمیٚچکانە گەلیٚکیان لەگەڵ خەریك بوو، زۆریان بەدەور و پشتا هات لە ئاخری هەموو شتیٚکدا وتیان ئیٚمە ناتوانین وازی لیٚ بیٚنین. ئەم خەبەرە ئاخری ئەگاتەوە جیٚی خۆی، دوایی ئیٚمە تووشی موسیبەت و بەڵاَ ئەبین. کەوابوو ئیٚمە خۆمان بۆچی تووش بکەین. هەر ئەبیٚ بیبەین لەگەڵ خۆمان. کاروانچییەکانیش وتیان ئاخر ئەوا ئیٚوە ئەم فەقیرەتان برد و کردتان بە کوڵکی موسیبەت و ئەزیەت و لیٚدان و گرتن و ئەمانەوە چی بە ئیٚوە ئەبڕیٚ؟ نەوەڵڵاَ کەوابوو خوا هەڵناگریٚ، رەحمی پیٚ بکەن وازی لیٚ بیٚنن. هەزارتان بۆ دنیا کردووە، ئەمەش بۆ خوا بکەن. ئەمە بەم گیٚرە و کیٚشەیەوە بووین هەتا نزیکی هەتاو کەوتن. خوا کاریان راست بیٚنیٚ ئەو کاروانچییانە بەدەوروپشتی ئەواندا هاتن و تەفرەیان دان، بەڵاَم بیٚ فائیدە بوو. ئەوان هەتا ئەهاتن شیٚتگیٚرتر ئەبوون و ئاگریان ئەگرت. ئاخری یەکیٚکیان وەکو هار پەلاماری منی دا و قۆناغە تقەنگیٚکی کیٚشا بە کورتە کەلەکەما وتی: هەڵسە با بڕۆین. تەماتە بەم گیٚلەگیٚلە و خاوەخاوە هاتووی لیٚرە جاسووسی بکەیت. ئیٚستا من ئەزانم چیت بەسەر ئەهیٚنم. کوڕە وتم پیاوی چاك بن رەحم و موسوڵمانەتیتان بیٚ. بە خوا هیچم بەبەرەوە نییە. ئەمە چەند رۆژە بەم باران و سەرمایە هاتووم بەڕیٚدا. هیلاك و برسی و نەخۆش و غەریب، خوا قەبووڵی نییە وازم لیٚ بیٚنن و ئەزیەتم مەدەن. هەر ئەوەندەم زانی یەکیٚکی تریان لە پشتەوە زرموهۆڕ دامییە بەر پیٚ لەقە و شەپازللە وتی: یاڵڵاَ پیٚشمان کەوە. وا ئەزانی سەری دنیا بەپووش گیراوە. ئەوی تریشیان لیٚم هاتە پیٚشەوە بەپاڵەپەستۆ بەهەر سیٚکیان دایان گرتم (عەیب نەبیٚ) بە شەق و زللە و لیٚدان و سەروسەکوت کوتاندنەوە پیٚش خۆیان دام. ئیتر هەرچەندە کاروانچییەکان پاڕانەوە و لاڵاَنەوە هەوڵ و تەقەلاَیان دا و دەخالەتیان پیٚ کردن، بیٚ فائیدە بوو، پارەی نەکرد و رایان فڕاندم بۆ کۆلاَن. هەروا لە کۆلاَن و بازاڕدا هیٚنامیان بەڕیٚوە، خەڵق و خوا هەروا تەماشایان ئەکردین، بەعزیٚ کەس ئەمڕوانی بەزەیی بەمنا ئەهات لەبەر خۆیەوە پرتەوبۆڵەیەکی

ئەکرد، بەعزێك کەسی تر پێم پێ ئەکەنین، ئەیانوت ئەمە جاسووسە با بیخو. تەماشام ئەکرد لە ناو شاردا بەعزێك قیافەتم ئەبینیٚ هەروا ئینسان زراوی لیٚ ئەتۆقیٚ. هەریەکە دە دوانزە چەفتە و مشکی و جامانەی رەنگاورەنگیان تێك ئالآندووە و بەسەریانەوە بەستووە هەرەیەکە بەقەدەر بەرداشیٚ. چوار ریز و پێنج ریز فیشەکیان لەخۆیان دابوو. خەنجەر و دەمانچەیان کردبوو بەقەدیانا. هەروا خوێن لە ناوچەوانیان ئەباری. تووشی ئێمە بوون ئەیانوت: ئەمەیش رەنگە جاسووس بیٚ. ملۆزمەکانی منیش ئەیانوت: بەلیٚ جاسووسە، منیش لە دڵی خۆما وتم نەخێر نەخۆشییەکەی کابرای خانچییەکە وتی منیش گرتم و رابورد. هەروا بەم رەنگە ئەڕۆیشتین دنیاش زۆر سارد و سەرما بوو. هەور و هەڵلاّ بەباوە پڕوشەی ئەکرد. ئەلعەیاز و بیللا، سەیرم کرد لە کۆلاّنێکدا گەیشتین بە ژنێك خۆی و دوو منداڵی رەش و رووتی پێخاوس سەرقۆتین لەو بەر سەرما و قوڕەدا بەگریان و شیوەن ئەکڕووزێنەوە و ئەپاڕێنەوە. ئەلالێنەوە و هەڵئەچۆقن. ژنەکە پەلی منداڵەکانی گرتبوو و هەرسێکیان ئەگریان وەك باڵاڵووك فرمێسك بەچاویانا ئەهاتە خوارەوە. کە چاوم بەوانە کەوت و ئەو ئەحواڵەم دی، بەجارێك خۆمم لەبیر چووەوە و وتم: ئاخۆ ئەم قوڕبەسەرانە چییان لیٚ قەومابیٚ؟ نەمزانی منیش حەپسم و ملۆزمم بەدواوەیە. بیٚ ئیختیار لە ژنەکەم پرسی خوشکەلیٚ ئەوە چیت لیٚ قەوماوە وا ئەگریت؟ هەر ئەوەندەم زانی لە پشتەوە کابراکان زرموهۆڕ دایانمە بەر شەپازللە و قۆناغە تفەنگ. وتیان تۆ دەخڵت چییە بەسەرەوە، هەرچی هەیە و نییە تۆ بۆچی ئەپرسیت؟ یەکێك لە زەلامەکان بە رق و گاڵتەوە وتی: ئەوە چییە. ئەوە مێردەکەی لەم بەینەدا لە شەڕی فلاّنە جێگە عەسکەر بووە و کوژراوە. ئێستا ئەمانە کەسیان نەماوە و هیچیان نییە، شێت بوون داوای مەعاش و ئیدارە ئەکەن وا ئەزانن پارە رژاوە. لە دڵی خۆما وتم بەخوا باشە. مێرد و ماڵی بڕوا، بەم رەنگە داوای مەعاش بکا و تۆیش وا بەگاڵتەوە جوابم بدەیتەوە. هەڵبەت لەو جێگەیەش کە داوای مەعاشی کردووە، زۆر باش و بەدڵی خۆیشی بەڕیٚ خراوە، بۆیە وا بە پێکەنین و کەیف خۆشی گەڕاوەتەوە. زۆر زەریفە. بە هەناسەی ساردەوە نەختێکی تر رۆیشتین گەیشتینە

مەیدانێك لەوێ سەیرم کرد سێدارەیەك هەڵخراوە لە ژوور ئەویشەوە سێ چوار داری تر پێکەوە داچەقاوە و پیاوێکیان پێوە بەستووە. بەو سەرما و بەفر و بارانە چەند کەس دەوریان گرتووە. رووت و قووتیان کردۆتەوە، بەتۆیی کراس و دەرپێ، زەلامێکی بێ ئینساف بەدارێکەوە وەستاوە لەو قورِبەسەرە ئەدات. ئەمما چۆن لێدانێك. زرموهۆڕی دارەکانی ئەمپەڕوپەڕی ئەو مەیدانە ئەگرێتەوە. کابراش هاوار ئەکا و ئەپاڕێتەوە و ئەلاڵێتەوە و خوا و پێغەمبەر ئەهێنێتە رجا، ئەزریکێنێ و ئەقیژێنێ و ئەویش هەر لێی ئەدا و گوێ ناداتێ. کە ئەوەم دی هەموو لەشم هاتە لەرزین و دڵم داخورپا. هێز و هەناوم لێ بڕا، وشك بووم لە جێگای خۆم. پێی رۆیشتم نەما، رەق راوەستام. یەکێك لە ملۆزمەکان تێی خوڕیم وتی ئەوە بۆچی راوەستاوی. وابزانم ئەمەت پێ خۆشە سەیری بکەیت. چاوت نەفرێ تۆیش بەخزمەتی ئەگەی. ئەمیش وەکو تۆ لەسەر جاسووسی گیراوە. وا داری تێ ئەبڕن. منیش هیچ هۆش و شعوورم نەمابوو کە جوابی بدەمەوە. لە عەزرەتانا هەروا وشك وەستابووم، ئاخری پەلیان راکێشام و رایان فڕاندم سەرەوژوور پێش خۆیان دام. ئیتر منیش نە دڵم مابوو نە چاو تا بزانم بۆ کوێ ئەچین. هەروا بەو کۆلانانەدا تێیان پەڕاندم، هەموو دار و بەرد بۆنی خوێنیان لێ ئەهات. بەجارێ رۆحم چوو. ئەوەندەم نەزانی گەیشتینە بەر دەرگایەکی گەورە. قەلەباڵغێکی زۆری لێ وەستابوو. هەر مەڕۆ مەڕۆ و نابێ نابێ بوو. کەسیان نەئەهێشت بچێتە ژوورەوە. ملۆزمەکانی لەمەڕ من وتیان ئەمە جاسووسە ئەمشەو نیوەشەو گرتوومانە و هێناومانە ئەبێ بیبەبەینە ژوورەوە. ئەوانیش وتیان جارێ نەختێ راوەستن. ئێستا ئیشی خسوسی و موهیم هەیە نابێ کەس بچێتە ژوورەوە، قەدەرێ راوەستن. هەر کەسێکی تریش ئەهات هەروا رایان ئەگرت. نزیکەی سەعاتێك ئێمەیان لەوبەر سەرما و بارانە راوەستاند. خەلقێکی زۆر لەوێدا گردبوونەوە. هەروا بەعزێك لەوانە کە ئەهاتن رایان ئەوەستاندن لچێکیان هەڵئەقولتاند و لەبەر خۆیانەوە ئەیانوت ئەها هەر ئەم جارە ئیشی موهیم و خسووسی نەبوو، دوایی سەیرم کرد یەکێك لە دوورەوە بەکەش و فشێکەوە دە دوانزە کەس بە شوێنیێوە تفەنگ بە دەست، فیشەکلغ لە پشت،

خەنجەر و دەمانچە بەقەد، سەرزل سەرزل، کابراکە خۆی دانەکانی هەموو ئاڵتوون بوو، وردە وردە هاتە پێشەوە. خەڵکەکە هەرچی دانیشتبوون بەجارێك راستەوە بوون. خۆتان لادەن، خۆتان لادەن پەیدا بوو. کە نزیك کەوتەوە منیشیان هەستاندە سەر پێیان وتیان راوەستە بەپێوە. منیش لەتاواندا بەلەرزەلەرز هەستام و راوەستام. کابراکە کە هاتە پێشەوە بەکبر و غرووریکەوە، بە چەناگە نیوە سەلامێکی کرد و زوو سەیرێکی منی کرد، وتی ئەمە چییە؟ ملۆزمەکانم سنگیان نایە پێشەوە وتیان قوربان ئەمە جاسووسە، ئەمشەو گرتوومانە، وا هێناومانە. کابراکە ئەم جارە بە غەزەبەوە تێم مۆڕ بووەووە و پرسی: لە کوێوە هاتووە؟ یەکێك لە ملۆزمەکان چووە پێشەوە بە سرپە دوو سێ قسەی لەگەڵ کرد. ئەویش سەرێکی بۆ لەقاند وتی: ئێ کەواتە بیهێننە ژوورەوە. ئەو تێ پەڕی چووە ژوورەوە. دوایی پەلی منیشیان گرت و رایان کێشام بۆ ژوورەوە. حەوشێکی گەورە و ئاوەدان. باخ و حەوز و باڵەخانەییێکی خۆش. هەروا بردمیان هەتا بەر بینا و باڵاخانەکە. لەوێ بە چەند پلیکانەیەك سەریان خستم. راڕەوێك بوو سیخناخ بوو لە تفەنگچی و زەلامی غەریب و عەجیب کە ئینسان هەر لە چاوپێکەوتنیان ئەتۆقی. قەدەرێك لەوی رایان گرتم، لە پاشان ملۆزمەکان دامیانە دەست دوو سێ نۆبەتچی و زەبەللاح خۆیان ملیان شکاند و رۆیشتن. منیش لە قوژبنێکەوە هەڵتوتام بۆ خۆم سەرم کز گرت لەبەر باری خوادا چاوەڕوانی قەزا و قەدەر بووم. وتم بزانم چی تریش ئەبینم. ئەو رۆژە بەو رەنگەوە لەو سووچەدا بۆخۆم هەڵتروشکام. نە نانێك نە ئاوێك. نە لێپرسینەوە، هیچ نەبوو... ئەم زەلام بەو زەلامی ئەسپاردم. لە سەد کەس زیاتر هاتوون پرسیویانە ئەمە چییە؟ وتویانە جاسووسە و بەعزێکیان بە غەزەبەوە لێم مۆڕ ئەبوونەوە و لێم ئەهاتنە پێشەوە. ئەموت ئێستا هەڵم ئەلووشن و بەعزێکیشیان بەنیوە پێکەینەوە لێم ورد ئەبوونەوە و بە تەئسیرەوە روویان وەرئەگێڕا.

وەرە سێ چوار رۆژ بەم سەرما سەهەندەیە بەهیلاکی بەرێگەوە وەرە. شەو بەو رەنگە بەبرسێتی و بێ خەوی رابوێرە. بەیانی بەو حاڵەوە بتهێنن بۆ ئەو جێگایە هەر

سەعاتی مردنێك ببینە. ئەو رۆژەش وا بێ زاد و ئاو داتنێن. ئینجا سەیری رەنگوڕووم بکەن، ئەبێ چیم لێ هاتبێ. چاکە لە برسانا هەر وا گیانە گوێینەیەکم تیا مابوو کە ئەجوولاّمەوە هەموو لەشم ئەلەرزی. وەختی پاش نانخواردن کە شەوی بەسەراهات یەکێك لەو خزمەتکارانە وتی: خۆمەئەمە گاورسانی نییە ئەم فەقیرە لە بەیانییەوە بێ نان و بێ ئاو لێرە حەپس کراوە. خوا هەڵناگرێ هەر لە خۆیەوە لەو پاشماوانە چەند پارچە نانێکی دامێ و کاسەیەك ئاویشی لەولاوە دانام. وتی: ئەوە بخۆ. منیش وەکو هار پەلامارم دایە. نانەکەم خوارد و چەند قومێك ئاوم کرد بەسەرا. تۆزێك زیندوو بوومەوە، هۆشێکم هاتەوە بەبەرا. ئیتر کەسێك لە منی نەپرسییەوە. هەر ئەموت ئاخۆ کەی منیان بیر بکەوێتەوە و نەجاتم بدەن. بەرەڵلاّم بکەن و بۆ خۆم بچمە دەرەوە. لە دڵی خۆما وتم شەرتم ئەمە بێ، سەعاتێك لە دەست ئەم دەعبایانە نەجاتم بێت ئەو رێگەیەی کە بیگرمە بەر ئیتر ئاوڕ نادەمەوە و سەری خۆم لەو ولاّتە خوێناوییە زاڵمە دەرکەم و دەقیقەیەك لەو ولاّتە کاولەدا نەمێنم، بەلاّم جارێ خۆ هیچ لێپرسینەوە نییە. لە پاش قەدەرێ روانیم یەکێك بە عەزەمەت و جەبەرووتێکەوە هاتە راڕەوەکە. خەڵکەکە هەموو هەستان و راوەستان و ئیشارەتی منیشیان کرد. منیش بە نیخەنیخ هەڵسام و بەپێوە راوەستام. سەیرم کرد هەروا هات و وردە وردە بەناو خەڵقەکەدا بەپشم و غەزەبێکەوە بەخەڵکەکەدا هەڵڕوانی. ئەم جار چاوی بە من کەوت. وتی: ئەمە چییە. ئەم دەعبایە کێیە؟ وتیان: قوربان ئەمە جاسووسەکەیە کە بەیانی هێناویانە. وتی: ئەی بۆچی بە منیان نەوتووە؟ ئا فلاّنەکەس بانگ کەن. کابرای کە سەرلەبەیانی لە دەرگای حەوشە هات و منی لەگەڵ خۆی هێنایە ژوورەوە بانگ کرا. ئەویش بە راکردن هاتە پێشەوە. وتی: چی ئەفەرمووی قوربان؟ وتی: ئەم جاسووسە چییە و لە بەیانییەوە هێناوتانە بۆچی بە منتان نەوتووە. وتی: قوربان سەر لە بەیانی عەرزم کردی مەشغوڵ بوویت فەرمووت جارێ راوەستە. وەختی پاش قاوەڵتی ئەوە بوو دیسانەوە عەرزم کردیتەوە فەرمووت ئێستا نا. عەسریش کە عەرزم کردیت کەچی تووڕە بوویت. ئێوارە هاتم عەرزت بکەمەوە، میوانت هات. ئێستاش خەریك بوو

بێمەوە عەرزت بکەمەوە، ئەمە زۆر موهیمە وەکو ئەوانی تر نییە. ئەویش چاوی چووقاند و دەستێکی برد نای بە ناوچەوانییەوە. قەدەرێکی چاك راما. منیش هەروا بە ترس و لەرزەوە تەماشای ئەکەم و ئەڵێم رەنگە ئێستا بیر لە ئەحواڵی بێدەسەڵاتی و بێگوناحیی من بکاتەوە و بەزەیی پێما بێتەوە و هەر ئێستا ئەمر بکات بەرەڵڵام بکەن و رەنگە دڵنەواییشم بکەن بەخوا. کەچی هەر ئەوەندەم زانی سەری بەرز کردەوە و هەردوو چاوی دەرپەڕی. وتی: راست ئەکەن بە قەبری باوکم ئەمە زۆر دەهشەتە. ئادەی بیکەنە ئەو ژوورەوە زۆر چاك ئاگاتان لێ بێ هەتا بانگی ئەکەم و لێی ئەپرسمەوە. ئەرێ گەڕان، ئەمە هیچ قاقەز و ماقەزی پێ نەبوو؟ کابرا وتی: نەخێر قاقەزیان پێ نەدیوە. هەڵبەت شاردوویەتییەوە. لە تەحقیقاتدا ئەمانە دەرئەکەون. ئەویش وتی: وایە راستە. دەبیبەن بۆ ئەو ژوورە. منیش لە جێی خۆم هەروا وشك بووم. زوبانم بەسترا. حەپەسام. ئەوەندەم زانی دوو زرتەبۆز نەوینە پەلم و بردمیانە ژوورێکی گەورە و تاریك لەوێ دایاننام و دەرگای ژوورەکەیان لەسەر داخستم و بە تەنها بەجێیان هێشتم.

چیم بینی لەو ژوورەدا؟

لە پاش بەینێك منیش هۆشێکم هاتەوە بە خۆما، سەیرێکی ژوورەکەم کرد و وتم بزانم ئەو ژوورە چ ژوورێکە. ئەمە ئاخۆ زیندانە، حەپسخانەیە، چییە؟ رێی راکردن و سەردەرکردنی هەیە یان نا؟ چونکە لە دڵی خۆما وتم من وا تووشی ئەم دەعبا بێ ئینسافانە بووم هەتا مومکن بێ چارەسەرێکی خۆم بکەم و خۆم دەرکەم و نەجاتم ببێ. لای خۆی بۆ ریش هاتم کەچی سمێڵیشم نایە بان. روانیم لەلای راستی ژوورەکە بە بەرزەوە دوو سێ پەنجەرەی بچووك هەیە. شەوق و رووناکیی چرای لێوە دیارە، بەڵام چونکە پەنجەرەکان لە بەرزی بوون، چاوم لە هیچ نەبوو. لەو دیوەوە دەنگە دەنگێکی زۆری لێ ئەهات. دەنگی ژن بوو ئەهات. هەریەکە لە ئاوازێك لێ ئەدا و قسە ئەکات. بە تەواوی گوێم لە هەموو قسەکان بوو، لای چەپی ژوورەکەیش دوو پەنجەرەی گەورە

هەبوو، ئەودیوی هەموو فەنەفە و کورسیی جوانی لێ دانرابوو. ژوورەکە رازابووەوە. ژوورێکی رێکوپێك بەڵام چۆلوهۆڵ کەسی لێ نەبوو، چرایشی لێ ئەسووتا، منیش قەدەرێك رامام. وتم: یارەبی چی بکەم من چیم کرد بە خۆم، ئەمانە چین ئەیانبینم؟ من لە کوێ و ئەمانە لە کوێ؟ ئاخۆ ئێستا ماڵ و منداڵم لە چییا بن و بەتەمای چیی من بن؟ من لەبەرچی وەکو شێت ماڵ و منداڵی خۆم بێکەس و بێدەر، بێ ئیدارە و گوزەران بەجێ هێشت و هاتمە ناو ئەم ئاگربارانە، زۆر دڵم بەحاڵی خۆم و ماڵ و منداڵەکەم سووتا. چەند فرمێسکێکی گەرم بە چاوما هاتە خوارەوە و هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا. وتم: یارەبی تۆ قادر و خەبیری کەیفی خۆتە شوکرم بەبەشت، تۆ خۆت نەجاتدەری نەجاتم بدەی لەم موسیبەت و بەڵا ناحەقە. ئەمە چ جێگا و لایەکە، ئەمە چ نەوعە مەخلوقێکن لێرەدا، ئەمانە چ دڵ و دەروونێکیان هەیە، من چۆن رزگار ببم لە دەست ئەم زاڵمە بێ ئینسافانە، هەروا قەدەرێك لەم خەیاڵاتانەدا بووم دوایی وتم فائیدەی نییە، بزانم دوایی ئەم کارە بەچی ئەگات، جارێ با بزانم ئەم ژوورەی کە دەنگی ئەم ئافرەتانەی لێ دێت چییە و لە قسە و گفتوگۆی ئەوان رێگەی نەجات ئەدۆزمەوە بۆخۆم یان نا. هەستام وردە وردە چوومە بەر پەنجەرەکان کە بەسەر ژووری ژنەکاندا بوو. لەوێ راوەستام گوێم راگرت. بە تەواوی گوێم لە هەموو قسە و ئەمبەر و ئەوبەریان بوو، بەڵام چاوم لە هیچ نەبوو. گوێم دایە قسەکان. غەیری باسی ئاڵتوون و مجەوهەرات و جلی جوان و ئەم نەوعە قسانە نەبێ جارێ هیچی ترم بە گوێ نەکەوت. دەنگێ ئەهات ئەیوت: قوربان ژنی فلانە کەس جووتێ گوارەی زۆر عەنتیکەی هەیە، ئەو ساڵە مێردەکەی لە ئەستەمبوڵەوە بۆی هێناوە. سێ ریز ئەڵماسی تیا قایم کراوە. دەڵێن لەوێ بە سەد و پەنجا لیرەی کڕیوە ، بەڵام قیمەتی هەر تەواو نابێ، بەخوا ئەوە هەر بۆ تۆ جوانە. تۆ لێی بسێنە بۆ خۆت. ئەویش ئەیوت: سبەینێ زوو ئەنێرمە سەری خۆشی بێ و ترشی بێ لێی ئەسێنم. ئەو شتی وای بۆ چییە. با بەبێ پارە ئەوە بدا بەمن. لە پاش ئەو دەنگی پیرەژنێك هات لەولاوە وتی: بەقوربان فلانە ژن ئەموستیلەیەکی زمڕووتی هەیە من خۆم بە شەو دیومە وەك چرا ئەدرەوشێتەوە. دڵی

نایەت بۆخۆی بیکاتە دەستی، چەند جار (٣٠) لیرەیان داوەتێ نایدا. مێردەکەی ئەو ساڵە لە شام کڕیویەتی بە چل لیرە بۆی. بەخوا ئەوە هەر بۆ دەست و پەنجەی تۆ جوانە. ئەویش وتی: بەخوا راست ئەکەی من زۆر حەز لە ئەموستیلەیەکی وا ئەکەم. بەیانی بخەرەوە بیرم بنێرمە سەری بیهێنن. یەکێکیش وتی: بەخوا رەنگە دڵی نەیە بیدات. زۆری خۆش ئەوێ. ئەویش وتی: چۆنی نادا، بەخوا ئەگەر نەیدا مێردەکەی حەپس ئەکەم و ماڵەکەشی تالآن ئەکەم. ئەو پەڕۆ بەسەرانە شتی وایان بۆ چییە.
گوێم گرت و ژنێکی تر لەولاوە وتی: بەخوا قوربان من بیستوومە ماڵی فلآنە کەس پیرۆزەیەکیان هەیە، ساڵێ لە کەربەلا کڕیویانە بەهەشتا لیرە، هینی شای عەجەم بووە، لەوێ بەخشیویەتی دەست ئەوان کەوتووە. ئەوە بۆ تۆ جوان و باشە. ئەڵێن پیرۆزە بۆ رووناکیی چاو و هێزی دڵ چاکە. ئەویش وتی: بەخوا راست ئەکەیت خۆ ئەوان هەر خزمەتکاری خۆمان بوون. سبحەینێ زوو تۆ بچۆ ئەو پیرۆزەیەم بۆ بهێنە. ئەویش وتی: چاکە قوربان. دوای ئەوانە گوێم گرت یەکێك هاتە پێشەوە وتی: قوربان فلآنە کەس تۆپێ تاقەی یەمەنی و دوو چەفتەی سورمەی زۆر چاکی هێناوەتە خزمەتت، ئەڵێ ئێمە خۆی ئەزانێ هەر خزمەتکاری ئەم قاپییە بووین. کوڕەکەم هەتا ئێستا هەر تووتنچی بووە. جگەرەی فرۆشتووە و ئێستا هیچ دەرامەتی نییە و زۆر کەمدەستە خۆی خستۆتە ئەم قاپییە کە ئەمر بکەیت کوڕەکەی بکەن بە زابت. وتی: ئا تاقە و چەفتەکان بێنن بیانبینم. بەخشوهۆڕ هێنایانە پێشەوە. وابزانم بەر دڵی کەوت، وتی: هەڵی گرن. ئەیەڕۆ. جا ئەمەیشی پێ نەئەویست خۆ ئەوان هەر باوکیشیان خزمەتکاری خۆمان بوون. ئا فلآنە کەس بچۆ بە فیسارە کەس بڵێ ئەبێ سبحەینێ ئەم کوڕە بە زابت قەید بکات. بە قەبری باوکم نەیکات دڵم عاجز ئەبێت. شڵپ دەستی ماچ کرد و قەدەرێ دوعای بۆ کرد و رۆیشت. لە پاشان گوێم گرت. یەکێکی تر هات (ئەمە دەنگی پیاو بوو). وتی: قوربان کوێخا فلآن هەموومان ئەزانین رەچەڵەکیان هەموو لەم قاپییەدا بڕاوەتەوە. باو و باپیریان هەموو خزمەتکاری ئەم قاپیە بوون، کەچی ئێستا بە قسەی بەدخوا بۆیان لێ داوە و حەپسیان کردووە.

خەریکن بیفەوتێنن، ئەمەش ڕەوای حەق نییە بوختای پێ ئەکەن. مەگەر خوا بیزانێت چەند خزمەتی هەیە من ئەیزانم بۆ ئێوە چەند جار خوێنی ناوەتە کاسە و فلانە جێگە و فلانمە جێگە. ئەو ساڵە خۆی بە کوشت دا و خوا نەیکوشت و چەند کەسی کوشت. بە هێواشێکیشەوە وتی: بارێك برنج و هیزەیەك ڕۆن و پێستەیەك پەنیریشی هێناوە بۆ مەتبەخ و دە پێنج لیرەیشی هێناوەتە خزمەت خۆت. خانم ئەمەی بیست وتی: چۆن حەپس کراوە و کێ حەپسی کردووە و بۆچی حەپس کراوە؟ ئەوە هەر هی خۆمان بووە، بە قەبری باوکم قەبووڵی ناکەم، ئا فلانە کەس بچۆ بڵێ هەر ئێستا ئەبێ کوێخا فلان بەرەڵڵا بکرێ. هەر ئەمشەو ئەبێت بێتە دەرەوە (لە دڵی خۆما وتم خۆزگەم بەخۆی). شڵپ دەستی ماچ کرایەوە، ئەویش بڕایەوە.

دواجار گوێم گرت پیرەژنێکی تر هاتە پێشەوە بە منجەمنجەوە وتی: قوربان فلانە کەس هاتۆتە خزمەتت. مێردەکەی لە بەغدا هاتووەتەوە. بەشی دوو کەوا گوروونی گوڵباتمانی هێناوە. ئەوا بەم عومرە گەیشتووم شتی وام نەدیوە و نەبیستووە. هەروا پڕشنگی لێ ئەبێتەوە. ئاوی چاوی پیاو ئەبات. بەخوا ئەوە هەر بۆ کەوای خۆت لائیقە. تۆپێ کەتانی ڕێزە و تۆپێ برنجۆکی چاکیشی هێناوە. ئەیەڕۆ تۆ چۆن قەبووڵ ئەکەیت، فلانەکەس، ها، لەبیرت نایەت ساڵی حریت حریتەکە وتیان چەندێ قسەی خراپی کردبوو، بەخوا قوربان ڕاستە بێ ئەدەبیشە، بەڵام ئێوە هەر نازانن ئیش بکەن. ئێستا ئەوەتا کراوە بە مودیری فلانە دائیرە. ئەمیش هەروا بێ مەئموورییەت ئەسووڕێتەوە. ئەویش وتی: بە قەبری باوکم بەو قورعانەی لە سەر ڕانی ڕاستم دام ناوە ئاگایشم لێ نییە و نەمزانیوە. ئەگینا من چۆن قەبووڵم ئەکرد. ئەی ئەوە نەئەبوو زوو پێم بڵێن. ئا بچن بە فلان بڵێن... عەزل ئەکرێ و مێردەکەی ئەم لە جێگای ئەو ئەبێ دانرێ. شڵپە دەست ماچکردنێکی تر هات. تێ وردبوومەوە لەم نوعە ئیشانە و گەلێك ئیشی تری لەمانە زلتر. هەمووی لەو سەعاتەدا لەو ژوورە بەو ڕەنگە بڕایەوە. منیش لە دڵی خۆما وتم ئیشی ئێرە وا دیارە هەمووی عیبارەتە لە خەڵك ڕووتاندنەوە و شتی باش و بە قیمەتی ئەم و ئەو زەوتکردن و بە بەرتیل هەتیو و مەتیو لە سەر ئیشی زل و گەورە دانان و

ماڵی تاقمێك بە قوڕگرتن و هەموو عالەم باو و باپیریان خزمەتکاری ئەو قاپییە بوون. لەبەر خۆمەوە وتم من نە خۆم و نە باوکم وا دیارە خزمەتکاری ئەم قاپییە نەبووین و تۆپە تاقە و پارچە ئەڵماس و یاقووتیشم نییە بیدەم. کەوابوو لەم ژوورە ڕێگای نەجات بۆ خۆم نادۆزمەوە. ئەم ژوورە مەحکەمەی لاهای بوو. مەجلیسی لۆزان و عەسبەتولئومەم بوو، چی بوو. لە زەرفی سەعاتێکدا سەد نەوع ئیشی تیا حەل بوو و بڕایەوە. هەموویشی کوتوپڕ جێبەجێ بوون. نانی چەند کەس بڕا و خوێنی چەند مەزڵووم ون بوو و چەند کەس دامەزرا. حەق و ماڵی چەند کەس زەوت کرا. دووا جار وتم با بچم بەلای ئەم لاوە بزانم لەم لایەوە چی ئەبینم و لەم ڕووناکییەوە ڕێی نەجات هیچ ئەدۆزمەوە یان نە؟ پەنجەرەکانی ئەملا زۆر نزم بوون. هەموو شتێکم ئەبینی، ڕوانیم گەورەکە کە ئەمری کرد منیان خستە ئەو ژوورە خۆی بە کەش و فشێکەوە دانیشتووە و فلقوهۆڕ نێرگەلە ئەکێشێت. کابرای تریش کە سەر لە بەیانی لەگەڵ ملۆزمەکان منی هێنایە ژوورەوە، ئەویش لە خوارەوە وەستابوو. هەرچی حەرەکات و وەزعیەتی گەورەکە هەیە هەمووی هەر غەزەبە و ئەنانییەتە. هەرچی حەرەکات و سەکەناتی ئەویشیان هەیە، هەمووی هەر تەسلیم و ئیتاعەتێکی پڕ لە قوماربازی و درۆ و ڕیاییە. یەکێکی تریش لە پەنا دەرگاکە ڕاوەستابوو، فشەی ئەهات، دەستێکی خستبووە سەر مشتووی خەنجەرەکەی، هەموو لەشی ئەجولایەوە. هەروا خوێن لە هەموو ئازای ئەباری. بێدەنگ و بێسەنگ کەس قسەی نەئەکرد هەموو قوڕوقەپیان کردبوو. لە پاش نەختێ گەورەکە سەری بەرز کردەوە ڕووی کردە کابرای دان ئاڵتوون وتی: تۆ نابێ قەت قسەیەکی ڕاستت ببێ. ئاخرییەکەی تۆ سەری من بە فەتەرات ئەدەیت. ئاخر ئەو هەموو هاژە و هووشەیەی تۆ کردت نەتیجەی کوانێ. تۆ کە هاتیتەوە وتت چی. کەچی ئێستا دنیا چۆنە، ئەوانەی تۆ هەڵت ڕشتن هەموو درۆ و فیشاڵ بوون. بەخوا تۆ هەر بۆ کوشتن چاکی. ئەویش وتی: قوربان بە چیت باوەڕە. ئەوانەی عەرزم کردیت، هەموو ڕاست بوون و هیچیان درۆ نەبوون. بەڵام من بڵێم چی مەسئەلەی مەشهوورە ئەڵێ (دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵیشێ). لە پاش من هەر لە قەومەکانی خۆمان چوون ئیشەکەیان لێ

تێك داین. ئەگینا ئێستا ئیش لە جێگایەکی تر نـەبوو. کولەبنەکـەی کـە لای خـواروو وەستابوو، ئەویش هەڵی دایە وتی: بەخوا بە قوربان راست ئەکات، قسە هـەر ئەمەیـە. ئیتر ئەویش بەبێ وردبوونەوە و لێکدانەوە کوتوپڕ وتی: بەخوا راستە و دەسـتی کـرد بـە قسەی ناشیرین و جنێوی خراپ بەوانە. دەستێکی دا بە دەستا وتی: ئاخ من چی بکـەم، ئەترسم هەر نەگەم بەو رۆژە. ئەمانە وجوودیان لە ناودا هەڵگیرێ. کولەبنەی لای خواروو دیسانەوە هەڵی دایە وتی: قوربان هێشتا لەناو خۆماندا هەزار کەسـی خراپـان تێدایـە. هەر خەریکی ئیش تێکدان و جاسووسین. بەخوا ئەمانە دەفع بکرێن و لـەناو هـەڵگیرێن چاکە. گەورە لەم قسانە رقی هەستا و چاوی لێ دەرپەڕی و مارپێچی نێرگەلەکـەی فـڕێ دا و هەستایە سەر پێیان وتی: هەرچی ئیش لە من تێك بدا و سەرم لێ بشـێوێنێ نـابێ بمێنێ. کوانێ مـەلاکان نـەهاتن. ئـەوانیش وتیـان: قوربـان نیوسـەعات زیـاترە چـوون بەشوێنیاندا. هەر ئێستا دێن. ئاغا و ئەوان هاتوون ئـەوەتان لـەولا دانیشـتوون. وتـی: باشە با مەلاکانیش بێن (وەکو لە پێشەوە تەرتیباتێکیان کردبێ و خەریکی ئیشـێك بـن کە بە مەلاکانی هەڵسووڕێنن وا بوو) ئەویش لە جێگەی خۆی دانیشتەوە. نەختێکی پێ چوو. سەری هەڵبڕی رووی کردە کابرای کولەبنە وتی: لیرەکانت گۆڕیوەتەوە. وتی: بـەڵێ قوربان بەڵام نرخی لیرە تۆزێك زیادی کردووە. ئەم حەفتەیە ئێمە چوار پێـنج هـەزارمان زیاتر گۆڕیوەتەوە لەبەر ئەوە لە ناو بازاڕ زیادی کردووە. ئەگەر چەند رۆژێکی تـر سـەبر بکەین، بەڵکو ئەوسا ئەوەندەی تریش بگۆڕینەوە. هەروا بەرەبـەرە هـەتا تـەواو ئـەبێ، کابرای تریش وتی: قوربان بەعزێك بانقەنۆتی هەزار روپیەیی و سـەد روپیـەییش ئەگـەر بگۆڕێتەوە ئەوانیش سووك و رەحەتن، خراپ نین. ئەویش وتی: باشە. بـەڵام جـارێ هـەر لیرەکان بگۆڕینەوە باشترە. ئەوانیش وتیان: لیرە لەم یـەك دوو مانگـەدا گـەلێك زیـادی کردووە. چونکە ئێمە لەم بەینەدا زۆرمان گۆڕیوەتـەوە. ئـەم خەبـەرە ئـەڕوات بـەملا و ئەولادا. هەتا هەشت نۆ رۆژی تر رەنگە لیرەیەکی زۆر بێت بۆ ئێـرە. ئەوسـا ئێمـەش دە پانزە بیست هەزارێکی تریش ئەگۆڕینەوە. ئەویش وتی: من ئەمانە نـازانم. ئـەم مانگـە هەتا ئەچێتە سەر ئەبێ سەد هەزار لیرەی ترم بۆ بگۆڕنەوە و بۆم تەواو بکەن.

ئەوانیش هەردووکیان وتیان: تۆ خـۆش بیـت ئینشـاڵڵا تـەواو ئـەبێ. منـیش لـەم وەختەدا لە دڵی خۆما وتم ناکات لەم هەموو پارەیە کە گشتی هـینی موسـوڵمانانە دەست بەرێ هەزار لیرە بدا بە من بڵێ بڕۆرەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆت و دانیشە بە رەحەتی بیخۆن. ئەمجا رووی کردە کابرا وتی: قسەی خۆمان بێ ئێسـتا تـۆ و فلانـە کەس، یەکی دە هەزار لیرەیەکتان ناوەتە سەر یەك. ئـەویش بـە پێکەنینـەوە وتـی: قوربان سەری تۆ خۆش بێت، هەموو دنیا هینی ئێمەیە. وتی: نـە ... ئـەم قسـانە هیچن، ئێستا ئەویش خۆی دێتە ئێرە. لێی بپرسە بزانە من راست ئەکەم یـان نـە؟ مەگەر هەر من ئێوە بناسم. هەروا لەم نەوعـە قسـانە بـەعزێك گفتوگۆیـان کـرد. دواجار کابراکە وتی: قوربان تەقاویتەکان هەراسیان بە عالەم هەڵگرتووە بۆ مەعاش نازانم ئەمرتان بەچییە. ئەویش تووڕە بوو وتی: مەعاش لە کوێ بێنم بـۆ تـەقاویتی موبارەك. وا عەسکەر و مەئموورەکان دوو مانگە مەعاشیان وەرنەگرتووە. ئـەویش وتی: قوربان زۆریان هەیە شەش مانگە پوولێکیان وەرنەگرتووە. ئەمانـەش هـەموو فیرسیچمە و نەبەز و سەهەندەن. لە هەر قوژبنێکەوە رێگایـان بـوو، داوا ئەکـەن و هاوار ئەکەن. سەریان لەم عالەمە سەندووە. لە هەموو ماڵان و کـۆڵان کـە یـەکێك ئـەبینن دەسـت دەکـەن بـە تـەعجیزات. ئـەویش وتـی: ئەمانـە چەقاوەسـوون و چەرداوەڕوون، کەواتە خۆ پارە نادرێ بەوانە. ئەم مانگە هەروا یەکی چەند حوقەیەك چەڵتووکیان بدەنێ لە جیاتی مەعاش با بیخۆن یاخوا هەر ئەوە بخۆن. ئەمانە بۆچی چاکن مەعاشیان بدرێتێ؟ ئەویش وتی: قوربان باشە.

ئەمجا یەکێك هاتە ژوورەوە وتی: قوربان مەلاکان تەشریفیان هێناوە. فەرمووی: بەخێر بێن با بێنە ژوورەوە. روانیم چوار مەلای نوورانی یەك لە دوای یەك هاتنە ژوورەوە. هەموو جبەی قۆڵفش لەبەردا، چاویان رشتووە. مێزەرەکانیان هەموو سپی وەکو چۆڕی شیر، هاتن سەلامیان بە ئەدەبەوە کرد و دانیشتن. هەموو لێویان ئەجووڵایەوە. لام وایە ویرد و سەڵاواتیان ئەخوێند. لە پێش ئەوان سێ چوار کەسی تر هاتن. یەکێکیان پیاوێکی گەورە دیار بوو. هات چووە لای ژوورەوە دانیشت.

ئەوانی تریش لە خوارەوە دانیشتن. دوو سێ کەسی تریش بە پێیانەوە وەستابوون. منیش نەختێك دڵم خۆش بوو وتم ئێستا ئەم پیاوە کە ئەم مەلایانە و ئەم زاتانەی کۆ کردۆتەوە ئومێد وایە شتی باش بکات. هەڵبەت هەموو ئیشێك بەمشاوەرەی عولەما و پیاوی زانست و باش و تێگەیشتوو ئەکات. خۆ هیچ نەبێ ئەمانە مەیدانی زوڵم و ناحەقی و زۆر نادەن. ئینشاڵڵا لەم ناوەدا ئیشی منیش دێتە ناوەوە و منیش نەجاتم ئەبێ. بەم ئومێد و ئەمەلە دڵم خۆش بوو. هەموو لەشم کرد بە گوێچکە، وتم: ئەبێ هەموو قسەکانیان ببیەم. هەناسەم لەخۆم بڕی، وشك وەستام وتم بزانم خوا چی ئەکات. ئەمە من جارێ هەر بۆ شتێك ئەگەڕێم بەڵکو ڕێگای نەجاتێك بۆخۆم بدۆزمەوە و لەم تاریکییەدا ڕووناکییەك ببینمەوە. هەتا ئەهات ئومێدم زلتر ئەبوو. ئەموت: خۆ من هیچم لە سەر نییە، سووچ و گوناهێکم نییە. هەڵبەت خوا ڕەحم ئەنێتە دڵیەوە. ئەم کابرایە بەخوت و خۆڕایی من تووشی هیچ ناکات. ئەمجارە گەورەکە رووی کردە یەکێك لە راوەستاوەکان وتی: قسەی مەحرەم و خسووسی هەیە وریا بن کەس لەم دەورە نەبێ. قسەکانمان لە ناو خۆماندا نەچێتە دەرەوە. ئەویش چووە دەرەوە و لە پاش نەختێك هاتەوە وتی: قوربان کەسی لێ نییە. خۆ ئاگاشیان لێ نەبوو کە لە ژووری ژنەکانەوە قسەیان ئەکرد ئەیانوت ئەمشەو مەلاکان و فلان و فیسار گرد کراونەتەوە ئیشیان هەیە. لەوێوە دوو سێ ژنی دەستوپێوەند تەگبیریان کرد کە لە پشتەوە بچن گوێ لە قسەکان بگرن. لەو وەختەدا گوێم لە ترپوهۆڕی پێیان بوو. لەودیو هۆدەکەوە کە منی تێدا بووم، سێ چوارێك چوون و لەوێ وەستان و گوێیان لە قسەو باس گرت.

گفتوگۆکردن و فتوا وەگرتن، ئەمر بەئیجراکردن، مەسئەلەی سیاسییە

لە پاشان گەورەکە دەمی هەڵهێنایەوە و نەختێك بە تووڕەییەوە دەستی بە قسەکردن کرد وتی: من ئەمە چەند ساڵە هەوڵ و تەقەلا ئەدەم، برینداری و حەپسی و رەزالەتم کێشا، ئەنواعی موسیبەت و مەرارەتم چێشت. دەستم لە سەر و ماڵی

خۆم شت، هاتم تێکۆشام وتم بەڵکو ئەم میللەتە بۆخۆی هەناسەیەکی ڕەحەتی هەڵکێشێت سەربەست و ئازایانە بۆخۆمان بژین و دەستی بێگانەمان بە سەرەوە نەبێ، ئێمەیش وەکو ئەم میللەتانەی تر بکەوینە ڕەحەتی و خۆشی و زیادی و گەورەیی، دەوڵەمەند و سەربەرز بین. دینەکەمان بەرز بێتەوە. چەند جار چووم بەگژ ئینگلیزدا، لەگەڵ تورکیا تێك چووم، تەشەبوسم بە روسیە و بولّشەویك کرد، چەند خوێنمان ڕشت. من ئەمانەم هیچیان بۆ خۆم نەکردووە، هەموویانم بۆ ئەم دین و میللەتە کردووە. وتوومە با میللەتەکە بکەوێتە ڕەحەتی و سوعادەتەوە. دینەکەمان زیاد بکات و بەرز بێتەوە، کەچی لەگەڵ ئەم هەموو ئەحوالانەدا ئەوەتا هەموومان ئەیبینین بەشێکی زۆر لەم میللەتە لایان داوە لە من و چوون شوێن غەیرەدین کەوتوون. ڕۆیشتوون بۆ وڵاتان خزمەتی فکری ئەوان ئەکەن. هەموو ماڵ و حاڵ و ژنیان بەجێ هێشتووە لێرە و خۆیان لە وڵاتان بەدیار غەیرەدینەوە دانیشتوون و ئێمە واین لەم حاڵ و ڕەزاڵەتەدا. عەسکەر و مەئموور و عولەماکانمان هەموو ئیحتیاج و بێ ئیدارە ماونەتەوە. ئاخۆ فتوای شەرعی بۆ ئەمانە چۆنە؟ ڕووی کردە مەلاکان وتی: ئەی عولەمای میللەت بزانم ئێوە دەرحەق بەمانە، بەم زاڵم و بێ دین ومورتەدانە(!) قسەتان چییە و ئەڵێن چی؟ ئاخۆ ماڵ و حاڵ و ژنی ئەمانە چییان دەرحەق بکرێت باشە؟ مەلاکان هەر چواریان ڕەنگێکیان هێنا و برد و سەیرێکی یەکتریان کرد. لە دواییدا یەکێکیان نەختێك بە پەلە قسەی ئەکرد و دانیشی نەمابوو. چمکی مێزەرە سپییەکەی شۆڕ بووبووەوە خوارەوە هەتا لای پشتێنەکەی، عەسایەکی باسقەندی بە دەستەوە بوو. سیواکێکی درێژی کردبوو بە پشتێنەکەیدا، جار جار تۆزێك بڕنووتی هەڵئەمژی، لکی فەقیانە سپییەکەی لە قۆڵی جبەکەیەوە هاتبووە دەرەوە، هەر عەجەلە و پەلەی ئەکرد بۆ قسەکردن، لە پڕێکدا تێی هەڵکرد و وتی: بەڵێ ئەم نەوعە شەخسانە کەوا خزمەتی دینی خۆیان ناکەن و بۆ دین و ئاین هەوڵ نادەن و شوێن غەیرە دین ئەکەون و لە پێناوی دین و ئەحکامی شەریعەتی غەڕادا سەعی ناکەن و خزمەتی غەیرەدین ئەکەن بە موافق

قەولی ئیمام... و ئیمام... و ئیمام... کێ (ئیتر نازانم ناوی دە دەوانزەیەك لەم ئیمامانەی هەڵڕشت. هەر ناوی موجتەهید و ئیمام بوو وەك برێشکەی گەنمەشامی لە دەمی هەڵئەتۆقی) ئەمانە بەنەزەر مورتەد و بێ دین تەماشایان ئەکرێ، لازمە ماڵیان هەمووی بۆ بەیتولمال سەرف بکرێ، ژنیشیان لێ تەفریق بکرێ و ئەمانە لە پاش مرووری عیدەی شەرعی ئەتوانن شوویەکی تر بۆ خۆیان بکەن. یەکێکی تر لە مەلاکان وا بزانم زمانی وەکو نەختێك لاڵ بێ وابوو، چونکە هەر قسەیەکی ئەکرد، تفێکی قوت ئەدا و بە توورتووره کەلیمەیەکی تری تەواو ئەکرد. لەگەڵ قسەکان خێرا خێرا دەست و پەلی ئەجوولایەوە، سەر و سنگی ئەهێنا و ئەبرد وتی: بەڵێ وەکو فلان ئەفەرموێت وایە. ئەمانە قەولێکی مەعرووف و موعتەبەر و موقتەدابهین. یەکێکی تری ملدرێژیان تێدا بوو، چاوشین، موو زەرد، وەکوو شینەشاهۆ ملی هەڵبڕی و سنگی دایە پێشەوە وتی: خۆ من بۆ ئەم مەسائلی شەرعییەیە دەمێکە خەریکم و هەوڵ ئەدەم، هەتا وەکو هەموو ئەم نەوعە مەسئەلانەم خستووەتە سەر کاغەز (دەستی کرد بە باخەڵیا کاغەزێکی نووسراوی درێژی هێنایە سەر مێزەکە) وتی: هەر ئەمەش نییە، زۆر شتی تری وا هەیە. ئەم ئیشانە وا چاکە سەعاتێك زووتر جێبەجێ بکرێ و بەربەستی ئەم ئەحوالانە بکرێت، ئەگینا ئەم دینە بەجارێك مەحو ئەبێتەوە، بەڵێ بە هەموو مەزهەبێك ماڵ و ژنی ئەمانە بۆ ئەم بەقیەتولموئمنینە حەلاڵە و رەوایە. ئنجا رووی کردە سەرسپییەکەی لای سەرووی هەموویانەوە وتی: قوربان، تۆ چی ئەفەرموویت، ئەویش مەلایەکی ریش ماشوبرنج بە ویقارەوە لای سەرووی هەموویان کەوتبوو بەعەزمەت دانیشتبوو وەکو چاوی نەختێك کز بێت وا دیار بوو کە مەلای سووره قاقزەکەی خستە سەر مێزەکە، ئەو گورجوگۆڵ هەڵی گرت و عەینەکێکی کردە چاوی سەیری کرد، ئەویش ئەم جارە کاغەزەکەی دانا و دەستی کرد بە گفتوگۆ (بە قسەکانیا وا دەرئەکەوت خەڵکی ئەو گەرمیانە بێت) وتی بەڵێ ئەم مەسئەلەیە زاهیرە بە هەموو مەزهەبێك ماڵ و سەروەتیان لێ جوێ ئەکرێتەوە و ئەم قەولانە هەموو موسەدەقن.

منیش له ژوورەوە هەروا تاس ئەیبردمەوە، ئەموت ئەی هاوار بە ماڵم، بەخوا من و هەزاری وەکو من بێتاوان و بێگوناح مەحو بووینەوە، من ئومێدی چیم هەبوو، کەچی چیم دی و چیم بیست، بەجارێك ئەژنۆم شکا و موچڕکێك لە تەپڵی سەرمەوە هات، لە بەری پێمەوە دەرچوو، هەروا حەپەسام، هۆش و شعوورم نەما، تەمام بوو بە هەردوو چەپۆك بدەم بە سەری خۆما هەتا هێزم تیایە بقیژێنم، دوواجار سەیرم کرد گەورەکە ئەم جاریش بە دەنگێکی بەرزەوە وتی: ئەمە باشە، مەسئەلەیەکی تریش هەیە ئەویشتان بۆ بکەمەوە، ئەوانیش چاویان لێ سوور بووبوو، فەرموو بزانین ئەو چۆنە...

وەکو پێم وتن ئێمە ئەمە هەمووی لە رێی دینی ئیسلامدا ئەکەین، ئێستا غەیری ئەوانەی کەوا رۆیشتوون و لەملاولا خزمەتی غەیرەدین ئەکەن، بەعزێك بۆ نەمانی ئێمە و ئەم حاڵە (کە هەموو بۆ دینی ئەکەین) هەوڵ ئەدەین جاسووسی بۆ غەیرە دینەکە ئەکەن و لە جیاتی تەلقینی ئەهالییەکە هەر خەریکی کفرکردن و گاڵتە بە مەشایخ و عولەمای موحتەرەمن. ئەمانە ئەگەر هەروا بمێنن، ئەمینم ئەو تۆزە دینە کەوا ئێمە هەوڵ بۆ زیادیی ئەدەین بەجارێك مەحوی ئەکەنەوە. ئێمەش و عولەمای میلەتەکەش (جاروبار بۆ قووەتی قسەکانی خۆی وەکو خوێی چێشت ناوی عولەماکانی تێ ئەخست) ئەفەوتێنن، ئەم نەوعە، ئەشخاسە موزیڕانە بەناوی دینەوە فەوتاندنیان لە ئێمە واجب و لازمە یان نا؟

سوورەی چاوشین لە پڕێکدا قسەکانی لەدەم قۆستەوە و تێ هەڵچوو وتی: ئاخر ئەوەی منیش عەرزم کردن و نووسیومە ئەم مەسئەلەیەیە، ئەگەر بێت و حاڵ بەم رەنگە دەوام بکات ئەوا دین و دنیامان بەجارێ مەحو ئەبێتەوە، لە زووەوە بەرهەڵستیی ئەمە نەکرێت نابێ، بەهەموو مەزهەبێك نەهێشتنی ئەمانە بۆ دین و میللەت مەسڵەحەت و لازمە. هێشتا ئەو قسەکەی تەواو نەکردبوو مەلا بڕنووتی کێشەکەیان ملی قوت کردەوە و هەڵی دایە و بەپەلەپەل و خێراخێرا دەستی پێ کرد، دە دوانزە (قال ، یقول، قیل)ی تری هەڵڕشت، دیسانەوە ناوی چەند ئیمامێکی تری خوێندەوە. فەرمووی: بەڵێ ئەمانە بەناوی بەقا و تەحکیمی دینەوە و مەسڵەحەتی موڵك و میللەتەوە لازم و

واجبه. جووته مەلاکەی تریش دەستیان دا بە سنگا بە (صدقت، صدقت، أحسنت، أحسنت) تەسدیقیان کرد و فتوایان لە سەردا. یەکێك لەوانە دانیشتبوون و لە ئەوەڵی ئەم قسانەوە چرکەی لە خۆی بڕیبوو، بە هەموو ئەعزاکانییەوە گوێی لەم قسانە گرتبوو. وەك مەئمووری ئیجرای ئەم فتوا ناحەقانە بێت و هەموو ئۆباڵ و گوناحی ئەمانە لەسەر ئەوبێ. لە پاش ئەم قسانە وتی من قسەیەکتان عەرز ئەکەم، بزانم ئێوە چی ئەفەرموون، وتیان: بفەرموو بزانین ئەڵێی چی؟

وتی: ئەم خەڵقانەی کەوا ئێستا ئێوە سەر و ماڵ و ژنیانتان حەڵاڵ کردن، ئەمانە ئەگەر بێتو خۆیان لێرە مەوجوود بوونایە و مدافعەیەکی شەرعیی خۆیان بکردایە، دیسانەوە ئێوە لەسەر ئەم قەول و فتوایە ئەمان یان نا؟

سوورەچاوشینەکە و لاڵەپەتەکە هەردووکیان بەجارێ هەڵیان دایە وتیان: مدافعەی وەکو چی؟ ئەویش وتی: بەڵکو ئەمانە بڵێن ئەم حکوومەت و ئیدارەیە حکوومەتێکی وا نییە کە بتوانێ جارێ بەم رەنگە ئیدارەی ئەم موڵك و میللەتە بکات و خۆی و میللەتەکەی بێنێتە ناو و ببێ بە ساحێبی ئەم هەموو ئیسلامە و بچێت بەگژ ئەم حکوومەتانەدا و لە نەتیجەدا ئەم عیبادوڵڵایە تووشی فەلاکەت و زەرەری گەورە بێت. بەم رەنگە ئیشی ناچێتە سەر، ئێمەش لەبەر ئەوە وامان کردووە و ئەیکەین (کابرا نەیئەویست یاخود نەیئەوێرا بە تەواوەتی دان بە هەموو قسەکاندا بنێ بۆیە هەر ئەوەندەی بۆ بێژرا). ئیتر ئەو مەلایەی کە لە سەروو هەموویانەوە دانیشتبوو جوابی دایەوە وتی: ئاغا، ئاغا، ئەو مدافعەیە شەرعی نییە و لە نەزەری شەریعەتدا مەردوودە، چونکە ئەمانە وا دیارە لەسەر مەحوی دینن. کەوابوو ئەم مەعزەرەتانەیان لێ قەبووڵ ناکرێ (لەم قسانەدا گەورەکە رەنگێکی هێنا و برد، رەنگی سوور بووەوە، بەتیلایی چاو سەیرێکی هەموو مەلاکان و ئاغاکەی کرد، لە پاشان چاوی گەش بووەوە و دامرکایەوە). ئیتر ئاغاش قسەی پێ نەما وتی: کەوا بوو هیچ.

ئیتر من لەوێوە نە هۆشم ما و نە شعوور. جارێ وەکوو شێت هەستام قەدەرێك لە ژوورەکەدا ئەمسەر و سەرم کرد، هەرچی خوێن لە رەگەکانمدا هەبوو مابوو، هەمووی

کەوتە جولەجول و هاتوچۆ. پێستی لەشم ئاگری لێ ئەبووەوە، هەردوو چاوم دەرپەڕێ، دانەکانم تەقەتەق بە یەکیانا ئەدا. تەمام بوو پەلاماری پەنجەرەکان بدەم و هەڵکوتمە سەر مەجلیسەکە، دەست بنێمە بینی مەلاکان و ئەوانی تر، وتم: یارەبی ئەمە چ دڵ و دەروون و ویجدانێکە، ئەمە چ تەتبیقاتی شەرع و قاعیدەیەکە، ئەمانە چۆن ئەم قەرار و فتوایەیان دا؟ ئەوانەی کە رایان کردووە و خۆیان لە شالاّو و هالاّوی زوڵم و زۆری ئەم زاڵم و خوێنخۆرانە نەجات داوە ئەوا بەجارێك ژن و ماڵیان حەلاڵ کرا: ئەوی لە ژێر لافاوی غەدری ئەمانەدا ماوەتەوە وەکو ئەمان خەریکی پیاوکوشتن و زوڵم و زۆر نییە. ئەوەتا وا فتوای کوشتنی ئەویش دراوە ئەیکوژن. ئاخۆ ئەمانە هیچ لە خوا و قیامەت و لێپرسینەوە و عەزاب ناترسن، چونکە ئەم زمانە هەروا لە دەمی ئینساندا تەڕ و پاراو نابێت. ناترسن کە لێیان بپرسن: ئایا ئێوە بە چ حەق و سەلاّحییەتێك وا لەم عیبادوڵلاّیە ئەکەن؟ جارێ وتم ئەم کابرایە کەوا هەر ناوی دین ئەبات و ئەڵێ من بۆ دینم کردووە و لە ڕێی دیندا ئەیکەم هیچ تەریق نابێتەوە و لە خوا ناترسێ بڵێ من چ حەقێکم بەسەر ئەم عیبادوڵلاّیەوە هەیە. ئەبم بەباعیسی مەحوی سەروماڵیان. بە چ ناوێکەوە و بۆ چ دینێك و بە حوکمی کام شەریعەت ئەمانە دەرئەکەم؟ ئەمانەی لە تاو زوڵم و زۆر وازیان لە ملك و ماڵ و نامووس و حەیسییەت و جێگای خۆیان هێناوە و دەربەدەری وڵاتان بوون، ئاخۆ ئەمانە شوێنی غەیرەدین کەوتوون، یاخود لە ترسی ئەم جۆرە زوڵم و گەورە ناحەقانە (کە دار و بەرد لە بەری ئەلەرزێ) و نیشتوومەتە سەریان بەناوی ناحەق ماڵ و خوێنیان ئەخۆم و ئەخۆمەوە، رایان کردووەتە پەنای عەدالەت و ئەمنییەت. زۆرم بەلاوە سەیر و عەجایب بوو کە خۆی لە پێش مەجلیسەکەدا قسەی لەسەد و هەزار و دووسەد و هەزار ئەکرد، کە مەعلوومە ئەمەی لە ماڵی ئەم موسوڵمانانە پێکەوە ناوە و ئەم عالەمەی خستووەتە سەر ساجی عەلی، بووە بە باعیسی چەند هەزاران مەخلۆوق، کەچی ئێستا بە چ ڕوویەکەوە جەسارەت ئەکات ئەم نەوعە قسانە ئەکات و ئەم مەلا موبارەکانەیش چەند گورجوگۆڵ بێ گرێ و قۆرت ئەم فتوا ناحەقەیان دا. هیچ بیریان لەوە نەکردەوە ئەم

خەڵقە بە رەنجی شان و عەرەقی ناوچەوان خوێنیان بووە بە ئاو هەتا ماڵ و حاڵێکیان پێکەوە ناوە، ئێمە بە چ حەق و شەریعەتێك بڵێین بەجارێ لە دەستیان وەربگیرێ و بدرێ بەم زاڵم و خوێنخۆرە بێ ئینسافانە.

وتم: ئەی خالیق، ئەی مونتەقیم، ئەی قەهار، ئەی عالیمولغەیب، تۆ چی لەمانە ئەکەیت، ئەمانە لە رۆژی خۆیاندا چۆن حیسابیان ئەبینی، تۆ لە حەقی ئەمانە چی ئەکەیت؟ ئاخۆ لە دەفتەری مەحکەمەی گەورەی تۆدا گوناحێکی تری وەکو ئەمە قەید کراوە یان نا؟ تۆ بۆ ئەمانە چ نەوعە جەزایەك دائەنێیت؟ تۆ چۆن ئەم حاڵانە قەبووڵ ئەکەیت مەگەر هەر بەحری بێ بنی حیلمی تۆ ئەمانە قووت بدا. تۆ چۆن ئاگر نابارێنی بەسەر ئەم قەومەدا، تۆ ئەو غەزەبەت کە وەکو ئاگر وایە بۆچی بۆ ئەم تاقمە نایەتە جۆش؟ تۆ بۆچی هەر ئێستا ئەمانە بەناخی عەرددا نابەیتە خوارەوە و حەقی ئەم میللەتە قوڕبەسەرەیان لێ ناسێنی. ئەی ویجدان، ئەی ئینساف ئێوە کە ناوتان هەیە و بۆچی ئێستا ناچنە سوورەتی ئینسانەوە و بێن یەکی چەپۆڵەیەکی زل لە سەروچاوی ئەمانە بنێین و مەحوویان بکەنەوە؟ ئای... ئای... ئای...

روانیم هیچ شتێك نییە و هیچ پەیدا نەبوو، منیش هەروا وەستام لە جێگای خۆم وشك بووبووم. ئەوان هەر قسە ئەکەن، منیش لەبەر خۆمەوە هەر ئەڵێم پەح، پەح، پەح ئەمە چی بوو من دیم. من لە کوێم، ئەمە خەوە یان نا؟ بۆیە هەر دوو چاوی خۆم گلۆفت وتم بەڵکو ئەگەر خەوە خەبەرم بێتەوە، کەچی روانیم هەموو شتێك هەر لە جێگەی خۆیەتی و ئەو جانەوەرانە هەر لە بەرچاومن. هەموو لەشم لە تاوا هاتە لەرزین و دڵم کەوتە کوتەکوت و سەرم گێژی خوارد. لەپڕێکا گرم بە دەما کەوتم بەعەردا. لە ئێش و ئازاری کەوتنەکەم هۆشێکم هاتەوە بەبەردا و هەستامەوە بیرێکم کردەوە وتم ئەمانە فائیدەیان نییە بابزانم چی ماوە ببینم. هەستام وردە وردە چوومەوە پێشەوە گوێم گرت، هەر قسەیان ئەکرد، بەڵام دوایی قسەیان بوو، هەر ئەوەندە حاڵی بووم وەکو مەلاکان لە مکافاتی ئەم خزمەتە گەورەیەدا کە کردوویانە

داوای شتێکیان کردبێ و ئەویش وەعدی دابنێ کە بیانداتێ، ئیتر ئەوان چوونە دەرەوە، لەو ناوەدا مەلای بڕنووتیکێش لە دەرگاکەوە گەڕایەوە هاتە پێشەوە وتی: ئومێدم وایە ئینشاڵڵا خوا هەر موەفەقت بکات مادام تۆ ئەوەندە بۆ ئەم دینە هەوڵ ئەدەیت و تێ ئەکۆشیت، خوا و هیمەتی پیران پشتیوانت بن، ئەویش پێکەنینێکی بۆ کرد، ئیتر ئەوان ڕۆیشتن و مانەوە خۆیان.

دوای ڕۆیشتنی مەلاکان ئنجا یەك دووانێکی لەو پیاوانە بانگ کردە پێشەوە، یەکێکیان کوڵەبنەیەك بوو رانك و چۆغە لەبەر، بە گفتوگۆکەیدا وا دیار بوو ئەمە یەکێکە لە ئاغاواتی ئەو ژوورە چونکە قسەکانی وا دیار بوو کە جیایە لەگەڵ ئەوان. هەر ئەمیش بوو لە وەختی فتوادانەکەدا ئیعترازی لە مەلاکان گرت. یەکێکی تری کەچەڵەی پۆشتە و پەرداخ، خەنجەرێکی دەسك ماهی و دەمانچەیەکی باش بە قەدەوە ئەمیش هەر رانك و چۆغەی لەبەرا بوو، بەڵام هەر بە زمانی خۆیان قسەی ئەکرد، هەر ئەمیش بوو کە بۆ مەسئەلەی لیرە گۆڕینەوە قسەی لەگەڵ ئەکرد، ئەم دووانەی بانگ کردە پێشەوە. لە بەردەم خۆیدا زۆر بە ئەسپایی و هێواشتر، قەدەرێکی چاك قسەی لەگەڵ کردن. بە ئەتوار و دەست هەڵسووڕاندن و حەرەکاتەکەیاندا دەر ئەکەوت کە ئەمە تەرتیباتێکە ئەو بۆیان دائەنێ و بەعزێك ئیشیان پێ ئەسپێرێ و رێگەیان نیشان ئەدا، لەم تەرتیبات و فسەفسە بۆم دەرکەوت کەسێکی پێ نیشاندان و بۆی دیاری کردن کە ئەمانە پیاو و زەلامیان بۆ تەعین بکەن و بیاننێرن بیانکوژن. ئیتر من لەم حاڵانەدا کەوا بەبەرچاوما دێت و ئەڕوا هیچم پێ نەمابوو، هەر ئەموت یاڕەبی ئەمە چییە من ئەیبینم، من هەر ئەوەندە تێ دەگەیشتم ئەیانوت: چوار تفەنگچی بچێت بۆ سەر فڵان لە فڵان وەختا بچنە ئەوێ، بۆ بەعزێکیان کوشتن و بۆ بەعزێکیان ترساندن و بریندارکردن دانرا. خۆلاسە هەتا نزیك سەعات سێ بەم کەینوبەینەوە بوون، لە پاشترا ئەوانە هەموویان ڕۆیشتن، هەر گەورەکە خۆی و یەکێکی دانیشتوو و یەکێکی راوەستاو لەوێ مانەوە.

پەردە گۆڕا

ئەم جار یەکێك هاتە ژوورەوە، بەهێواشییەکەوە وتی: قوربان فلاّن و فیسار هاتوون چی ئەمر ئەکەیت. ئەویش قەدەرێك راما و بیری کردەوە. بۆڵەیەکی لێوە هات. بەساردێکەوە وتی: بابێنە ژوورەوە. سەیرم کرد سێ کەس هاتنە ژوورەوە، هەوەڵەمینیان یەکێك بوو کورتەباڵا رەنگێکی رەشتاڵە، تازە سمێڵی رەش کردبوو، ئەویان لە پێشەوە هات، گەورەکەیش بە گفت و لوتفێکی رووکەشەوە قیام و بەخێرهاتن و پێکەنینێکی لەگەڵ کرد و لای سەرەوە دانیشت. دووەمیان یەکێکی تر بوو کەڵەگەت و رەنگ سپی، بەڵام وەکوو هەموو لەشی گوشرابێ و هەرچی خوێن لە لەشیا بێت دەرهێنرابێت وابوو. بەقەدەر زەڕەیەك سووریی خوێن لە گۆشتیا دیار نەبوو، زەرد زەرد ئەتوت لیمۆیە. ئەویش بەخێرهاتن کرا و دانیشت. دوای ئەو یەکێکی تر کوڵەبنە، هەڵەشە پەلەپەلکەر هات. بە عەزەمەتێکی وشکەوە دانیشت. ئەم سیانە هەرسێکیان هاتن و بەو رەنگە دانیشتن. جگەرە و قاوە و ئەمانە خورا و خورایەوە.

لە پاشاندا ئیشارەتی خڵوەت کرا و دەرگا داخرا. گەورەکە و ئەو سیانە و یەکێك لەوانی تر کە لە پێش مەلاکانەوە هات و لای سەرووی گرتبوو (ئەم کابرایە وا دیار بوو یان لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکوێ بێت و یاخود زۆر مەحرەمی گەورەکە بێت، بەڵام بەوەدا کە زۆر ئەهەمییەتێکی نەئەدرایە لام وایە بە وشکی خۆی خۆی بەگەورە دانابوو و خزمایەتیی لەگەڵ گەورەکەدا هەبوو، بۆیە بە سمێڵێکی نەختێك فشەوە جارجارە بەقایم یەك دوو قسەی لاپەرەسەنگی ئەهاویشت) ئەوە هەر مایەوە. کابرای کوڵەبنە و گەورەکەش هەر وەستابوون، یەعنی هەموویان شەش کەس لەوێ مانەوە، منیش وتم بزانین چ رەنگێکە لەم دانیشتنەدا چەند خوێنی ناحەق ئەڕوا و بزانم من هیچ رێگەی دەرچوون و نەجاتم بۆخۆم ئەدۆزمەوە؟ ئەم جار گەورەکە دەمی هەڵهێنایەوە، رووی کردە خەڵقەکە وتی: ئەبێ بزانم چی ئەڵێن و چیتان پێیە. لەو سێ کەسە، کورتەباڵاکەی کە لە ئەوەڵەوە هاتبووە ژوورەوە وتی: ئەڵێن مەسڵەحەت

بۆ تۆ وایە لەگەڵ تورکدا ڕێك بکەوی و بە ئەمر و قسەی ئەوان هەڵسووڕێیت. بنێری بەشوێن ئەواندا کە بێن لێرە دانیشن، ئەوسار ئێرە بە تەواوەتی بۆ تۆ ساغ ئەبێتەوە و شکڵی حکوومەت ئەگری. ئەوسا تۆش ئەتوانی لەگەڵ ئەوان بەرامبەر بە دوژمن هەموو شتێك بکەیت، کە ئەوان بوون بە پشتیوانت، جێگە و مەوقعی تۆ گەورەتر و مەحکەم ئەبێ، کە تۆ لەگەڵیاندا ڕێك کەوتی و ئەوانت هێنایە ئێرە، ئەوسا ئەوانیش مەجبوور ئەبن لەسەر تۆ شەڕیش بکەن و ئیشی چاکیشت بۆ ڕێك بخەن. وڵاتەکەشمان بەتەواوی بکەوێتە ڕەحەتییەوە. ئەویش وتی: ئاخر قسەکانی ئێوە زۆر باش و مەعقوولە، منیش لەلام باشە، بەڵام من هەتا ئێستا غەیری قسە نەبێ هیچی ترم لەوان نەدیوە. فەعالیاتێکیان نییە. ئەوان بە چوار عەسکەری ڕەشوڕووت و برسییەوە هاتوون هەر خەریکی ڕاووڕووت و خەڵق ڕووتاندنەوەن. ئەوان هەر پارە کۆئەکەنەوە و خۆیان ئەژێنن، ئیشەکانیان هیچی لە حکوومەت ناچێ. من بە چ شتێکی ئەمانە پشتئەستوور ببم و چۆن لەگەڵیان ڕێك بکەوم و ئەمنییەتیان پێ بکەم؟ ئەمجا کابرای ڕەنگزەرد هەڵی دایە وتی: قوربان ئەمە تۆ چی ئەفەرمویت، ئەمەش نەوعە سیاسەتێکە کە ئەوان ئەیکەن. ئەمە لەبەر ئەجنەبی و قسەی دووارۆژە بەم ڕەنگە هەڵئەسووڕێن، ئەگینا ئەم حەرەکاتانە هەموو بەئەمری (ئەنقەرە)یە. دەقیقە بە دەقیقە ئەمر لەوێوە وەرئەگرن. ئیستقلال بێ و ئیمتیاز بێ و موختارییەت بێ، هەر ئەوان بیدەن بۆ هەموومان مەسڵەحەتە، ئەگەر بێت و لەگەڵ ئەواندا ڕێك نەکەویت ئەوە موحەقەقە فەلاکەت بەسەر خۆت و میللەتەکەت ئەهێنیت. ئەگەر بەم قسانەی من باوەڕ ناکەیت ئەوە قاقەزی ڕەسمی (دەستی کرد بەم باخەڵ و بەو گیرفانیا بەعزێك قاقەزی شڕی دەرهێنا و سەیری کردن و هینی ئەم باخەڵی خستەوە ئەو گیرفانییەوە و نەختێك خۆی خەریك کرد، دوایی دەستی دا بەدەستا و بەناخۆشییەکەوە وتی: ئا وەڵڵا نەمهێناوە).

کوڵەبنەکەی لای خواروو کە دانیشتبوو بە دەنگێکی نووساوەوە کەوتە جولەجول وتی: بێ قەزابیت ئەمە ئیشە تۆ ئەیکەیت، ئاخر چەندم عەرز کردی لە بیرت نەچێ. ئەویش

وتی: دەسا چی بکەم وا لە بیرم چووە، خۆ ئێوە بەچاوی خۆتان دیوتانە و خوێندووتانەوە، ئەوانیش بەجووتە وتیان: ئاخر بۆ ئێستاش لازم بوو کە ئەمیش ببیبنیێ. وتی: قەید ناکات بەڵام بۆ جارێکی تر هەر ئەیهێنمە خزمەتی خۆشی کە بیخوێنێتەوە (انجا کە عیان چ حاجت بە بیان). ئەمە مەسئەلەیەکی ئاشکرا و دیارە بە بەرچاوەوە هیچ کاغەزیش نەبێت، هەر ئەمە رێگەیەکی راست و رووناکە. ئایا لە نوقتەی دیانەت، ئایا لە سیاسەتدا، یا لە هەر خسووسێکی ترەوە کە بیخوێنیتەوە و بیگریێ، لەمە زیاتر چارە نییە، پەنا و پشتیوانی ئێمە هەر تورکە و تورك... باوك و باپیرە گەورەمان هەر لەگەڵ ئەواندا بوون. خۆشمان هەر پەروەردەی دەست و تەربییەی ئەوانین. گەورەمانن و ساحێبمانن. خۆلاسە ئێمە لەگەڵ ئەواندا نەبێ ناژیین و ئیدارە ناکەین. ئەوان ئیسلام و ئێمە ئیسلام. ئایا بە حەسەب دیانەتەوە وە یاخود بە حەسەب شتی ترەوە بێت هەر ئەوان چاکن. قسە هەزارە و دووانی بەکارە. ئێمە و تورکیان وتووە ئەگینا ئێمە چۆن لەگەڵ حکوومەتی ئینگلیزدا هەڵئەکەین. ئەوان لە پاش دوو سێ ساڵ ئەمانخەنە سەر ساجی عەلی. هەموو چێوی سواڵمان ئەدەنە دەست. کەس کەس ناناسێت. هەر کەسە بۆ خۆی گەورەی خۆی ئەبێ. گەورە و بچووکی نامێنیێ. قەدر و ئیعتیبار لە ناو ئەچێ. ئەمرۆ ئەم وڵاتە کە هەر جەنابت ئەناسن، ئەوسا کەس هەر ئاوڕت لێ ناداتەوە. تۆ چیت و من چیم. گەورەکەش لەم قسانەی کە بەدڵی بوو، زۆر موتەئەسیر بوو، وتی: راستە منیش باوەڕ ئەکەم و ئەزانم کە وایە و بۆ ئێمە هەر ئەمە چاکە و لەوە چاکتر و باشتر چارەیەك نییە، بەڵام ئێستا ئەڵێن تورك ئەو تورکە نەماوە کە ئێمە دیومانە. ئێستا ئەوان دەخلیان بەسەر دیانەت و شەریعەتەوە نەماوە. خەلافەتیان هەڵگرتووە و خەلیفەیان دەرکردووە. هەرچی ئاداب و ئاینی ئیسلام هەیە هەموویان وەرگێڕاوە. شێخ و مەلایان هەموو دەرکردووە، تەکیە ومزگەوتیان داخستووە. ژن و پیاو پێکەوە لە چاپخانە و مەیخانە سەربەست هەڵئەستن و دائەنیشن. شەبقەیان لەسەر کردووە. قورئانیان تەرجەمە کردووە بۆ تورکی. مەسئەلەی تەلاق و نیکاحیان گۆڕیوە. کەوابوو فەرقی ئەمان و ئەوان چییە. بگرە ئەجنەبییەکە چاکترە.

ئەم جار هەرسێکیان هەڵیان دایە، بە پێکەینەوە وتیان: قوربان هەڵبەت تۆش بەم پڕوپاگەندانە باوەڕت کردووە؟ ئەم قسانە غەیری بوختان و درۆ نەبێ، هیچی تر نییە. خۆ شوکر جەنابت دنیات دیوە و لە سیاسەت ئەزانی. ئەمە گوایە بەم قسانە فکری خەڵق لە حەق تورك ئەگۆڕن و تێکی ئەدەن. ئەگینا بە هەموو شتێك تەئمینت ئەکەین کە ئەم قسانە هەمووی ئیفترایە و بێ ئەسڵە ئەگەر دین و ئیسلامییەت بێ لای ئەوانە. تۆ چۆن ئەبێ باوەڕ بەم قسانە بفەرموویت؟ ئیتر کابراش بەم قسانە هاتە سەر بارێکی تر. بەهاژە و هووشەی ئەمانە تەواو بڕوای کرد وتی: کەوابوو با ئێمە یەکێك بنێرین بۆ لای ئەوان کە موزاکەرە و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات و قەرارێکی قەتعی و قەول و تەعهەدات تەواو وەربگرێ. رێگە و دامودەزگا بۆ ئێمە دابنێن بە نەوعێکی وا کە بۆ ئێمە چاك بێت ئەوە بەو جۆرە باشە و منیش بەم رەنگە زۆرم پێ خۆشە. هەرچەندە ئەترسم ئەم جارەش بێ فائیدە بێ چونکە ئەمە سەری چەند جارەیە کە پیاو ئەنێرین و بێ فائیدەیە. ئەم جارە ئەبێ بە رەنگێکی وا و یەکێکی وا بنێرین کە بێ نەتیجە نەمێنێتەوە. ئەوانیش وتیان: زاتەن مەقسەدی ئێمەیش ئەوەیە کە یەکێکی تێگەیشتوو و راست و پاك بچێ و موافقی مەتڵەب مەسئەلەی ببڕێتەوە و جوابی قەتعی بهێنێتەوە با ئەم جاریش وەکو جاران نەبێت.
ئێستا وا فلان حازرە (روویان کردە کولەبنەی دەنگنووساو) ئەویش هەستایە سەر پێیان وتی: بەڵێ من حازرم، ئەفەرموون لە سبحەینێ زووتر نییە من ئەڕۆم و هەرچۆنێك ئارەزوو ئەکەن و قەرار ئەدەن ئەیبڕمەوە. دووانەکەی تریش وتیان: زۆر باشە لازمە لەم خسووسەوە چی پێویستە ئەو شەرایت و قەول و قەرارە بنووسرێتە کاغەز و ببەیت لەگەڵ خۆت. گەورەکەیش وتی: باشە. رووی کردە کابرای زەردە وتی: تۆ کاغەزێکی باش و درێژ بنووسە لەم خسووسەوە زۆر بەدیقەت و بیهێنە من ئیمزای ئەکەم، ئەمیش حازر بێت هەتا دوو رۆژی تر بڕوات، خوا حافیزی بێت. لە پاشان گەورەکە رووی کردە کابرای کە لە ئەوەلی مەجلیسەوە هاتبوو لای سەرووی گرتبوو وتی: تۆ لەم خسووسەوە چی ئەفەرمویت؟ ئەویش وتی: هەر چۆنێك ئێوە لاتان باش

بێت ئەوا منیش لام باشە. کوڵەبنە کەچەڵەکەی لای خوارەوە وەستابوو. ئەویش هەڵی دایە وتی: بەخوا شت لەمە باشتر نابێ. ئیتر لە سەر ئەمە قەرار درا و گەورەکە بەدڵ و دەروونێکی ساف و بێ گرێوە وتی: لە سبحەینێ زووتر نییە کاغەز بنووسرێ، کابرایش سبحەینێ بەخێر برِوا. بە روویەکی پێکەنیناوی و دڵێکی خۆشەوە هەستان رۆیشتن. مایەوە گەورەکە و کابرای لە ئەوەڵ مەجلیسەوە هاتبوو لەگەڵ کوڵەبنەی کەچەڵەکە. ئەم جار گەورەکە وتی: ئێستا وا باشە بزانین ئەم جارە ئیش چۆن ئەبێ. کابرای کوڵەبنەی کەچەڵە وتی: قوربان سەری تۆ خۆش بێت باش ئەبێ و ئەبێ باش بێت. کابرای تریش وتی: ئومێد وایە هەر باش ئەبێ. لە پاشان گەورەکە کوڵەبنەکەی بانگ کردە پێشەوە بەهێواشییەکەوە پێی وت: تۆ ئێستا بچۆ ئەو پیاوانە حازر بکە. مەیەڵە کەس پێ بزانێت. لە ماڵی خۆتان دایان بنێ. تەمیەیان بکە کە نەیەڵن کەس پێ بزانێ و خۆت لەگەڵ فلاَندا تەرتیباتیان بۆ دابنێن هەتا جێبەجێ ئەبن. ئیتر چونکە نەختێك بەچرپە قسەیان ئەکرد. هەموو قسەکانیانم گوێ لێ نەبوو. دوایی کوڵەبنەکە وتی: قوربان سەری تۆ خۆش بێ هەرچۆنێك ئەمر و ئارەزووی تۆ بێت وا جێبەجێ ئەبێت، ئیتر رۆیشت بۆ دەرەوە.

پەردە وەرگەڕایەوە

ئەم جار مانەوەی خۆی و کابرای ئەوەڵ بە جووتە، ئەمە لەو قسە و باسانەدا ژنەکان لە پشتەوە کە هاتوون گوێ ئەگرن. هەر ترپوهۆرِ دێن و ئەچن. قسەکانی ئەوان ئەبەن بۆ ناو ژنەکان و بە فسەفس ئەیگێڕنەوە. منیش هەر لە جێگەی خۆم وشك راوەستاوم. وتم: ئەمە سێ پەردە گۆڕا، یەك لە یەك ناخۆشتر و خراپتر. ئەم کابرایە چ نەوعە ئینسانێکە و ئەوانە چ دەعبایەکن؟ با بزانم دوای ئەمیش چی ئەبێ. لە پاش نەختێك کابرایەك هاتە ژوورەوە ناوی دوو سێ کەسی برد کە هاتوون بۆ حزوور، چی ئەمر ئەکەیت؟ ئەویش بە پێکەنینەوە رووی کردە کابرای تەنیشتی وتی: سەیرە... با ئەوانیش بێن، با بزانین ئەوان ئەڵێن چی؟ ئەم جار ئەمری کرد وتی: بابێنە ژوورەوە.

روانیم لە پاش تۆزێك دەرگا کرایەوە. سێ کەس هاتنە ژوورەوە. یەکێکیان قۆڵی لە عەبا هەڵکێشابوو. بە کەشوفشێکەوە پێش کەوت. گەورەکەش فەرموو فەرمووی بۆ کرد بە بەگم فەرموو فەرموو جێگەیەکی پێ نیشان دا، ئەمری کرد بە دانیشتنی. ئەویش بە ئەدەبەوە دانیشت. لە دوای ئەوەوە یەکێکی تر هات چاکەت و پانتۆڵی لەبەردا بوو، قیافەتەکەی لە قیافەتی عەسکەری ئەچوو. ئەویش جێگەی نیشان درا و دانیشت. ئەمیش نەزۆر کەڵەگەت بوو نەزۆر کورت. نە لەڕ بوو، نە قەڵەو لە عومری چل ساڵیدا دیار بوو. لە پاش ئەو یەکێکی تر هات لە قیافەتی توجاڕا بوو.

لە پاش هەموویان کابرای کە سەر لە بەیانی لە دەرگای حەوشە ئەمری کرد و منی لەگەڵ خۆی هێنایە ژوورەوە ئەویش هات و بەپێیانەوە راوەستا و دەرگاکەیان داخست. بە گەورەکەوە شەش کەس مانەوە. منیش لە بەر خۆمەوە وتم با بزانم ئەم جارە چی ئەبێت و لەم مەجلیسەدا چی پەیدا ئەبێ. دواجار دیسان ئیشارەتی خەڵوەت کرایەوە. کابرای بە پێیانەوە چووە ئەو دیوی دەرگاکەوە وتی، کەس نییە بەم دەورەدا. بەڵام ژنەکان لەودیوەوە هەر فڕکەفڕکیانە دێن و دەچن. ئەم جار لە پاش خۆشوبێش و ئەمانە کابرای کە لە هەوەڵەوە هاتبووە ژوورەوە کەوتە قسەکردن. ملی لێ هەڵبڕی و کە قسەکانی ئەکرد چاوی لێ دەرئەپەڕی بەهێز و قووەتێکەوە قسەکانی ئەکرد، ئەموت ئێستا تووشی شتێك ئەبێت. هەردوو دەستی بەملا و بەولادا ئەسووڕایەوە. ئەیویست ئەو ئەوقسانەی هەموو بێ ئەوەی دەنکی لێ بڕژێ و لە ناو بچێ بیخاتە مێشك و دەروونی خەڵکەکەوە. قسە کەوتە سەر باسی سیاسەتی تورك و ئینگلیز.

رووی کردە گەورەکە وتی: قوربان ئێستا ئیش بە رەنگێکی وا دیاری داوە کە منداڵی ساوایش تێ ئەگا و ئەیزانێت ئەم میللەتە و ئەم وەزعەتە بێ ئەمەی حکوومەتی ئینگلیز دەستی بەسەرا بکێشێ و پشتیوانیی بکات ناژی و سەر ناگرێ. ئەگەر ئێمە ئومێدێکمان بەبوونی خۆمان و سەربەرزی و گەورەیی وڵاتەکە ببێ، هەر بەواستەی حکوومەتی ئینگلیزەوەیە، ئێستا کەوا ئێمە هەوەڵی ئیشمانە و چاومان لە رووناکیی پاشەڕۆژمانە، دیارە خۆمان لە خۆمانەوە هیچمان بۆ پێك نایەت و سەرناگرێ چونکە

نە سەروەت و نە سەنعەت و نە تیجارەت و نە هیچێکی وامان هەیە کە خۆمانی پێ بژیێنین. لەبەر ئەوە ئێمە مەعین و پشتیوانێکمان ئەوێ کە ئەویش مەگەر هەر حکوومەتێکی گەورە و بەدەست و دەوڵەمەندی وەکو ئینگلیز بێ. ئەمجا رووی کردە پیاوەکەی تەنیشتی ئەوی چاکەت و پانتۆڵی لەبەردا بوو وتی: بابە وایە یان نا؟ ئەویش دەمی کردەوە دەستی کرد بە قسەکردن وتی: ئێمە ئەگەر تەماشای قازانجی عمومی تۆ و هەموو میللەتەکە بکەین و دوارۆژی خۆمان بخوێنینەوە، سەربەخۆ ئیش نەکەین، چارە هەر ئەمەیە بە ئسولێکی مەعقوول لەگەڵ حکوومەتی ئینگلیزدا رێك بکەوین و ئەمینم حکوومەتی ئینگلیزیش زۆر شتی باش بۆ ئێمە ئەکات. خۆ ئەگەر بێت و ئێمە ئومێد و ئەمەلمان بە تورك بێ، ئەوە سەهویەکی زۆر گەورەیە ئەکەین چونکە چەند ساڵە چی بۆ کردووین تا ئێستا بۆمان بکات. ئەوە نموونەیەکیانە لە بن دەستمانە ئەیبینین بە بەرچاومانەوە خەریکی راووڕووت و تالآن و ئیعانە و خۆڵەوەڕاندن و دەستبڕینی ئەم عالەمەن. خۆیان لەوانەن کە چاوەڕوانی دەستی ئێمە بن نەك ئێمە هینی ئەوان. میللەت پێناسین و سەربەستیدان و فیکری گەورەیی و سەربەرزیدان و ئەو نەوعە شتانە لای ئەوان نییە. غەیری (کیسرم بیچرم) و رووتاندنەوە و زوڵم و زۆر و کوشتن و بڕین هیچی تر بۆ ئێمە ناکەن. ئەو معامەلەیە کە تۆ نەفسی خۆت لەگەڵ ئینگلیز کردت ئەگەر نیوەی ئەوەت لەگەڵ تورکدا بکردایە ئەمین بە دە دەفعە ئیعدام کرابوویت. تۆ بزانە ئەم بەینە تورك هێشتی کەس بزانێ باسی میللەت و قەومییەت چییە و چی نییە. سەروەت و تیجارەتێك کە لەم چوار پێنج ساڵەدا بۆ ئەم میللەتە پەیدا بوو، بە پەنجا ساڵ لە زەمانی تورکدا پێك نەئەهات. من ئەمینم ئەگەر جەنابت لەگەڵ حکوومەتی ئینگلیزدا رێك بکەویت دوو شەشی ئەم میللەتەیە. ئێمە کە میللەتێکین ئێستا موحتاجی موعاوەنەت و رێگە پێشاندانین و میللەتێکی ئیسلامین. بەم حاڵەوە موحەقەق و دیارە لەگەڵ تورکدا بەهیچ رەنگێ پێکەوە ناژین. تورك ئێستا ئەو تورکەی پێشوو نەماوە کە ئێمە دیومانە. نە دین و نە ئاینیان لا نەماوە. ئەگەر ئینگلیز دەخلی نییە بەسەر دیانەت و ئادابی میللەتێکەوە، بەخوا تورك نایەڵن بەهیچ

ڕەنگێك شتێك بڵێین، نە ڕەعایەتی دین و نە حورمەتی ئاداب و ئایین نامێنێ. عولەما و مشایەخمان بێ قەدر و بێ حورمەت، کەس لێیان ناپرسێتەوە. ئەوی بە دەستیشمانەوەیە هەموومان لێ وەرئەگرنەوە. عەسکەر و تەکالیفی حەرب و ئیعانە و ئەنواع خەرج و باج، هەر بەمانە ماڵمان بە قوڕ ئەگرن. بەڵام حکوومەتی ئینگلیز وا نییە. ئێمەش بەڕێوە ئەبا و دەوڵەمەندمان ئەکات. خۆشی خێر و قازانجمان لێ ئەبینێ. ئێمە ئەگەر خۆمان تێگەیشتنمان ببێت و ساحێب هۆش و شعوور بین و هەوڵ و تەقەلا بدەین بە عەقڵ و مەعریفەت بێینە پێشەوە ڕەنگە لە پاش مودەتێکی تر بۆمان حەقێکی گەورە و جێگایەکی باشمان دەست کەوێ. ئەم جار جەنابیشت ئەو قسانەی من ورد بکەرەوە و موحەقەق بزانە قسەکانم هیچیان بۆ ئەمەل و غەرەزی شەخسی نییە. مەحزا بۆ مەنفەعەتی عموومی قسە ئەکەم. ئەگەر خۆشتان بە مەسڵەحەتی ئەزانن ئەوا بۆ ئەم خسووسە قەرارێك بدەن، با ئیتر بکەوینە ڕەحەتی و سەربەستییەوە ئەمینم ئەمڕۆ ئەگەر جەنابت لەگەڵ حکوومەتی ئینگلیزدا ڕێك بکەویت جێگە و مەقامێك کە ئەو بیدا بە تۆ هیچ حکوومەتێکی تر ناتداتێ و هەر کەسێکی تر نەوعە قسەیەکی ترت عەرز بکات موحەقەقە یان بۆ ئەمەلی شەخسییە یان مەقسەدی ئەوەیە فەلاکەت بەسەر جەنابت و میللەتەکە بهێنێت، ئەمەش خوا قەبووڵی نییە، ئینسان بە خوتوخۆڕایی بە دەستی خۆی خۆی بخاتە تەهلیکەوە. ڕێگای ڕووناك و ڕاست بەبەر چاوەوەیە لە پێشمانەوەیە بۆچی لادەین. دوو کەسەکەی تریش کە ڕەفیقی ئەم پیاوە بوون ئەوانیش دەستیان کرد بەم نەوعە قسانە و چەند نموونە و میسالێکیان بۆ هێنایەوە وتیان: ئەوە میسر، ئەوە عێراق، ئەوە هیندستان.

خۆلاسە بەم قسە مێکەمێچکانە وایان لێ کرد، کابرایان لەم بارە بردە سەر بارێکی تر، هەموو فیکر و قسەکانیانی تەسدیق کرد. وتی: منیش باوەڕم هەیە کە ئەمە وایە بەڵام ئێمە چەند وەختە لەگەڵ حکوومەتی ئینگلیز خەریکین. ئەو بە تەواوەتی ڕێك ناکەوێت ئێمە چی بکەین. ئەوانیش وتیان: ئەمە خەریك بوون نییە، لازمە بە سووڕەتێکی مەعقوول و باش چەند مادەیەك بهێنرێتە قەڵەم بە نەوعێکی وا نە شیش

بسووتێ و نە کەباب، بۆ هەردوو لا باش بێ و دەست بدا. هەر دوولامان قازانجی لێ ببینین. ئەوسا بزانە ئەویش قەبووڵی ئەکات یان نا؟ ئەگەر ئەفەرموویت با چەند کەسێکی تێگەیشتوو بچن بۆ بەغدا. لەوێ قسەی لێ بکەن و قەولوقەرارێکی باش بدەن و لەگەڵیا رێ بکەوین. بەڵکو ئینشاڵڵا هەموو لایەك لە سایەی جەنابتانەوە بکەوینە خۆشی و رەحەتییەوە و بحەسێینەوە. وتی: منیش زۆرم پێ خۆشە و حەزی پێ ئەکەم ئەمەم پێ لە هەموو شتێك پێ باشترە. ئێوە خۆتان سبحەینێ لە جێگایەك گرد بینەوە و چەند مادەیەك بنووسین کە وەکو ئێوە ئەڵێن بۆ هەر دوو لا باش بێت. ئەوسا یەك دوو کەسی تێگەیشتوو هەڵبژێرین و بیاننێرین. ئەگەر وا بێت، گوایە من چۆنی پێ مەمنوون نابم و بۆچی پێم باش نەبێ؟ ئنجا رووی کردە کابرای سمێل فش کە لە ئەوەڵی هەموو مەجلیسەکەوە هاتبوو لای سەرووی گرتبوو، وتی: تۆ ئەڵێی چی؟ وتی: بەخوا باشە. ئەم قسەیە زۆر جوان و مەعقوولە ئیش لەمە باشتر چۆن ئەبێ؟ خێری پێوە بێت. ئەمە لە هەموو شتێك چاکترە. بە هەموویان لەسەر ئەمە قەول و قەراریان بەست. لە پاشان ئەوانیش هەستان بە مەمنوونی رۆیشتن. لە وەختی رۆیشتندا گەورەکە رووی کردە ئەو پیاوە کە قیافەتی چاکەت و پانتۆڵ بوو. وتی: زاتەن دەمێکە ئەمەت ئەوێ. تۆ خۆت ئینگلیزی، بەڵام بە پێکەنینەوە پێی وت وەکو گاڵتەی لەگەڵ بکات، ئەویش وتی: قوربان کەسمان ئینگلیز نین، بەڵام بۆ خێر و مەسڵەحەتی خۆمان و تۆیش و میللەتەکەیش ئەگەڕێین. ئیتر ئەوان پشتیان هەڵکرد و رۆیشتن. ئەمیش بەهێواشی سەرێکی راوەشاند و چاوێکی لە پیاوەکە مۆڕ کردەوە لە ژێر لێوەوە پرتەوبۆڵەیەکی کرد تێ نەگەیشتم چی وت.

پەردەییێکی تر

مایەوە خۆی و کابرای سمێڵ فش و کابرای کە سەر لە بەیانی منی لەگەڵ خۆی هێنایە ژوورەوە. (دان ئاڵتوون) گەورەکە هەستا بە ژوورەکەدا تۆزێك سووڕایەوە. بیرێکی کردەوە وتی: ئەمیشمان وا، ئەوانیش وتیان: بەڵێ. ئەویش پێ کەنی و

وتی: کوڕە بەخوا من گاڵتەم بەمانە دێت. ئەوانیش وتیان: سەری تۆ خۆش بێت ئینشاڵڵا هەموو شتێك چاك ئەبێ (وەکو چاکیەتی دنیا بەسترابێت بەسەری ئەوەوە). لە پاشا گوێم گرت لە دەرەوە هەراهەرا و دەنگەدەنگ پەیدا بوو، گرموهۆڕ و قاووقیژ، وتم: ئاخۆ ئەمە چی بێت! روانیم دەرگاکە کرایەوە، چەند کەسێك هاتنە ژوورەوە، بەعزێك بە عەبای ماویی شین و فەقیانەی سپیی درێژ، سەر و پێچی زل، گوڵنگەی چەفتە هاتۆتە خوارەوە، کاکۆڵ بەلای ملیاندا شۆڕ بووەتەوە، لە خەنە و وەسمەدا مۆر بووە. بەعزێکی تر شەرواڵ و مرادخانییان لەبەر کردبوو، پشتێنی شاڵیان بەستبوو. چەفتە و مشکیی زۆریان تێك ئاڵاندبوو، هەموو چوار ریز و پێنج ریز فیشەکیان لە خۆیان دابوو. خەنجەر و دەمانچە بە قەدەوە، هاتن دانیشتن دەستیان کرد بە قسەی هەڵەقومەلەق، یەکێك ئەیکوشت، یەکێك ئەیبڕی، ئیتر مەپرسە لەبەر خۆمەوە وتم ولولولولولو... ئەم دەعبایانە ئێستا دنیا ئەڕووخێنن، یەکێك دەستی خستبووە سەر مشتووی خەنجەر، یەکێك دەستی بە دەستکی دەمانچەوە، شایان بە سەپانی خۆیان نەئەزانی.
وردە وردە کەوتنە قسە و گفتوگۆ، لە پاش چەند قسەیەك گەورەکەش گورجوگۆڵ فیکری گۆڕا و هاتە سەر قسەی ئەوان. کەوتنە سەر باسی ئیدارە و سیاسەت و حکوومەت. بەم نەوعە قسانە کردیان بە قیڕە و هەرا وەك حەمامی ژنان بوو بە قاووقیژ کەس نەیئەزانی ئەڵێ چی، هەر کەسە لەبەر خۆیەوە قسەی ئەکرد. وتیان: ئێمە هەموو بۆچی چاکین بەکەڵکی چی دێین؟ ئەمە چەند ساڵە عومرمان رابواردووە، ئیتر ژیانمان بۆ چییە نامانەوێ، یان ئەبێ هەر خۆمان بین. جارێکی تر خۆمان ناکەین بە ژنی کەس. هەر سەری تۆمان بۆ خۆش بێ، ئیتر چاومان لە کەس نییە. بە خوا نە تورك و نە ئینگلیز نایەڵن بە رەحەتی و سەربەستی دانیشین. تورك بێ (مەمەد ئۆغڵی)یەکانیان*

* مەمەد ئۆغڵی (کوڕی محەمەد) مەبەست لە تورکەکانە.

(أيشك كەرەتە وهەريف) ** مان لیٚ ئەهێننە پێشەوە. هەر نایەڵن چاومان بکەینەوە. بەسەر وماڵمانەوە بەشی ئیعانە و مبایەعە و ئیعدامی ئەوان ناکەین. ئینگلیز بێن شەبقە بەسەر، سەبیلێك ئەگرن بەلای دەمیانەوە، ساحێب، ساحێب، ئەبیٚ تەشییان لەبەردا بڕێسین. فەکن فەکنمان لیٚ دائەنێن. کەسمان ناتوانین پەل ببزێوین. کەوابوو نەوەڵلا هیچمان ناویٚ. هەر خۆمان بین و ئەبیٚ هەر خۆمان بین و دەستی کەسمان بەسەرەوە نەبیٚ. یەکێك لەلای خوارەوە وەستابوو وتی: باشە ئێمەیش هەموو پێمان خۆشە کە هەر خۆمان بین و دەستی کەسمان بەسەرەوە نەبێت. بەڵام ئێستا ئێمە خۆبەخۆیی خۆمان ئیدارە ناکەین و خۆمان پیٚ بەخێو ناکریٚ. حکوومەتێکی گەورە لازمە یارمەتیمان بدا و چاودێریمان بکات. ئەگینا زەحمەتە هەر لەملاولاوە قوتمان ئەدەن و ئەمانخۆن. ئەوانیش وتیان: کەس ناتوانیٚ بمانخوا. خوا یار بیٚ، تورك بیٚ، ئینگلیز بیٚ هەر کامێکیان پەلامارمان بدەن کلاوکلاوێنەیان پیٚ ئەکەین. هێشتا ئەوان شێری جەنگەڵی کوردستانیان نەدیوە. تەیارە و تۆپ و مەترالیۆزی ئەوان لای ئێمە پەشمن. ئێمە خزمەتکاریی کەس ناکەین. سەری ئەمەمان بۆ خۆش بیٚ (ئەموستیان بۆ گەورەکە راکێشا)، بە هیمەتی مشایەخان کارێك ئەکەین لە هەموو دنیادا دەنگ بداتەوە.

ئیتر هەر یەکە لە ئاوازێك لەم چەشنە قسە و هاژوهووژانەیان هەڵڕشت. گەورەکە بەرەبەرە هاتە سەر قسەی ئەوان وتی: بەخوا ئەگەر (بەد)ی ناو خۆمان لێمان گەڕێن، ئێمە بۆ خۆمان زۆر چاك ئەژین. ئەگەر دنیا ببێت بە ئاگری سوور ئیدارە ئەکەین. من قەترەیەك خوێنم هەیە بۆ ئەم ئیشە ئەیڕێژم یان ئەوی بمانەویٚ ئەیسێنم. ئەوانیش هەموو لە خۆشیاندا کەوتنە جوولەجوول وتیان: قسە هەزارە و دووانی بەکارە. قسەی راست و حەق ئەمەیە. هەرچی محەمەدییە محەمەد سەڵاوات. هەر کەس شتێکی ترت عەرز بکات، ئێمە لە کویٚ و ئەسیری لە کویٚ! ئێمە ئەبیٚ لە سایەی تۆوە سەربەست بژین. هەرکەس لەگەڵمان ناکات وای بەحاڵی.

** أیشك کەرەتە: واتا بیٚ عەقڵی کەر. هەریف: قسەیەکی تورکیی سووکە.

لەگەڵ ئەم قسانەدا هەندێکیان جارجار فەقیانە سپێکانیان لێ هەڵئەکرد و قۆڵیان هەڵئەماڵی، هەندێکیان دەستیان بۆ دەمانچەکانیان ئەبرد وەکو دوژمن بەرامبەریان راوەستابێ و پەلامار بدەن. چاویان لێ سوور بووبوو. منیش لە ژوورەوە هەروا وەختە بوو زراوم بچێ، وتم ئێستا پەلاماری دار و بەرد ئەدەن و ئەیکەن بە هەرا.
خۆلاسە، ئاخری هەموویان قەراری ئەوەیان دا کە هیچ حکوومەتێك قەبوڵ ناکەن. هەر خۆیان بن. بەم رەنگە قەرار درا و ئەوانیش هەڵسان و رۆیشتن. گەورەکە زۆری پێ خۆش بوو. لە پاش رۆیشتنی ئەوان مایەوە خۆی و کابرای سمێڵ فش کە لە ئەوەڵی هەموو مەجلیسەوە دانیشتبوو (کە ئەویش وا دەرئەکەوت ئەم قەرارەی ئاخری لە هەموو قەرارەکانی تر لا باشتر بوو) و کابرای کە سەر لە بەیانی منی لە دەرەوە هێنایە ژوورەوە. سێ بە سێ مانەوە. منیش زۆر سەرم لەم حاڵە سوورِ مایەوە. هەروا تاس ئەیبردمەوە. لەبەر خۆمەوە ئەموت: یارەبی ئەمە چییە و ئەم کابرایە چ ئینسانێکە، کە هەر لە زەرفی سێ سەعاتدا، بە چەند چەشن گۆڕا و بۆچی تۆزێك تێگەیشتن و لێکدانەوەی نییە؟ ئەمانەی هەموو بەلاوە باش بوو و لەگەڵ هەموویان قەراری دا و لە پاش نەختێك لە هەموویان پاشگەز بووەوە. لە پاشان خۆبەخۆ خۆیان کەوتنە گفتوگۆ و قسە. دوایی گەورەکە وتی: ئەم قسانە هەموو بەلامەوە پەشمن و گاڵتەم پێیان دێت، من بۆچی بۆ ئەم خەڵکەی خۆم تووشی ئەزیەت و دەردەسەری بکەم. ئەوەی قازانج و خێری خۆمی تیا نەبێ نایکەم. من هەتا پارەیەکی زۆر نەخەمە سەر یەك و لە بابەت ئیش و کاری خۆمەوە دڵم رەحەت نەبێ، ئەمانە هیچیان ناکەم. هەر کەسێك بێت بە هەوەسی خۆی، بۆ قازانج و کاروباری خۆی قسەیەك بکات، بۆچی من شێتم، مناڵم، هەروا شوێنیان بکەوم و بە قسەیان بکەم. ئەگەر لێم بگەڕێن هەتا ئیشی خۆم وەکو ئەیزانم جێبەجێ بکەم ئەوا باشە. ئەگینا من خۆم ئەزانم چی ئەکەم.
ئەوانەی لە خزمەتیا بوون وتیان: بەخوا راست ئەفەرەمووی، تۆ مەجبووریەتت چییە. خۆت بۆ ئەم خەڵقە تووشی زەحمەت و نارِەحەتی ئەکەیت. ئەمانە بە چ کەڵکێکی تۆ دێن، مەسڵەحەتی ختۆ چۆنە وای بکە. بە قسەم ئەم و ئەو مەکە. ئەمانە هیچیان خێرخواهی تۆ

نین. ئیتر من لەم وەختەدا، نە هۆشم لە سەر خۆم ما، نە شعوور، بەبێ ئەمەی بزانم من چیم و لە کوێم، لە خۆمەوە بێ ئیختیار دەستم کرد بە قاقای پێکەنین، پێکەنینێکی وا کە لەو دیوەوە هەموو راچڵەکین و راپەرین و سەیری یەکتریان ئەکرد. ئەمە چییە و ئەوە چی بوو. گەورەکە تووڕە بوو، چاوە شینەکانی دەرپەڕی و وتی: ئەوە کێ بوو. دوایی کابرای دان ئاڵتوون وتی: قوربان ئەوە کابرای حەپسەکەیە کە لە سەر جاسووسیەت گیراوە، خۆت فەرمووت لە ژوورەوە دایبنێن. ئەویش زۆر بە تووڕەییەوە دەستەکانی راوەشاند و وتی: حای، حای، بە خوا باشە. کەوابوو ئاگای لەم هەموو قسە و مزاکەرانەی ئێمە بووە. دەرپەڕییە دەرەوە، بوو بە هەرا و بگرە و بەردە. خۆیان و بەردەستەکانیان پێکا ئەهاتن. کەس ئەیئەزانی چییە و چی ئەکات. منیش ترسام وتم: ئای چیم کرد بەخۆم. بۆچی وام کرد؟ ئادەی ئەو جاسووسە بێننە دەرەوە. ئەوەندەم زانی دەرگا کرایەوە. یەك دوو زەبەح هاتن بە پەلکێشان رایان فڕاندمە دەرەوە. روانیم گەورەکە هەر دوو چاوی دەرپەڕیوەتە دەرەوە و سوور و مۆر بووەتەوە. ئاگری لێ ئەباری. لە دڵی خۆما وتم: یا حافیز، یا ئەڵڵا، بۆم بکەیت بمپارێزی لە غەزەبی ئەم پیاوە.

لەگەڵ قیژاندی بەسەرما وتی: راستی بڵێ تۆ جاسووسی کێیت و کێ تۆی ناردووە؟ زوو راستی بڵێ، ئەگینا ئێستا بە دار پارچە پارچەت ئەکەم. منیش شڵەژام. هەر نەمزانی بڵێم چی. وتی: درەنگە راستی بڵێ. منجەمنج مەکە. ئادەی دار بێنن. ئەو وتی: ئادەی دار بێنن من هەموو لەشم هاتە لەرزین، وتم: قوربان بەخوا، بەو خوایەی باوەڕت پێی هەیە، من جاسووس نیم و ئاگام لە جاسووسی نییە، لای خۆم هاتمە ئێرە کاسبی بکەم، پیاوێکی هەژار و بێدەسەڵاتم، بۆ خاتری خوا ناهەقیم لێ مەکەن. خوا هەڵناگرێ. هەر ئەوەندەم وت: وەکو شێت شاڵاوی بۆ هێنام و پەلامارێکی دام وەختەبوو قووتم بدا. دانەکانی لێ بردم بە ریچا وتی: ئەی جاسووس نیت چی ئەکەی لەو ژوورەدا، دیارە هاتووی قسەکانی ئێمە بەریتەوە. وتم: قوربان خۆ من بەهەوەسی خۆم نەچوومەتە ئەو ژوورە، بە ئەمری خۆت خراومەتە ئەوێ، من دەسەڵاتم چییە. ئەمجار دەستی هەڵهێنایەوە، بەهەموو هێز و قووەتی خۆی شەپازللەیەکی لێ دام، شریخەکەی دەنگی دایەوە، هەردوو چاوم لە عەزرەتدا بروسکاندی.

سەرم کەوت بە دیوارەکەدا، وتی: بەڵێ، بەڵێ جاسووس نیت، بەهەوەسی خۆت نەچوویتە ئەو ژوورە، بەڵێ جاسووس نیت، ئا رای کێشنە خوارەوە بۆم تا نیشانی بدەم جاسووس چۆن ئەبێ. ئیتر دوژمنی ئیمانت بێ. هەر ئەوەندەم زانی سەگ و گورگی جەهەننەم پێنج شەشێ رایان کێشام لە پێپیلکانەکان بردمیانە خوارەوە بۆ حەوشەکە. شەویش کردبووی بە سایقە کزەبایەکی ساردی ئەهات، عەرزەکە بەستبووی، تەقەتەقی سەهۆڵەکە، سەرمایەکی وا تف هەڵدەی ئەیبەستێ، رووم کردە عاسمان وتم: خوایە تۆ لەسەر حەقی. ئەمانە وا بە ناحەق وا بە من ئەکەن! بەڵام هیچ سوودی نەبوو. کڕووزانەوەی من هیچ نەگەیشتە جێی خۆی. ئیتر وەك مەڕی قەساب بە سێ چوارێك گرتیان. بە سەردەما بەسەر ئەو سەهۆڵەدا رایان کێشام. وام ئەزانی سەرم ئەبڕن. ئیتر لە دڵی خۆمدا بەتەمای خۆم نەمام وتم: ئینا لیلا، تەسلیمی قەزا و قەدەر بووم. وتم: ئیتر هیچ چارەم نەما، دەسەڵاتم چییە و چی بکەم. وا ئەم زاڵم و بێ دین و بێ وجدانانە هەر ئەمکوژن، خوا حەقم بستێنێ.

ئیتر یەکێك نیشتە سەر قاچم. یەکێکی تر بە سەر شانمەوە دایان مرکاندم و دامیان بە عەردەکەدا، لە پەلوپۆیان خستم. چرچەم بۆ نەکرا. من زاتەن ئەوەندەم هێز تیا نەمابوو کە پەل بجوولێنم. یاخوا قەت نەیبینی! شلپوهۆڕ خۆ بە دار دای گرتم بە تووڕەیی و غەزەبەوە. ئەوەڵ دار کە دای وەشاند، وامزانی شیرێکی تیژە ئەیکەن بە لەشما. دامە زریکە و هاوار. من هاوار ئەکەم ئەو زیاتر دار ئەوەشێنێ.

من لە ژێرەوە وەك گا ئەبۆڕێنم. جوولەم بۆ نەدەکرا. چونکە سوارم بووبوون. دەنگم دەرنەدەهات. ئەپاڕامەوە، ئەلالامەوە. بۆخوا، بۆ پێغەمبەر. تۆ ئەسحابان. تۆ مەلائیکان و ئەولیا، تۆ قورئان. تۆ قەبری باوکت. هاوار، داد، هاوار، هیچ سوودێکی نەبوو. هێزم لێ بڕابوو. ئەو هەر ئەیوت راستی بڵێ. پڕ بە دەم ئەم قیژان بەخوا جاسووس نیم. هیچ نازانم، راستی چی بڵێم ئیتر، هیچ و هیچ* ....

* ئەوەی شایانی باسە، ئەم چیرۆکە لە کاتی خۆیدا هەوەڵەکەی لە رۆژنامەی (ژیانەوە) ژمارە (٢٩ی ساڵی ١ رۆژی ١ـ ٧ـ ٩٢٥)دا بلاو کراوەتەوە. هەروەها باقییەکەی لە رۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (١)ی ساڵی (١) رۆژی ٢١ـ ١ـ ٩٢٦ و ژیانی ژمارە (٢٦) ساڵی (١) رۆژی ٢٩ـ ٧ـ ٩٢٦دا بلاو کراوەتەوە.

بەرهەمەکانی

زنجیرەی شاکارنووسانی کورد لەسەدەی بیستەم دا :

١- محەمەد مەولوود مەم
٢- موحەڕەم محەمەد ئەمین
٣- جەمیل سائیب
٤- ئەحمەد موختار جاف
٥- ئیبراهیم ئەحمەد (وەك شاعیر و چیرۆکنووس)
٦- دڵشاد مەریوانی

تێبینی : بڕیار بوو کە (١٠) شاکارنووسی کورد لەم زنجیرەدا جێبکەمەوە، بەڵام چونکە ئەم کارە کات و ماندووبوونێکی یەکجار زۆری پێویستە، بۆیە بڕیارمدا جارێ تەنها کار بۆ ئەو (٦) شاکارنووسە بکەم و تەنیا ئەوان لەم زنجیرەدا بکەم بە ماڵ. جا ئەگەر تەمەن و کات هەبوو ئەوانی تریش لە دوای ئەوان تەواو بکەم.

تا ئێستا سێ شاکارنووس لەم شەش شاکارنووسانەی سەرەوە تەواو کراون کە ئەمانەن (محەمەد مەولوود مەم، موحەڕەم محەمەد ئەمین، جەمیل سائیب). ئەم زنجیرەیە تەنیا ئەو شاکارنووسانەی کە لە سەردەمی خۆیان و دوای خۆیان لەلایەن رەخنەگرانەوە بە چاکی ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە، دەخاتە بەر تیشك و ئەوانەی کە خەڵکانی تر گرنگیان پێداون لێرەدا بە ئاسانی جێیان نابێتەوە.

هەر بەم بۆنەیشەوە سوپاسی هەرکەس و لایەن و دەزگاییێك دەکەم کە هەر لێکۆڵینەوەییێکی رەخنەیی، یان نووسراوێکی دیکەی ناو رۆژنامە و گۆڤارەکان لەسەر شاکارنووسانی داهاتوومان کە (ئەحمەد موختار جاف ، ئیبراهیم ئەحمەد، دلشاد مەریوانی)ن لەلا دەست دەکەوێت بۆ رەوانە بکات، من یەگجار سوپاسمەندیان دەبم و لە کتێبەکانی داهاتووشماندا لە سوپاسنامەدا ناویان دەبەم و چەند دانەیەکیش لە کتێبە چاپکراوەکان بە دیاری پێیان دەبەخشم. هاوکاری هەرکەس و لایەنێك دەبێتە مایەی سەرکەوتنی زیاتر و پوختترکردنی زنجیرەی شاکارنووسانی کورد لە سەدەی بیستەم دا.

د. ئازاد حەمە شەریف